پێشەوای ڕابوون

بیرەوەرییەکانی

سەعید هومایون

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی

هاشم سەلیمی

وەرگێڕ: ڕەسووڵ سوڵتانی

ویراستار: حەمیدە داودی

چاپی دوەم

پێشەوای ڕابوون

بیرەوەرییەکانی سەعید هومایون

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: هاشم سەلیمی
وەرگێر: ڕەسول سوڵتانی
پێداچوونەوە: فەخرەدین ئامێدیان
ڕوبەرگی کتێب: پەیمان کاکابرایی
نەخشەسازی ناوەوە و پیتچنین: ئازین وەڵەدبەگی
چاپی: دویەم
تیراژ: ٢٠٠٠
چاپخانە: ئاراس

تاران ــ بزرگراه کردستان ــ صندوق پستی ١٩٩١- ١٤٣٩٥
www.kurdistanir.org info@kurdistanir.org

ئەنستیتو فەرهەنگی کوردستان ــ تاران

ئەم کتێبە لە لایەن دەزگای بڵاوکردنەوەی

لە چاپ دراوە

پێرست | لاپەڕە

پێرست	لاپەڕە
پێشوتار	٧
بەستێنەکانی فەرهەنگی و سیاسی کۆماری کوردستان (١٣٢٥هـ/١٩٤٦ز)	٧
ژیاننامەی نووسەر	٤٧
پێشەوای ڕابوون ـ پێشەکی	٥٥
پێشینەی بنەماڵەیی قازی	٥٧
بەشی یەکەم	٥٩
سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵی	٥٩
شەڕی یەکەمی جیهانی و کوشتار و تاڵان و بڕۆی خەڵک	٦٢
بەشی دووهەم	٦٧
دوایی شەڕ و کاردانەوەکانی	٦٧
بەشی سێهەم	٧٧
لە خەرمانانی ١٣٢٠ەوە هەتا ١٣٢٦ی هـ/١٩٤١-١٩٤٧ی ز	٧٧
لێکهەڵوەشانەوەی ئەرتەشی پاشایەتی	٧٨
کۆمەڵەی ژ.ک	٨١
پێشهاتێکی چاوەڕوان نەکراو	٨٣
سەفەر بۆ باکۆ	٨٤
پێشکەش کردنی چەک	٨٥
هێرش بۆ سەر شارەوانیی مەهاباد	٨٥
چاوپێکەوتن لەگەڵ پارێزگاری ئەوکات	٨٦
قەبووڵی ئەندامەتی لە (ژ.ک)دا	٨٧
چالاکیەکانی (ژ.ک)	٨٧
شانۆی دایکی نیشتمان	٨٨
دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە عێراق	٩٠
نەریتی میرمیرێن	٩١

ڕێکخستنی تەشکیلاتی پێشمەرگە ۹۱
کوردستانی سەربەخۆ لە ئازەربایجان ۹۲
هاتنی بارزانیەکان بۆ مەهاباد ۹۴
گۆڕینی ناوی کۆمەڵەی (ژ.ک) بە حیزبی دیموکراتی کوردستان ۹۵
کۆماری کوردستان ۹۷
بڕیارنامەی میتینگ ۱۰۵
ڕێوڕەسمی سەرکۆماری ۱۰۶
پێکهێنانی هەیئەت رەئیسەی میللی کوردستان ۱۰۷
هەڵکردنی ئالای کوردستان ۱۰۸
پێکهێنانی کۆمیتەی ژنان ۱۱۰
کردنەوەی قوتابخانە بۆ جوولەکان ۱۱۲
یەکەم تێکهەڵچوونی نێوان پێشمەرگە و سوپای شا ۱۱۳
وتووێژەکانی سەقز و تاران ۱۱۵
دووهەمین تێک هەڵچوونی پێشمەرگە و سوپا ۱۱۶
ئاگربەست (تەقەوەستاندن)ی هێزەکان ۱۱۸
ڕێککەوتنی کوردستان و ئازەربایجان ۱۱۹
وتووێژ لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی لە تاران ۱۲۰
دیسان سەفەر بۆ تاران ۱۲۲
ئاخافتن لە مەهاباد ۱۲۶
چەند خاڵێکی گرینگ ۱۲۷
سەردانی باکووری کوردستان ۱۲۹
هەڵسووکەوت لەگەڵ نەیاران ۱۳۶
ئاوڕێک لە ڕووداوەکانی رابردوو ۱۳۸
پەیمانی سەرلەنوێی دۆستایەتی و هاوکاریی کوردستان و ئازەربایجان ۱۴۰
سەردانواندن بۆ ویستی خەڵک ۱۴۴

ماڵئاوایی مێژوویی قازی محەممەد و ژەنەڕاڵ بارزانی ۱۴۸
ئەسپاردنی ئاڵای کوردستان بە ژەنەڕاڵ بارزانی ۱۴۸
دەست بەسەرکردنی قازییەکان ۱۴۹
دادگایی کردنی قازی محەممەد ۱۵۱
بارودۆخی بەندکراوان ۱۵۳
لێپرسینەوەیەکی بێ بەزەییانە ۱۵۵
وەبیرخستنەوەی چەند خاڵ ۱۵۹
پێشگری لە کارەساتێکی مرۆڤایەتی ۱۶۰
لە سێدارەدانی قازییەکان ۱۶۰
وەسیەتنامەی سیاسی قازی محەممەد ۱۶۴
درێژەی ڕێگەی شەهیدان ۱۷۱
پرسەی میللی ۱۷۲
قازی محەممەد هێما و ئوستوورەی نەتەوەیی کورد ۱۷۶
چاوخشاندنەوەیەک بەسەر بارودۆخی کۆمەڵایەتیدا ۱۷۸
هۆکارەکانی شکست ۱۸۰
هۆکارەکانی ناوەکییەکان ۱۸۱
وەڵامی قازی محەممەد بە نامە، بۆ سەرۆکی ستادی ئەرتەشی شا ۱۸۲
بۆ چوونەکان ۱۸۳
چەند خاڵێک سەبارەت بە بۆچوون و بیروباوەڕی پێشەوا ۱۸۵
بارزانییەکان دوای ڕۆیشتن لە مەهاباد ۱۸۷
دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان ۱۸۹
دوو بیرەوەری ۱۹۶
بیرەوەرییەکی دیکە ۱۹۸
بیرەرییەکانی ئارچی باڵد ڕۆزڤێلت ۲۰۰
بیرەوەرییەکانی ئاغای مەهدی نیا ۲۰۲

[illegible] [illegible]
سێ بیرەوەریی میرزا مەناف کەریمی وەزیری پەروەردەی کوردستان ٢٠٥
بیرەوەرییەکی حاجی قادر ئیسلامیان تاجری مەهابادی ٢٠٨
بیرەوەرییەکانی دایە نووسرەت ٢١١
وێنەکان ٢٢١
پێرستی ناوەکان ٢٤٣

پێشوتار

بەستێنەکانی فەرهەنگی و سیاسی کۆماری کوردستان (١٣٢٥هـ/١٩٤٦ز)

گەلاڵەی داخوازییەکانی مێژوویی کوردان و هەڵوێستەکانی تایبەتیان لە ساڵەکانی٦-١٩٤١زایینی، بزاوێکی کەلتووریو ڕامیارییە، دژی ئەو قەیرانانەی کە لە سەدەی شازدە، زەمانی ئیمپراتوورییەکانی سەفەوی و عوسمانی لە ئارادابوو. ئەوەش ڕق و بێزاری کۆروکۆمەڵانی ئەو گەلەی هەژاندبوو. بەپێچەوانەی بۆچوونی هێندێک لە نەیارانی گەلەکەمان، ئەو داواکارییانە، پرۆسەیەکی پەیوەندیدار بە بێگانان وە یان ڕووداوێکی کاتی دەرفەتخواز، لە لایەن چەند مرۆڤی زیادەخواز نەبووە، بەڵکوو واقعییەتێکی ڕامیاری بوو، بۆ چارەسەر کردنی نابەرابەری کۆمەلایەتی لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا، کە

سەرکردایەتیی کورد لە شاری مهاباد، تەوەرەی ئەو هەڵوێستانەی لە گەڵاڵەیەکی هەشت خاڵیدا، دابوو بە دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی تاران.
لەو گەڵاڵەیەدا، دابینکردنی سەرەکی مافی مرۆڤ، یانی کەڵک وەرگرتن لە زبانی زگماکی گەلانی ئێران، لەلایەن دەزگای پەروەردەی دەسەڵات، بەدیهێنانی شوورای پارێزگاکان وەک یاسای بنەڕەتی ئێران، بەرەوپێش چوونی ڕەوتی ژیانی کۆمەڵایەتی لە بەشەکانی فەرهەنگی و ئابووری و باری تەندروستی و بە کار گرتنی هێزە لێهاتووەکانی ناوچەیی، لە دەم و دەزگاکانی حکوومەت، لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات داواکرا بوو.[١]
دابین کردنی ئەو خواستانە، نە تەنیا هەستی کەمایەسی تەواوی خەڵکی ئێران و ستەمی نەتەوەیی کوردان، کە لە پێشدا لە لایەن دەسەڵاتدارانی سەفەوی و قاجاری و پەهلەوی بە سەر کورد داسەپێندرابوو، کەم دەکردەوە، بەڵکوو گیروگرفتی نەتەوەکانی دیکەشی لەچوارچێوەی ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیک لە بەین دەبرد و زۆربەی قەیرانە ڕامیاری و کەلتوورییەکانی چارەسەر دەکرد.
بە چاو خشاندنێک لە مێژووی گەلی کورد، بۆمان دەردەکەوێ، ویست و خواستەکانی ئەم گەلە، هەر چەند سال جارێک، لە قالبی کێشەیەک لە یەکێک چوارپارچەی کوردستاندا، سەری هەڵداوە. ئەگەرچی ئەو داخوازانە سەرکوت کراون، بەڵام پاش ماوەیەکی تر، کێشەکە بە کەڵک وەرگرتن لە ئازموونی فیکری پێشوو، زۆر بەر فراوانتر و ڕێکوپێکتر خۆی نیشان داوە.
"بەپێچەوانەی شک و گومانەکانی کە لە لایەن هێندێک بیرمەندان لەو ساڵانەی دواییدا بەدی هاتووە. پێکهاتەی نابەرابەری،گرینگترین دەستکەوتی کومەڵناسی لە ڕەوتی شێ کردنەوەی کێشەکانی نەتەوەیی ـ قەومی بووە.»[٢]
بە واتەیەکی دیکە، ئەگەر داخوازەکانی شوناسی فەرهەنگی و ڕامیاری نەتەوەکان، دە نێو کۆمەڵگای فرە نەتەوەیی جیهان، لە زۆربەی کات لە لایەن

دەوڵەتەکانی حاکم قەبووڵ نەکراوە، بەلاّم پێشڕەفتی گورج و سەرسوورهێنەری مێدیاکان و سەرنجی بەرپانی ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ، لە ناودێی جیهانی "مەک لۆهان" و گرینگ‌تر لە هەمووان ئاگاداری زۆری مرۆڤەکان لە مافی کۆمەلاّیەتی خۆیان، بۆتە هۆی ئەوەی کە حکوومەتەکانی پێشکەوتوو، لە چەند دەیەی ڕابردوو، وێڕای ڕەدی هەر جورە هاوسان کردنی فەرهەنگ و کوتەفەرهەنگەکان و یان گۆڕانی تێکەلاّوی و تەنراویی کۆمەلاّیەتی قەومەکان، وەک ڕاستێکی حاشانەکراو، بە دوورلە ڕەفتارەکانی دژ فەرهەنگی وەرگرن و سیاسەتی یەکگرتوویی و هاوژینی ئاشتیخوازانە و مافی کۆمەلاّیەتی بەرانبەری هاوولاّتیان وەبەر چاوبگرن، هەتا ئامانجی یەکێتی دەفرەیی‌دا بە مەعنای ڕاستی خۆی وەدی بێنن.

"ئاکامی لێکولینەوەیەک لە بارەی ناسیونالیزمی قەومی نیشان دەدا، کە تەنیا لە چاردە ولاّتی جیهان، کەمینەی بەرچاونییە. هەروەها چوار لەسەتی حەشیمەتی جیهان لە ولاّتانێک دەژین کە تەنیا خاوەنی یەک گروپی قەومین"[٣] تێکەلاّوی کۆمەلّگای ڕامیاری ئێرانیش، تێکەلاّوێکی فرەیی و جۆراوجۆری نەتەوەیی و میللییە. کێشەی نەتەوەکان یەکێک لە هەستیارترین چەمکەکانی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانییە.

کێشەی کوردان بەتایبەتی دەو نێوەی‌دا، بە هۆی لێک پچڕانی مێژوویی سەرزەوییەکەیان، لە بەینی چوار دەوڵەتی ئێران، عێراق، تورکییە و سوورییەدا، تایبەتمەندێکی گرینگی هەیە. بەورد بونەوەیەک لە ڕابردووی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەلاّیەتی کوردستان، هەروەها بە سەرنجدان لە داخوازییەکانی گەلی کوردلەچوارسەدەی ڕابردوودا، دە قالبی جوولاّنەوەکانی کۆمەلاّیەتی‌دا هۆی بەدیهاتنی ڕێکخراوەی نەهێنی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک) و وەدی هاتنی کۆماری کوردستان بە ڕێبەری قازی محەممەد لە ساڵەکانی ١٩٤٦ز-

١٣٢٥هـ بە تەواوی ڕوون دەبێتەوە. لە ڕوانگەیەکی دیکەوە لە ڕابردوی دورەوە، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کوردستان، لە سەر بنەرەتی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ بووە. هەر بەو هۆیە و بە هۆی زەختی سیاسی حکوومەتی ناوەندی و هەستیاری زیاتر لە ئەندازە، لە سەر کێشەی زبان فەرهەنگ و ڕووداوەکانی سیاسی کە لە دوایی‌دا شێی دەکەینەوە،گەلی کورد سەرنجی بەرچاوی بە ئەدەبی نووسراوە، نەداوە و زۆربەی ئاسەواری، هەتا سەدەیەک لەو پێش زارەکی و بە وتەی خەڵکی ئێستا، فۆلکلۆریک بووە و سینگ بە سینگ لە بەر کراوە. بەو پێیە سەدان بەیت‌وباو، هەزاران گۆرانی، پەندی پێشینیان و چیرۆک لە گەنجینەی بیرومێشکی خەڵکی وڵات لە زەمانی کۆنەوە، هەتا ئێستا پارێزراون.
واسیلی نیکیتین دەڵێ: هەر جورە خوێندنەوە و لێکوڵینەوە لە سەر ئەدەبی کوردی، دەبێ لە سەر فۆلکلۆری ئەو نەتەوەیە، وەبەرچاو بگیرێ، کە نەتەنیا کەلەپووری دەوڵەمەندی، بەرەکانی ڕابردوویە، بەڵکوو دە نێو خوێ‌دا هێزێکی زیندوو و قودرەتێکی بەدیهێنەری سەیری هەیە، کە دایم لە حاڵی خۆهەڵگێران و تازەوە کردن‌دایە و زۆرتریش بە وەرگرتنی چەمکەکانی فۆلکلۆری نەتەوەکانی دراوسێ و توانەوەی دە پنچکی کوردی‌دا، هەموو دەمێک زیادتر دەپوشکوێ.»[۴]
هێندێک نیزامی فێئودالی عەشیرەتی کۆمەڵگای کوردی لە ڕابردوودا، هۆی پشکووتن و پێشکەوتنی فۆلکلۆری کوردی دەزانن. چونکە دەو نیزامەی‌دا ئاغاوەتی کورد، لە دیوەخاندا خەڵکی ئاوەدانی، بەتایبەت لە شەوانی ساردی زستان، لە دەوروبەری خۆی کۆ دەکردەوە، لە خوشخوان و چیرۆک بێژی دەویست کە بە هونەری خۆی مەجلیسی بۆ بڕازێننەوە. بە وتەی مامۆستا هێمن شاعیری بەنێوبانگی کورد "وەبیرم دی ئەو سەردەمی کە من منداڵێکی سەربەکۆچکە و دیوەخان‌نشین بووم و هێشتا شوێنەواری شەڕ و گرانی و هەژاری و نەداری لە وڵاتەکەمان، هەر مابوو، لە ناوچەی موکریان هەر ئاغەیەک

دانگە مولکێک، کۆنەدیوەخانێک، قولەبارگینێک، کەچەزینێک، پیرەتاژێکی هەبایە، خۆشخوانێکی ڕادەگرت، کە شەوانە لە دیوەخان بەیت‌وباوی بۆ بلێ، لە وەختی نووستن‌دا حیکایەتی بۆ بکا، لە شایی‌دا داوەت و ڕەش‌بەلەکی بۆ بگێڕێ، لە سەنگەردا تانووتی لێ بدا، لە ڕاودا لە سەر تەماڵ پایزە و ئازیزەی بۆ بلێ، فڕان باوێتە دوژمنی و بەندان بە دۆستی هەڵبلێ و تەنانەت لە پاش مردنی شینی بۆ بگێڕێ.[٥]

دەتوانین بڵێین هەتا ئاخری سەدەی نوزدە، گەلی کورد لە مافی مرۆڤایەتی و کەلتووری زۆر کەم بەشدار بوو. ئەو گەلە لە ژێر زەختی حکوومەتەکانی ملهوڕ و سیستمی فئۆدالی‌دا، لە هەر بارێکەوە دە تەنگانەدا بوو. نەیدەتوانی, وەک نەتەوەکانی دیکە ڕووداوە تاڵ و شیرینەکانی خۆی بێننە سەر کاغەز. بەڵام هەر ئەو نەتەوە چەوساوەیە، ئەوەندەش لە ئاڵوگۆڕی دنیایە بێ‌خەبەر نەبوو و توانی زۆربەی کارەساتەکانی حیماسی، کۆمەڵایەتی و یان دڵداری، بە وێنەی زارەکی و سینگ بە سینگ لە بەرکا و بی‌پارێزی. هەروەها خۆشخوانان، ئەو ئاسەوارە بە نرخانەیان، لە مەجلیس و شەونشینی‌دا بە بەیت‌وباوی وەک دمدم، لەشکری، مەم و زین، لاس و کەژاڵ و سەتان بەیتی دیکە دەخوێندەوە و بە ڕابردووی خۆیان شانازیان دەکرد و هەستی نیشتمان پەروەری و پاراستنی دێدوزێدی خۆیان نیشان دەدا.

یان: "کاتێک شاعرێکی گۆرانی‌بێژی گەریدە، باسی ئازایەتی کەسێکی وەک یەزدان‌شێر یان عەبدولڕەحمان‌پاشا بە گۆرانی دەڵێت، بەڕاستی باسی ململانێکی دەکا کە بە نێوی کورد دەگەڵ بێگانە کراوە."[٦] هەر لەو پەیوەندییەدا دەبێ بڵێین: گیروگرفتی بێسەودای و نەبوونی توانای پێویست بۆ فێرکاری و کاردانەوە قورسی وی، ڕووحی زۆربەی خەڵکی ئەو ناوچەیەی خۆڕاگر بار

هێناوه و ئەوانی وا لێ کردووه کە هەتا دەتوانن کەلەپووری فەرهەنگی خۆیان بپارێزن و سینگ بە سینگ و بەره بە بەره بۆ یەکتری ڕاگوێزن.
جا کە وایە ئەدەبی نووسراوی کورد، مێژووی دوورودرێژی نییە، تەنیا شتێکی کە تا ئێستا تۆمار کراوه، لەوحێکی چەرمییە، کە بە ئیدعای ڕەشیدی یاسەمی زانای کورد، چەند ساڵ لەوه پێش لە دەوروبەری سلێمانی دیتراوەتەوه.[١]
بەڵام کۆنترین ئاسەوارەکانی نووسراوەی کوردی بریتین لە کتێبی "مەعریفەتی پیری شالیار" لە سەدەی چوارەمی کۆچی، "دیوانی هەلبەستی عەلی حەریری" لە سەدەی یازدەی زاینی، "دیوانی فەقێ تەیران" و دیوانی "مەلا ئەحمەدی جزیری" لە سەدەی پازدەی زایینی دا.
تا نێوەڕاستی سەدەی حەڤدە کتێبێکی دیکەی وا بەر چاومان نەبووه. لەو سەدەی‌دا دوو کەسایەتی بلیمەت و غەمخۆری کورد، شەرەف خانی بەدلیسی و ئەحمەدی خانی، دوو کتێبی بەنرخی شەرەف نامە و مەم و زین پێشکەش بە مێژووی ئەدەب و کولتووری کورد دەکەن کە بە ڕاستی دوو بەڵگەی پڕ لە شانازی و سەرفیرازین و بەشێک لە هۆویەت و ناسنامەی کوردیان تێدا تۆمار کراوه.
شەرەفخان یەکەمین مێژوونووسی کورد مێژووی شەش سەت ساڵەی میران و پادشایانی کوردستانی باکوور و باوی کۆمەڵایەتی و زاراوەکانی زمانی کوردی پێ ناساندین.

١- مەتنی ئەو لەوحەی کە بە سەدەی سێزده پەیوەند دەدەن ئاوایە:

هورمزگان ئاتران ، ئاتران کژان   ویشان شاردەوه گەورەی گەورەکان
زۆرکار، ئارەب، کردنه خاپوور گنای پاڵەیی هەتا شارەزۆر
شن و کنیکان وەدیل بشینا   میرد ئازا تلی وەرووی هونیا
ڕەوشت زەردشتره مانوه بێ کەس   بزیکانیکا هورمز وه هیچ کەس [٧]

شەرەف خانی بەدلیسی (١٥٤٣-١٦١٤) ز. کتێبی خۆی لە ژێر سەردێڕی "شرفنامە" بە زبانی فارسی لە سەردەمی سەفەوییە نووسیوە. ئەو کە خوێندەوار و ئەمیرزادە بوو، بەسەرهاتی بنەماڵەکانی ئەمیران و حوکمڕانانی کوردی لە ساڵی ١٠٦١ زایینی هەتا شەش سەدە بە درێژی باس کردووە و چۆنیەتی نەبەردەکان و شەڕەکان و بە دەسەڵات گەیشتنی میرانی کوردی گێڕاوەتەوە.
شەڕەف خان هۆی تۆمار کردنی ئەو کتێبەی لە پێشەکێکەی دا ئاوا باس دەکا:
"وە بەو جۆرەی کە چۆن ڕازێنەرانی بووکی قسە و تووتیانی شەکرستان، هەواڵی تازە و کۆنیان سەبارەت بە کوردان، لە هیچ دەور و زەمانێک باس نەکردووە، و لەو مەعنایەش دەقێکی ڕێکوپێک نەنووسراوە، ئەو چەمکە هاتە سەر بیرومێشکی منی هەژار و ناچیز. کە کتێبێک سەبارەت بە کۆمەڵێک لە ژیان و کردەوەکانی (باپیران) ئەوەندەی کە دەتوانم بنووسم. وە ئەوەی کە لە مێژووی عەجەم دەبیندرێ و لە پیاوانی بەساڵەوەچووی ڕاستگۆ دیویانە و بیستوویانە و ئاگایان لێ بووە. بینووسمەوە سەر کاغەز و نێوی بنێم "شرفنامە". هەتا چۆنیەتی حاڵ و ئەحواڵی بنەماڵە بەڕێز و گەورەی کوردستان، لە ژێر پەردەیدا، نەشاردرێتەوە. [٨]
ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ـ ١٧٠٦ زایینی) شاعیری مەشهووریش، وێڕای کاریگەری لە ڕووداوەکانی ڕۆژگار، لە ئاسەوارە هەرمانەکەیدا، هەڵبەستی مەم و زین، سەرنجی گەلی کوردی بە ناسینی شوناسی قەومی و نەتەوەیی خۆی ڕاکێشا و بۆ ڕووناک کردنی بیری وان لە پەتی ستەمکارانەی حکوومەتی عوسمانی، بە گیان و دڵ تێکۆشاوە و وەدوای شوناسی فەرهەنگی بۆ گەلەکەی کەوتووە:
تە خەلق نەبێژن کو ئەکراد
بێ مەعریفەتن، بێ ئەسل و بونیاد
ئەنواعی میللەل خودان کتێبن
کورمانج تەنێ و دەبێ حسێبن [٩]

دوایی خانی دیسان سەدە و نیوێک هیچ ئاسەواری نووسراوەی پڕ بایەخ لەبەر شەڕی دوو زلەێزی سەفەوی و عوسمانی وە بەرچاو ناکەوێ. لەو ماوەیدا خاکی کوردستان دەبێتە گۆڕەپانی شەڕی وانە و هەزاران کەس بە بیانووی هاوکاری دەگەڵ ئەوی دیکە دەکوژرێ و ئیعدام دەکرێ. هەر بۆیە وەک ڕێژەیەک، ڕاوەستانێکی ئەدەبی بە سەر فەرهەنگی ئەو وڵاتەیدا زاڵ دەبێ. کاردانەوەی ئەو شەڕانە هەر چەند وێرانگەریش بوو، بەڵام کاریگەری قووڵی لە سەر کوردان دانا.
یەکەم ئەوەی کە: کوردانی لە خەوی سەدەکان و هەزارەکان هەستاند و ئەو ڕاستییەی لێ حاڵی کردن، کە ئەوانیش وەک فارس و عەرب و تورک خاوەنی زبان، فەرهەنگ، ئایین، دابونەریت و لە هەموو گرینگتر شوناسی فەرهەنگی خۆیانن.
دوویەم: ئەو گەلە دەبێ بە زووترین کات، خەریکی ساز کردنەوەی مێژوو فەرهەنگی خۆی بێ.
یەکێکیتر لە ئاکامی ئەو شەڕانە، ئەوە بوو کە کوردان، بۆ وە دەست هێنانی شوناسێکی تازە لە سەر بنەڕەتی مافی گەلێکی کە هەستی بە بوونی خۆی کردووە و تا ئێستا لێیان دریغ کردووە، دەبێ پێداگر بن و ئەو مافەیان هەبێ. [١٠]
لە سەرەتای سەدەی نۆزدە، هەر ئەو بیرە نەتەوەخوازانە لە شارەکانی ئەستەمبۆل، بەغدا و دەمێشق، دە پێشدا لە نێو ڕۆشنبیران و دوایە دەنێو خەڵکی ئاساییدا، کاریگەری بەرفراوانی هەبوو.
لە ئاکامی ئەو بیر و ڕایانەدا بوو کە لە ساڵی ١٨٦٠، مەلا مەحموودی بایزیدی، هەوەڵین کتێبی فۆلکلۆری سەبارەت بە دابونەریتی کوردان بە هاوکاری ئەلکساندر ژابا، قونسوولی ڕووس لە عوسمانی نووسی و دوایەش پیاوی هێژاو ڕۆشنبیری کورد، حاجی قادری کۆیی بەپێچەوانەی شاعیرانی پێشوو، لە دانانی

پێش وتار

[illegible] کوتن بە پادشایانی ملهور و کوتنەوەی غەزەلی دووپاتە و بێ کەلک، هەڵبەستی پاراوی سەبارەت بە هۆیوەپاش کەوتنی کوردان، پێوانەی خەسارناسی کۆمەڵایەتی، گەشەی ئابووری و سەنعەتی، ڕەخنەگری لە حاکمان و میرانی ناوخۆ بڵاو کردەوە. بەو پێیە واژە و دەستەواژەی چاکسازی، بیری مۆدێرن، تەرجمەی کتێبی زانستی بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگای پێشکەوتوو و ئازادی و دیمۆکراسی بۆ یەکەمین جار لە ئەدەبیاتی کوردیدا، هاتە ئاراوە:

هەر کوردە لە بەینی کوللی میللەت
بێ بەهرە لە خوێندن و کتابەت
بێگانە بە تەرجومەی زمانی
ئەسراری کتێبی خەلقی زانی [١١]

حاجی قادر بە زمانێکی سادە، باسی بەرژەوەندی تەبایی و برایەتی بۆ کوردان کرد و نیشانی دا، گەلی دیکە لە سایەی یەکێتییەوە، هەتا چ ڕادەیەک وەپێش کەوتوون:

تارێک نەکەون قەبیلی ئەکراد
هەر وا دەبنە خەرابەئاباد
ئەنواعی میللەل لە گەورە تا چووک
خەملیوە مەمالیکی وەکوو بووک [١٢]

بەو جۆرە حاجی قادر وەک پێشەوای مەکتەبی شۆڕشگێرانەی فیکری و ئەدەبی، دەرسی گەشە پێدان و ڕێگای سەرکەوتنی گەلی فێری کورد کرد و بە واتەیەک، چاو و گوێی کردنەوە و بەرەو دنیای پێشکەوتەی هان دان:

سەد قائیدە و قەسیدە، کەس ناکرێ بە پوولێ
ڕۆژنامە و جەریدە، کەوتۆتە قیمەت و شان
بۆ فەنی حەرب و سەنعەت، بۆ زەبت و ڕەبتی میللەت

دەنێرنە ئورووپا، گەورە و بچووکی خۆیان [١٣]
حاجی قادر بە ئاشکرایی دژی هێندێک شێخی خوێڕی و زبانلووسی کوردستان ـ کە ڕەفتارەکەیان دژی بایخەکانی دینییە، هەستا و هەڵبەستی ڕەخنەگرانەی بەرفراوانی، بۆ ڕووناک کردنەوەی بیری خەڵکی هۆندەوە.
دوازدە ساڵ دوایی زەمانی ژیانی حاجی قادر، لە ساڵی ١٩٠٤ فۆن هارتمانی ئاڵمانی دیوانی مەلای جەزیری لە بێرلەن بە چاپ گەیاند[١٤] و ساڵێک دوایە ئۆسکار مان کتێبی بەنرخی "تحفەی مظفریە"ی لە بواری بەیتوباو و چیرۆکی کوردی بە خەرجی دەوڵەتی ئاڵمان نووسی و ئەوانیش دوو یادگاری بەنرخ و پڕ بەهرەیان بۆ گەلی کورد بەجێ هێشت.
هەر لەو ساڵەدا کۆنسولگەری فەرهەنگی سۆویەت لە شاری مهاباد دامەزرا. لە ساڵی ١٩١٩ کۆمەڵەی تەعالی ژنانی کورد لە شاری ئەستەمبوڵ داندرا و بەو جۆرە بیری بەرانبەری ژن و پیاو و خەبات بۆ وە دەست هێنانی مافی سروشتی و یاسایی ژنان هاتە ئاراوە. لە ساڵەکانی ئەووەڵی سەدەی بیستەم، مامۆستا"حەسەن سیفالقضات"(١٨٧٦-١٩٤٤ز) شاعیری ڕۆشنبیری کورد و هاندەری بیری شۆڕشگێرانەی قازی محەممەدی نەمر، لە ژێر تەئسیری حاجی قادرو ئەو ڕووداوانەی باسمان کرد و هەر وەها کەلک وەرگرتن لە ئەدەبی دەوڵەمەندی زارەکی، دوور لە ئاسمانی خەیاڵاتی شاعیرانی پێشوو، نەریتێکی تازەی هێنایە نێو شێعر و ئەدەبیاتی کوردی و دەرد و داخی خۆی لە بارەی بێدەسەڵاتی و ناتەبایی نێوماڵی کورد بڵاو کردەوە و بە ڕاوێژی ساکاری خەڵکی کووچە و کۆڵان، شێعری زستانی کوردەواری دەنامەیەکدا، وەک فەرهەنگۆکیکی پرتام و چێژ سەبارەت بە هەموو دابونەریتی ئەو وەرزەی، کاروهەرەوەزی ژن و پیاوی لادێی لە کاتی ئاسایی و لێقەوماندا و قڕانەدا عبای ساڵی ١٣١٢ هەتاوی دەنامەیەکدا بۆ عەزیزخانی دۆستی بەیان دەکا. شێعری پاراوی "سیفالقضات"

بەڕاستی بە وتەی مامۆستا هێمن "مەکتەبێکی تازەی ئەدەبی لە موکریان دامەزراند، کە شاگردانی وەک شێخ ئەحمەدی سریلاوا، دوکتۆر شەوقی، خاڵەمین و سەید کامیل و دوایەش هێمن و هەژار و عەتری گڵۆلانی و سوارەی ئێلخانیزادە و هاوار و مەحموودی و مەلا غەفووری پێگەیاند و بە ڕێگای وی داهاتن." [١٥]

"سیف‌القضات" لە هەڵبەستێکی بە نێوی "کوردینە تا کەی" دەفەرمێ:

کوردینە تا کەی ئێمە لە کێوان میسالی دێو
دێین و دەچین و بۆ مە نەبێ، قەت خودان و خێو
بۆ عاسمان دەڕۆن و لە بەحران دەکەن سەفەر
هەر عەرزە نیشتگاهی مە و، سەنعاتە وەرد و شێو
ڕێی وانە کەهکەشان و ڕێی ئێمە بەردەلان
جێی وانە تەخت و بەخت، جێی ئێمە بەرد و چێو
بڕوانە هەرچی جوانە لە جێی دی، لە ژن، لە ماڵ،
هەر شاخ و داخە بۆ مە، کوڕی ڕەش و کچی دزێو[١٦]

بەڕاستی سەدەی نۆزدەی زایینی، دەستپێکەری جووڵانەوەی ڕزگارکەری قەومیونەتەوەییلەدنیادا بو. ئەوبزاوانەی کەهۆیڕووخانی ئیمپراتورییەکانی ئیستیعماری و حکوومەتەکانی ستەمگەر بوون. لە وەی دواوە جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلان یەک لە دوایی یەک لە دنیا پەرەی گرت. گەلانی جیهان بە کەوتن و هەستانەوەی زۆر، بە تێکۆشانی خۆیان، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەردەوام بوون.

لە پێش ئەو سەدەیە، مێدیاکان وەک ئەوڕۆ بەرچاو نەبوون و ڕووداوەکان بە درەنگی دەگەیشتە جیهان. ڕۆشنبیران زووتر لە خەڵکی ئاسایی لە ژێر کاریگەری ئەو ئاڵوگۆڕانەدا بوون، ئەوانەی کە دەستینووسینیان هەبوو، ڕووداوەکانیان شێ دەکردەوە.

هەر لەو سەدەیەدا، بیری نەتەوەیی لە نێو کورداندا پەرەی ساند و ساڵێک دوایی وەفاتی حاجی قادر بزاوێکی ڕۆشنبیری بە چاپی ڕۆژنامەیەک بە نێوی کوردستان لە ٢٢ ئاوریلی ١٨٩٨ زایینی لە شاری قاهیرە دەست پێکرا. بەسەرهاتی ئەو ڕۆژنامەیە وەک بەسەرهاتی ڕۆشنبیرانی کوردە، چونکە میدحەت بەدرخان، سەرنووسەری ئەو ڕۆژنامەیە مەجبوور کرا، هەر چەند ژمارەی لە وڵاتێکی بیانی بەو جۆرە بڵاو کاتەوە.

ژمارەی ١ تا ٥ لە شاری قاهیرە

ژمارەی ٦ تا ١٩ لە ژنێو

ژمارەی ٢٠ تا ٢٣ لە قاهیرە

ژمارەی ٢٤ لە لەندەن

ژمارەی ٢٥ تا ٢٩ لە "فۆلگستون" ئینگلیس

ژمارەی ٣٠ تا ٣١ لە ژنێو. [١٧]

هێندێک لەو ڕۆژنامانە کە هەر دوو هەفتە جارێک بە زبانەکانی کوردی و تورکی بڵاو دەبوونەوە ـ ئێستاش لە چەند کتێبخانەی ئورووپا هەیە. بڵاو کردنەوەی ئەو ڕۆژنامەی دەو زەمانیدا، دەستپێکەرێکی فەرهەنگی ـ سیاسی شۆڕشگێرانە لە ژیانی کورداندا بوو. هەر بۆیەش ترس و خۆف دڵی حاکمانی عوسمانی وە لەرزە خست. ئیدی دژی وی ڕاوەستان و ڕەدووی پێوشوێنی میدحەت بەدرخان، وەک تاوانبارێکی هەڵاتوو کەوتن و داخوازی وەرگرتنەوەیان لە دەوڵەتی میسر کرد.

بە غەیری ئەو تێکۆشانە فەرهەنگی و سیاسییە، کێشەی فرەیی و جوراوجۆری نەتەوەیی لە ئێراندا وەک ڕاستێکی بڕواپێکراو،ساڵیانێک بوو کە مێشک و

ـنی ئێرانی سەرقاڵی خۆی کردبوو. ئاڵوگۆڕی نەتەوەیی و کاردانەوەی، وەخت و بێ وەخت، وەک قەیرانێک دەهاتە پێشێ و بەستێنی جووڵانەوەی قەومی و نەتەوەیی بەرپانتر دەکرد.

ساڵی ١٩١٤، سمایلئاغای سمکۆ، شۆڕشێکی عەشایری دژی حکوومەتی ڕەزاشای لە ناوچەی شکاکنشینی دەوروبەری ورمێ و سەڵماس، هەروەها لە ناوچەی موکریان سەر بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێکرد. ئەگەرچی دەپێشدا چەند هەڵەی ناجووری کرد، بەڵام دوایە لە ژێر کاریگەری ڕۆشنبیرانی کورد، ڕێوشوێنی فەرهەنگی و سیاسی گرتە پێش؛ هەتا ئەو ڕادەیەی کە لە ساڵی ١٩٢٢ ڕۆژنامەیەکی بە نێو "کورد" لە شاری ورمێ لە ژێر چاوەدێری "مەلا محەممەدی تورجانی زادە" بڵاو کردەوە کە بەداخەوە تا ئێستا هیچ ژانیاریەکی بەر چاو لەمەڕ ئەو ڕۆژنامەیەوە دەرنەکەوتووە. تەنیا بەڵگێکی بە دەستەوە هەیە، لە لاپەڕەی ٣٧١ کتێبی "تاریخ رضایه" نووسینی "محمدتمدن" وێنەی کلێشەی لاپەرەی یەکەمی ڕۆژنامەی ناوبراوی بە چاپ گەیاندۆوە گۆیا چوار ژمارە لەو ڕۆژنامەی بڵاو بۆتەوە.

دەگێرنەوە: کاتێک هەوەڵین ژمارە لە چاپ درا، پێش ئەوەی لە نێو خەڵک بڵاو بێتەوە، ڕۆژنامەکەیان بردە خزمەت سمایلئاغا لەچەهریقی سەلماس. ئەوکات سمایلئاغا لەگەڵ سەرانی عشایری کورد کۆبوونەوەی هەبوو. دەستووری دا هەر کەسەی ژمارەیەکی بدەنێ و کوتی پارەی ڕۆژنامەکەش وەرگرن. هەر کام لە ئاغاکان "دە شاهی" یەک پارەی ئەودەمیان لە پێش خۆ دانا. سمایلئاغا تووڕە

بوو، کوتی ئێوە دەبێ بزانن: نرخی ئەوەڵین ژمارەی ڕۆژنامەی کورد لیرەیەکە. سەرۆکعەشایر هەر یەکەی چەند لیرەیان دانا و قابێک لیرەی زێڕ پڕ بوو. ڕووی لە مەلای تورجانی کرد و کوتی: ئەوەش خەرجی چاپ و بڵاو کردنەوەی ژمارەکانی دیکەت.[۱]

بیستویەک ساڵ دوای رۆژنامەی کورد، لە ساڵی ۱۹۴۳ ئەوەڵین ژمارەی گۆڤاری نیشتمان لە ژێر چاوەدێری"عەبدولڕەحمان زەبیحی" لە شاری تەورێز چاپ کرا و لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو کراوە.

هەڵبەت دەبێ ئەوەش وەبەر چاو بخەین، لە ماوەی ساڵەکانی ۱۹۱۳ تا ۱۹۴۳ دەیان گۆڤار و ڕۆژنامە، لە شارەکانی سلێمانیە، هەولێر، بەغداد، ئەستەمبول، قاهیرە و دیمەشق و بەیرووت چاپ کران [۱۸] و لە نێو کۆڕ و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ڕۆشنبیرانی کوردی ئوڕووپا بڵاو کرانەوە. هێندێک لەو جەریدانە بە نهێنی دەهات بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەتایبەت بۆ مەحکەمەی قازی محەمەد و ئەویش ئەوانەی بە سەر خەڵکیدا، دابەش دەکرد.

۱- بە وتەی حاجی حوسێنی داودی لە کەسایەتییەکانی بەنێوبانگ و ئاگای شاری مهاباد

بڵاڤۆکەکانی کوردی لە دەرەوەی ئێران

ژمارە	نێوی جەریدە	جێی بڵاو کردنەوە	ساڵی بڵاو کردنەوە
١	بانگی کورد	بەغدا	١٩١٣
٢	هەتاوی کورد	ئەستەمبووڵ	١٩١٣
٣	ژین	قاهیرە	١٩١٦
٤	کوردستان	ئەستەمبووڵ	١٩١٧
٥	تێگەیشتن	بەغدا	١٩١٨
٦	ژین	ئەستەمبووڵ	١٩١٩
٧	پێشکەوتن	سلێمانی	١٩٢٠
٨	ڕۆژی کوردستان	سلێمانی	١٩٢٢
٩	بانگی کوردستان	سلێمانی	١٩٢٢
١٠	بانگی حەق	سلێمانی	١٩٢٢
١١	ئومێدی ئیستێقلال	سلێمانی	١٩٢٤
١٢	دیاری کوردستان	بەغدا	١٩٢٥
١٣	ژیان	سلێمانی	١٩٢٦
١٤	زاری کرمانجی	ڕەواندز	١٩٢٦
١٥	پەیژە	بەغدا	١٩٢٧
١٦	ڕێیا تازە	ئیرەوان	١٩٣٠
١٧	هاوار	دەمێشق	١٩٣٢
١٨	دیاری لاوان	بەغدا	١٩٣٣
١٩	ڕووناکی	هەولێر	١٩٣٥
٢٠	زانستی	سلێمانی	١٩٣٨
٢١	نزار	بەغدا	١٩٣٨
٢٢	ژیان	سلێمانی	١٩٣٨
٢٣	ژین	سلێمانی	١٩٣٩
٢٤	گەلاوێژ	بەغدا	١٩٣٩
٢٥	ستێر	دەمێشق	١٩٤٣
٢٦	ڕۆژانو	بەیرووت	١٩٤٣

جەریدە و کتێبەکانی سیاسی ئاستی ئاگایی خەڵکی کوردستانیان زیاد دەکرد. بەو جۆرەی کە ئەوان وێڕای خوێندنەوەی ئەو سەرچاوانە، لە بە سەرهاتی ئەمارات و بنەماڵەکانی کوردستان لە زەمانەکانی کۆنەوە ئاگا دەبوون و دەیانزانی کە ئەماراتی موکری، بابان، ئەردەڵان، ئامێدی، کەلەوڕ، بادینان، سلێمانی، برادۆست و بەدلیس، هەمیشە وەک ئەمیرنشینی نیوە سەربەخۆ، ئەرکی پاراستنی سنوورەکانی وڵاتیان بە ئەستۆوە بووە. وڵاتی ئێران بە تێکەڵاوی کۆمەلێک ئەماراتی چکۆلە و گەورە، لە سەرزەوییەکی پان و بەرین بە نێوی "ممالک محروسه ایران" ئیدارە دەکرا.

هەروەها خوێندنەوەی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانە، مێژووی چوار سەدەی ئاخر، کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردستانی موکری، بە دەستی سپای قزڵباش لە زەمانی شاسمایلی سەفەوی(٩٨٧ش/١٦٠٨ز) بە هۆی پشتیوانی خەڵکی لە ئەمیرخانی برادۆست، کۆمەڵکوژی ئێلی مەنگوڕ بە پیلانی ئەحمەدخانی مەراغەیی لە ساڵی (١١٥٩هـ/١٧٨٠ز.)، شۆڕشی شێخ عوبەیدلڵای شەمزینان لە ساڵی (١٢٦٠هـ/١٨٨١ز.) پیلانی کوشتنی سمایلئاغای سمکۆ و براکانی (١٣٠٧هـ/ ١٩٢٨ز.)، وەبیر خەڵک دەهێناوە. لەلایەکیتر ئەو نووسراوانە کاریگەری زۆریان لە سەر بیر و مێشکی خەڵکی بەتایبەت دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ.ک دانابوو، ئەوانی بۆ بەدیهێنانی نەخشێکی مێژوویی ئامادە کردبوو.

لە ڕەهەندی جیهانیش هەڵوەشانی ئیمپراتووری عوسمانی و وەڕێ کەوتنی دوو شەڕی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨) و دوویەم (١٩٣٩-١٩٤٥) و ڕاپەڕینی سۆسیالیستی سۆڤیەت (١٩١٧) و لە ڕەهەندی ناوچەیی ڕاپەڕینی مەشرووتەی ئێرانی ١٩٠٦ز. لە زومرەی ڕووداوە گرینگەکانی سەدەی بیستەمن کە کاردانەوەکەی گۆڕانی ژئۆپۆلیتیکی کۆمەڵایەتی، ڕامیاری و ئابووری گرینگیان

پێش وتار

هێنا و زۆر لە نەتەوەکان لە چەنگ ئیستێعمار ڕزگار بوون و ... ڕیان جێژن گرت.

هەمووی ئەو ڕووداوانە و سەودایانەی فەرهەنگی و سیاسی لە هەلومەرجێکدا بەدی هات کە سیاسەتی دووچاوەکی حکوومەتەکانی عوسمانی، سەفەوییە و قاجارییە، هەروەها دەست تێوەردانی ئاشکرا و بەدزی ئینگلیزیان لە ناوچەیدا، بە دابەش کردنی کوردستان بە سەر وڵاتانی تورکییە، ئێران، عێراق و سورییە لە ساڵی ١٢٩٧ تەواو بوو.

پاش شەڕی یەکەمی جیهانی، دەوڵەتی تورکییە کە تازە لە ژێر خۆڵەمێشی ئیمپراتووری عوسمانی هەستابۆوە و ڕێبەرانی جحێڵی بە پێی قەراردادی سێور (١٩٢٠ز.) بەرپرس ببوون کە دەوڵەتەکانی کوردستان و ئەرمەنستان بە فەرمی بناسن. بەڵام سێ ساڵ دوایە (١٩٢٣ز.) لە پەیمانی لۆزاندا، هەموو قەول و قەرارەکان بە تێکوشانی کەمالیستەکان پێشێل کرا. ناوچە کوردنشینەکانی تورکییە بەپێچەوانەی ویستی ڕێبەرانی کورد وەک: شێخ عوبەیدیلا (١٨٨٠ز.)، سەید تەها، ئیحسان نووری پاشا و شێخ سەعیدی پیران دە گەمارۆی تەواو کەوتن. لە عێراقیش شێخ مەحموودی حەفید لە ساڵەکانی (١٩١٩-١٩٣٩) دژی حکوومەتی ناوەندی شۆڕشی کرد. بە فەرمی حکوومەتی پادشایی ڕاگەیاند. بەڵام تێکۆشانی ویش بە پیلانی ئینگیزیان کە ئەو زەمانی عێراقیان بە موستەعمەرەی خۆیان دەزانی، بە ئاکام نەگەیشت. پاش ئەو ڕیبەرانەش جووڵانەوەی خەڵکی بە ڕێبەری شێخ عەبدولسەلام و مەلا مستەفا بارزانی دەستی پێکرد.

بەو پێیە و بە کاریگەری ڕووداوەکانی مێژوویی، کە بە کورتی باسمان کرد، دەتوانین بڵێین دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد بە ڕێبەری قازی محەممەد و یارانی، ئاواتی مێژوویی گەلی کوردییان پێکهێنا. ئەو ئاواتەی کە لە شۆڕشەکانی دەپێشدای گەلی کورد لە قالبی هەستانەوە عەشایری و

نەتەوەیی درەوشابۆوە. بەو جۆرەش هیچ کات ڕێژیمەکانی زاڵ بە سەر کوردستاندا، شۆڕشی خەڵکیان بە هێند نەگرت و بە بیری، شوونیستی، بەستێنی قەیرانی نەتەوەیی و نژادیان لە سەراسەری وڵات پێکهێنا و سەرکوت کردن و ترساندنی نەتەوەکانی دیکەیان دەست پێکرد.

بە وتەی یەکێک لە خاوەنڕایان «پێکهاتەی نابەرابەری کۆمەڵایەتی، سەروەری گەلێک بە سەر گەلانی دیکە، پاک کردنەوەی زبان، فەرهەنگ و دابونەریتی نەتەوەکان و وەبەر چاونەدانی مافی ڕامیاری و ئابووری وان، زەمینەی قەیران لە وڵات ساز دەکا. یانی بیری خۆبەزلزانی قەومی و نژادی و باوەڕی غەیری زانستی بە پێکهاتەی گەورەیی و چکۆلەیی، دە قالبی فکری جۆراوجۆر، دەگەڵ زەبروزەنگی بێولۆژیک، یان ئەو بیرەی کە فەرهەنگەکانی قەومی زەعیف، نەگۆڕ و وەپاش کەوتوون و یان ناتوانن نەخشێکیان لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی هەبێ، بوونە مایەی زەرەری بەرفراوان لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی"[١٨]

ڕاپەرینی مەشرووتەی ئێرانی تەنانەت پێش ئاڵوگۆڕی جیهانی، خەڵکی چاوەڕوانی گۆڕانی ڕاستی لە وڵات کردبوو، بەڵام هیچ کام لە پادشاکانی قاجار و پەهلەوی چیکڵدانەی تێگەیشتنی ئاڵوگۆڕی جیهانیان نەبوو. بە بیری کۆن و ڕزیوی وان دڕدونگی و نابەرابەری کۆمەڵایەتی ڕۆژ بە ڕۆژ زیادتر دەبوو. ڕەزاخان کە بە زۆری سەرنێزەی قودرەتی وە دەست هێنابوو و پێکهاتەی کۆمەڵانی خەڵکی لە پێش چاوی چکۆلە بوو. ئەو دەیەویست بە چاو ترساندن و زۆری، دە ماوەیەکی کورتدا، سەرتاسەری وڵاتی ئێران یەکسان و یەکزبان و یەکفۆرم بێ یان بە قەولی خۆی ئوڕووپایی بکا!!

هەر لەو ماوەیە کورتەدا، خەڵکی لە خۆی بێزار کرد، ئەو بە خراپ حاڵی بوون لە وێنەی پەرەپێگرتوویی وڵاتانی سەنعەتی ڕۆژئاوا، دەیەویست کۆمەڵگای سوننەتی ئێران بگۆڕێ. بەڵام چاکسازی وی ڕواڵەتی و چاولێکەری کوێر بوو،

گەیشتن بە ئامانجی خۆی تەنانەت بەزەبرو زەنگی نیزامیش

پێش وتار

بێگانە بوون لە توانایی پێویست و سەرچاوەی فەرهەنگی وڵات و دژایەتی دەگەڵ فەرهەنگی نەتەوەکان و هەست بە چکۆلەیی نەتەوەکانی ئێرانی، لە دەسکەوتی ڕێژیمی پەهلەوی بوو. ڕێژیمی ناوبراو، بە هاسانی لە حاست ئەو ڕاستییە حاشا هەڵنەگرەی فەرهەنگی نەتەوەکانی غەیری فارس چاوی قووچاند. بەو پێیە بە «کۆمەڵگای بەستراوو بە جەوی پشووسواری ڕەزاخانی، بە هاتنی ئەرتەشەکانی یەکگرتوو بۆ ئێران، تێکڕووخا و دەورانێک دەست پێکرا، کە تەنانەت لە ساڵەکانی دوایی ڕاپەڕینی مەشرووتەش ١٢٨٥هـ/١٩٠٦ز. بی وێنە بوو»[١٩]

"یەکێک لە سیاسەتەکانی نەحسی ڕەزاخان لە سەردەمی دەسەڵاتداری، پەلەقاژەی بێ پسانەوە و بێ ڕەحمانە، بۆ نابوودی گەلی کورد لە ئێران بوو. ئەو بۆ ئەنجامی ئامانجەکانی، خەریکی سووکایەتی بە دابونەریت، جلوبەرگ ئەدەب و زبان و هەڵپەرکێی کوردی بوو. "مەئمورانی وی هەزاران دەست لیباسی ژنانە و پیاوانەی کوردیان دڕاند و سووتاند. بەڵام بەپێچەوانەی ویستی وی، زبان و جلوبەرگی کوردی وەک کەلەپوری نەتەوەیی کورد هەر مایەوە.

لە قوتابخانە و ئیدارە، تەنانەت لە کۆڵان و شەقام هەزاران کورد بە تاوانی کورد بوون گیران، ئازار دران و سووکایەتییان پێ کرا. بەڵام زمانی کوردی وەک سەرمایەی نەتەوایەتیمان هەر پارێزرا و کورد نەتواوە و ئابڕۆتکاوی و ڕیسوایی مێژوویی بۆ پۆلیسی ڕەزاخان ماوە. لەو سەردەمەدا کۆمەڵێکی نەهێنی لە زانایان و گەورە پیاوانی کورد، بە ڕێبەری ماٶستا مەلا ئەحمەدی فەوزی، سەیفولقوزات، پێشەوای نەمر، قازی بۆکان، شێخ ئەحمەدی سریلاوا و گەلێکی تر، لە ڕووناکبیری ئەو سەردەمە، پێکهاتبوو، کە ئامانجی ئەساسی و هەرە

گەورەیان پاراستن و پەرەپێدان و بووژاندنەوەی زمان و ئەدەبی کوردی بوو"[٢٠]

***

جەوی پشووسواری و ترسی حکوومەتی پەهلەوی، نیسێی بە سەرتاسەری ئێراندا کشاندبوو. مەئمورانی بە کرێگیراوی ڕەزاخان وەک زەمانی سوڵتان مەحموودی غەزنەوی و شاعەباسی سەفەوی، سەبارەت بە ئازایەتی و دادەپەروەری ڕەزاخان و ڕێکوپێکی پێکهاتەی ئەرتەش، پروپاگاندەی زۆریان وەڕێ خستبوو. "ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە میراتی فەرهەنگی ـ ڕامیاری پشووسواری بیست ساڵەی حکوومەتی وی بێجگە لە فەقیری و هەژاری سیاسی و هیچ دەستکەوتێکی تری نەبوو."[٢١]

"لە کوردستانی ئێران سیاسەتی زوڵمی دوو بەرابەر، لە لایەن بەکرێگیراوانی دەوڵەتی ڕەزاخان سەبارەت بە کوردان بە توندی بەڕێوەدەچوو. مافی نەتەوەیی و مرۆڤایەتی پێشێل دەکرا. هەر جۆرە نیشانێک لە گەلی کورد، لە ژێر یاسای شۆونیستی قەدەغە کرا. دەستی ژاندارم و پۆلیس و نیزامیان بۆ دەستدرێژی بە گیان و ماڵ و نامووسی خەڵکی ئاوەڵە کرابۆوە. ژاندارمەری و نەزمییە (شهربانی) بە ڕێکخراوەی ترس و خۆف ناسرا بوون و دەستە دەستە خەڵکیان بۆ زیندانان و تاراوگەی دوور لە گۆشە و کەناری ئێران دەنارد.

ڕەواجی بەرتیل و گەندەڵی دە دەستگاکانی ئیداری و سەرنج نەدان بە باری ئابووری ناوچە، خەڵکی کوردستانی دووچاری نەداری و تەنگدەستی کردبوو. لە بێهداشت و خزمەتی پزیشکی خەبەرێک نەبوو. هەر لەبەر ئەوەی، دەرسەدی مەرگومیر لەو ناوچەیەی لە هەموو ناوچەکانی ئێرانی زیادتر بوو. نەخۆشی زنچکاوی وەک: گوڵی و تیراوێ و سیل، چاوئێشە و کەچەڵی لە هەموو جێگەیەک بڵاو ببۆوە. لە تەواوی شارە کوردنشینەکان تەنانەت نەخۆشخانێکی

تەیار نەبوو. بەڵام پادگان و پاسگای دامەزرا و لە کوردستانی زیادتر لە ... ی ئێران بوو." [۲۲]

پێش وتار

...ەزعییەتە سیاسی و کۆمەڵایەتیی کە حکوومەتی پەهلەوی یەکەم بەدی هێنابووی، شوناس و یەکێتی چینەکانی جۆراوجۆری ئێرانی دوچاری گومان و لێک هەڵپچڕان ببوون. چونکێ لە ماوەی بیست ساڵەی حکوومەتەکەی هەر خەریکی دامەزراندنی توانای نیزامی و کۆکردنەوەی سەروەت و سامان، بۆ بنەماڵەکانی سەربەخۆی بوو. لە توودەی خەڵکی دوورکەوتبۆوە و قەڵشتی قووڵ لە بەینی دەوڵەت و خەڵکی کەوتبۆوە. حکوومەتی وی کز و لاواز ببوو، هەتا ئەو ڕادەیەی بە هاتنی چەند فرۆکەی عرووسی، لە ئاسمانی چەند شاری ئێران و هاویشتنی چەند دانە بۆمب، ئەرتەشی ڕەزاخان هەڵوەشا و تێکڕووخا.

"قودرەتی نیزامی ڕەزاشای و سستی و ناتەوانی حکوومەتی وی لە هەمبەر هێرشکەران، هێمایەکی ڕاستی ئەو بڕوایەیە، کە بە جێی حکوومەت بە سەر لەشدا، دەبێ دەروون و بیرەکان وە بەرچاو بگیرێن. ئەو بیرەش زەمانێک وەدی دێ کە بەینی خەڵک و حکوومەت مەودایەک نەبێ. خەڵک حکوومەتی لە خۆیان و حکوومەت خۆێ لە خەڵک بزانێ"[۲۳]

دەو سەردەمیدا شەڕی دوویەمی جیهانی گەیشتبووە ئەوپەڕی خۆی. ڕەزاشا کە بە ڕواڵەت ئێرانی بێ لایەن کردبوو، بەڵام لە ڕاستیدا، لاینگری ئاڵمانی هیتلێری بوو. هەر بۆیە وەبەر غەزەبی وڵاتانی سۆوڤیەت، ئینگلیس و ئەمریکا کەوت و لە سێیەمی شەهریوەری ۱۳۲۰هـ/۱۹۴۱ز. لە وڵاتی ئێران تاراندیان. بە ڕۆیشتنی وی جەوێکی ئاوەڵە بەدی هات و پاش وی، حیزبە سیاسیەکان بە ئیدەئۆلۆژی چەپ و ڕاست لە ئێران هاتنە ئاراوە و پێشڕەوی بەدەست هێنانی داخوازییەکانی خەڵکی بوون.

بە خاتری سیاسەتی هەڵەی ڕەزاشا، باکووری ئێران وەژێر دەسەلاتی سۆوڤیەت و باشوور و ڕۆژئاوا وەک پارێزگاکانی کرماشان و سنە کەوتبوونە ژێر دەسەلاتی ئینگلیس. بەلام ناوچەکانی مهاباد، بانە، سەردەشت، سەقز، دیواندەرە و بۆکان دوور لەو دەسەلاتانە بوون یا بە وتەی کۆریس کۆچرا سەرزەوی بێ خاوەن بوون. لەو هەلومەرجەدا سەبارەت بە تێگەیشتوویی کە قازی محەمەد لە ئیدارەی ناوچەی لە خۆی نیشان دا، حکوومەتی ناوەندی و دەوڵەتەکانی سۆوڤیەت و ئینگلیس خۆیان دە ناوچەی موکریان نەگەیاند و ئیدارە کردنی ناوچەی بە فەرمی وەبەردەست قازی محەمەد کەوت[٢٤]

قازی محەممەد هەر لە منداڵێوە بێجگە لە وەی کە لە ناوەندی پڕ هاتوچۆی مەحکەمەی بابی (قازی عەلی) هەستی بە کێشەکانی خەڵکی کرد بە کەڵک وەرگرتن لە کتێبخانە دەوڵەمەندی بنەماڵەی، دەگەڵ بیروڕای تازەی زانایانی جیهان ئاشنا بوو. قازی عەلی بابیشی کە بۆخۆی بیروڕای ئایینی و سیاسی هەبوو لە عاملاندنی کوڕەکەی حەولی بەرفراوانی دا. جار جارەش بۆ ڕاهاتن لە کێشەکانی کۆمەلایەتی، ئەوی بە نوێنەرایەتی خۆی دەناردە کۆڕ و کۆبوونەوان. هەر وەکی لە ساڵی ١٣٠٧هـ/١٩٢٨ز. مەلا خەلیلی گۆرەمەری کە بە ناڕەزایی سەبارەت بە فەرمانی ڕەزاخان،بۆ یەکدەست کردنی لیباسی پیاوان و ژنان و ڕەفتارە ناحەزەکانی دەوڵەت دژی حکوومەت شۆڕشی کردبوو. قازی عەلی، قازی محەممەدی دەگەڵ کەسایەتییەکانی ناوچە ناردبۆوە نێوئێلیمەنگوڕ لە دەوروبەری مهاباد بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەک بۆ دژواریانەی حکوومەت لە کوردستان پێکی هێنابوو.

قازی محەممەد چەند کەڕەت، لە لایەن براکەی سەدری قازی کە ئەودەمی نوێنەری مهاباد لە دەورەی چاردەی "مجلس شورای ملی" بوو، دەست بە داوێنی مقاماتی حکوومی و لەشکری بوو کە ڕێگایەک یا بیرێک بۆ ئەو ناوچەیە

بکەنەوە. بەڵام دڵەڕاو کێی وی، وە بەر چاو نەگیرا. چونکە ئەگەر ناوچە هەروا مابایەوە، زۆر بە زوویی وڵات نائەمن دەبوو و گرانی و ئاژاوەی بە سەردا دەهات. هێندێک لە عەشیرەکان کە لە کۆنەوە دوژمنایەتی و ناکۆکیان دە نێو هەر دەمێک ئامادەی ڕاووڕووتی شارەکان و ئاوەدانییەکانیان
پێش وتار
دیکە ترسی ئاغاکانی ناوچە لە پەرەگرتوویی چینی ڕۆشنبیری شاری و بزووتنەوەی فەرهەنگی و سیاسی وان ئەوزاعی ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەکرد.

قازی محەممەد بە هەست پێکردنێکی پڕ مەترسی کە وە ئەستۆی خۆی گرتبوو، بۆ پێشگیری لە نائەمنی و ئاژاوەنان، هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتایی‌دا وشیاری تایبەتی لە خۆی نیشان دا. شاری بە چەند مەڵبەند و هەر مەڵبەندەی بە چەند گەرەک و هەر گەرەکەشی بە کەسایەتێکی ناسراو ئەسپارد. هەر شەوەش لە گەرەکەکان چەند کەسی بۆ چاوەدێری باری ئەمنی شار، دیاری کرد و بۆ خۆشی شەوانە، ئەو گەرەکانەی بە سەر دەکردنەوە.

لەو بارودۆخەی‌دا چەند کەس لە ڕۆشنبیران و چالاک وانانی سیاسی لە ڕۆژی ١٦ سپتامبری ١٩٤٢ بە نەهێنی ڕێکخراوەیەکیان بە نێوی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک) لە شاری مهاباد دامەزراند. بە ڕاستی چل ساڵ دوای وەفاتی حاجی قادری کۆیی، ئەو گرووپە، لە ژێر کاریگەری ئازادیخوازانەی وی و ڕێبەرانی پێشوو لە ناوچەکانی تورکییە، ئێران و عێراق، بناغەی ڕێکخراوێکی یەکگرتوو و پتەویان دامەزراند.

دیوید مک داوەڵ دەنووسێ:

"ڕێکخراوی کۆمەڵە، لە ماوەی شەش مانگ، نیزیک سەت ئەندامی هەبوو، کۆمەڵە لە ئاوریلی ١٩٤٣، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژارد و دوابەش نوێنەرانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باکووردا هەتا سنووری سۆڤیەت

و لە باشووردا هەتا نیزیک سنە نارد. لە ساڵی ١٩٤٤ نوێنەرانی سێ وڵاتی کوردنشینی ئێران، عێراق و تورکیە لە کێوی دالانپەڕ، ناوەندی سێ سنوور، کۆبوونەوە و پەیمانیان بەست کە لە هەموو بوارێک یاریدەری یەکتر بن و پشتی یەک بەرنەدەن[٢٥]

هێندێک کەس لە سەر ئەو باوەڕەن کە گەڵاڵەی داخوازییەکانی قەومی و نەتەوەیی کوردان لەو زەمانی دا، تەنیا لە ناوچەی کوردستانی موکری بە ناوەندی مهاباد ئامادە کرابوو، لە حاڵێکدا ئەو بیرە هەڵەیە و لە هیچ بەڵگەیەکیدا دەستەواژەی حکوومەتی مهاباد نەهاتووە. لە جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردستاندا، نوێنەرانێک لە زۆربەی شارە کوردنشینەکانی ئێران و تەنانەت لە وڵاتانی عێراق، تورکییە و سوورییەش بەشداریان هەبوو. ئەو داخوازییانە تەواوی ناوچەکانی کوردنشینی گرتۆتەوە. حەسەنی ئەرفع ڕەییسی ستادی ئەرتەشی شاهەنشاهی ئێران سەبارەت بە ڕووداوەکانی بانە و سەقز، دە ڕاپۆرتێکی لە ژێر سەردێری یەکەمین کۆمەڵەی کوردان لە شەڕی دوویەمی جیهانیدا دەنووسێ:

"ژەنرال ئەمینیش بە فەرماندەی هێزەکانی کوردستان هەڵبژێردرا، دوایی وی کوردەکانی ژێر فەرمانی محەممەدڕەزای مەریوانی، مەحموودی کانیسانانی، محەممەدڕەشیدی ئەڵمانە، محەمەدعەلی گوڵباخی، عەلی گولەژێری، فەرەج کۆماسی، جەلال گمباری و مەحمودی لەهۆنی بۆ ئاخافتن چوونە شاری سنە. ئەو کوردانەیان دەست بە سەر کرد. بەڵام ٢٤ کاتژمێر دوایە بە خواستی ئەفسەرانی ئینگلیسی دانیشتووی سنە، ئازاد کران. ئەو کوردانە هەر ئەوکاتی لە ڕێبەرانی ئێران داوای خودموختاریان کرد. پاش دە ڕۆژان گەورەکانی ئینگلیس وەڵامیان داوە، کە ناتوانن ئەو کێشەیەی چارە سەر بکەن"[٢٦]

کۆمەڵەی ژ.ک ڕۆژ بە ڕۆژ هەنگاوی باشتر و ڕێکوپێکتری بۆ بەدی هێنانی ئاواتەکانی کورد هەڵێنا کە لەو ڕێبازەدا دەتوانین دامەزراندنی مەدەرسەی کوردی، بڵاو کردنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی وەک نیشتمان، هاوار، دیاری، گڕوگاڵی منداڵان و ئاوات ناوبەرین. هەر وەها دامەزراندنی سینەما، چاپخانە، ڕادیۆ، ڕێکخراوی پێشمەرگە، ڕێکخراوی ژنان و شانۆی دایکی نیشتمان و چەندین کاری فەرهەنگی دیکە بەشێک بوون،لە چالاکییەکانی ئەو کۆمەڵەیە.

[illegible] ەڵەی (ژ.ک) بەڕێبەری قازی محەممەد، بە ئاڵ و گۆڕێکی لەسەر

پێش وتار

[illegible] ی و بە پێشنیاری سۆوڤیەت، ڕێکخراوەی خۆی لە ژێر دێری "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" ناساند. "لە سپتامبری ١٩٤٤ بەیانییەک بەواژۆیَ ٧٠ کەس لە ئەندامان، لە هەشت خاڵ دا بڵاوبۆوە. لەو بەیانییەی دا، وێرای دان هێنان بە یەکێتی نەتەوەیی و تەواویەتی ئەرزی ئێران، کوردان داخوازێکانی خۆیان لە باری ڕامیاری - ئابووری - نیزامی و فەرهەنگی و تەندروستی بەگوێی خەڵکی ئێران ڕاگەیاند. [٢٧]

قازی محەممەد بە ئەندام بوونی لە کۆمەڵەی ژ.ک، لە ژێر نێوی نهێنی "بینایی" نێو و نێوبانگی کۆمەڵەی زۆر بەرز کردەوە و مهابادی کردە ناوەندی ئازادیخوازیوجووڵانەوەی سیاسی کوردستان.هەرلەبەرئەوەش ئازادیخوازانی کورد لە وڵاتانی تورکیە، سووریە و ئێران و عێراق بۆ چاو پێکەوتن دەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵە، دەهاتنە ئەو شارە و لە لایەن دەوڵەتەکانی داگیرکەریش (سۆوڤیەت و ئینگلیس) حیسابی تایبەت بۆ مهاباد و میللەتی کورد کرابۆوە.

قازی محەممەد لە ڕۆژی دوویی ڕێبەندانی ١٣٢٤هـ/١٩٤٦ز، لە گۆڕەپانی چوارچرای[١] مهاباد، لە مەراسمێک بە بەشداری کەسایەتییەکانی شارەکانی سەقز، سەردەشت، بۆکان، بانە، ورمێ، نەغەدە، شنۆ، پیرانشار و مەهاباد و هەروەها سەدان خەباتگێری بارزانی بە سەرۆکایەتی ژنراڵ مستەفا بارزانی و هەزاران کەس لە چوارقوڕنەی کوردستانی موکری، بە شێوەیەکی فەرمی هەوەڵین کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند و بە دەنگی بەرز فەرمووی:"ئەمن بە خودا، بە کەلامی عەزیمی خودا، بە نیشتمان، بە شەرافەتی کورد، بە ئالای موقەدەسی کوردستان، سوێند دەخۆم کە تا ئاخر هەناسەی ژیانم و ڕژاندنی ئاخر تنۆکی خوێنم، بە گیان و ماڵ، لە ڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی جمهووری کوردستان فەرمانبەردار و وەفادار بم."

کوردستانی شێو کردەوە و، ئەو پرۆژە خزمەتگوزارییانەی دەو ماوەیە کەمەدا لە ناوچەی کوردستانی موکری دامەزراون ناوی بردن و کوتی: بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦، ڕووداوێکی مێژوویی و پڕ لە شانازی گەلی کوردە، کە ڕیشەی دەخواست و ویستی سەدان ساڵەی نەتەوەکەمان بۆ گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسیدا هەبووە.

ئەو کارە بزووتنەوەیەکی کاتی و هەڵخوازانە نەبوو، بەڵکوو هەر وەک دە پێشدا ئاماژەم پێ کرد. فکر و بیری ئەو ڕاپەڕێنە لە چوار سەدە لەوە پێشەوە، ڕیشەی داکوتاوە و دەو ماوەیەدا، دەیان شاعیر، نووسەر، ڕۆشنبیر لاوی کورد نەمامی شلک و ساوای ئاواتی کوردیان بە خوێنی پاکی خۆیان ئاو داوە.

١- چوارچرا : گۆڕەپانی ئێستای شارەداری مەهابادە، کە لە نیوەراستی گۆڕەپانەکە، ئەستونیکی ئاسن داندرا بوو، سەری ستونەکەی چوارچرای لە سەر هەڵکرابوو، ئەو چوارچرایە هیمای چوارپارچەی کوردستان بوو.

قازی محەممەد کە لەلایەن خەڵکی کوردستان، نازناوی پێشەوایان پێ بەخشیبو لە درێژەی قسەکانی داکوتی: "کوردستان هەلومەرجێکی ژئۆگرافیکی یەکگرتووە، بێ ئەوەی نەتەوەیەکی دیکە دە نێو پارچەکانی دابێ، سەرزەوییەکی یەکپارچەیە. کورد هەر لە کۆنەوە هەزاران پادشا و حاکمیان هەبووە. هەر لە کوردستانە ئازادکراوەیدا، بنەماڵەی موکری، هەتا ساڵی ١٠٢٠ مانگی یەک لە دوایی یەک، ئەمیر سەیفەددین، سارمبەگ، شێخ حەیدەربەگ، ئەمیربەگ، ئەمیرپاشا، هەتا قوبادخان حکوومەتیان هەبووە.

"هەر کات کوردان هەستیان کردووە دوژمنان خەیاڵی خاوی جیاوازی و چەند دەستەکییان هەیە، زۆر پیاوانە دژی وان هەستاون و خەباتیان کردووە و قوربانییان داوە و هەموو جۆرە ڕەنج و جەفایەکیان دە پێناو پاراستنی دابونەریت و زبان و کەلتووری خۆیان کێشاوە، هەتا موڵکی باپیرانیان ...و غیرەت و سەبوورییە بۆتە هۆی ئەوەی کە کەس نەتوانێ ... زانەیان سەرکوت بکا.

پێش وتار

میری ڕەواندزیان کوشتووە، بابانەکان سەریان هەڵداوە، بابانەکان ڕۆیشتوون، ئەردەڵانەکان هەستاونەوە. ئەردەڵانەکان کەوتوون، بەتلیسیەکان هاتوونە گۆڕەپان، نەتەوەیەکی وا، قەت لە بەین ناچێ." [٢٨]

هەروەها قازیمحەممەدلەڕۆژی٢٥سەرماوەزی ١٣٢٤هـ/١٩٤٥ز لە قسەکانیدا، کوتبووی "گەلی کورد، گەلێکی تەنیا و بێ کەسن. وڵاتەکەیان داگیر و دابەش کراوە، و لە سەرەتایی ترین مافی خۆیان یانی مافی دیاری کردنی چارەنووس بێ بەهرەن"[٢٩]

هەر ئەو قسە کورتەی وی، نیشاندەری ئاوات و ئارەزووەکانی وی و خەڵکانی زۆر لە ئازایخوازانی کورد، بەتایبەت ڕۆشنبیران، لەو زەمانی دابووە.

"تەنیا مانەوەی کوردان، داگیر کردنی خاکی وان، دابەش کردنی وڵاتی وان و بێ بەش بوونی وان لە سەرەکیترین مافی دیاری کردنی چارەنووس، چوار مێحوەر بوون کە قازی محەمەد پێی لە سەر داگرتوون و بەڕاستی وەدوای چارەسەری وانەدایە." [٣٠]

ئەو بارودۆخی ئەودەمی ئێران و ناوچەی ناسیبوو، قسەکانی و بیرەکانی لەو کاتیدا نیشاندەری تێڕوانینی، واقیعبنیانەی لە سەر کێشەکانی کوردستانی بووە.

"وا دێتە بەر چاو لە چوارچێوەی ئەو بیرانەدا، فکری دۆزینەوەی هاودەنگێکی خاریجی، هێنانەدەری نیشتمان لەدەستیداگیرکەران ودامەزراندنی کوردستانی گەورە[1]، گەڕانەوەی مافی چارەنووس لە قالبی خودموختاری و یا لەوەش پێشتر، شتێکی سروشتی بێ"[٣١]

لەو زەمانی بە هۆی کەم بوونەوەی پشووسواری پادشاهی و دامەزرانی کونسوولگری وڵاتانی زلهێز لە مهاباد، بیروڕای ئازاد هاتبووە ئاراوە. هەروەها بۆ یەکەمین بار لە مێژووی ڕۆژگاری کوردستان دوو دیاردەی "شار" و "ڕووناکبیر" لە ڕەوتی خەبات دەهاتنە بەر چاو.لە شاری تەورێزیش کە هەر لە زەمانی شۆڕشی مەشرووتە. جموجۆڵێکی گەورە دەستی پێکردبوو. حیزبی کومۆنیستی سۆڤیەت کە خۆی بە دایکی ٨۴ حیزبی شیوعی دەزانی و پێش هەنگی جووڵانەوەکانی ئازادیخوازانە لە دنیایە بوو، بە بیرێکی هەلپەرستانە و بە فکری سەودای وەرگرتنی ئیمتیازی نەفتی باکووری ئێران خۆی گەیاندە ئازەربایجان.

حیزبی شیوعی لە لایەن باقرئۆف سەرکۆماری حکوومەتی ئازەربایجان (لە سۆڤیەت) دەگەڵ حیزبی توودەی ئێران بە ڕێبەری سەید جەعفەری پیشەوەری،

[1] - هەڵبەت ئەوە هەڵوێستی نوسەری کتێبەکە حەمید رەزا جەلایی پورە.

شه‌بوسته‌ری و جه‌هانبه‌گلوی ئه‌فشار، په‌یوه‌ندی ساز ده‌كا. پاش دامه‌زراندنی فیرقه‌ی دێموكراتی ئازه‌ربایجان، باقرئوف وه‌عده‌ی تێكه‌ڵاوی یه‌كێتی ئازه‌ربایجان (ئێران) و سۆڤیه‌تیان پێده‌دا.

پێشه‌وا قازی محه‌ممه‌د كه‌ ده‌ پێش‌دا ده‌گه‌ڵ چه‌ند كه‌سایه‌تیان بۆ باكۆ چووبوو، دژایه‌تی خۆی ده‌گه‌ڵ تێكه‌ڵ بوون به‌ حكوومه‌تی ئازه‌ربایجان ده‌ربڕی، هه‌ربۆیه‌ش له‌ نێوه‌ڕاستی كۆڕه‌كه‌ی‌دا به‌ نیشانه‌ی دژایه‌تی و به‌ بیانووی خوێندنی نوێژ، ده‌چێته‌ ده‌رێ.

نوێژ كردنی پێشه‌وا، ده‌بێته‌ مایه‌ی سه‌رسووڕمانی ئه‌ندامانی فیرقه‌ی دیموكراتی ئازه‌ربایجان و عرووسه‌كان. به‌ڵام دوایی گه‌ڕانه‌وه‌ بۆ كۆڕه‌كه‌، هه‌ڵوێست و ئیستراتژی خه‌ڵكی كوردستان به‌و جۆره‌ ڕاده‌گه‌یه‌نێ.

١- بیری یه‌كێتی ئازه‌ربایجانی ئێران ده‌گه‌ڵ سۆڤیه‌ت هه‌ڵه‌یه‌.

٢- كێشه‌ی كوردستان له‌ كێشه‌ی ئازه‌ربایجان جیایه‌.

پێش وتار [illegible]كراتی كوردستان له‌ حیزبی كۆمۆنیستی سۆڤیه‌ت و حیزبی [illegible]اوازه‌ و سه‌ربه‌خۆیه‌.

٤- نه‌ته‌وه‌ی كورد گه‌لێكی موسوڵمانه‌ و ناچێته‌ ژێر ئالای چه‌پ و ڕاستی كه‌س.

ئه‌و بیروڕایه‌ ده‌بێته‌ مایه‌ی سه‌رسووڕمانی دانیشتوانی كۆڕه‌كه‌. هه‌ر بۆیه‌ كه‌ ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ مهاباد، كابینه‌ی ده‌وڵه‌تی خودموختاری به‌ به‌شداری چارده‌ وه‌زیر ڕاده‌گه‌یه‌نێ. ئه‌و بۆ نیشاندانی خێرخوازی خۆی دوو جار ده‌چێته‌ تاران و وێڕای دانیشتن ده‌گه‌ڵ قه‌واموسه‌ڵته‌نه‌ سه‌رۆك‌وه‌زیری ئێران ئاخافتن ده‌كا. قه‌وام پێی ده‌ڵێ؛ حیزبی دێموكراتی كوردستان ده‌بێ ببێته‌ شاخه‌یه‌ك له‌ حیزبی دێموكراتی ئێران و قازی محه‌ممه‌دیش پاریزگاكانی سه‌رتاسه‌ری ڕۆژئاوای ئێران، ئیداره‌ بكا.

پێشەوای نەمر لە هەمووکەس باشتر دەستیسیاسەتمەدارانی ئێرانی خوێند بۆوە و دەیزانی ئەوەی دەیلێن درۆیە. بەڵام بۆنیشاندانی نیەتی خێرخوازی خۆی، پێشنیارەکانی قەوامی قەبووڵ کرد.

بەڕاستی قەوام کایەیەکی سیاسی دوڕویانەی کرد، چونکە هەر بە وەدەست هێنانی دەسەڵات لە کوردستان، داخستنی ناوەندە فەرهەنگییەکان وەک چاپخانە و ڕۆژنامەی دا و سووتاندنی کتێبی کوردی فەوری دەست پێکرد.

"دوایی ڕۆیشتنی عرووسان لە ئێران، کازمئۆف[1] نوێنەری سۆڤیەت لە ئێران کە وەک نوێنەری بازرگانی لە مهاباد بوو، دەیەویست قازی محەمەد ڕازی بکا کە دەگەڵ وی ئێرانێ تەرک کا و بچێتە سۆویەت"

پێشەوا بە کازمئۆفی کوت: "ئەمن دەوڵەتی سۆویەتم جارێک لە ددانی داوە، بە چ بڕوایەک پەناهەندەی وان بم؟ هەر لێرە دەمێنمەوە و خۆم فیدای نەتەوەکەم دەکەم".

هەر وەها لە وتوویژێک دەگەڵ هەواڵنێری هەواڵدەری"فرانس پرس" لە ژوئن

فەرمی بناسێ و خودموختاری کوردستان و نووسین و خوێندنەوەی بە زمانی خۆمان قەبووڵ بکا. کوردانیش ڕازی دەبن. ئەو لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا کوتی: "کێشەی کوردستان دەگەڵ ئازەربایجانی تۆفیری هەیە، وڵاتی مە، قەت تا ئێستا لە لایەن سۆڤیەتەوە داگیر نەکراوە. لە زەمانی ڕووخانی ڕەزاشای بە دواوە، هیچ هێزێک نەهاتۆتە کوردستان. ئێمە بۆخۆمان باری هێمنی وڵاتمان پاراستووە. ئێمە هیچ بێگانەیەک بە فەرمی ناناسین. کێشەی کورد، کێشەیەکی ناوخۆیە. دەبێ دەگەڵ حکوومەتی ناوەندی جێبەجێ بکرێ."[٣٢]

١- هێندێک کەس دەڵێن ناوی "ئەسەدوف" بووە.

دوایی ئەوەی کە ئەرتەشی شای واریدی شاری مهاباد بوون، ڕۆژی دەی بەفرانبارێ ١٣٢٥هــ/١٩٤٦ز سوارەکانی عەشایر لە ژێر چاوەدێری برایمی عەلیار و مام عەزیزی ئەمیرعەشایر لە بەرامبەر قازی محەممەد و سەرلەشکر هومایونی ڕێژەیان دا. دوایە سەرلەشکر هومایونی بۆ خواردنی نەهار چووە ماڵە قازی محەممەد و میوانی وی بوو. بۆ سبحەینی فەرمانیدانانی ئەسلەحەی لە لایەن عەشایرەوە دەرکرد. سەیر ئەوەیە لەو ڕۆژەی ڕا کە سەرلەشکر هومایونی بۆ مەهاباد هاتبوو، خاترجەم نەبوو کە مەلامستەفا و هێزەکانی لە شاری دەرکەوتوون، لەبەروەی هەر میوانی ماڵی قازی محەممەد بوو. کاتێک کە لە ڕۆیشتنی مەلا مستەفا ئەرخەیان بوو، ڕەفتارێکی دیکەی دەست پێکرد. لەو سەردەمی‌دا، سەدری قازی کە نێوانی دەگەڵ قەوامی سەرۆک‌وەزیر خۆش بوو، لە تارانێ سەرقاڵی وەی بوو کە ئەو لێک حاڵی نەبوونە لە بەین بچێ و لە توندوتیژی دەوڵەت سەبارەت بە خەڵکی کەم بکاتەوە. بەڵام ئەویش ڕۆژی ١٥ بەفرانبار(١٣٢٥هــ/١٩٤٦ز) لە تاران قۆڵبەست کرا و هێنایانەوە مهاباد و پێش وتار [illegible]ازی محەممەد و محەممەدحوسێنی سەیفی‌قازی و وەزیرەکانی [illegible] کران و ڕادەستی دادگایە کران.

دارودەستەی دادگا، هیچ سەرەودەرێکیان لە کێشەی سیاسی ناوچەکانی ئێران نەبوو، هەر بۆیە قسێکی بێ بنەمایان ساز کرد. ئەوان قازی محەممەد و یارانی بە تاوانی دانی ئیمتیازی نەفتی کوردستان بە سۆوڤیەت مەحکووم دەکەن.

قازی محەممەد بە ئەوپەڕی قەڵسییەوە، تشۆکە بە جەوی قورسی دادگا دەکاو پێیان دەڵێ: "ڕەنگە ئەنگۆ ئەو ئاوەی بە چۆمی مهاباددا دێ و لە نێو شاری تێدەپەڕێ، بە نەفت بزانن!! بە ڕاستی ئەو تاوانانەی ئەنگۆ باسی دەکەن، هیچ پایە و بنەڕەتێکی نییە. [٣٣]

کارنامە قازی محەممەد لە ماوەی یازدە مانگ حکوومەتی کوردستان بەر چاو و درەوشاوە بوو. سەرنجی تایبەتی وی، بە دامەزرانی ناوەندەکانی زانستی و فێرکاری و هونەری، ببوو بە هۆی پەرەگرتوویی خوێندن و زانست، لە نێو گەنجان و ژنان و پیاوان و تەنانەت پیران و بەسالاچووان.
لەودەورەیدا مەدرەسەکان بە زمانی کوردی داندران. کتێبی دەرسی چاپ کران و جلوبەرگی یۆنیفۆرم بە خۆڕایی بە خوێندکاران درا. بۆکەمایەسییە کەلیمییەکانی مەهابادیش مەدەرسێک بە زبانەکانی، فارسی، عیبری و کوردی دامەزرا. شانۆی دایکی نیشتمان لە شاری مهاباد و چەند شاری دیکە بەڕێوەچو، خەلک بە هونەری تەیاتور ئاشنا بوون. یەکەمین چاپخانەی کوردی دامەزرا و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی دیاری کۆمەلەی نیشتمان ١٩٤٣، کوردستان (سیاسی و ئەدەبی) گڕوگالی مندالان ١٩٤٦، ئاوات و هاواری نیشتمان (سیاسی) لە لایەن نووسەران و شاعیرانی وەک مامۆستایان هەژار، هێمن، خالەمین، زەبیحی و سەید محەممەدی حەمیدی، چاپ و بلاو کرانەوە.
کۆمەلگاناسی و ڕوانینی ئاگایانەی قازی محەممەد لەوە پاش کەوتوویی کۆمەلگای کورد، نیشانە ئەوپەڕی زانایی و وشیاری وی، دەوپەیوەندییدایە. ئەو بە پەرۆشەوە لە نائاگایی خەلکی دەلێ: ئەگەر لە خەلکیم بوێ، یەک هەزار کەس هێزی چەکدارم دەوێ، فەورەن ئامادە دەبن. بەلام ئەگەر بلێم دەمەوێ چەند کەس لە مندالانی وان بۆ خوێندن، بۆ دەرەوەی ولات بنێرم، کەم کەس حازر دەبێ هاوکاری بکا. ئەوە مایەی غەم و پەژارەی زۆرە. جارێکێش لە نێو کۆڕێکیدا کوتبووی:"هەتا ئەوێ ڕۆژێ شوانێکی کورد، لە سەر پشتی گامێشی نەتوانێ ڕۆژنامەی بخوێنێتەوە، گەلی کورد ناتوانی مافی لە دەستچووی خۆی وەربگرێ". ئەو هەموو ڕێگاکانی چارەسەری کوردستانی بە پەرەگرتنی خۆیندن

و زانست و دانیشتن و گفتگۆ کردن چاو لێ دەکرد و لە هەر جۆرە توندوتیژییەک خۆی دەپاراست.

بۆ خاتری وەی کە، بڕێک لە جەوی سیاسی ئەو ڕۆژی حکوومەتی کوردستان ئاگادار بین، وا باشە چاوێک لە سەر وتاری یەکەمین ژمارەی گۆڤاری کوردستان ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ.ک بخشێنین.

تەنیا ڕێگایەکی کوردی بەرەو ئازادی دەبا، شارستانیەتە، لەو ڕێگایەی دەتوانێ بە ئازادی و سەربەخۆیی بگا. کۆمەڵەی ژ.ک بۆ ڕوون کردنەوەی بیری گەلی کورد و دیتنەوەی ڕێگا چارەیەک، بۆ قەرەبووی وەپاش کەوتوویی لە هیچ فیداکارییەک درێغ ناکا. ئەوەی کە دەستەی نووسەرانی ئەو گۆڤارە لە بەر چاویانە، ناساندنی کێشەکان و نارێکایەتی ژیانی کورد و ڕاگەیاندنی چارەسەری بەو نەتەوەی بۆ ڕزگاریانە.[٣۴]

بەو پێیە زبان و ئەدەبیاتی نووسراوەی کوردی لە ساڵی (١٩۴٥ز) بە دواوە لە بازنەی کەسان و چێنەکانی تایبەت هاتە دەرچوبۆ نێو ماڵەکانی خەڵکی. ڕادیۆ کوردی مەهابادیش لەو زەمانی کاری خۆی دەست پێکرد.

ئارچی باڵد ڕوزوێڵت نوێنەری نیزامی ئامریکا لە ئێران لە بیرەوەرییەکانی خویدا، وێڕای ئاماژە بە هەنگاوەکانی فەرهەنگی قازی محەممەد، کاتی دیداری باڵویزی ئامریکا لەگەڵ شای ئێران ئاوا دەنووسێ:

[illegible] ەو دیدارەیدا هیوداری کرد کە کێشەکانی ئێلات بەتایبەت
پێش وتار
[illegible] جێبەجێ ببێ. دوایە کوتی: هەر چەند قازی محەممەد دەگەڵ سۆوڤیەت هاوکاری کردووە، وەلی حەولێکی بەرفراوانی بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگ و فێرکاری دەرسی و سەرکەوتنی کاری کۆمەڵایەتی خەڵکی خۆی کردووە."[٣٥]

نوکتەیەکی گرینگ:

جۆراوجۆری نەتەوەکان، قەومەکان، ئایینەکان لە وڵاتی مە ئێران ڕاستێکی دانەپۆشراوە. تەرفندەکانی وەک ڕەوشی هاوسان کردن و گۆرانی شوناس لە زەمانی حاکمیەتی مێدیاکان ـ کایەی منداڵانە زیادتر نیٚ.
ئەگەر لە ڕابردوی زۆر کۆندا، گەلانێک بوون، کە بـە کاریگـەری لەشکرکێشـی و کۆمەڵکوژی لە بەین چوون و نێویکیان لیٚ نەماوەتـەوە، دە دنیـای ئەوڕۆکـەدا جنایاتی وا ناکریٚ و بە غـەیری ئابـڕوو چـوون و دادگـایی کـردنی ڕێـبەران و دەسەڵاتدارانی زاڵم، ئاکامێکی نییە.
دەبیٚ قەبووڵ بکەین کە بیٚ بەش ڕاگرتنی قەومەکان و نەتـەوەکان، گـوٚی ڕانـەگرتن بـە داخوازییەکانی ڕامیاری، ئابووری و فەرهەنگی‌وان هەروەها تەرخان کردنی کار و پیشـە بە یەک دوو قەوم و نەتەوەی تایبەت، دەبێتە هۆی بەدی هـاتنی پێـکهاتەی نابەرابـەری کۆمەڵایەتی و دەستی ئاخر قەیرانی بەربڵاوی نەتەوەیی و قەومی لیٚ دەکەوێتەوە.
سەرنج دان بە زبانەکانی ناوچەیی و پێشگیری لە فێرکاری و پەروەردەیان، تەنانەت لـە زەمانی مەدا، بەو جۆرەی کە لە یاسای بنەڕەتی بـە ڕوونی باسـی لێـکراوە، هـەروەها بڵاوکردنەوەی، نابەرابەری سەروەت و سامان، خۆبەزل‌زانی قەومێک، نەریتێکی نەحسی زەمانی سەفەوییەیە کە تا ئەوڕۆ بۆتە هۆی کێشە و شۆڕش لە ناوچەکانی جۆراوجۆری ئێران چ مەنتقێک ئەوە قەبووڵ دەکا لە لایەک کوردان بە نەجیب‌ترین نژادی ئێـرانی نـاو دەبەن، لە لایەکێش ئەوان نە تەنیا هیچ بەشێکیان لە ئیدارە کردنی وڵاتدا نییە، تەنانەت لە شار و ئاوەدانیٚ خۆشیاندا بـە شـارڕمەندی دەرجـە دوو و سـیٚ چـاویان لێـدەکەن!
نابەرابەری ئابووری، لە ناوچەکانی ئێران و سێڵاوی بێکاری خوێـندەوارانی کـورد، ڕۆژ لە ڕۆژیٚ پەرەگرتووتر دەبیٚ. ئەو لاوانـە ئەگەرچـی لـە زۆربـەی زانسـتگاکاندا، زۆر و بەرچاون، وەلی لە چوونە سەرکار لە شار و ناوچەکانی خۆیان بیٚ بەشن و لە جێی وان کەسانی غەریبە کە زۆربەیان نائاگا و لیٚ نەزانن، کەڵکیان لـیٚ وەردەگـیریٚ. هـەر ئـەو

کارانە دەبنە هۆی قەیرانی دیکە، قەیرانێکی ئەگەر زوو چارەسەر نەکرێ، لـە داهـاتوودا دەبێتە مایەی خەسارێکی زۆر گەورە و گران بۆ وڵات.

دەبێ هەستیارێکانی قەومی و نەتەوەیی، ڕادەی بێ بەشێ کان بناسن و بە سەرنج دان لە هەموو پارامیترەکان، کۆمەڵگا بەرەو ئازادی ـ دێموکراسی و دادگەری ڕێنموون بکـەن تـا سەرزەوی پان و بەرینی ئێران بە گوڵستانێکی بە بۆن و بـەرامی خـۆش و ڕنگـاوڕەنگ بڕازێتەوە.

***

وە لێرەدا سەبارەت بە چاپی ئەو بیرەوەرییانە چەند نوکتەیەک دەگێڕمەوە:

لە هاوینی ساڵی ١٣٨٢هـ/٢٠٠٣ز. لە نەخۆشی کاک سـەعیدخانی هومـایون ئاگـادار بووم. ڕۆژێکی چووم سەرم دا، پاش و وتوویژێکی زۆر، سەبارەت بە خزمایەتی و ڕۆڵـی ئیجابی وی لە حکوومەتی کۆماری کوردستان، پێشنیاری چاپی بیرەوەرییـەکانیم کـرد. سەعیدخان بە نەجابەتێکی کەتایبەت بە کەسایەتی وی بوو، قەبووڵی کرد و دەفتەرچەی بیرەوەرییەکانی ڕادەستی من کرد. لە پێش چاوی میوانەکان و کوڕەکانی کە لەوێ بوون، کوتی:"هەر چۆنێکی پێت خۆشە کاری لە سەر بکە".

ویرایش و تەدوین و پێداچوونەوە و نووسینی پێشەکی لە لایەن من چەند مانگی کێشـا و هەر هەفتەش ڕادەی وەپێشکەوتی کارەکەیم پێدەگوت. ئاکامی ئەو کارەی ئەوەیە کە دەی بینین.

هەر وەک دە پیشەکییەکەی‌دا باسم کردووە، گەلی کورد درەنگ‌تر لە زۆربەی گەلانی تـر، سەرقاڵی نووسینەوەی فەرهـەنگ و ئـەدەبیات و فۆلکلـۆری خـۆی بـووە. دە پێـش‌دا سپاسگوزاری ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەین کە ڕێگایان پـێ نیشـان دایـن و ئێـمەیان دەگـەڵ فەرهـەنگ و هونـەر و زانسـتی پێشـکەوتـووی زەمـان ئاشـنا کـرد. لـە زەمینـەی مێژوونووسینیش‌دا هەر وا بوو. مێژوونووسانی قەدیم، غولامی حەڵقە بە گوێی پادشایان و فەرمانڕەوایانی ملهوڕ بوون. هەر بۆیەش کەم‌تر ئەو ئاسەوارانە جێی متمانەن. چونکێ

چۆنی پادشا پێی خۆش بوو،کابرای بە کرێگیراو نووسیویێتی. بە داخ و کەسەرێکی زۆر، گەلی کوردیش کە هەر چوار لای لێ گیرابوو، نەیدەوێرا پەل ببزێوێ. ئەوەی کە کردووشێتی، بە نهێنی و بە حاشاردان بووە. ئەمن لە سەر ئەو بڕوایەم: ئەدەبیاتی کوردی، دە نێو قەڵشتی دیواری مدبەقان و ژێرزەوی و و ئەنبارانـدا ژیاوە، یان لە سینگی پیرەمێرد و پیرەژنانـدا تۆمار کراوە. تەنانەت لە سەدەی بیستەمیشـدا بارها و بارها هەر لەو ساڵانەی دواییـدا، کتێب و وتار و مێژوو هەڵبەستی سیاسی شاعیران و نووسەران، سەری لە تەندووری ماڵان دەرهێناوە و لە ترسان سووتاندراوە.

کتێبی پێشەوای ڕابوون باسی بەشێک لە مێژووی کوردستان لە ساڵەکانی ١٣٢٠-١٣٢٦هـ/ ١٩٤١-١٩٤٧ز، یانێ لە پەنجا و هەشتەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆرمای کوردستان و (حکومەتی خودموختاری) ئەو سەردەمی دەکات.

لە نێو هێندێک لە لاپەڕەکانـدا بیرەوەرییەکانی میرزا مەنافی کەریمی وەزیری فەرهەنگی ئەوکاتیم هێناوە و لە ژێرنووس نووسیومەتەوە. کاتێک کە کاری تەدوینی بیرەوەرییەکانی سەعیدخانیم تەواو کرد، سەعیدخان چل لاپەڕەی لە بیرەوەرییەکانی میرزا مەنافی دامێ و لە منی ویست، کە وتارەکانی ویش لە بەشێکی جیاواز چاپ کەم. دەگەڵ میرزا مەنافی بە تەلەیفون قسەم کرد. ئەویش پێشوازی کرد. بەڵام کوتم: کارەکەت کەمایەسی هەیە. ئەو کوتی: هەر پرسیارێکت هەیە بۆم بنێرە، وەڵامت دەدەمەوە. ئەمن نیزیک بە سی پرسیارم ئامادە کردبو، دەمەویست بۆی بنێرم، حەیف و سەت مخابن، هەواڵی مەرگیم پێگەیشت و ئەو گەنجینە بایخدارەمان لە دەست چوو. ئیدی چارەیەکم نەبوو، بە غەیری وەی کە وتارەکانی لە پانووسی لاپەڕەکان کە دەگەڵ چەمکی کتێبەکە جور بێتەوە، بیهێنمەوە. ئەو نووسراوانە، هەر چەند کەموکووڕییان هەبێ، بێ هیچ شکێک، کەڵکدار و پڕبایخن. ئەوانە یادداشت و بەڵگەنامەی نەتەوەیی گەلی کوردن. ئەرکی سەرشانمانە کە هەرچی بەڵگە و سەند، عەکس، دەنگ و فیلمی ئێستا و ڕابردوومانە، کۆی کەینەوە وە بەر دەستی خەڵک و کتێبخانە و ناوەندەکانی

کەلەپووری شار و ئاوەدانییەکانی بخەین و بە پاراستن و ڕاگرتنی وانە، تۆزی نیشتوو لە سەر شوناس و هۆوییەتی گەلەکەمان بسترینەوە و مێژوو فەرهەنگ و دابونەریت و بەسەرهاتی هاووڵاتییان بپارێزین و هۆویەتی ڕاستینی خۆمان بە جیهانیان نیشان بدەین.

لە هێندێک جێ، سەعیدخان لە قازی محەممەد بە نێوی پێشەوا یاد دەکا. هۆی ئەو یادەی ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان، لە بەر خاتری خۆشەوێستییەکی بێ خەوش و پاکی کە دەگەڵ وییان هەبوو، نازناوی پێشەوایان پێ بەخشیبوو.

بێ شک ئەو نازناوە دەگەڵ ئەو مەفهوومەی کە دە ئەدەبیاتی هێندێک سیاسییان و نەتەوەپەرستانی توندڕەو دایە جیاوازی هەیە. لە ڕوانگەی ئەو خەڵکەی، پێشەوا بە مانای مامۆستا و پێشڕەو و ڕێبەری ڕابون لە ئەوپەڕی ڕێزەوە هاتووە. سەردێری کتێبەکەش هەر لەو مانایەی وەرگیراوە.

هەتا توانیومە مێژووی ڕووداوەکانم بە ساڵی هەتاوی و زایینی لە کەن یەک هێناوەتەوە، کە بۆ خوێنەر و لێکۆڵەر وەهمێک نەمێنێتەوە.

لە کۆتایی دا لە مامۆستایان دوکتور عەزیز ژیان، محەمەدساڵحی نیکبەخت، بەتایبەت کاک بارامی وەلەدبەگی کە لە تەواوی کاری تەدوین و ویرایش و پێداچوونەوەدا هەمیشە یار و یاوەرم بوون، سپاسگوزارم.

هاشم سەلیمی

تاران – ڕێبەندانی ١٣٨٢ی هەتاوی

سەرچاوەکان:

١. مک داول ـ دیوید، تاریخ معاصر کرد، ترجمه ابراهیم یونسي، انتشارات پانیذ، ١٣٨٣، ص ٤١٠.
٢. مقصودي ـ مجتبي، تحولات قومي در ایران، موسسه ي مطالعات ملي، تهران، ١٣٨٠، ص ٤٣٣.
٣. مقصودي ـ مجتبي، فصلنامه ي مرکز مطالعات ملي، شماره ١، پاییز، تهران، ١٣٧٨، ص٤٨.
٤. نیکیتین ـ واسیلي، کرد و کردستان، ترجمه محمد قاضي، انتشارات نیلوفر، ١٣٦٦، تهران ، ص٥٣٧.
٥. اسکارمان ـ تحفه مظفریه، **ترجمه هێمن،** انتشارات سیدیان، مهاباد، ١٣٦٤، ص٧.
٦. نیکیتین ـ واسیلي، کرد و کردستان، ترجمه محمد قاضي، انتشارات نیلوفر، ١٣٦٦، تهران ، ص٥٣٧.
٧. سەجادی ـ عەلائەدین، مێژووی ئەدەبی کورد، چاپخانە معارف، بەغداد، ١٩٥٢، ل ١٣.
٨. بدلیسي ـ امیرشرفخان، شرفنامه چاپ الازهرا، قاهره، ص ٩.
٩. خاني ـ احمد، مم و زین، انتشارات صلاح‌الدین ایوبي، ارومیه، ١٣٧٦، ص ٣٤.
١٠. مک داول ـ دیوید، تاریخ معاصر کرد، ترجمه ابراهیم یونسي، انتشارات پانیذ، ١٣٨٣، ص٤.
١١. کویي ـ حاج قادر، دیوان حاج قادر کویي، ١٩٨٦م، بغداد ص ٣٦.
١٢. همان، ص ٢٦٣.
١٣. همان، ص ١٩٩.
١٤. جزیری ـ ئەحمەد، دیوانی مەلای جزیری بە شەرحی هەژار، انتشارات سروش، تهران / ١٣٦١ل ١٥
١٥. شێخول ئیسلامی، محەممە ئەمین(هێمن)، هەواری خاڵی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣ز ـ ل٣٦
١٦. سیف القضات ـ حسن، دیوان سیف القضات، احمد قاضي، چاپخانه سبز، تهران، ١٣٦١، ص ٣٥.

١٧. حسني – شهربانو، بررسي مطبوعات كردي (پايان نامه) تهران، ١٣٧٢، ص ١١١
١٨. مقصودي – مجتبي، تحولات قومي در ايران، موسسه ي مطالعات ملي، تهران، ١٣٨٠، ص ٤٣٣.
١٩. عمويي – محمدعةلي، دردزمانه، نشر اشاره، تهران، ١٣٨٠، ص ١٣

٢٠. شێخول ئیسلامی ـ محەممەدئەمین، (هێمن) **هەواری خاڵی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣م، ل ١٠١.**

٢١. عمويي – محمدعةلي، دردزمانه، ص ١٤.
٢٢. ژيان – عزيز، امپرياليزم و مسئله كرد، تهران، ١٣٥٨، ص٢٧.
٢٣. حسنزاده – اسماعيل، فصلنامه ي مطالعات ملي، شماره ، تهران، ١٣٨١، ص ٨٦.
٢٤. كوريس كوچرا، جنبش ملي كرد، ترجمه ابراهيم يونسي (تهران موسسة انتشارات نگاه ١٣٧٣)صص١٩٣-١٩٦.
٢٥. مک داول – ديويد، تاريخ معاصر كرد، ترجمه ابراهيم يونسي، انتشارات پانيذ، ١٣٨٣، ص ٤٠٥.
٢٦. خوشحالي – بهزاد، قاضي محمد و جمهوري در آينه ي اسناد، كتابفروشي ميديا، همدان، ١٣٨٠، ص ١٤.
٢٧- نوشيروان مصطفي امين، حكومت كردستان، ترجمه اسماعيل بختياري، بنكەي ژين، سليماني، ٢٠٠٥، ل ٨٧
[illegible] – حميدرضا، كردستان، علل تداوم بحران آن [illegible]لاب اسلامي، انتشارات وزارت امورخارجه، [illegible] ص ٥٥.
پێش وتار
٢٩. مقصودي – مجتبي، تحولات قومي در ايران، ص ٢٧٤.
٣٠. همان، ص ٢٧٤.
٣١. جلاييپور حميدرضا، قاضي محمد، انتشارات اميركبير، تهران، ١٣٦٩، ص ٣٨.
٣٢. محمد امين – احمد، بدرالدين صالح، محاكمات و دفاعيات قاضي محمد، ترجمه احمد محمدي، تهران، ١٣٨٢، ص ١٩١.
٣٣. خوشحالي – بهزاد، قاضي محمد و جمهوري در آينه ي اسناد، ص ٢٥٧.

٣٤. **ڕۆژنامەی نیشتمان، ژمارە ١، ل١، ١٩٤٣**.

٣٥. روزولت – آرچیبالد، شوق آموختن، انتشارات اطلاعات، تهران، ١٣٧١، ص ٣٤٢.

ژیاننامەی نووسەر

ساڵی ١٣٠٢ی هەتاوی لە ئاوایی یەکشەوەی سەر بە ناوچەی فەیزوڵڵابەگیی بۆکان لە بنەماڵەیەکی وردەمالیک لەدایک بووم. باوکم عەبدولڕەحمان بەگی هومایوون، کوڕی مۆئمین بەگی شێرزادە و، نەوەی شێرمحەمەدبەگی کوڕی فەیزوڵڵابەگ، بنیاتنەر و سەرۆک عەشیرەتی فەیزوڵڵابەگە و لە تۆرەمەی بداغ سوڵتان، حاکمی موکریانە. دایکم خەدیجەی هومایوون، کچی قازی عەلی، قازیی شاری مەهابادە.

لەو سەردەمەدا هەردووک بنەماڵەی قازی و فەیزوڵڵابەگی، لە بەناوبانگترین و دەستڕۆیشتووترین بنەماڵەکانی موکریان بوون.

هەر لە منداڵیمەوە هەتا ساڵی ١٣٠٩ی هەتاوی لە ئاوایی یەکشەوە، ملکی باب و مامەکانم لەگەڵ منداڵانی هاوتەمەنی خۆم ژیاوم. ئەو ساڵانە، ڕۆژێ هەتا شەوگارشەق دەبوو، خەریکی هەڵبەزودابەز و قەرەقەرێن و گورزێن و تۆپێن دەبووین، کە ئەوکات باو بوون.

ئەو دەم بە هۆی منداڵی و کەمتەمەنیمەوە ئاگاداری ئاڵۆزی و چەرمەسەریی ڕۆژگار نەبووم. ساڵی ١٣٠٩ـیە. کە حەوت ساڵانە بووم باوکم دەیویست لە شاری بۆکان بچمە قوتابخانە بەڵام لەسەر پێشنیاری قازی محەممەدی خاڵم هاتمە مەهاباد و لە قوتابخانەی پەهلەوی خۆم ناونووس کرد و دەستم کرد بە خوێندن. لە بەر ئەوەی لەگەڵ کەش و هەوا (جەو)ی شار و قوتابخانەکانی ئاشنا نەبووم حەزم لە خوێندن نەبوو؛ چونکە لە نێو قوتابییەکاندا هەستم بە نامۆیی دەکرد، هەر ڕامدەکرد و دەچوومەوە ماڵێ. بە ئەمری خاڵی خوالێخۆشبووم، هەموو ڕۆژێ بەیانی یەکێک لە خزمەتکارەکان بەناوی نەسروڵڵا، دەیگەیاندمە قوتابخانە.

پاش ماوەیەک خووم بە هاوپۆلەکانم گرت و ملم لەبەر خوێندن ناو بووم بەیەکێک لە باشترین قوتابییەکان و پلەی یەکەمم بەدەست هێناوە.

ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی پۆلی یەکەمی ناوەندیم تەواو کردو بۆ تێپەڕکردنی پشوی هاوینی گەرامەوە ئاوایی یەکشەوە بۆلای دایک و باوکم. هەر ئەو ساڵە لە مانگی خەرماناندا، هێزی هاوپەیمانان (سۆڤیەت، ئینگلیز و ئەمریکا) هێرشیان کردەسەر ئێران و بارودۆخی ئێران بە تایبەتی خەڵکی کوردستان تەواو گۆڕا. خەڵک لەگەڵ هاتنی هێزە بیانییەکان و هەڵوەشانەوەی حکوومەتی پادشایەتی، پێییان نایە دنیایەکی دیکەوە و وەک باڵندەیەک کە لە قەفەز ڕزگاری بووبێ لە شەققەی باڵیاندا.

هەتا کۆتایی ساڵی ١٣٢٢ه. لە باوەشی بنەماڵەکەمدا مامەوە و بە پێی داب و نەریتی ئەو دەم لەگەڵ ئامۆزاکانم خەریکی سواری و تفەنگ هاویشتن بووم بەڕۆژ زۆرتر دەچوومە ڕاوە کەروێشک و بەشەویش دەچوومە ڕاوەکەو.

پاییزی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی ژمارەیەک لە پیاو ماقووڵان و سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچەکە، بەسەرپەرشتیی قازی محەممەد چوونە سەفەری باکۆ.

هاباد لە ماڵی خاڵم بوو لە بەر بانگهێشتی دەوڵەتی سۆڤیەت حەوتوویەک میوانی وان بوون و لەو ماوەیەدا چووبوونە سەیری سەیرانگاکانی باکۆ و پادگانی نیزامی و ناوەندە دەوڵەتییەکان و زۆر بەگەرمی میواندارییان لێ کردبوون. میر جەعفەر باقرۆف سەرکۆماری ئازەربایجانیش چاوی بە میوانەکان کەوتبوو و خۆشحاڵیی خۆی بە هاتنیان دەربڕیبوو. لە گەڕانەوەشدا هێندێ دیارییان وەک ڕادیۆ پێ دابوون. ڕادیۆکان دروستکراوی سۆڤیەت بوون و بە باتریی تەڕ کاریان دەکرد و پاش تەواو بوونی، باترییەکان دەبوو پڕ بکرێنەوە... باوکم کە هاتەوە یەکێکیشەوە یەکێک لەو رادیۆیانەی لەگەڵ خۆی هێنابۆوە.

چونکە تا ئەوکات کەس رادیۆی نەدیتبوو، زۆری سەرنجی خەڵکی ئاوایی و میوانەکانی ڕادەکێشا.

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی، حەمە ڕەشید خانی قادر خانزادە کە یەکێک بوو لە سەرۆک عەشرەتەکانی بانە، شاری بانەی گرت و بەرپرسان و کاربەدەستانی دەوڵەتی شای لەو شارە وەدەرنا و بەڕێوەبردنی ناوچەی بانە و دواتر سەقزیشی بەدەستەوە گرت. ئەوکارە لەلایەن عەشیرەتەکانی فەیزوڵڵا بەگی و سەرشێوو خوڕخوڕەوە پێشوازیی لێکرا و هاوکاری یەکتریان دەکرد. ئەحمەدخانی فاروقی لە عەشیرەتی فەیزوڵڵابەگی کە بە نەترسی و بوێری ناوبانگی دەرکردبوو لە ناوچەی سەقزدا بووبە جێگری حەمەڕەشیدخان. زۆربەی ئەندامانی هۆزەکەشی بە پەیرەوی لەو، لەو ناوچەیەدا هاوکارییان لەگەڵ دەکرد. لەسەرەتای ساڵی ١٣٢٢هـ.دا سوپای شا بۆ بەرنگاریی حەمەڕەشیدخان لە سنەوە بەرەو سەقز وەڕێ کەوت و بەیارمەتیی هۆزی گەڵباخی، پاش چەند تێکەڵچوونێکی خوێناوی، چووە نێو سەقزەوە. حەمەڕشید خان بەرەو بانە پاشەکشەی کرد و عەشیرەتەکانی فەیزوڵڵابەگییش گەڕانەوە نێو دێهاتەکانیان.

چونکە سوپا بە شوێنیانەوەبوو ئەحمەد خانی فاروقی و براکانی و حەسەن خانی فەیزوڵڵابەگی کانی نیاز و چوار برای و چەندین بنەماڵەی دیکەی فەیزوڵڵابەگییەکان و بەگەکانی دەوروبەری سەقز، بەمەبەستی خۆپاراستن لە هێرشی سوپا و گیرانیان، وێڕای ئەندامانی بنەماڵە هاتنە ئاوایی یەکشەوە بۆ ناو موڵکی ئامۆزاکانیان و لەلایەن باوکم و مامەکانمەوە، بەگەرمی پێشوازیان لێکرا. یەکشەوە کەوتبووە ناوچەی بۆکان و لەدەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی ئینگلیزییەکان بوو؛ بۆیەش سوپای شا بۆی نەبوو بێتە ناوچەی بۆکان. ئەوانەی پەنایان هێنابووە یەکشەوە و ئەو خزم و کەسانەی سەردانیان دەکردن، ئەوەندە زۆر بوون کە دەتوانم بڵێم ژمارەی ئاوایی دوو هێندەببوو. ئەم پەنابەرانە بەڕۆژ خەریکی ڕاوو نیشانە گرتن بوون و خۆشیان ڕادەبوارد. منو ئامۆزاکانم و کوڕە میوانە هاوتەمەنەکانمان هەتا شەوگار شەق دەبوو، خەریکی یاری و گاڵتە بووین. شەوانەش لە میوانخانە و سەربان دادەنیشتین. من هەڵکردنی ڕادیۆم لە ئەستۆ بوو. ئەوانەی لەوێ بوون بە بیستنی هەواڵەکان لە ڕادێو فارسییەکانی ئەوکات ئاگاداری ڕووداوە سیاسییەکان دەبوون. پاش ساڵ و نیوێک خزمەکانمان گەڕانەوە سەرماڵ و حاڵی خۆیان، لە ناوچەی سەقز و گەلێک بیرەوەریی خۆشیان بە یادگار بردەوە.

لەسەرەتای پۆلی یەکی دواناوەندیدا، هۆگری گۆڤاری کوردیی گەلاوێژ بووم کە لە عێراق چاپ دەکرا و بۆ خەڵکیان دەنارد. لەو ڕێگەیەوە وردەوردە فێری خوێندنەوەی کوردی بووم. و لەوسەردەمەدا خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی لە لایەن حکوومەتی پاشایەتییەوە قەدەغە کرابوو. بەڵام من بەهۆی نزیکایەتیم لە قازی محەممەد و لەژێر چاودێریی ئەودا هەستم بە کورد بوونم دەکرد و گۆڤاری گەلاوێژم دەخوێندەوە. ساڵی ١٣٢١ی ـ هەتاوی کۆمەڵەی ژ.ک لە مەهاباد پێکهات. منیش لە ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی بوومە ئەندامی کۆمەڵەی

فاداريم بۆ كوردستان خوارد و بە ناوی خوازراوی «ئاگری» ـدام. ئەوكات قازی محەممەد، بەسەر كاری خەڵكی مەهاباد ڕادەگەيشت و خەڵكی مەهاباد و ناوچە هەر چەشنە گير و گرفتێكيان هەبوايە، دەيان بردە مەحكەمەی قازی محەممەد و سەدری قازی برای. منيش دەگەڵ كاك ڕەحيم لەشكری و ڕەحيم جەوانمەردی قازی، لە نووسينگەی تايبەتيی قازی محەممەددا خەريكی كار و بەڕێوەبردنی ئەركەكانم بووم. لە زۆربەی سەفەرەكانی قازی محەممەدا بۆ تەورێز و ناوچەكانی باكووری كوردستان (ورمێ، سەلماس، خۆی و ماكۆ) و تاران لە خزمەتياندا بووم و كاروباری نووسين و بەڕێوەبردنی فەرمايشاتەكانم لە ئەستۆ گرتبوو.

پاش ڕاگەياندنی كۆماری كوردستان، جگەلەو چاوپێكەوتنانەی كە لە نێوان قازی محەممەد و بەرپرسانی تاقمی ديموكراتی ئازەربايجاندا دەكرا، بۆ بەڕێوەبردنی هێندێ كاروباری غەيرە سياسی و گەياندنی پەيامی قازی محەممەد بە بەڕێزان، سەيد جەعفەری پيشەوەری ڕێبەری فيرقەی ديموكرات و ميرزاعەلی شەبستەری سەرۆكی پەرلەمانی ميليی ئازەربايجان؛ من دەنێردرام، بۆ ئەوەی پێشنيار و پەيامەكانی قازی محەممەديان پێ ڕابگەيەنم و وەڵاميان لێوەرگرمەوە. چوونم بۆلای پێشەوەری زۆر ئاسان بوو، چونكە شتەكانم بە فارسی پێ ڕادەگەياند و ئەويش بە ڕووخۆشی و بە ڕێزەوە بە فارسی وەڵام دەدامەوە. بەڵام بۆ لای شەبستەری چونكە بەزمانی توركی قسەی دەكرد و منيش زمانی توركيم باش نەدەزانی، هەتا دەگەيشتمە نووسينگەكەی بەردەوام قسەكانم لە زەينمدا بە توركی دێنا و دەبردن و ساغم دەكردنەوە و كە دەگەيشتمێ، زۆر جاران لە بيرم دەچوونەوە و بە فارسی قسەم دەكرد و جەنابی شەبستەرييش هەڕوا بە توركی وەڵامی دەدامەوە، بۆيە چوون بۆلای ئەو بەلامەوە گران بوو.

ڕۆژی یەکەمی بەفرانباری ١٣٢٥ی هەتاوی، قازی محەممەد، حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی و حاجی بابەشێخی سەیادەت و ژمارەیەکی زۆر لە کاربەدەستانی کوردستان گیران و بەندکران. منیش وێڕای ترس و نیگەرانیم لە ڕژێمی شا، لە مەهاباد مامەوە و بەڕۆژ هاتووچۆی ماڵە خاڵەکانم دەکرد و ئەگەر کارێکیان پێم هەبوایە جێبە جێم دەکرد و زۆر جاریش دەچوومە ئەو شوێنەی خاڵەکانمی تێدا بەندکرابوون. لە مەودای پەنجا مەتردا خاڵەکانم دەدیت و ئەوان لە ڕێگەی ئەفسەری نیگابانەوە داخوازییەکانیان پێدەگەیاندم.

بەیانی ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی بەشین و ڕۆڕۆی دایکم لە خەو هەڵسام و بەوپەڕی داخ و کەسەرەوە، هەواڵی شەهید کردنی خاڵەکانم پێ گەیشت. وێڕای ئەوەی حکوومەت نیزامی بوو هاتوچۆ قەدەغە بوو دەگەڵ دایکم لە تاریک و ڕوونی بەیانیدا هەستام و بە کووچە و کۆڵاناندا چووینە ماڵی خاڵەکانم بۆ لای ماڵ و منداڵەکانیان.

پاش چەند ڕۆژان، منیش گیرام و لە شارەوانیی مەهاباددا دەستبەسەر کرام و دوومانگ لە زیندان دامامەوە. پاشان بە (کەفیل) بەربووم و لە ترسی ئازار و ئەشکەنجەی مەئموووران کە جاروبار و بێ هیچ بیانوویەک یەخەی خەڵکیان دەگرت، گەڕامەوەبۆ یەکشەوە.هێندەی پێنەچوو لەلایەن دادگای پێداچوونەوە (تجدید نظر) بانگ کرامەوە. بەڵام لەترسی گیرانم نەچوومەوە و لە ڕێگەی دەلالێکەوە حوکمی بێ تاوانیم لە دادگا وەرگرت و گەڕامەوە مەهاباد.

چەند ساڵێک لە مەهاباد و یەکشەوە بووم و ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی لەگەڵ کچە مامێکی باوکم لە یەکشەوە ژیانی هاوسەریمان پێکەوەنا. سەرەتای ساڵی ١٣٢٨ی هەتاوی لەسەرپێشنیاری خاڵۆژنەکانم بەمەبەستی یارمەتی و جێبەجێکردنی کاروباری بنەماڵەکەیان هاتمەوە مەهاباد و تا ئێستاش

هەرلەوێم. (هەڵبەت ئێستا نووسەری ئەم دێڕانە بەداخەوە کۆچی دوایی کردووە و نەماوە. وەرگێڕ)

پاش گەڕانەوەم لە یەکشەوەڕا بۆ مەهاباد، ماوەی چەند ساڵێک بە کاروباری ژیاننامەی نووسەر ن ڕاگەیشتم و ساڵی ١٣٤٧ هەتاوی لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شار، بەشداریم کرد و بوومە ئەندامی ئەنجومەنی شاری مەهاباد. ماوەی چوار ساڵ ئەندام و جێگیری سەرۆکی ئەنجوومەنی شار بووم. لە دەورەی دواییشدا بەشداریم کردەوە و بە دەنگ و خۆشەویستیی خەڵک لە ساڵی ١٣٥١ەوە هەتا ١٣٥٥ سەرۆکی ئەنجوومەنی شاری مەهاباد بووم و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە هاوکاریی شارەدار و خزمەتی خەڵکم دەکرد. ئەوەش بە یەکێک لە شانازییەکانم دەزانم.

تێکهەڵچوونەکانی نێوان پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات و مەئموورانی ڕژێم لە جۆزەردانی ١٣٦٠ی هەتاویدا لە مەهاباد؛ ژمارەیەکی زۆر لە هەردووک لاکوژران. بێ هیچ بەڵگەو هۆیەک و تەنیا بۆ چاوترسێنکردنی خەڵکی شار، دەگەڵ چە کەس گیرام و بۆ شاری دامغان دوور خرامەوە. چوارمەلای ئاییینیش وێڕای بنەماڵەکانیان دەگەڵ دوورخراوەکانی دامغان بوون. لەو ماوەیەدا بە پێچەوانەی بۆ چوونی ڕژێم لەلایەن خەڵکی شاری دامغانەوە، ڕێزێکی زۆرمان لێگیرا. ئەوانە زۆر بەڕێزەوە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکردین و وەک میوان چاویان لێدەکردین و قەدریان دەگرتین.

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی دا بۆ دادگای پێداچوونەوەی (تجدیدنظر) شاری سنە، بانگ کراین. بە سواری ئوتومبێلێک بەرەو سنە وەڕێ کەوتین و هەر ئەو ڕۆژە گەیشتینە دادگا. چونکە بەڕاستی بێ تاوان بووین، هەموومان بێ تاوان ناسراین و بڕیاری ئازادی و گەڕانەوەمان بۆ شاری مەهاباد وەرگرت و بە شادمانییەوە بەرەو دامغان وەڕێکەوتینەوە. بیرەوەرییەکی شیرنی ئەو ڕۆژە

ئەوەیە کە لەگەڕانەوەدا کە شەو بەڕێگاوە بووین لە بیابانێکی نێوان سمنان و دامغان بۆ نوێژی بەیانی دابەزیین و چونکە ئاو نەبوو، پاش تەیەمموم بە خۆڵ؛ نوێژی بەیانیمان بەجەماعەت و بە پێشنوێژیی مامۆستا مەلا عەولای ئەحمەدیان، بەجێ هێنا و بە دڵخۆشی و خۆشحاڵییەوە گەڕاینەوە شاری دامغان. پاش ئەوەی چووینە فەرمانداریی (قائم مقامی) دامغان و پێشاندانی حوکمی بێ تاوانیمان، هەر لەوێوە تەلەفۆنمان کرد بۆ دۆستێکی مەهابادیمان کە لە تاران گەراجدار بوو، داوامان لێکرد کاری هێنانەوەی کەل و پەلەکانمان بۆ رێکخا. پاش دوو ڕۆژان ماشێنەکان هاتن و کەل و پەلی هەر سی بنەماڵەمان لێ بارکردن و لە دامغانەوە بەرەو مەهابادی زێد و نیشتمانمان گەڕاینەوە. بنەماڵەی بۆکانییش لەوێ بوون. پاشان ئەوانەی کارمەند بوون گەڕانەوە سەرکارەکانیان و ئەوانی دیکەش چوونەوە سەر کاروکاسبی پێشوویان. بیرەوەرییەکانی خەڵکی دامغان و سمنان و شاهرود لە بیرناچنەوە. ئێستاش پێم ناوەتە هەشتا ساڵی وێڕای پشووی ڕۆژانە خەریکی خوێندنەوەی کتێبی مێژوویی و سیاسیم.

گەورەیی و لوتفی خەڵکی کوردستان، بە تایبەت خەڵکی مەهاباد، بە درێژایی ساڵە پڕ هەوراز و نشێوەکانی ژیانم، بوونەتە هۆی دڵگەرمیی خۆم و بنەماڵەم و ورەیان پێداوم هیچ کات موحیبەت و فیداکاری وجوامێرییەکانی خەڵکی وڵاتەکەم لە بیرناچێتەوە و چی وا شک نابەم پێشکەشیان بکەم، بێجگە لەو وتە شیرینەی سەعدی شیرازی بە فارسی:

مقدور من سریست که در پایت افکنم

گر زانکه التفات به این مختصر کنی

واتە:

ئەوەی دەتوانم کە سەرم، لە بەر پێت فڕێ دەم

ئەگەر تۆ بەو (خەڵاتە) کەمەی، ڕازی بی
دووی ڕێبەندانی هەزار و سێ سەد و هەشتا و دووی هەتاوی

١٣٨٢/١١/٢

سەعید هومایون

پێشەوای رابوون

پێشەکی

لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمان و سووڕی دەوران؛ لە نێو جەماوەردا لەهەر تیرە و نەژادێکدا، جاروبار مرۆڤ گەلێک دێنە دنیا کە کردەوە و بیروڕایان؛ ڕەوشت و ئاکاریان، شوێنەوارێکی دیار و هەمیشەیی بە جێ دەهێڵن و گەلێک قوتابی و ڕێبوار پەروەردە دەکەن بۆ ئەوەی دادپەروەری، ئازادی و دیموکراسی کە بە درێژایی مێژوو زەین و گیانی بیرمەندان و ڕێبەرانی هەڵکەوتەی کۆمەڵگای بەخۆوە خەریک کردووە، وەدی بێنن.

بەم جۆرەیە کە زۆر دواتر؛ دەروونناسان و کۆمەڵناسان سەرنج دەدەنە شوێندانەری و کارلێکەریی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیی ئەو کەسانە و توانایی بەڕێوەبەریی، ئاستی بەرپرسیارەتیوەرگرتن و باوەڕی ئایدۆلۆژیکی و بەرهەمە زیندووەکانی ئەم کەسایەتییانە، لەکاتی بەرپرسیاریەتییاندا، لەو ماوە زەمەنیەدا، دەخەنە بەر توێژینەوە بۆ ئەوەی ڕەسەن و ناڕەسەن لێک هەڵاوێرن و ئەو دەسکەوتە پڕبەهایەی وەک وانە و ئەزموون لەو گەورە و کەڵە پیاوانەیان وەرگرتووە، بە بەرەکانی داهاتوو بسپێرن. بێگومان قازی محەممەد کەسایەتی

فەرهەنگی و سیاسی نەتەوەی کورد، کە لە ژێر کاریگەریی هەل ومەرجی فەرهەنگی و زانستی بنەماڵەکەی کە زۆربەیان زانای ئایینی بوون، یەکێکە لە کەڵە پیاوانی ئێران.

زوڵم و ستەمی دەسەڵاتدارانی ڕژێمی ئەوکات لەلایەک و خەم و پەژارەی دواکەوتوویی گەلەکەی لە لایەکی دیکەوە؛ وانەی مرۆڤدۆستیی فێرکردبوو و ببووە هۆی ورووژانی هەست و ڕۆحی ناسکی. ئەویندار و بێ ئۆقرە، ڕاپەڕیوو خۆڕاگر، سەری هەڵداو بە پەیڕەوی کردن لە ڕێبەران و شۆڕشگێڕانی پێشوی گەلەکەی دەستی کرد بە دەربڕینی بیرۆکەی مرۆڤی و ڕزگاریخوازیی خۆی، سروودی ڕابوون و هوشیاریی چڕی و هەتا دوایین هەناسە، ئەم ڕێگە پڕ لە هەوراز و نشێوەی بڕی و «حەللاج» ئاسا چووە پای سێدارە.

دوایین چرکە ساتەکانی ژیانی پڕ لە شانازی ئەم وتە پڕ بایەخەی کە وتی: لە پاش من هەزاران ڕۆڵەی ئەم نیشتمانە درێژەپێدەری ڕێگا و ئامانجم دەبن. ئەم وتەیەی ئاندرێ مالرۆی فەڕنسی وەبیر دەهێنێتەوە کە وتی: مرۆڤ ئەگەر نەتوانێ گیانی لە پێناو ئارمانجەکەیدا بەخت بکا؛ ئیدی مەزنایەتییەکەی لە چیدایە؟

بەر لەوەی بچمە نێو باسەکەمەوە؛ ئەو خاڵە وەبیر دەهێنمەوە؛ بەهۆی ئەوەی کە منی (نووسەر) خزمایەتیەکی نیزیکم لەگەڵ بنەماڵەی قازییەکانی مەهاباد هەیە؛ بە پێویستی دەزانم لە سەرەتادا بە کورتی بنەماڵەکەیان بناسێنم. بە سەرنجدان لەوەی کە نووسینەوەی بیرەوەری، بەپێی داب و نەریتی گشتیی دیرۆکنووس لە: گێڕانەوەی ڕووداو و کارەساتگەلێک کە لە ژیانی نووسەردا، ڕوویان داوە، کاریگەری و شوێنی قووڵیان لەسەر فیکروو، بیری کەسایەتیی ئەو بە جێ هێشتووە. هەر بۆیە گێڕانەوەی ئەو بیرەوەرییانەش، دەکەوێتە ژێر

پێشەکی [illegible] ئەو ڕووداوانەی کە لەژیانی بنەماڵەیی، کۆمەڵایەتی و سیاسیی [illegible]ستان، قازی محەممەددا پێش هاتوون.
کەوابوو شیکردنەوەی ئەو بیرەوەریانە، لە بەر ئەوەی کە سەردەمی لاوەتیم بەهۆی پەیوەندیی چڕ و پڕی بنەماڵەییم و هەروەها ئەو ڕووداوانەی بەسەر خودی قازی محەممەددا هاتوون، سێبەریان خستۆتە سەر بیرەوەرییەکانی من و بەشێکی گرینگیان داگیر کردووە.
ئێستاش بۆ ڕوونکردنەوە و تێگەیاندنی خوێنەرانی بەڕێز و تیشک‌خستنە سەر ژیانی قازی محەممەد؛ ڕووداوەکانی ژیانی بەڕێزیان دەکەینە سێ بەش:
بەشی یەکەم: زەمانی لەدایکبوونی ١٩٠٠ تا ١٩١٨ز، سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵی.
بەشی دووهەم: ١٩١٨ تا ١٩٤١ز/ ١٢٩٧ تا ١٣٢٠ه، سەردەمی لاوەتی و شەڕی جیهانی و کاردانەوەی.
بەشی سێهەم: ١٩٤١ تا ١٩٤٦ز/١٣٢٠تا١٣٢٦ه، سەردەمی خەبات و کۆماری کوردستان و شەهید کردنی پێشەوا.

پێشینەی بنەماڵەیی قازی

بەو پێیەی بەساڵاچوانی تایەفەی قازی دەڵێن، یەکەمین بنیاتنەری بنەماڵەی قازی کەسێک بووە بە ناوی محەممەد کە لە سەردەمی سەفەوییەکاندا هاتۆتە موکریان[1]. هێندێ کەس پێیان وایە ئەو تایەفە کوردن لە گورجستانەوە هاتوونەتە ناوچەی موکریان. بەهەر حاڵ، یەکێک لە (تۆرەمەکانی) محەممەد بە ناوی میرزا مەحموودی قازی، بۆ یەکەمجار دەبێتە دادوەری شەرعیی ناوچەی

١- ناوچەی کوردنشینی باشووری ئازەربایجانی ڕۆژئاوا کە بریتین لە شارەکانی مەهاباد، سەردەشت، پیرانشار، نەغەدە، شنۆ، بۆکان و دوشاری پارێزگای کوردستان سەقز و بانە.

موکریان بووە. بەڕێزیان کەسێکی زانا و خەت خۆش بووە، چەندین بەرگ قورئانی، بەخەتی خۆی نووسیوەتەوە و بە یادگار بەجێی هێشتووە. پاش میرزا مەحموود، کوڕەکانی بەناوی؛ میرزاقاسم و میرزاعەولا و میرزامحەممەد کە لە ناوچەی موکریاندا بە ناوبانگ بوون. میرزا قاسمی قازی، کوڕێکی هەبووە بە ناوی میرزا ئەحمەد و ئەویش پێنج کوڕی بە ناوەکانی: قازی وەهاب، حاجی شێخ جەلال، قازی فەتاح، میرزا قاسمی قازی و میرزا لەتیف هەبووەکە لە ناودارانی بنەماڵەی قازی بوون. میرزا قاسمی قازی باپیری قازی محەممەدیش چوار کوڕی هەبووە بە ناوەکانی: قازی عەلی، ئەبولحەسەن (سەیفولقوزات)، میرزا عەولا قازی عەسکەر، میرزا عەبدولڕەحیم.

(قازی عەلی)ش دوو کوڕی بووە بەناوەکانی، قازی محەممەد و ئەبولقاسمی سەدری قازی. سەیفولقوزاتیش کوڕێکی هەبووە بە ناوی حەمە حوسین خانی سەیفی قازی.

ژیان و خەباتی ئەو سێ کەسایەتییە لەم کتێبەدا دەخرێتە بەر سەرنج و لێکۆڵینەوە.

بەشی یەکەم

سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵی

یازدەی گوڵانی ساڵی ۱۲۷۹ی هەتاوی بەرامبەر بە ساڵی ۱۹۰۰ی زایینی لە بنەماڵەی قازی عەلی، لە شاری سابڵاغی موکریان (مەهابادی ئێستا) منداڵێک بە ناوی محەممەد، هاتە دنیا کە دواتر بووە سەرچاوەی گەلێک بەرهەم و شوێنەواری گرینگ و لەبیرنەکراوی مێژووی نەتەوەی کورد. قازی عەلی، پاش مەرگی میرزاقاسمی باوکی، پلەوپایەی دادوەریی شەرعیی سابڵاغ و ناوچەی موکریانی گرتە ئەستۆ. ئەو یەکێک بوو لە زانا کەم وێنەکانی کوردستان کە لە هەموو زانستە باوەکانی ئەوکات دا شارەزایی هەبوو و لە زانستی ئەستێرە ناسیشدا موتاڵایەکی بەرفرەوانی هەبوو.

بنەماڵەی قازییەکان هەر لە سەرەتاوە جێی ڕێزوحورمەتی خەڵکی کوردستان بوون. لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان و شارەکانی ئازەربایجان و تارانیشدا، بە ناوبانگ و جێی ڕێز بوون و کاری دادوەری و داوەریی نێوان خەڵکیان لە

ئەستۆ بووە. هەر بۆیەش بە بنەماڵەی قازی ناوبانگیان دەرکردووە. شوێنی بە تەنگ وەچوونی سکاڵاکانی خەڵک لەوکاتەدا پێی دەگوترا (مەحکەمەی قازی) کە بەردەوام پەسیوو پەناگای هەژاران و مەزڵوومان و جێی چارەسەریی گیروگرفت و ناکۆکی یەکانی خەڵکی ناوچەکە بووە.

قازی عەلی، کە ئەوکات بە میرزا عەلی قازی بەناوبانگ بووە، سەرەتای خوێندنی لەشاری سابڵاغی موکری دەست پێکرد و پاش ماوەیەک بۆ کامل کردن و تەواوکردنی خوێندن و کەڵک وەرگرتن لە ماموستایانی پسپۆڕ لە دەرەوەی ناوچەی موکریان؛ (بە پێی داب و نەریتی باوی ئەوکات کە خوازیارانی زانست بۆ کەڵکوەرگرتن لە زانیاری مامۆستایانی هەڵکەوتە، شاربەشار دەڕۆیشتن) لەگەڵ خەلیل خانی کوڕی شیربەگی فەیزوڵڵا بەگی سەقزی کە ئەویش ماوەیەک لە سابڵاغ خەریکی خوێندن بوو، بۆ تەواو کردنی خوێندن دەچنە شاری سنەی ناوەندی کوردستان. ئەم هاوسەفەری و هاوپۆلیە دەبێتە هۆی پتەوتر بوونی دۆستایەتی و نزیکایەتیی زیاتری نێوان میرزا عەلی و خەلیل خانی کوڕی ئاغا شێربەگ.

پاش تەواوکردنی خوێندن هەردووکیان دەگەڕێنەوە زێدی خۆیان. خەلیل خان لە ئاوایی سلێمان کەندی ناوچەی سەقز دەچێتە خزمەتی باوکی و سەبارەت بە چۆنێتی خوێندن و بارودۆخ و وەزعی شاری سنە، زانیاری دەدا بە باوکی. هەروەها زۆر باسی تایبەتمەندی زانستی و ڕەوشت باشیی میرزا عەلی قازی دەکا و ئیزنی لێ دەخوازێ کە گەوهەر تاجی خۆشکی بدات بە میرزا عەلی قازی. باوکی ئەو پێشنیارەی لێوەردەگرێ و پاش ڕاوێژ و چاوپێکەوتن، بە پێی نەریتی ئەوکات، کە بنەماڵەکە لە بەناوبانگترین بنەماڵەکانی موکریان بوون، قایل دەبن و ڕێ و ڕەسمی خوازبێنی و مارەبڕین و زەماوەندەکەی پێک دێنن و گەوهەرتاج

ەوتە بووە، دەبێتە یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەی

بەشی یەکەم

—ری.

ئاغای شێربەگ، یەکێک لە منداڵانی سەرۆک عەشیرەتی فەیزوڵڵابەگی کە ڕەچەڵەکی بنەماڵەکەی دەچێتەوە سەرحاکمانی بەناوبانگی ناوچەی موکریان، واتە ئەمیر سەیفەدین و ئەمیر سارمەدین و بداغ سوڵتانی موکری کەساڵیانی ساڵ بەسەر ناوچەی موکریان ڕاگەیشتون و گەلێک خزمەتی بەنرخیان بە ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆیان کردووە. ئاوەدان کردنەوەی شاری مەهابادی ئێستا، مزگەوتی جامعی شار و پردی سوور و گەلێک هەوڵی خێرخوازانەی دیکە لەو شوێنەوارە بەنرخانەن کە لە دوای بداغ سوڵتان بە جێ ماون. ئێستاش گۆڕەکەی لە باشووری شاری مەهاباد شوێنی زیارەتی خەڵکی موکریانە. پەیوەندیی خزمایەتیی ئەو دوو بنەماڵەیە دواتر چڕوپڕتر و گەرمتر بوو، تا وای لێهات کچەکەی دیکەی ئاغا شێربەگیش بە ناوی زوبێدە خانم، درا بە میرزا ئەبولحەسەنی سەیفولقوزات، براگچکەی میرزا عەلی قازی. قازی عەلی و گەوهەر تاج خانم پێش قازی محەممەد سێ منداڵی دیکەشیان بوون، (کچێک بە ناوی فاتم و دوو کوڕ بەناوەکانی محەممەد و ئەبولقاسم) کە هەرسێکیان بە ساوایی مردن، چوارەمین منداڵی بنەماڵەی قازی، کچێک بوو بە ناوی خەدیجە (دایکی نووسەر) دواتر خودا کوڕێکی دیکەشی پێدان. قازی عەلی ئەو کوڕەشی نێو نا محەممەد و پاش دوو ساڵان، خودا کوڕێکێ دیکەشی پێدان و ناویانا ئەبولقاسم. محەممەدی بەرباسی ئێمە لە حەوت ساڵیەوە لە خزمەتی باوکیدا دەستی کرد بە خوێندن و سەرەتای خوێندنی لە لای باوکی بوو. وانەی کۆتاییشی لە خزمەت زانایانی بە ناو بانگی ئەو کاتی شاری سابلاغ دا تەواو کرد کە لە ژێر چاودێری و پەروەردەی باوکیدا بەهۆی تایبەتمەندیی باشی زانستی و پاک ڕەوشتی و کەسایەتیی بێ هاوتای خۆی جێی ڕێز و حورمەت

بوو. دوایین منداڵی قازی عەلی و گەوهەرتاج خانم، کچێک بوو بەناوی ئامینە. گەوهەرتاج خانمی دایکی قازی محەممەد، ساڵی ١٢٨٩ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٩١٠ی زایینی، کۆچی دوایی کرد. چەند ساڵ دواتر قازی عەلی بۆ بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیاری منداڵەکانی ناچار بوو ژن بێنێتەوە و دەگەڵ ئافرەتێکی زۆر بە حورمەت کە کچی بنەماڵەیەکی بەناوبانگ بوو، زەماوەندی کرد. ژنی دووهەمی قازی عەلی، کچی شێخولئیسلامی حاجی کەند بوو کە ناوی زیبا خانم بوو. کچێکیشی بە ناوی فاتم لەو ژنە لێ کەوتەوە. پاش مەرگی گەوهەر تاج خانم، شەرافەت خانمی دایکی، دوو نەوەکەی خۆی، واتە خەدیجە و ئەوبولقاسم دەباتە یەکشەوە بۆلای خۆی و پەروەردە و سەرپەرشتیی ئەوان لە ئەستۆ دەگرێ.

شەڕی یەکەمی جیهانی و کوشتار و تاڵان و بڕۆی خەڵك

ساڵی ١٩١٤ز شەڕی یەکەمی جیهانی دەست پێ دەکا. ئێران بە تایبەتی ناوچەی موکریانی کوردستان دەبێتەگۆڕەپانی ڕەمبازێن و کوشت و کوشتاری هێزەکانی ڕووس و عوسمانی. خەڵکی ناوچە تووشی گەڵێک زەرەر و زیانی ماڵی و گیانی دەبن. بنەماڵەی قازییش وەکوو زۆربەی خەڵکی ناوچەکە، بۆ پاراستنی گیان و ماڵیان شار بەجێ دەهێڵن و دەڕۆن. لە پێشدا دەچنە ئاوایی یەکشەوە. لە پاشان دەچنە ئاوایی سلێمانی کەندی لە ناوچەی سەقز کە ملکی مستەفا بەگی، خاڵی قازی محەممەد و سەدری قازی بوو. چەند مانگێک لەوێ دەمێننەوە و پاش ئەوەی عوسمانییەکان لە سابلاغ دادەمەزرێن، هێرش دێننەوە سەر ناوچەکە، دوایە لە عروسان شکست دەخۆن و عوسمانییەکان ناچار پاشەکشێ دەکەن. دیسان خەڵک لە ترسی گیانی خۆیان ناچاردەبن سابلاغ بە جێ بێڵن و بڕۆن. بنەماڵەی قازی، دەچنە ئاوایی یەکشەوە، پاش ماوەیەک مانەوە لەوێ، لەژێر سێبەری ڕێز و دڵۆڤانی و حورمەتی ئاغا موئمین بەگ دا دەژین. لەبەر نیزیک

بوونی یەکشەوە لە بۆکان کە سەرڕێی هات وچۆی ڕووس و عوسمانی و شەڕو هەڵات هەڵاتێن بووە، قازییەکان ناچاردەبن بڕۆن بۆ هێندێ ناوچەی دوورە شەڕ و هێمن. بەشێکیان چوونە دێهاتەکانی چۆملوو باشبلاغ و بەشێکیشیان چوونە ئاوایی سۆلاوکان لە ناوچەی هەوشاری تەکاب، کە موڵکی مستەفابەگی خاڵی قازی محەممەد بوو. ئەم کۆچە لە ساڵی ١٢٩٤ی هەتاوی بەرامبەر ساڵی ١٩١٥ی زایینی دابووە و ماوەی سێ ساڵی خایاندوە. بەگشتی کوردستان لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا تووشی گەلێک زەرەروزیانی قەرەبوو هەڵنەگربووە ـ لە جەنگەی شەڕدا ئەودەمەی عوسمانییەکان سەر دەکەوتن و خەڵک دەبوو نرخی ئەو شەڕ و پێکدادانانە بدەن و بە هۆی بانگەشەی بەشێک لە پیاوانی ئایینی بەناوجیهاد؛ هێندێ لە کوردەکان بەلایەنگری لە ئیسلام و عوسمانییەکان، خۆیان لە شەڕوەردەدا. ڕوسەکانیش بە بیانووی لایەنگری کوردەکان لە عوسمانی، دەیان کوشتن و تالانیان دەکرن. بەداخەوە کوردەکانی ئەم بەشە لە هەردووک کوشت و کوشتار و تالان و بڕۆ وەبەر دەهاتن. بۆ وێنە، عوسمانییەکان پاش یەک دووجار تێکشکان و سەرکەوتن لە ناوچە کوردنشینەکاندا، حەمە خانی حاکمی بانە کە یەکێک بوو لە ئاغا بەناو بانگەکانی ئەوێ، بەتاوانی هاوکاری لەگەڵ ڕووسەکان گرتیان و لە سێدارەیان دا. لە پاشان حەمە حوسێن خانی سەردار حاکمی ساوبلاغی موکری (مەهاباد) و سەیفەدین خانی حاکمی شاری سەقزیان گرت و لە شاری مەراغە لە سێدارەیان دان و شەهیدیان کردن. هەروەها خوالێخۆشبوو شێخ بابا سەعیدی بەرزنجە(غەوس ئابادی)، کە یەکێک لە زانایان و شاعیرانی کورد بوو گەلێکیشی مورید هەبوو دەستگیریان کرد و لە ئاوایی کەرێزەی نزیک قاراوای گەورە؛ ملکی خوالێخۆشبوو عیزامەلمولک کە شوێنی دامەزران و مۆڵگەی عوسمانییەکانی ناوچەی بۆکان بوو، شەهیدیان کرد.

ساڵی ١٩١٥ی زایینی ڕووسەکان ماوەیەک لە شاری سابلاغ گیرسانەوە و دەگەڵ هێرشی عوسمانییەکان، ناچار بوون شار بەجێ بەێڵن و بەرەو سۆڵدوزی ورمێ بکشێنەوە. بە پێی هەل ومەرجی ئەوکات ژمارەیەک خەڵکی شار و ناوچە، لەکاتی پاشەکشێی ڕووسەکاندا، یارمەتی عوسمانییەکانیان دابۆ، زستانی ١٢٩٥ی هەتاوی بەرامبەر ١٩١٦ی زایینی لە کاتێکدا بەفرێکی قورس هەموو وڵاتی داپۆشیبوو ڕووسەکان بە مەبەستی دەرکردنی عوسمانییەکان و لەتۆڵەیتێکشکانەکانی پێشوویان، هێرشیان کردەوە سەرشار و خوالێخۆشبوو قازی فەتاح مامی قازی عەلی کە کەسایەتیەکی بەناوبانگی موکریان بوو و بەرگریی لە شار و هاوڵاتیانی خۆی کردبوو و پاش بەرگریەکی دلێرانە لە شەرێکی نابەرابەردا کە ڕێگەی دەرباز بوون و ڕۆیشتن بۆ بەشێکی زۆر لە خەڵکی سابلاغ دەکاتەوە، بە دەستی سەربازە ڕووسەکان کوژرا، ئێستا گۆڕەکەی لە حەوشەی مزگەوتی شادەڕۆیش دایە. پاش شەهیدبوونی قازی فەتاح ڕووسەکان بە ڕق و تووڕییەکی لە ڕادەبەدەرەوە دەڕژێنە نێو شار و تا ٢٤ سەعات خەڵکی بێ تاوانی شار قەڵت و بڕ دەکەن. هێندێ شوێنی شار بە تایبەت ماڵەکەی قازی عەلی و کتێبخانەی تایبەتییەکەی کە سەدان کتێبی بە نرخ و کەم وێنەی تێدابوو؛ دەسووتێنن.[١]

هەروەها سێ کۆڕی قازی فەتاح بە ناوەکانی عەبدلرەحمان (سالار) و محەمەد (ملامحەممەد قازی) و مەحموود (مەنسور سوڵتان) پاش ماوەیەک دەست

١- ئەو کوشتارە و کۆمەڵ کوژییە، هەفتێکی بەردەوام بۆوە، کە ڕوسەکان نیزیک ٨٠٠٠کەس لەخەڵکی مەهاباد دەکوژن. بەڵام هۆی ئەوکوشتارە و هەڵەکانی بەرپرسانی شار، بەچاکی ڕوون نەبۆتەوە و

مەهاباد، شاردراوەتەوە کە بە بروای من دەبێ، ئەوکارەساتە لە حاستی جیهانی بخرێتە بەر باس و مەحکوم بکرێ. (سەلیمی)

بەشی یەکەم

[illegible] بری دوور دەخەنەوە و تاکۆتایی شەڕی یەکەم لەوێ بە دیلێتی

بنەماڵەی قازی فەتاحیش لەگەڵ کوڕەگەورەکەی کە ناوی میرزا عەولا بوو، ناچار دەبن بۆ ناوچەی هەوشار و دێهاتی حاجی سەرداری و خاکی بەگ و زەکی بەگ بچن میرزا عەولا هەر لەوێ سەردەنێتەوە.

پاش کوتایی شەڕی جیهانی یەکەم لە ساڵی ١٩١٨دا؛ بنەماڵەی قازی عەلی و براکانی دەگەڕێنەوە شارەکەیان و دەست دەکەنەوە بە چاک کردنەوەی ماڵە سووتاو و وێران کراوەکانیان. لە ماوەی ئەو کۆچە زۆرەملێیەدا چەندین کەس لە بنەماڵەی قازی بۆ وێنە زیباخانمی ژنی دووهەمی قازی عەلی و میرزا عەبدالخالق پێشنوێژی جومعەی مەهاباد، باوکی وەرگێڕی ناودار، محەمەدی قازی کۆچی دوایی دەکەن.

دوایی کۆتایی شەڕ، خەڵکی دەربەدەر و هەژار و تالان کراوی کوردستان دەگەڕێنەوە بۆ شار و دێهاتەکانیان. پاش چەند ساڵ ماڵ بە کۆڵی و ئاوارەیی و لە ناوچوونی دەغل و دان و تالانی سەروەت و سامانیان؛ لە گەڕانەوەدا تووشی قاتو قڕی و بێ بژیوی دێن. سەدان کەس لە ئاکامی قات و قڕی و نەخۆشییەوە، کە بەرهەمی ئەو شەرە ماڵ ویرانکەرە بوو، تێدا دەچن، ئێستاش باس و سەربردەی ساڵی گرانی و ساڵی کوشتاری عروسان هەروا لەسەر زار و زمانانە.

بەشی دووهەم

دوایی شەڕ و کاردانەوەکانی

شەڕ کوتایی هاتبوو و خەڵک خەریکی گەڕانەوە بۆ شوێنی ژیان و ئاوەدان کردنەوەی کاولکارییەکان و دەرمانی زامەکان و پەیداکردنی بژیوی پێداویستییەکانیان بوون.

دەوڵەتە سەرکەوتووەکانیش لە هزری دابەشکردنی جیهان و موڵک و میراتی دەوڵەتی عوسمانی بوون.

دەوڵەتی بەریتانیا، هێورهێور، لە ڕێی دەست و پەیوەندییەکانیەوە، بەهۆی بەکارهێنانی دەسەڵاتەوە، خەریکی حکوومەتگەلێکی نوێ بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا.

نەتەوەی کورد لە ژێر دەسەڵاتی دوو حکوومەتی عوسمانی و ڕووس دا گەلێک زیانی ماڵی و گیانی و دەربەدەری و ماڵ وێرانی تووش هات و نیشتیمان و زێدەکەی لەلایەن دوژمنە تورک و ڕوسەکانەوە پێشێل و داگیرکرا. بەڵام هەواڵی

ئەم ڕووداو و ئاڵوگۆڕییانەی کە پاش شەڕ دەگەیشتە ناوچەکە، بوو بەهۆی وشیاری و ڕابوونی خەڵک و بە هۆی پێشینەی شەڕەکانی نێوان ئێران و عوسمانی کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، کوردستانیان کردبۆوە مەیدانی تەڕاتێن و شەڕی خوێناویی دوژمنکارانەیان؛ بیری نەتەوە خوازی وردە و وردە لە دڵی خەڵکی کورددا چەکەرەی کرد. میرزا محەممەدی قازی کە لاوێکی (زیت) وشیار ناودار و تێگەیشتوو بوو؛ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەکەوتە بەردڵی خەڵکی ناوچەکە، بە هۆی خوێندنەوەی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی ئەوکات کە بە دەگمەن دەگەیشتنە سابلاغ و بەکۆکردنەوەی زانیاری لەسەر تێکۆشانی ئازادیخوازانی کوردستانی باکور، هەستی ئازادیخوازی لە ناخیدا پشکووت و پەیوەندیی بە ئازادیخوازانی ئەوکاتەوە گرت.

ئەو بە هۆی تێکەڵاوی و دۆستایەتی لەگەڵ میسیۆنی مەزەبیی ئەمریکی کە لە ژێر چاودێریی میستەرمیلەر Mr.Miller هاتبووە سابلاغ و هەروەها بە ئاشنایەتیی لەگەڵ دکتۆر شالک Shalek ئەڵمانی دەستی کرد بە فێربوونی زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و بەو زانیاری و هەواڵانەی لەڕێگەی ئەوانەوە بە دەستی دێنان، ڕۆژ بە ڕۆژ ئاستی تێگەیشتوویی و زانیارییەکانی بەرزتر دەبۆوە و باشتر لە بارودۆخی جیهان تێ دەگەیشت. ئەنجامدانی پەیمانی سێڤەر لە ساڵی ١٩٢٠ی زایینی، پێشبینی کردنی پێکهاتنی حکوومەتێکی کوردی و شۆڕشی سمایل ئاغای سمکۆ لە ساڵی ١٩٢١ی ز داو هێرشی سمکۆ بۆ سەر مەهاباد لە ساڵی ١٩٢٢ی ز دا، کاریگەرییەکی زۆریان کردە سەر باردۆخی ئەوکاتی نەتەوەی کورد. دەکرێ بڵێین ئەو ڕووداوانە تاڕادەیەک چاو و گوێی میرزا محەممەدی قازی یان کردەوە و بۆیەش ئاگاداری هەموو ئەم ڕووداوانە بوو.

ڕووداوە کتوپڕ و یەک لەدوای یەکەکانی ئەوکات، بەستنی پەیمانی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ی ز دا و پێشێلکردنی ماف و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد لە

ە و سات و سەودا لەگەڵ کەماڵ ئەتاتۆرک و بەشوێن ئەودا سەرهەڵدانی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە تورکیا لە ساڵی ١٩٢٥دا، بۆ دەستەبەر کردنی مافە پێشێل کراوەکانی نەتەوەی کورد و شۆڕشەکانی دیکەی ئازادیخوازانی کوردی تورکیا، بەڕێبەرایەتی ئیحسان نووری پاشا لە ساڵەکانی ١٩٢٧ەوە هەتا ١٩٣٠ی ز. دا کە بە شۆڕشی ئاگری بە نێوبانگە؛ شتێک نەبوون لە بەردیدی وردبینی میرزا محەممەدی قازی و هەرکوردێکی ئازادیخوازی دیکە ونبێ و سەرنجیان ڕانەکێشێ.

لە کاتی شۆڕشی شێخ محەممەدی خیابانیدا[١]، کومیتەیەکیش لە سابلاغ بەهاوکاری و هاوفکریی میرزا حەسەنی سەیفولقوزات و خودی قازی محەممەد و چەند کەسیتر لە ڕووناکبیرانی ئەوکات بۆ وێنە حاجی مستەفا داودی و حاجی موعین و میرزا خەلیلی بلووری پێکهات.

لە ساڵەکانی ١٩٢٧- ١٩٣٠ی ز. دا کە شۆڕشی ئاگری لە ئارادا بوو، قازی محەممەد بەنهێنی هاوبیری و هاوکاریی ئازادیخوازانی کوردی تورکیای دەکرد و بە هاوکاریی چەند نەتەوە خوازێکی دیکەی وەک مەلا ئەحمەدی فەوزی و شێخ ئەحمەدی سریل ئاوا، لەگەڵ ڕێبەرانی "کومیتەی خۆیبوون" لە تورکیا و کوردەکانی عێراق پەیوەندیی هەبوو. حکوومەتی ڕەزاشای پەهلەوی کە ساڵی ١٢٩٩ی هەتاوی – ١٩٢٠ی زاینی بە کودەتا هاتبووە سەرکار، وەردە وەردە پێدەگەیشت و بۆ لە ناو بردن و سڕینەوەی بیرۆکەی ئازادیخوازیی نەتەوەی کورد، یارمەتی و هاوکاریی کەماڵ ئەتاتۆرکی دەکرد.

١- لە پیاوانی ئایینی بەناوبانگی تەورێز کە لە شەری یەکەمی جیهانیدا لە بەرامبەر هێرشی ڕووسەکاندا ڕاوەستا و پاش کۆتایی شەر بەهۆی نالەبار بوونی وەزعی حکوومەتی ناوەند، بە دژی حکوومەت ڕاوەستا هاوکات بەرنگاری کۆمۆنیزم بۆوە؛ دواجار بە هاتنی قایمەقامی نوێ (مخبرالسلطنه) لە تەورێز کوژرا. (سەرچاوە فرهنگ معین جلد ٥ ل ٤٩٠)

لە سابلاغیش دایرەی حکوومی، دادەمەزران و قۆتابخانە بە شێوەی نوێ دروست دەکران. میرزا محەممەد قازی کە خوێندنی بە تاکە ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەی

پەروەردە و راهێانی سابلاغ وە ئەستۆ گرت و بۆ پێک هێنانی قوتابخانە بە شێوەی مۆدێرن و ئەمڕۆیی زۆر هەولی دەدا.[1]

لە سەردەمی سەرۆکایەتیی ئەودا، یەکەمین قوتابخانەی کوڕان بە شێوەی نوێ بە ناوی قوتابخانەی سەعادەت و قوتابخانەی کچان بە ناوی پێرماس لە سابلاغ کرانەوە.

میرزا محەممەد قازی لەو سالانەدا کە سەرۆکایەتیی دایرەی پەروەردە و فێرکردنی لە ئەستۆ بوو، کەوتە بیری زەماوند کردن، بە پێی دابونەریتی باوی ئەودەم، بنەماڵەکەی کچی گەنج عەلی بەگی فەیزوڵڵابەگی یان بۆ دیتەوە. میرزا محەممەد قازی، هەر بە بیری ئازادیخوازانەوە کە هەیبوو و بە پێچەوانەی

١- یادداشتەکانی میرزا مەناف کەریمی

قازی، محەممەد لەسەرەتای حکوومەتی کۆماری کوردستاندا تەمەنی ۴۶ ساڵان بوو. بەهۆی توانایی

گرنگییەکی زۆری دەدا بە مەسەلەی زانست و پەروەردەی لاوانی کورد. هەر بۆیەش بۆماوەیەکی زۆر، بەرپرسیارەتی دایرەی پەروەردەی مەهابادی وە ئەستۆگرت. قەلافەتێکی لەبار و دلگر و تیشکەڵە و ئەسمەری هەبوو. چاوی تیژ و گەشی و ڕدینە کورتەکەی ئەوەندەی دیکەی مەزن کردبوو. زۆربەی شەوان پاش سەعات ١ یا ٢/٣٠ی شەوێ دەیگوت: مەناف؛ ئەم شەو دەورێکی شار لێدەدەم. لەوەیکە ئاسایش و هێمن بەسەر شاردا زاڵبوو خۆشحاڵ دەبوو. قەت خۆی پێ لە خەڵک و هاوکارەکانی گەورەتر نەبوو. لە میوانی و ڕێوڕەسمە تایبەتی یەکانیاندا بەشداریی دەکرد. ئاکار و هەڵسوکەوتی دەگەڵ خەڵک و بە تایبەتی ئەندامانی حیزب و دۆستانەبوو. قەت ناوی دۆژمنانی نەدەهێنا و جوامێرانە دەگەلیان دەجووڵاوە. لە پۆشینی جل و بەرگ دا ئەو پەری سادەیی ڕەچاو دەکرد. ئیجگار لەسەر خۆو هێمن بوو. خەمخۆری هەموان بوو. خەڵکی مەهابادی لە چاویان خۆشتر دەویست، بۆیەش نازناوی "بینایی" هەڵبژاردبوو.

...کات، داوا دەکات بەر لە زەماوەند چاوی بە کچە خاڵەکەی

بەشی دووهەم

... ...ت بە ژیانی هاوسەری بیدوێنێ. گەنج عەلی خان ئەم پێشنیارە بە پێچەوانەی داب و نەریتی سەردەم دەزانێ و قەبووڵی ناکا و کچەکەی نادا بە خوارزاکەی.

ساڵی ١٣٠٩ی هەتاوی /١٩٣٠ی زاینی میرزا محەممەدی قازی لەگەڵ ئافرەتێکی سابلاغی بەناوی مینا خانم، زەماوەندی کرد. باوکی بەرێزیان واتە قازی عەلی ساڵی ١٣١٠ی هەتاوی /١٩١٣ی زاینی کۆچی دوایی کرد و تەختی دادوەری شەرعی سابلاغ و موکریان بۆ قازی محەممەد بەجێما. لە ڕۆژی مەرگی قازی عەلی دا، هەموو دووکان و بازاڕی شار داخران و پرسەی گشتی ڕاگەیاندرا. پاش ڕێورەسمی بە خاک سپاردنی قازی عەلی؛ زانایان و پیاو ماقووڵانی شار عەبای قازی عەلی یان بە شانی قازی محەممەد دادا و لەسەر تەختی دادوەری لە جێی باوکی، دایان نا. بەو جۆرە جێبەجێ کردن و چارەسەریی کاروبار و کێشەی خەڵکی شار و ناوچە بە دەستی لێهاتووی کوڕە گەورەی قازی عەلی سپێردرا.

قازی محەممەد دەستی لە سەرۆکایەتی پەروەردە کێشاوە و بەرپرسیاریەتی و ئەرکی هەموو کاروباری شار و ناوچەکەی گرتە ئەستۆ و بەو پەڕی هەست بە بەرپرسیاریەتی، هۆگری و ئەوینەوە بۆ جێبەجێ کردن و نەهێشتنی گیروگرفت و ناکۆکییەکانی خەڵک و ناوچەی موکریان تێکوشا.

کاک عەولای ناهید یەکێک لە گەورە پیاوانی ناوداری کوردستان و نوێنەری خەڵکی سەقز و بانە لە خولەکانی ١١ و ١٢ و ١٣ی "ئەنجومەنی ڕاوێژکاری میللی" ئەوکات لە کتێبی (بیرەوەرییەکانمدا)، سەبارەت بە قازی عەلی دەنووسێ (خوالێخوشبوو قازی عەلی) پیاوێکی کەم وێنە بوو. وێڕای ئەوەی لە زانستی عەقلی (معقول) و کەلامی (منقول)دا پسپۆڕ و دەکرێ بڵێین لە کوردستان دا وێنەی نەبوو؛ لە ڕادەبەدەر ڕۆشنبیر و نوێخواز و خاوەن خووڕەوشتی پاک بوو.

جوامێر بوو. زۆر لە سەر خۆو دلۆڤان بوو، تەنانەت کەس نەیدیوە بە تووڕەیی بانگ لە نۆکەرێکیشی بکا."

قازی عەلی لە باری پلەی زانستی و فیقهیشەوە کەسایەتییەکی هەڵکەوتە بوو. میرزا حەسەنی سەیفولقوزاتی، مامی قازی عەلیش، یەکێک بوو لە ئەدیبان و شاعیرانی ناوداری ناوچەی موکریان و لە سابلاخیش دا پیاوێکی ناسراو و نێو بەدەرەوە بوو. لە کۆڕ و کۆبوونەوە ئەدەبییەکانی دەرەوەی ناوچەی موکریانیش دا ناوبانگی دەرکردبوو. خاڵەکانی قازی محەممەدیش کە لە هۆزی فەیزوڵڵابەگی بوون هەموو بە ناوبانگ و خانەدان و لە نێو عەشیرەتی فەیزوڵڵابەگی و عەشیرەتەکانی دیکەی ناوچەکە و دەرەوەی ناوچەشدا، بە دەست و دڵ ئاوایی و بوێرییان، مەشهوور بوون. خودی قازی محەممەد وێرای کەسایەتی بنەماڵەیی؛ هەم بەرەی باوکی و هەم بەرەی دایکی لە هەموو ناوچەی ڕۆژئاوای ئێراندا بە ناوبانگ و جێی حورمەت بوون و فێردەوسی وتەنی:

"نژاد از دو سو دارد این نیک پی"

واتە ئەو زایە موبارەکە لە هەردوولاوە ڕەسەنە.

قازی محەمەد، پاش مەرگی باوکی بەڕێزیان وەئەستۆگرتنی کاروباری دادوەریش: هەروەک جاران بە تاسە و عەشقەوە خەریکی کاروباری ڕۆشنبیریی و هاندانی لاوان بوو بۆ خوێندن و لە هەولی دابینکردنی ئیمکاناتی زیاتردا بوو بۆ مامۆستایانی خۆجێیی و دەرەکی. لە هەموو ڕێورەسمە فێرکاری و پەروەردەییەکاندا بەشداریی دەکرد. دەچووە یانە وەرزشییەکان و تۆپێنی دەکرد و بەمجۆرە لاوانی هان دەدا بۆ وەرزش کردن؛ لە دادوەری کردن و چارەسەرکردنی گیروگرفت و کێشەکانی خەڵکدا بەو پەڕی وردبینی و بێلایەنییەوە هەولی دەدا و کاری دەکرد. نیاز پاکیی ناوبراو ڕۆژ بە ڕۆژ پێگەی کۆمەڵایەتییەکەی پتەوتر دەکرد. لەڕاستیدا ماڵی قازی محەممەد، ببوە پەناگەی

[illegible] زوڵم لێکراوان. دەرگایماڵەکەی هەمیشە بۆ خەڵک ئاوەڵەبوو.

کردندا زۆر هێدی و وردبین بوو. بەوپەڕی بێ لایەنی و بێ هیچ چاوەڕوانییەک؛ بڕیار (حوکم)ی دەدا. ئەگەر شتێکی بە حەق و ڕاست زانیبا، ڕای خۆی نەدەگۆڕی. بوێری قازی محەممەد وێردی سەر زبانی خەڵک بوو. قەت سەری بۆ ملهوڕان و نێردراوانی دەوڵەت دا نەدەنواند. لەکاتی حکوومەتی ڕەزاشادا ئەودەمەی سەید مەهدی فەروخ "ئوستانداریی ئازەربایجان" بۆ سەراسوێی و تاوتۆی کردنی بارودۆخی ناوچەکە هاتە مەهاباد گەورەپیاوان و سەرۆکی ئیدارەکان پێشوازییان لێکرد. ئەویش بۆ نواندن و چاوترسێن کردنی خەڵک و مەئمورەکانی؛ بانگی قازی محەممەد دەکا و دەڵێ: بۆچی جل و بەرگی یۆنیفۆرمت لە بەر نەکردووە؟ قازی بەوپەڕی بوێرییەوە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: من قازیی شار و ناوچەم و حەقی دادوەریی شەرعیم هەیە و ئازادم لە پۆشینی جل و بەرگی مەلایەتی دا. ئیدی هەڵدەستێ و بەجێیان دەهێڵێ و دەچێتەوە ماڵێ. هەرچی فەرمانداری و بەرپرسی ئیدارەکان تکای لێ دەکەن، حازر نابێ بچێتەوە لای ئوستاندار.

قازی محەممەد خاوەنی هێندێ تایبەتمەندیی کەم وێنە بوو. بیرێکی پێشکەوتنخوازانەی هەبوو. زۆربەی کردەوەو ئاکارەکانی لەو کاتەدا، داهێنان و نەریت شکێنی بوون. هۆگرییەکی زۆری بە وەرزش بوو. لە ماڵەکەیدا کالای وەرزشیی هەبوو. بەیانیان پاش خوێندنی نوێژی بەیانی لە مزگەوتی شادەروێش، بۆ پیاسەکردن دەچۆ دەرەوەی شار. ئەودەم لەو بەری ساختمان شێروخورشیدی سوورەوە؛ خانووبەرەی دیکە نەبوو. قازی محەممەد لەوێوە

هەتا پردی سوور[1] بە هەڵاتن دەڕۆیشت. مەلەوانێکی بە تواناش بوو. هاوینان هەموو ڕۆژێ لە شوێنێک بە ناوی گۆمی قازی مەلەی دەکرد. زۆر هۆگری موتاڵاکردن بوو. کاتی سەری سووک دەبوو، بەردەوام کتێبی دەخوێندەوە. بە خوێندنەوەی کتێبی ئینگلیزی ئاستی زانیاریی خۆی دەبردەسەر. ئاگاداری بارودۆخی وڵاتانی دەرەوەش بوو، لە حاڵێکدا خەڵکی ئەودەم تەنانەت ئاگایان لە دەوروبەری خۆشیان نەبوو. قازی محەممەد زانیاریی باشی لەسەر ڕووداوە جیهانییەکانی ئەوکاتە هەبوو. ئەو بیانییانەی کە ئەودەم ڕێیان دەکەوتە مەهاباد، سەردانی قازی محەممەدیان دەکرد، ئەویش زۆر بەرێز و حورمەتەوە پێشوازی لێدەکردن. بنەماڵەی قازی ئەوەندە بۆ میسیونەمەزهەبیە ئەمریکییەکان باش بوون کە دوو ئافرەتی سەر بەو شاندە بە ناوەکانی "میس گۆدهارت" و "میس‌داڵ"[2] لە نێو خەڵکی شاردا بە ماڵی قازییان دەگوت ماڵی "بابمان".

لەهەر پێشهاتێک دا کە لە ساڵەکانی ١٣٠٠ ھ/١٩٢١ز هـەتا ١٣٢٠ھـ /١٩٤١ز دا لە مەهاباد[3] و موکریاندا قەومابایـە. قـازی محەممـەد و ئەبوولقاسـم سـەدری برای، دەبوونە دەمڕاستی خەڵک و تەواوی کاروباری کۆمەڵایـەتی، فەرهـەنگی و ئیداری؛ بەڕێنوێنی و ئاگاداریی ئەوان جێبەجێ دەکـرا. سـاڵی ١٣٠٧ی هـەتاوی

١- ئەو پردە یەکەم پردی سابلاغ و لە شوێنەوارەکانی بوداق سوڵتان، حاکمی کاتی مەهابادە، کە کەوتۆتە ڕۆژئاوای مەهاباد. ئەو پردە بێ ئەوەی کۆسپێک بێ لەبەردەم دروست کردنی بەنداوەکەی مەهاباد؛ لەلایەن بەرپرسانی ناشی و کارنەزانەوە تێکدرا.

١- ئەودوو ئافرەتە لە شاری مەهاباد، خزمەتێکی پزیشکی و دەرمانی فراوانیان ئەنجام داوە. یای میس‌داڵ هەتا ئاخری تەمەنی لەمەهاباد ماوە و شوی بە لاوێکی کورد کرد. دانانی پەیکەرێک لەو ژنە بەڕێزە و خزمەتگوزارە لە یەکێک لە شەقامەکانی مەهاباد، بە نیشانەی ئەمەگناسی، زۆر

١- دەڵێن مەهاباد ناوی ڕەردەستی پێغەمبەری خوردە و خویا ڕەردەست خوی لە باسووری خولی ورمێ لە دایک بووە.

/١٩٢٨زاینی کە بۆ یەکەمجار، کۆمەڵەی شێروخورشیدی سوور، لە مەهاباد، پێکهات؛ قازیمحەممەد پارچەزەوییەکی پێشکەشکردن کە دواتر نەخۆشخانەیەکی لێ سازکرا ئەو نەخۆشخانەیە نزیکەی چل ساڵ بووبە شوێنی و دەرمانی بۆ خەڵکی شار و دێهاتەکانی دەوروبەری. [کەچی بەشی دووهەم بەداخەوە نیست تێک ڕووخاوە]. قازی محەممەد لە سەرەتای دامەزرانی کۆمەڵەی شێروخورشیدی سوورەوە هەتا ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی بە ویستی خۆی سەرۆکایەتیی ئەو کۆمەڵەیەی وەئەستۆگرت و وێڕای کاروبارەکانی دیکەی ئەو خزمەتە ئینسانییە بەنرخەشی بەجێ دەگەیاند. ساڵی ١٣١٥ی هەتاوی بە فەرمانی ڕەزاشا ناوی شاری سابلاغی موکری کرا بە مەهاباد.

قازی محەممەد بۆ ئاگاداریی و تێگەیشتن لە وەزعی رۆژانەی جیهانی و نێو خۆی وڵات زۆربەی رۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی وەک: ڕۆژنامەکانی "شفق سرخ" و "اطلاعات" و گۆڤاری "پیمان"ی ئەحمەد کەسرەوی و گۆڤاری کوردیی گەلاوێژ ـ کە مامۆستا عەلادین سەجادی لە بەغدا دەری دەکرد؛ پەیدای دەکرد و دەیخوێندنەوە.

لە دوا نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی مانگی پووشپەڕی ١٣١٥ی هەتاوی ـ ١٩٣٦ زاینی دا، بارانێکی توند باری کرد و لافاوێکی ماڵ وێرانکەر لە مەهاباد هەستا کە بەشێکی زۆری ئەو ماڵانەی کە لەسەرڕێیە بوون، وێرانی کردن و کەل وپەلەکەیانی ڕادا و دووکان و بازاڕی شار، پڕبوون لە قوڕولیتە و خەسار و زیانێکی قەرەبوو نەکراوە وە خەڵک کەوت. ژمارەیەکیش خەڵک خنکان. قازی محەممەد بە سواری ئەسپ، زۆر بوێرانە چووە یارمەتیی خەڵک و چەند کەسێکی لە خنکان ڕزگار کرد.

خەڵکی مەهاباد ئێستاش ئەو سێلاوەیان لە بیر نەچۆتەوە و ئەو ساڵە بە "ساڵی سێلا" وەکە مەشهوورە. هەروەها لە سەرەتای سەربازگیری لە مەهاباد و

بۆکاندا، سەدری قازی ـ کە ئەندامی کۆمیسیۆنی سەربازگرتن و کەیخودای گەڕەک بوو ـ خزمەت و یارمەتیەکی کەم وێنەی بە خەڵکی وە زاڵە هاتووی ناوچەکە کرد کە ئێستاش بە ساڵاچووان فەرامۆشیان نەکردووە.
بانگ کردنی خەڵک بۆ سەربازی و سەربازگیریی کە ئەوکات پێی دەگوترا (ئیجباری) ترسێکی سەیری خستبوە دڵی خەڵکەوە. خەڵک بۆ دەربازبوونیان لە چنگی خزمەتی ئیجباری، پەنایان بۆ هەموو شتێک دەبرد. ئەوان چاکە و خزمەتێکی بەنرخ و لەبیر نەکراویان دەرحەق بە خەڵک کرد. ئەو دوو برایە (قازی محەممەد و سەدری قازی) هەرچی لە دەستیان هات و لە توانایان دابوو، لە پێناو بەرژەوەندیی خەڵکی ناوچەی موکریان و شاری مەهاباد دا، کردیان.

بەشی سێهەم

لە خەرمانانی ١٣٢٠ ەوە هەتا ١٣٢٦ی هـ/١٩٤١-١٩٤٧ی ز

نەتەوەکانی ئێران بە تایبەتی کورد لە ژێر دەسەڵاتی ڕەشی سەرەڕۆیانەی ڕەزاشادا بڕستیان لێ بڕابوو. نەتەوەی کورد لە ژێر گوشاری قورسی حکومەتی ڕەزاخانی دا، لە ژێر قەمچیی ژەندەرمە و پاسەوانی و لە دەربەدەری و کوشتار و تاڵان و بڕۆدا ببوونە جەستەیەکی بێ گیان کە برسی و تینوو؛ بێ ئەوەی ئاگاداری ژیانی شایانە خەڵکی وڵاتانی دیکەبن. لە گۆڕستانێکی بێ دەنگدا ژیانی کۆیلەتی و نەگبەتییان تێپەڕدەکرد. لەوەها هەڵ و مەرجێکدا بوو کە شەڕی دووهەمی جیهانی لە نێوان ئەڵمانیا، ئیتالیا و ژاپۆن بەناوی (بەرەی هاودەنگ) لەو لاشەوە بەریتانیا، فەڕەنسا، سۆڤیەت و بەرەی (هاوپەیمان) دەستی پێ کرد. سوپای ئەلمانی هیتلەری بەخێراییەکی سەرسوڕهێنەر وڵاتانی بەلژیک، هۆڵەندا، فەرەنسا، نەمسا، و بەشێک لە خاکی سۆڤیەتی داگیرکرد. هاوپەیمانان لە شەڕدا؛ بەمەبەستی یارمەتی گەیاندن و بە یەکێتی سۆڤیەت و

بەناوی دەرکردنی ئەلمانییەکان لە ئێران؛ کە بە هاوکاریی ڕەزاخان دەستیان بەسەر ئێران داگرتبوو، لە خەرمانانی ١٣٢٠ی هـ/١٩٤١ ز. دا هێزەکانی بەریتانیا لە ڕۆژئاوا و باشوورەوە و سوپای سۆڤیەت لە باکوورەوە سنوورەکانی ئێرانیان بڕی و بەشێکی بەرینی ئەو وڵاتەیان داگیر کرد.[1]

لێکهەڵوەشانەوەی ئەرتەشی پاشایەتی

بەهاتنی هێزەکانی بەریتانیا و سۆڤیەت، شیرازەی کاروباری دەوڵەتیی ڕەزاشا لێک ترازا و ئەو ئەرتەشی کە شاهەنشا ٢٠ ساڵ بوو بەشێکی زۆری سەرمایەی وڵاتی بۆ پڕچەک کردنی تەرخان کردبوو، خۆی ڕانەگرت و هەڵوەشایەوە. تەنانەت هێزە ئینتزامیەکانیش (ئاسایش). بۆی دەربازبوون. مامۆستا هەژار وتەنی:

١- یادداشتەکانی میرزا مەناف کەریمی

لەو هەل ومەرجە تایبەتییەی ئەوکات دا، هاوپەیمانان بۆ ڕاگواستنی تەقەمەنی و دابین کردنی پێداویستییەکانیان باشووری ڕۆژئاوای ئێرانیان (پارێزگاری سنە و کرماشان و ...) داگیرکربوو، حکوومەتی ئێرانیش ئەم ناوچەیەی چۆڵ کردبوو. لەو حاڵەدا دیاریکردنی سنووری کوردستان زۆر دژوار بوو. بەڵام کوردەکان لە هەموو شارەکانی کوردستاندا چالاکیان دەنواند و چالاکیی پروپاگەندەی خۆیان پەرەپێدەدا و لە شارەکانی دەوروبەر بەسەرنجدان بە هەژاری و کەم بوونی کات بۆ کردنەوەی قوتابخانەکان و ناردنی کتێبی کوردی بۆ قوتابیان و پێک هێنانی کتێبخانەی گشتی و نوژەن کردنەوەی ئەوشوێنانەی بەهۆی شەری دووهەمی جیهانییەوە کاوڵ ببوون گەلێک هەنگاوی باش و بەکەڵک هەڵگیرا. بەهۆی بوونی هێزی دەوڵەت لەو شارانە بە تایبەت کە لە باری سیاسی و نێو دەڵەتییەوە بەشێک لە ئێران لە ژێر دەستی ئەمریکا و ئینگلیسی دابوو، بەشێکیش لە ژێر دەسەڵاتی سۆڤیەت. هەربۆیە گۆرەپانی چالاکی یەکان بەرتەسک بوون. سەردەشت و بانە و سنە و سەقز بەدەست هێزی ڕژێمەوە بوون. بەو حاڵەشەوە شەپۆلی پروپاگەندەکان ئەوێشی گرتەوە و کاریگەریی بەرچاوی لەسەر ئەو ناوچانەدانا.

بەمجۆرە ئازادیخوازان و ئەو زیندانییانەی کە لە مێژ بوو لە چاڵە ڕەشەکانی ڕێژیمی ڕەزاخان دا بە تاوانی لاینگری لە دیموکراسی یا بە هەر بیانوویەکی دیکە، تووشی ئازار و ئەشکەنجە ببوون، لە بەندیخانەکان ئازاد کران. دوورخراوەکان کە زۆربەیان عەشیرەت و هۆزە کوردەکان بوون گەڕانەوە سەرماڵ و حاڵیان. زەبروزەنگی بیست ساڵەی دەسەڵاتی زاڵمانەی ڕەزاخان، کۆتایی هات و خەڵکی چەوساوەی ئێران، پشوویەکیان وەبەر هاتەوە و هەوای ئازادییان هەڵمژی و لە قەفەزی دیلێتی هاتنە دەرەوە لە شەققەی باڵیان دا. بە جۆرێک کە هێرشی هێزە بیانییەکان و داگیرکرانی وڵات لەلایەن بێگانەو بوردومانی شارەکانی کوردستانیان بەلاوە خۆشتر بوو لە دەسەڵاتی سەرەڕۆیی و پڕ لە سەرکوت و زەبروزەنگی ڕەزاخان و دەست و پەیوەندە زاڵمەکانی.
چونکە پۆلیس و ژاندارمە بێ بەزەییەکانی ڕەزاخان، بە لاسایی کردنەوەیەکی چەوت لە ڕۆژئاوا؛ تەنانەت نەیاندەهێشت خەڵک جل و بەرگی ڕەسەنی خۆیان بپۆشن و بە بیانووی یەکدەست کردنی فەرهەنگەکەی، بێحورمەتی و سوکایەتییەکی لە ڕادەبەدەریان بە ژنان و پیاوانی کورد دەکرد. هەر بۆیەش بە هەڵکردنی شنەبای ئازادی، خەڵک پشویەکیان وەبەر هاتەوە و تازە هەستیان بەوە دەکرد کە لە چ گرتووخانەیەکی سامناکدا گرفتار بوون و لە چ حاڵ و گوزەرانێکدا ژیاون. ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان لە سانسۆر ڕزگار بوون و بیرۆکەی ئازادی و باوەڕی سیاسی وەک شەپۆلێکی نوێ وڵاتی داگرت و هەر چوار گۆشە ئێرانی تەنییەوە. نەتەوەی کوردیش کە لە ژێر ستەمی لە ڕادەبەدەر ڕزگار ببوو پێشوازیی لە پێکهێنانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکەی واتە کۆمەڵەی ژ.ک کرد. لە لاپەڕەکانی دواتردا باس لەو کۆمەڵەیە دەکەین.
پاش ئەوەی سەربازەکانی ئێران لەلایەن هێزەبیانیەکانەوە چەک کران، گەڕانەوە بۆ شار و دێهاتەکانیان و ئەوانەی بە دڵ گەنجتربوون چەکەکانیان

دەگەڵ خۆیان بردەوە. سەربازەکانی سەربازخانەی سەردەشت کە پاش چەک کردنیان لەو پەڕی سەر لێشێواویدا کەوتنە بەرهێرشی عەشیرەتەکانی نێوان سەردەشت و مەهاباد؛ کاتی گەیشتنە مەهاباد، بە ئەمری قازی محەممەد دڵخۆشیان دراوە و بەوپەڕی دلۆڤانییەوە پارە و بژێوی ڕێگەیان پێدرا و ناردرانەوە بۆ شارەکانیان.

فرۆکەکانی سۆڤیەت شاری مەهابادیان بۆردومان کرد و چەند کەسێکیان کوشت و هێزەکانی سۆڤیەت شاریان گرت و چەکی سەربازە ئێرانییەکانیان داماڵی و چەک و چۆڵ و تەقەمەنییەکانیان لێ ئەستاند و دواتر شاریان بە جێ هێشت. ئەرکی پاراستن و بەڕێوەبردنی کاروباری شار و ئیدارەکانی مەهاباد، کەوتە ئەستۆی قازی محەممەد و براکەی کە ببونە پشت و پەنای خەڵک. ئەوان بەو پەڕی وردبینی و دڵسۆزییەوە خەڵکی مەهابادیان لە ڕووداو و ئەگەری هێرشی عەشیرەتەکان دەپاراست. عەشیرەتەکان هەموویان چەکدار بوون. حەمە ڕشیدخان ناوچەی سەقز و بانەی گرتبوو و لەوێ فەرمانڕەوایی دەکرد. شێخ لەتیفی کوڕی خوالێخۆشبوو شێخ مەحموودی بەرزنجی شاری سەردەشتی گرتبوو. سات بە سات ئەگەری هێرشی عەشیرەتەکان بۆ سەر مەهاباد و داگیرکردنی هەبوو. قازی محەممەد خۆی بۆ دابین کردنی ئاسایش و پاراستنی شار ئامادە کرد و شەوانە بەچەکەوە بەسەر شار ڕادەگەیشت وێڕای هاوکاری لەگەڵ بەرپرسان سەری لە پۆستی نیگابانییەکان دەدا و ڕێنوێنی دەکردن.

حەمە رشیدخان و بەگزادەکانی بانە بە گرتنی سەقز، ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆیان بەرفرەوانتر کردەوە و قازی محەممەد بە مەبەستی پاراستنی ئاسایش و هێمنیی مەهاباد و نیشاندانی هێز و بوێری خۆی و هەروەها بۆ پشتگیری لە دەستدرێژیی عەشیرەتەکان بۆ سەر مەهاباد، چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ

حەمەرەشیدخان کرد و بانگهێشتنی کرد بۆ مەهاباد و سەبارەت بە کاروباری داهاتووی ناوچەکە و ئەوکارانەی پێویستە بکرێن، ڕاوێژی دەگەڵ کرد.

گوتمان؛ یەکێک لە دەستکەوتەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی، بۆ خەڵکی ئێران و کوردستان؛ لاچوونی سێبەری ڕەش و نەگریسی دیکتاتۆریی پەهلەوی و ئازادی و ڕزگاریی خەڵک بوو لە کۆت و بەند و کۆیلایەتی. بیری خەڵکی ناوچە کە بە هۆی کۆتایی هاتنی زەبروزەنگی دەسەڵاتدارنەوە ئازاد ببو. بەو هوشیارییەی کە لە ئاکامی پسانی زنجیری کۆیلایەتی و دیلێتی، لە جەستە و ڕوحی میللەت بەرهەم هاتبوو، لە ئەنجامدا ببۆ هۆی ئەوەی ژمارەیەک لە ڕۆشنبیرانی مەهابادی بە کەڵک وەرگرتن لەو کەشە ئازادە، کەوتنە بیری ڕزگاری و یەکگرتوویی و یەکێتی لە نێوان خەڵکدا و پێکەێنانی حیزب و ڕێکخراوێک کە بتوانێ بۆداهاتووی ئەو نەتەوە هەژار و بەشخوراوە پاڵپشتێک بێ و دووبەرەکی و ناکۆکییەکان بکا بە یەکێتی و یەکگرتوویی و ئەو نەتەوە لێک بڵاوە بکەوێتە بیری ئازادی و دیاری کردنی چارەنووسی خۆی و پێکهێنانی دەوڵەتێک. بەو پێیە لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هـ/١٩١٤ز دا بە هاوکاری و هاوبیریی ژمارەیەک ڕووناکبیر بنەمای کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لە مەهاباد دامەزرا، ئەو کۆمەلەیە کە بە کورتی پێی دەگوترا، (ژ.ک) کۆمەڵە تەشکیلاتی نهێنی هەبوو. یەکێک لە مەرجەکانی ئەندامبوون لەو کۆمەڵەیەدا سوێند خواردن، بە قورئانی پیرۆز بوو.

کۆمەڵەی ژ.ك

دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (ژ.ک) بریتین لە:

عەبدولڕەحمان زەبیحی، حوسێن زێڕینگەران (فرووهەر)، مەلا قادری مودەڕیسی، عەبدولڕەحمانی ئیمامی، محەممەد یاهو، ڕەحمان حەلەوی، حەمەدەمین

شەرەفی، قاسم قادری قازی، مەلا عەولا داودی، محەممەد سەلیمی، ئەحمەد عیلمی، محەممەد نانەوازادە و عەزیز زەندی. لە هێندی نووسراوەشدا ناوی عەلی مەحموودی، محەممەد ئەسحابی، عەبدولڕەحمان کیانی و سەدیق حەیدەریش وەک دامەزرێنەرانی ژ.ک هاتووە. هەروەها میرحاج ئەحمەدیش لە لایەن کوردەکانی عێراق و حیزبی هیواوە لە کاتی پێکهێنانی ژ.ک دا حوزووری هەبووە.

بە بڕوای من، هەر ئەو سێزدەکەسەی یەکەم، دامەزرێنەری کۆمەڵەی ژ.ک بوون.[١]

بە هۆی ئەوەی خەڵک تێنووی ئازادی بوون، ئەم تەشکیلاتە نهێنییە زۆر بە خێرایی لە مەهاباد و شار و دێهاتەکانی دەوروبەری دا گەشەی کرد و لەبەر ئەوەی خەڵک ڕوویان لە ژ.ک کردو لەملاولا، باسی مەرامنامە و باوەڕ بە قورئان و ئەو سوێندانەیان کردبوو کە بە مەبەستی پێشکەوتنی کارەکان دەخوران، مەهاباد ببوو بە یۆتۆپیایەک. ئەندامانی کۆمەڵە یەکتریان نەدەناسی. بێجگە لە ئەندامانی شاخە کە سێ کەس بوون و ئاگایان لە ئەندامەتیی کەسی دیکە نەبوو. ئەو سەردەمی زۆربەی خەڵکی شار یەکتریان بە چاوی خوشک و برا چاولێدەکرد، تەبایی نێوان خەڵکی شار و بوونی ئاسایش بەبێ هێزی دەوڵەت وێڕای چەکدار بوونی خەڵک، جێی سەرسوڕمان بوو. هەستی یاریدەدەری و هاوبیری گەیشتبوە ئاستێک کە خەڵکی شار شەوانە دەرگای ماڵیان پێوە نەدەدا. دزی و دەست درێژی و ملهوڕی هەرنەبوو. (ژ.ک) ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەپێگرتوتر دەبۆوە. بەڕێوەبەرانی (ژ.ک) هەستیان بە بۆشاییەک لە نێو تەشکیلاتەکەیاندا دەکرد. چونکە هەتا ساڵێک پاش دامەزرانی (ژ.ک) قازی محەممەد کە هەروا بەسەر مەهاباد ڕادەگەیشت، نەببووە ئەندامی ژ.ک. بەڵام کادیری ڕێبەرایەتی

١- لە وتووێژێکدا کە دەگەڵ کاک د.ڕەحمان حەلەوی لە دامەزرێنەرانی ژ.ک هەمبوو؛ ئەویش لە سەر ئەو باوەرە بوو کە کاک عەبدولرەحمانی کیانیش لە دامەزرێنەرانی ژ.ک بووە.

کۆمەڵەی (ژ.ک) بەو هیوایەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان قازی محەممەد ببێتە ئەندامی کۆمەڵە، هێشتا شوێنی ئەندامی یەکەمیان بە بەتاڵی هێشتبووە و سەرەڕای ئەوەش، هەرکارێکی گرینگ لە شار و ناوچەدا پێش هاتبایە، هەربە ڕێنوێنی و یارمەتیی ناوبراو جێ بە جێیان دەکرد. هەتا ئەوەی چاوەڕوانییەکەیان وەدی هات و بە هاتنی قازی محەممەد بۆ نێو کۆمەڵەی (ژ.ک) زیاتر لە جاران پێگەی تەشکیلاتییان لە نێو خەڵکی موکریان و تەنانەت ناوچە کوردنشینەکانی دیکەش لە ئێران و عێراقدا پتەوتر بوو.

پێشهاتێکی چاوەڕوان نەکراو

پاییزی ساڵی١٣٢٠ی هەتاوی، بەریتانییەکان ژمارەیەک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی بۆکان، مەهاباد، سەقز و بانەیان بانگهێشت کردبوو بۆ بۆکان، بۆ وتوویژ لەسەر کاروباری ناوچەکە. هێشتا بانگهێشت کراوەکان بە تەواوی لە شوێنی دیاریکراو (میوانخانەی کۆنی بۆکان) کۆ نەببوونەوە و بەریتانییەکانیش دیارنەبوون لە ناکاو هەواڵ هات: ئەوە دوو ماشێن لە بەردەرکی میوانخانە وەستاوە و چەند ئەفسەری ڕووسی لێیان دابەزیون. هەڵبەت تائەوکات چەک هەڵگرتنی بە ئاشکر لەلای ڕووسییەکان قەدەغە بوو. بانگهێشت کراوانیش کە هەموان چەکدار بوون ئاڵۆزان و ویستیان چەکەکان بشارنەوە. بەڵام، فریانەکەوتن و ئەفسەرە ڕووسەکان هاتنەسەرێ و بە ڕووگەشی و مێهرەبانێیەوە سلاویان لە میوانەکان کرد و پێیان گوتن کە چەک هەڵگرتن لە ڕوانگەی ئەوانەوە شتێکی ئاساییە. ئەو قسەیە ئاوپرژێنێ دڵی ئامادەبوانی کرد. قەرار بوو سەدری قازی برای قازی محەممەدیش "خاڵی نووسەر" لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداربێ. هەروەها مامەگەورمم عەلی بەگی شێرزادیش بۆ بەشداریی ئەم کۆبوونەوەیە بانگهێشتن کرابوو. منیش لەگەڵیان بۆ دیتنی خاڵم

لەو کۆڕەدا بووم. ئەفسەری پایەبەرزی سۆڤیەت کە ناوی "سەلیم ئاتاکشی ئۆف" بوو، لەگەڵ هاوڕێ چەکدارەکەی کە کوردێک بوو بە ناوی "جەعفەرۆف" وێڕای دەربڕینی ئیزنی چەک هەڵگرتن و خۆشحالی لە چاوپێکەوتنی سەرۆک عەشیرەتەکان. گوتیان، ئێمە هاتووین برایانی کوردمان بۆ باکۆ و دیتنی سۆڤیەت بانگێشتن بکەین. داوایان لە بەشدارانی کۆڕەکە کرد، هەرچی زووتر بێنە مەهاباد و لەوێوە، لەگەڵ داوەت کراوەکانی تر بەرەو باکۆ وەڕی کەون.

سەفەر بۆ باکۆ

لەو سەفەرەدا سی کەس لە پیاوماقوڵان و سەرۆک عەشیرەتە کوردەکانی ناوچەکە، بۆ ماوەی دوو هەفتە لەگەڵ قازی محەممەد چوونە باکۆ.
مەبەستی ڕووسەکان لەو بانگهێشتنە ڕاگرتنی دڵی کوردەکان بوو، ئەوان بەو شێوەیە دەیانویست خۆیان بە دۆستی کورد لە قەڵەم بدەن و کوردەکان لە خۆیان نزیکتر بکەنەوە و نەهێڵن بەلای بەریتانییەکاندا بشکێنەوە. لەلایەکی دیکەوە کوردەکان و عەشیرەتەکانی دەوروبەری ورمێ، برێک دەگەڵ ئازەربایجانییەکان ناکۆکییان هەبوو؛ هەر بۆیەش میرجەعفەری باقرۆف، سەرکۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت دەیویست کوردەکان و ئازەرییەکانی ناوچەکە بپارێزێ بەڵام قازی محەممەد مەبەستی دیکەی هەبوو. ئەو دەیویست سەرنجی ڕووسەکان زیاتر بۆلای کێشەی کورد ڕابکێشێ و لە پێناو ئامانجەکانی (ژ.ک)دا کە ئازادیی نەتەوەی کورد بوو یارمەتیان لێ وەرگرێ.
قازی محەممەد بە هێنانەگۆڕی بۆچوون و داخوازییەکانی نەتەوەی کورد، توانیی تا ڕادەیەک سەرنجی میرجەعفەری باقرۆف ڕاکێشێ و ئەو ڕاستییە بسەلمێنێ کە کوردەکان خوازیاری ئامانجی گەورەتری وەک مافی ئازادی و دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانن.

هەر بۆیەش پاش گەڕانەوەی لە باکۆ، بەورەیەکی پتەوترەوە لە هەمبەر کێشە و ڕووداوەکاندا ڕاوەستا. قازی محەممەد لەگەڵ چەند کەس لە سەرۆک عەشیرەتەکانی مەنگوڕ و مامەش بەمەبەستی دڵ چاکردنەوە و نەهێشتنی ئەو کێشانەی هاتبوونە پێش، سەردانێکی ورمێی کرد و عەشیرەتەکانی دەڤەری وەرمێ لە دەمەقرەوکێشەی لەگەڵ ئازەرییەکان گێڕاوە. دابەزینی ئاستی شەڕ و کێشە ناوچەییەکان پێشاندەری لێهاتوویی و هێزی قازی محەممەد بوو، لە پێراگەیشتن بە کاروباری ناوچەکە و بووە هۆی ئەوەی کە لە باکووری ورمێی وە هەتا سەقز، هیچ تێکهەڵچوون و نێوان ناخۆشییەک لە نێوان کورد و ئازەری دا نەیەتەپێش.

پێشکەش کردنی چەك

پاییزی ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی ڕووسەکان بڕێکیان چەک و چۆڵ و تەقەمەنی هێنا بۆ مەهاباد و لە تەنیشت پردی سوور، واتە دیواری هێڵی بەنداوی مەهاباد بە لای رۆژئاوا هەڵیان ڕشت و قازی محەممەدیان لێ ئاگادار کردەوە. هەر ئەم شەوە تفەنگێکی برنەو و سەت فیشەکیان دا بە هەرکام لەو چوارسەت کەسەی خەڵکی مەهاباد کە لە پێشدا ناو نووسیان کردبوو. هەر ئەوشەوە بە دوو داشقە ژمارەیەک چەک و فیشەکیان هێنایە نێو شار، کە دواتر دران بەو کەسانەی بە پێویست زانرا.

هێرش بۆ سەر شارەوانیی مەهاباد

ڕۆژی ١٣٢٣/١١/٢٦ی هــ/١٩٤٤ز لە شاری مەهاباد لە کۆبوونەوەیەکدا کە لەلایەن چەند کەسێکی تووڕە و داخ لە دڵەوە بەمەبەستی دەرکردنی فەرمانداری کارتۆنیی مەهاباد بەناوی "سریع القلم" پێکهاتبوو، ژمارەیەک بە کەڵک

وەرگرتنی نابەجێ لە هەستی خەڵکی شار و بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو هێرشیان کردبۆوە سەر شارەوانیی مەهاباد و چەند پاسەوانێکیان کوشتبوو. دارایی و مێز و کورسیی شارەوانییان لەت و پەت کردبوو. ئەم ڕووداوە ڕەنگدانەوەی ناخۆشی لە نێو خەڵکی تاراندا هەبوو. خەڵکی مەهاباد بە نهێنی ببوونە ئەندامی (ژ.ک) پاراستنی ئاسایشی شار و پێکەێنانی کەشێکی هێمن و بێ قڕەیان لا، لە هەموو شتێک گرینگتر بوو. ناو شاریان کرد بە ناوەندی ڕاستەقینەی کوردستان و جێی هیوای نەتەوەی کورد و سەرپەنای هەژارانی ناوچەی موکریان. هەر بۆیە بە دڵ لەو ڕووداوە ناڕەحەت و قەڵس بوون و بەرپەرچی ئاژاوە چییەکانیان دایەوە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ پارێزگاری ئەوکات

قازی محەممەد کە لەهەر پرس و ڕووداوێکدا تێگەیشتوویی و لێهاتوویی خۆی دەردەخست و مەزنی و ئیعتیباری بنەماڵەی قازی کە لە مێژ ساڵەوە پشت و پەنا و پەسیوی هەژارانی کوردستان بون؛ بەرزتری دەکردەوە و هۆگری و سەرنجی پڕ لەڕێزی خەڵکی موکریانی زیاتر بەرەو خۆی ڕادەکێشا و لێهاتوویی خۆی لە ڕێبەری کردنی نەتەوەکەی داباشتر دەسەلماند. پاش ئەم ئالۆزییانەی دەوری ورمێ لەلایەن "شاوە" کە تەنیا ـ ناوی مابوو، خەلیل فەهیمی، وەزیری ڕاوێژکار کە کرابووە پارێزگاری ئازەربایجان، بەمەبەستی تاوتوێکردنی کێشەکان، هاتە ورمێ و مەهاباد و لە شاری مەهاباد لەلایەن قازی محەممەدەوە بەگەرمی پێشوازی لێکرا.

قازی محەممەد مەزلوومییەت و هەژاریی نەتەوەی کوردی بە درێژایی دەسەڵاتەکانی قاجار و پەهلەوی بۆ ئاغای فەهیمی شێ کردەوە و پێی گوت:

سەردەمی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری بەسەر چووە و باشتروایە، دەوڵەتی ئێران سەرنجێکی زیاتر بداتە ناوچە بۆ بەشە کوردنشینەکان و خەمێکیان لێ بخوات.

قەبووڵی ئەندامەتی لە (ژ.ک)دا

قازی محەممەد بە قبوولکردنی ئەندامەتیی (ژ.ک) بەناوی خوازراوی بینایی؛ بایەخ و ئیعتباری چالاکییە نەتەوەییەکانی بە لووتکە گەیاند و مەهابادی کرد بەناوەندی ئازادیخوازی و چالاکیی سیاسی و کوردستان. هەربۆیەش ئازادیخوازانی کورد لە وڵاتانی تورکیا، سووریە و عێراقەوە بۆ دیتنی مەهاباد و چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێوەبەرانی کۆمەڵەی (ژ.ک) دەهاتنە ئەم شارە. دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانیش، فەسڵێکی تایبەتییان بۆ مەهاباد و میللەتی کورد کردبۆوە.

پێویستە ئەوەش بڵێم کە قازی محەممەد لە ماڵی مام ئەحمەدی ئیلاهی[1] ڕێورەسمی سوێند خواردن بە قورئانی پیرۆز و ئەندامەتیی (ژ.ک)ی بە جێ هێنا.

چالاکیەکانی (ژ.ک)

کۆمەڵەی (ژ.ک) پاش دامەزراندی لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هـ/١٩٤٢ی ز دا لە مەهاباد، دەستی کرد بە چالاکی و بە هۆی تامەزرۆیی خەڵک بۆ ئازادیی دەگەڵ پێشوازیی خەڵکی شار و ناوچەکە ڕووبەڕوو بۆوە. هەڵسوکەوت و ئاکاری

١- ڕەحمانی رەسوڵی برای دڵشادی ڕەسوڵی لەسەر ئەو بروایە بو کە قازە محەممەد لە ماڵە بابی وان، [illegible]

ئەندامانی (ژ.ک) و ئەو عەشق و ئەوینەی بە چارەنووسی خەڵکیاندا بوو؛ بە ئەندام بوون لە (ژ.ک) دا شانازییەکی مەزن بوو کە سەرەڕای نهێنی بوونی چالاکیەکانی؛ دەکرێ لە هەلسوکەوت و ڕەوشت پاکی و برایەتیی ئەوانەی ئەندامی (ژ.ک) بوون تێ بگەین کە پەیوەندی و ڕەفتاریان لەگەڵ خەڵک و هاوولاتیان زۆر مرۆڤانەبوو. تەواوی ئەندامانی (ژ.ک) نیشتمان پەروەر و ئازادیخواز بوون و لایەنگری بیری کومۆنیستی نەبوون.

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٢٠ی هـ/١٩٤١ی ز دا عەلی ئاغای ئەمیر ئەسعەدی دێبوکری لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە کرا بە قایمقامی مەهاباد. بەهۆی پێشینەی دۆژمنایەتیی عەلی ئاغا لەگەڵ بنەماڵەی قازی خەڵک، هاوکارییان نەدەکرد. بۆیەش ماوەی قایمقامیە تیەکەی زۆری نەخایاند و ناچار بوو وازی لێبێنێ و شار بە جێ بێڵێ. پاش ڕۆیشتنی ناوبراو ئاغای (سریع القلم) کرا بە قایمقامی مەهاباد کە ئەویش هەر بەناو قایمقام بوو، ئەگەر یارمەتیی قازی محەممەد و سەدری قازی نەبایە نەیدەتوانێ تەنانەت تاقە ڕۆژێکیش لە مەهاباد بمێنێتەوە. شار لە ڕاستیدا کەوتبۆوە دەستی قازی محەممەدە کاروباری شار، بەتایبەتی دابین کردنی هێمنی و ئاسایش لە ژێر چاودێریی ئەودا بوو.

شانۆی دایکی نیشتمان

ڕووداوەکانی سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی و ئازادی خەڵک و هەڵکەوتنی ئەم ناوچەیە لە نێوان ناوچە داگیرکراوەکانی ژێردەسەڵاتی ڕووس و بەریتانیا

و داگیر نەکرانی ئەم بەشە، دەرفەتێکی زێڕینی ڕەخساند بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی بیرۆکەی ئازادیخوازیی و چالاکییە هونەرییەکان. یەکێک لەو چالاکیە هونەرییانەی کە ئەوکات کەوتەبەر سەرەنج و پێشوازیی خەڵک بەڕێوەبردنی شانۆی "دایکی نیشتیمان" بوو کە کاریگەرییەکی قووڵی لە سەر هەستی نەتەوایەتیی خەڵک و ڕاکێشانیان بەرەو نیشتیمان پەروەری دانا.

چەند شاری دیکەش پێشان درا.[١]

١- یادداشتەکانی میرزا مەناف کەریمی

ئێستاش کە ئێستایە نەمزانی کێ یاچ کەسانێک ئەو شانۆیەیان نووسی. ئەو جۆرەی لێرەولەوێ بیستوومە، پاش تێک چوونی حکوومەتی ڕەزاخان لە ١٣٢٠، کۆمەڵێک لاوی مەهابادی لەو برە ئازادییە کەڵکیان وەرگرت و جارەناجارێک کۆ دەبوونەوە و شانۆی دایکی نیشتیمانیان بەزمانی کوردی پێشکەش دەکرد. دایکی نیشتیمان بە شێوەیەکی دڵتەزێن لە حاڵێکدا کە دەستەکانی کەلەپچەیان لێدرابوو و ئەژنۆکانی دەلەرزین و هێزی ڕۆیشتنیان نەبوو. دەهاتە سەر "سێن" و بەشداران بە دیتنی ئەو وەزعە دڵتەزێنەی دایکی نیشتیمان، دڵیان پردەبوو. بە تایبەت بە بیستنی دەنگی خەمهێنەری منداڵەکانی، فرمێسکیان (رێچکەیان) دەبەست. دیتنی ئەو دیمەنە دڵتەزێنە کاری دەکردە سەر هەستی بەشداران. دەقی شانۆ نامەکە، لەو پێنج بەیتە شیعرەی مامۆستا هەژار وەرگێرابوو:

ڕاوکەری بەدخوو؛ خوێن ڕێژی خوێن خۆر ئێوەبن خودا؛ بەسە زوڵم و زۆر
لـــــە ژێـــــر بالـــــر بالـــــم دا، ڕای مـــــەپـــــەرێنـــــن هێلانەکەمـــــان، لێ مەروخێنن
دەنـــدووکی شـــــووشی، شووشەی گـیانمە خـــــەت و خالـــــەکەی، حـــــەزی گیانمە
مـــن لـــــە مـــــەرگی خـــــۆم، دلـــــم ئێش ناکا بـــــەلام دەترســـــم، تـــــیر و خەتاکا
نـــەدەیتـــــە لـــــە خـــــۆم، ڕۆلـــــەم بـــــەرکەوێ جـــــەرگم بـــبرێ لـــــە شیـــــرین خەوێ

←

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە عێراق

یەکێک لە بەرنامەگرینگە سیاسیەکان پێکهێنانی حیزبی دیموکرات لە کوردستانی عێراق بوو کە پێشتر لقێکی کۆمەڵەی (ژ.ک) و حیزبی ڕزگاری و

شاعیر چیرۆکەکە ئاوا دەگێڕێتەوە کە باڵندەیەک لە نێو لک و پۆپی دارێک دا هێلانەی چێ کردووە و لەوێدا بێ خەفەت جووجەڵەکانی بەخێودەکات. جووجەڵە وردە وردە خرۆکە دەبن و بەسەر و گویلاکی یەکتردا دەچنەسەر. دایکە بەهەر چەرمەسەرییەک بێ، بژیوی رۆژانەیان بۆ پەیدا دەکا و ئاگای لێیانە. لە نەکاو سێ چوار ڕاوچی دێنە ئەوێ. ئەو تێدەگا ڕاوچییەکان هەموو وڵات گەڕاون، هەتا ڕێیان کەوتۆتە بن ئەو دارەی هێلانەی جووجەڵەکانی لێیە. دایکی جوجەکان ئۆقرەی لێدەبڕێ. یەکێک لە ڕاوچییەکان

خوشەویستەکانم لە ژێرباڵمدا خەوتوون. ئەو هێلانەیەمان لێ کاول مەکەن بە خوێنی دڵ سازمان کردووە. دەنووکی سووری جووجەڵەکانم شووشەی تەمەنمن. خەت و خاڵی باڵەکانیان ئۆخژنی ژیان و گیانمن. من لە مەرگی خۆم ناترسم. دەترسم تیرتان سەربکا و جووجەڵەکانم بپێکێ ـ لەو خەوە شیرینە "بێ بەشیان مەکەن". ئەوەی ڕۆڵی دایک دەگێڕێ ئەکتەر عەولای نەهری بوو کە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی کۆچی دوایی کرد. ئەو لە جل و بەرگی دایکانە بە دەنگێکی زوڵاڵ و بە هەوایەکی خەمناک و غەریب ئەم شێعرانەی بۆ ڕاوچیان دەخوێندەوە و دەگریا. کاک عوبەیدیللای ئەیووبیان و سیروس حەبیبی ڕۆڵی منداڵەکانیان لە ئەستۆ بوو. تەمەنیان ١٣ و ١٤ ساڵانە بوو ـ سیروس حەبیبی مێر منداڵێکی ژیکەڵە بوو کە بە دەنگە هەست بزوێنەکەی بیسەرانی دەهەژاند. شمەکێکی لە وێنەی پەپوولە لە بەردا بوو، دەستە چووکە و ژیکەڵەکانی بەرەو ئاسمان هەڵدێنا و ئەو شێعرەی حاجی قادری کۆیی دەخوێندەوە:

ئەی بێ نەزیر و هاوتا، هەرتوی کەبەر قەراری　　　بێ دار و بێ دیاری، بێدار و پایەداری

بە گفت و لفتێکی منداڵانە و دلێرانە داوای لە خودا دەکرد کە دایکیان ڕزگار بکا. کروزانەوەی منداڵانەی ئەوەندە خەمناک بوو کە دڵی بەردی دەتواندەوە. بەشێکی زۆری سەیرکەران وەگریان دەکەوتن. شانۆکە لە حەوشەی خانووبەر یەکدا بەڕێوە دەچوو بۆیەش دەروجیرانانیش لە دیتنی بێ بەش نەدەبوون. ژنان و کچان کە لە سەربانانەوە ئەم دیمەنانەیان چاو لێدەکرد، خۆیان بۆڕانەدەگیرا و لە کلپەی گریانیان دەدا. هەرکەس دیتبای دڵی پڕ دەبوو. منداڵانی دایکی نیشتیمان دەچوونە بن پیلی و هەڵیاندەستاندە سەرپێی و منداڵانە دەیانلاواندەوە و ماچیان دەکرد و دڵخۆشییان دەداوە، بۆ وەی بە غیرەت و پشتگەرمیی ئەوانەوە دایکی نیشتیمان لە چنگی ڕاوچییان ڕزگاری بێ. ئەو شانۆیە لە شارەکانی نەغەدە و شنۆ و بۆکانیش نمایش کراو دەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵک ڕووبەڕوو بۆوە.

چەند حیزبی دیکە لەوێ چالاکییان نواندبوو. لەسەر پێشنیاری ژەنەراڵ بارزانی، هەمزە عەبدوڵڵا کە کوردێکی چالاک و ئازادیخوازی عێراق بوو، بۆ دامەزراندنی حیزبی دیموکرات کە دواتر ناوینرا پارتی دێموکراتی کوردستان؛ چووە عێراق و لەوێ تەشکیلاتی حیزبی پێکهێناو ڕێکی خست.

نەریتی میرمیرێن[١]

لە نەریتە دێرینەکانی کە لە یەکەم ساڵی پاش ڕووخانی ڕەزاخان و ڕزگاری خەڵک لە زەبروزەنگی پەهلەوی لە مەهاباد زیندووکرایەوە، نەریتی میرمیرێن بوو. نەتەوەی کورد لەو کاتەوە دەسەڵاتە ناوچەییەکانی خۆی لە دەستدا بوو و لە ژێردەستی و کۆیلەتیدا دەژیا، بۆ زیندوو ڕاگرتنی بیرەوەریی سەردەمی دەسەڵاتدارێتیی خۆی، ئەم نەریتە کۆن و نەتەوەییەی لەکاتی نەورۆزدا بەرێوە دەبرد. لەم ڕێوەڕەسمەدا کەسێکیان بە ناوی "میر" هەڵدەبژارد لە ماوەی ئەم چەند ڕۆژە دەسەڵاتدارێتییەدا میر هەر فەرمانێکی دەرکردبا، بێ ئەملاو ئەولا بەڕێوە دەچوو، میر دوو وەزیر و دوو یاریدەدەر و میرغەزەب و ئیشکەڕن و ژمارەیەک دەستو پێوەندی هەبوو کە فەرمانەکانیان بەڕێوە دەبرد. هەر لەو ساڵەدا بە هیممەتی لاوان شانۆی "میر میرێن" دەرهێنرا و بەڕێوەچوو. بەڕێوەچوونی ئەم شانۆیە هەستی خەڵکی زیاتر دەبزواند و نەیارانی تووڕە دەکرد. تەنانەت لە ڕۆژنامەکانی تاراندا دەنگدانەوەی بوو. کاربەدەستانی دەوڵەت و زۆربەی ڕۆژنامەکانی تاران بە ناڕەزایەتی و قەڵسی لە میری مەهاباد دوان و کوردەکانیان لۆمە کرد.

١- میرمیرێن mir-miren لە نەریتەکانی کۆنی کوردییە، کاک عوبەیدیللای ئەیوبیان لەو بابەتەوە وتارێکی بە پێزی نوسیوە. هەروەها لە ئەدەبیاتی کلاسیکی ئێرانیش باسی لە سەر کراوە.

ڕۆژنامەی "کۆهستان" کە بە سەرپەرستیی ئیسماعیلی ئەردەڵان لە تاران دەردەچوو و خوێنەریشی زۆر بوون لە سەروتارە بەناو بانگەکەی خۆیدا لە ژێر ناوی (گاڵتە بە میری مەهاباد مەکەن) پشتیوانی لێ کردبوو.

ڕێکخستنی تەشکیلاتی پێشمەرگە

یەکێک لە گرنگترین کردەوەکانی مێژووی نەتەوەی کورد، پێکهێنانی هێزێکی ڕێک وپێکی نیزامی، بەناوی "هێزی پێشمەرگە" بوو. کە ڕۆژی ١٣٢٤/٩/٢٦ی

هێزە نیزامیەکانی کوردستان کە هەتا ئەوکات بە شێوەی چریکی پەرش و بڵاو بوون، ڕێکخران و نیزامیەکان واتە پێشمەرگەکانی کوردستان لە سەربازخانەی مەهاباد دا بە شێوەیەکی ڕێک و پێک و لە ژێر چاوەدێریی ئەفسەرە کوردە عێراقی و ئێرانییەکاندا دەستیان کرد بە ڕاهێنان و مەشقی نیزامیی لاوانی کورد بە دەبەر کردنی جل و بەرگی تایبەتیی پێشمەرگایەتی بە شێوەی سەرنجراکێش و ڕێک و پێک لە سەرانسەری کوردستانی ئازاد دا دەستیان بە کارکرد و بۆ پاراستنی کوردستان و دەستکەوتەکانی نەتەوەی کورد ئامادەی گیان بەخت کردن بوون.

بە فەرمانی قازی محەممەد کە سەرۆکایەتی و فەرماندەیی هێزەکانی کوردستانی دەکرد، لەلایەن وەزارەتی هێزی پێشمەرگەوە (وەزارەتی بەرگری)، چوار سەرۆک عەشیرەت پلەی ژەنەراڵیان پێدرا کە بریتی بوون لە:

١- حەمە حوسین خانی سەیفی قازی، وەزیری هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

٢- مەلا مستەفای بارزانی ـ سەرۆک عەشیرەتی بارزان

٣- حەمە رشید خانی بانە

٤- عومەر خانی شکاک ـ سەرۆکی عەشیرەتی شکاک

کوردستانی سەربەخۆ لە ئازەربایجان

پێکهاتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان زاڵبونی بەسەر ناوچەی ئازەربای ژێردەسەڵات و پشتیوانیی دەوڵەتی سۆڤیەت و دامەزرانی پەرلەمانی میلیی ئازەربایجان و گەرمبوونی دۆستایەتیی کوردستان و ئازەربایجان؛ یەک لە دوای یەک ڕوخساری ناوچەکەیان بە تەواوی گۆڕی.

ئازەربایجانییەکان دەیانویست بە یارمەتی و پشتیوانی دەوڵەتی سۆڤیەت؛ دەست بە سەر هەموو ناوچەی ئازەربایجاندا بگرن کە بەپێی دابەشکاریی جوغرافیایی سیاسی دەوڵەتی ئێران، بەشێکی لە ناوچە کوردەکانیش دەگرتەوە. بەڵام ئەم "تێزە" لەگەڵ دژایەتی کردنی خەڵکی ناوچە کوردنشینەکاندا ڕووبەڕوو بۆوە. پاش دووجار سەفەری قازی محەممەد و وەڤدی هاوڕێی بۆ باکۆ و چاوپێکەوتن و وتووێژ دەگەڵ میر جەعفەر باقرۆف؛ ئەم گەلاڵەیەی ئازەرییەکان جێی نەگرت و ناچاربوون پەیمانی هاوکاری و دۆستایەتی ببەستن.

قازی محەممەد پاش گەڕانەوەی لە دووهەمین سەفەری خۆی بۆ باکۆ؛ پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕێبەرانی ئازەربایجان چڕترکرد، تەنانەت لە ڕێ و ڕەسمی دامەزرانی پەرلەمانی میللی ئازەربایجاندا لەسەر پێشنیاری ڕووسەکان چەند کەسێکی بۆ بەشداری لە دانیشتنەکانی پەرلەمانی ئازەربایجان ناردە تەورێز و بۆ خۆشی چەند جار بە مەبەستی هاوکاری و وتووێژ چووە تەورێز. هەتا بۆی لوابا لە پەیوەندیی لەگەڵ ئازەربایجان خۆی نەدەبوارد. لە دانیشتنێکدا کە لە کۆتایی ساڵی ١٣٢٤هەتاوی دا لە ناوەندی فەرهەنگیی ئازەربایجان و سۆڤیەت (madanyat ewy) لە باخی گوڵستانی تەورێز پێکهات، قازی محەممەد و حەمە حوسێن خانی سەیفی قازییش بانگهێشت کرابوون لەو دانیشتنەدا باسی مەسەلە و کاروباری ئێران و ئازەربایجان و پەیوەندیی

کوردستان و ئازەربایجان هاتە گۆڕێ، نێردراوانی پایەبەرزی سۆڤیەت لە تەورێز لەوێ بوون. ئازەربایجانییەکان خوازیاری ئەوە بوون قسە و ویستەکان لەگەڵ حکوومەتی ناوەند بکرێنەیەک و لە بنەوە و بە نهێنی دەیانویست داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان و ویستەکانی تەشکیلاتی ئازەربایجان ببنەیەک و کوردستان ببێتە بەشێک لە ئازەربایجان. پێشەوا قازی محەممەد بۆ خوێندنی نوێژی شێوان وەدەرکەوت، پاش بە جێهێنانی نوێژەکەی گەڕایەوە و بە تێروتەسەلی باسی لە داخوازییەکانی نەتەوەی کورد و خەباتی چەند ساڵەیان لە پێناو ئازادیدا کرد و ئەو هەزاران شەهیدەی لێی کەوتۆتەوە و دژی ئەو بیبرۆکەیە وەستا کە پەیڕەوی لە ئازەرییەکان بکەن. بەڕێزیان هەروەها باسی لە تێکۆشانەکانی نەتەوەی کورد لە پێناو دەستەبەرکردنی ئازادی و مافی دیاریکردنی چارەنووس کرد و وەک بەڵگەش ئاماژەی کرد بە خەباتی نەتەوەی کورد لە تورکیا و عێراق کە لەلایەن ژەنەڕاڵی قونسوولی سۆڤیەتەوە، قسەکانی پەسەندکران. لە پاشان حەمە حوسین خانی سەیفی قازی ئاماژەی بە کورتەیەک لە مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد لە پێناو بەدیهێنانی ویستە نەتەوەییەکاندا کرد و زۆر بە سادەیی و خۆمانە ڕووی لە قولیۆف وەیس قونسولی سۆڤیەت کرد و گوتی: تۆ خوا مەماندەنە دەست ئەم و ئەو؛ لێمان گەڕێن سەر بەخۆو لەسەر پێی خۆمان ڕاوەستین. قولیۆف و ئازەربایجانیەکان بەو قسەیە تێک چوون، محەممەد بیڕیا وەزیری فەرهەنگی ئازەربایجان لەوەڵامدا گوتی: جەنابی سەیفی قازی؛ ئازەربایجانی خاوەنی قارەمان گەلێکی وەک: ستارخان، باقرخان و شێخ محەممەدی خیابانییە و ئێمە هەمیشە کوردەکانمان وەک برای خۆمان خۆش ویستووە.

شایەنی باسە؛ ئەم دانیشتنە بێ ئەوەی ئاکامێکی دڵخوازی لێ بکەوێتەوە کۆتایی هات.

هاتنی بارزانییەکان بۆ مەهاباد

هاتنی بارزانییەکان و ئازادیخوازانی دیکەی کوردستانی عێراق بۆ کوردستانی ڕزگار کراو، هیوا بەخش بوو. مەلا مستەفا بارزانی و عەشیرەتی بارزان و ڕووناکبیرانی دیکە و لایەنگرەکانی کە بۆدابین کردنی ئازادی و مافی دیاری کردنی چارە نووسی کوردەکانی عێراق و ڕزگارییان لە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عەرەب و دەست و پێوەندی بەریتانیا خەباتیان دەکرد؛ بە هۆی هێرشی هێزەکانی عێراق کە ڕاستەوخۆ لەلایەن بەریتانیاوە پشتگیری دەکران و لەبەر ئەوەی فڕۆکە جەنگیەکانی بەریتانیا هێزەکانی بارزانی و دێهاتەکانی بەو پەڕی دڕندەییەوە بوردومان دەکرد، شۆڕشگێڕانی کورد و "عەشیرەتی بارزان"ی ناچار کرد، نیشتیمانەکەیان بەجێ بهێڵن و پەنابەرنە بەر کوردستانی ڕزگار کراو و خاکی ئێران ـ سەرەڕای عەشیرەتی بارزان، ژمارەیەک لە ئەفسەرە کوردەکان کە خوێندنی نیزامییان لە کۆلێژەکانی ئەفسەریی عێراق و بەریتانیادا تەواو کرد بوو، هاتنە کوردستان.

عەشیرەتی بارزان لە ئاواییەکانی دەووربەری شنۆ، سندوس، مەهاباد و بۆکان نیشتەجێ کران. شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا لە مەهاباد گیرسانەوە و دواتر شێخ ئەحمەد چووە نیزیک شاری شنۆ و لە پاشان مەلا مستەفا بارزانی و هێزە چەکدارەکانی چوونە نێو هێزی پێشمەرگە و وەک هێزی نیزامیی بە ئەزموون و لێهاتوو بوونە پاڵپشتی حکوومەتی نەتەوەیی کوردستان.

گۆڕینی ناوی کۆمەڵەی (ژ.ک) بە حیزبی دیموکراتی کوردستان

لە دووهەمین سەفەری قازی محەممەد و هاوڕێکانی دا بۆ باکو و چاوپێکەوتن و وتووێژی لەگەڵ میرجەعفەری باقرۆف، سەرکۆماری ئازەربایجان؛ وێڕای

لێکدانەوەی بارودۆخی نێو نەتەوەیی باسی گوشاری دەوڵەتەکانی ئەمریکا و بەریتانیا بۆ سەر وڵاتی سۆڤیەت لەبەر پشتگیری ڕووسەکان لە ئازەربایجان و کوردستان کرا و قازی محەممەد پاش گەڕانەوەی لەگەڵ بەڕێوەبەرانی (ژ.ک) دانیشت و باسی لەوە کرد کە کوردستان بۆ ئەوەی بە دەستێکی ئاوەڵاترەوە کاربکا و هەنگاوی بەجێتر و گونجاوتر هەڵگرێ، بە چەشنێک نەبێتە هۆی ورووژاندنی وڵاتانی ئێران و تورکیا و عێراق و هەروەها بۆ کەمڕەنگتر کردنەوەی دستێوەردانەکانی وڵاتانی بەریتانیا و ئەمریکا و دژایەتی کردنیان لەگەڵ داخوازییەکانی نەتەوەی کورد، بڕیارياندا لەو هەل و مەرجە تایبەتەدا جارێ واز لە مەسەلەی کوردستانی گەورە بێنن (بێ دەنگەی لێڕاکەن) و بە وەرگرتنی خودموختاری لە چوارچێوەی ئەوکاتی ئێران دا و بە گۆڕینی ناوی کۆمەڵەی (ژ.ک) بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و داوای دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان ڕازی و قایل بن. ئەگەرچی بەشێک لە هاوڕییان ڕازی نەبوون ئەم ناوە بگۆڕێن. بەڵام پاش لێدوانی قازی محەممەد لەسەر بارودوخی سیاسیی ئەوکات و بەسەرنجدان بەو ڕاستییە کە داوای سەربەخۆیی کوردستان لەوەها هەل ومەرجێکدا لەلایەن هیچ هێزێکەوە، پشتگیریی لێ ناکرێ و ئەمریکا و بەریتانیا پشتیوانییان لە دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق دەکرد کە ئەم وڵاتانە دژی هەر چەشنە سیاسەتێک بوون کە ڕای سۆڤیەتی لەسەر بوایە. هەروەها بەهۆی لاواز بوونی سۆڤیەت کە تازە لەژێر زەبری کاولکاری ئەلمانیای نازیدا هەستا بۆوەو لە بواری ئابووری و بژیو و چەک وچۆڵەوە تەواو چاوی لە دەستی ئەمریکا بوو و نەیدەتوانی یا نەیدەویست بە ڕاشکاوی یارمەتیی کوردەکان بکاو لەو زیاتر ئەمریکا و بەریتانیا بکا بە دوژمنی خۆی. بۆیە ناچار بوون ئەم ناوگۆڕین و تاکتیک گۆڕینە، قەبووڵ بکەن و پلان و ویستەکانی خەڵکی کوردستان لە هەشت بڕگەدا ڕاگەیەندرا و لە خەزەڵوەری

١٣٢٤ی هـ/١٩٤٥ی ز دا بەیاننامە حیزبی دێموکرات کوردستان بڵاوبۆوە و پاش هەفتەیەک یەکەمین کۆنگرەی نوێنەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد پێکهات لەو کۆنگرەیەدا بەدەنگی نوێنەرانی بەشدار و سەرۆک عەشیرەت و کادری ناوەندیی حیزب و بە کۆی دەنگ قازی محەممەد وەک ڕێبەری حیزب و پێشەوای نەتەوەی کورد هەڵبژێردرا.

هەروەها ساڵی ١٣٢٤ی هـ/١٩٤٥ی ز هەڵبژاردنی خولی چواردەی مەجلیسی شورای میللی ئێران لە مەهابادیش وەک بەشەکانی دیکەی ئێران بەڕێوەچوو. لەو هەڵبژاردنەدا جەنابی ئەبولقاسمی سەدری قازی برا گچکەی قازی محەممەد، وەک نوێنەری دەرەوەی چواردەهەم هەڵبژێردرا.

کۆماری کوردستان

گرنگترین و بێوێنەترین ڕووداوی مێژووی نەتەوەی کورد؛ دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بە ڕێبەری بە توانای قازی محەممەد لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هـ/١٩٤٥ی ز دا بوو.[١]

١- یادداشتەکانی میرزامەناف کەریمی

لە ڕۆژی ٢٨ی بەفرانبارەوە واتە ٣ی ڕۆژ بەر لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی شارەکانی کوردستان پێکەاتوو لە عەشیرەت و هۆزی جۆراجۆر و دێهاتی؛ لەدوور و نزیکەوە، بەو تووش و سەرمایەی زستانێ و بەوپەڕی دڵپاکییەوە وردە وردە هاتنە مەهاباد. نیشتیمانپەروەری وای لەو خەڵکە تاسەبارە کردبوو کە پەلەپەلی زوو گەیشتنیان بوو. هەر دەستە و تایەفە و هۆز و عەشیرەتێک بەڕووگەشییەوە؛ ئالا بەدەست و بەدەنگی دەهۆڵ و زورنا لە پێش سوار و پیادەوە بە دروشمی بژی کورد و کوردستان؛ هاتنی خۆیان ڕادەگەیاند. خەڵکی مەهابادیش بەو پەڕی دڵئاواییەوە بە پێشوازییانەوە چوون و میواندرایێتیان کردن. ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان گەیشت. ئەگەرچی چەند ڕۆژ پێشتر بەفرێکی قورس باریبوو هەوایەکی تووش و هەور و هەڵابوو؛ بەڵام ئەو ڕۆژە تاو و بانێکی خۆش بوو؛ تیشکی خۆر دیمەنێکی تایبەتی بە دەشت و کێوان بەخشیبوو. وەک بڵێی سروشتیش هاتبێتە یارمەتیی خەڵک. شەقام و سەردەرانەی دەرگای دایرەکان وماڵان بە ئاڵا ڕازابوونەوە. دەنگی گۆرانیی ڕەسەنی

ئەویٚ ڕۆژی لە بەشێکی گۆڕەپانی چوارچرا ٣٠٠ پێشمەرگە بە کۆرسی موزیکی نیزامییەوە کە لە پێشیانەوە بوو ڕاوەستابوون، خەڵکی بێ ئۆقرە چاوەڕێی هاتنی بەڕێزیان بوون. دوایی لە حاڵێکدا ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بە جل و بەرگی فەرمییەوە لە پشتەوەی قازی محەممەدەوە دەهاتن. بە هەنگاوی قایم و

[illegible]

جەماوەر لەگەڵ دەنگی موزیکی مارشی نەتەوەیی ئاسمانی شاری تەنیبوو. لەو کاتە، شارەوانی مەهاباد بە هەنگاوی قایم و پتەو هاتە پێشوازیی قازی محەممەد و پاش بەجێهێنانی ڕێورەسمی ڕێز و حورمەت، گوتی: من غەنی خوسرەویم پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنەتان لێدەکەم کە بە دانی گەلێک قوربانی و چێشتنی ئازارو بە هۆی لێزانی و لێهاتوویی ئێوەوە، بە نەسیبی نەتەوەی کورد بووە. بە دڵێکی پاک و پڕ لە خۆشەویستی، پیرۆزبایی دەکەم لە پێشەوای نەتەوەی نەجیب و فیداکاری کورد و داوا دەکەم لە بەڕێزیان لەو کاتە و ساتە مێژووییە و چارەنووس سازدا؛ بفەرموون بۆ کردنەوەی ڕێورەسمی ئازادی و سەرکەوتنی نەتەوەی کورد.

بەو ئامادەکاری و جۆش و خرۆشەی کە لە چەند رۆژی پێشەوە دەبینرا؛ چاوەڕوانیی ڕووداوێکی گرینگ دەکرا. سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچە کوردنشینەکان و گەورە پیاوانی ناوداری ناوچە ئازاد کراوەکان، بانگ کرانە

کوردی لە کوچە و کۆڵانانەوە دەهات و ئۆخژنی بە دڵی تاسەباران دەبەخشی. لە کاتژمێر ٨ بەولاوە، جەماوەر هەر زیادی دەکرد. لەلایەکی گۆڕەپانی چوارچرا؛ قوتابیانی کوڕ و کچ، بە جل و بەرگی یەکرەنگەوە، بەڕێز وەستا بوون و شاد و سەرخۆش، گۆرانی و سروودی دڵبزوێنیان دەگوتەوە. لە بەرامبەری شوێنی ئاخافتنەوە؛ هەزاران کەس خەڵکی شار و دێهاتەکانی موکریان بە جل و بەرگی ڕەنگاوڕەنگی کوردییەوە ڕاوەستا بوون.

مەهاباد. دەگەڵ گەیشتنی نوێنەرانی ناوچەکان بۆ مەهاباد و دەربڕینی پشتیوانیی خۆیان لە دەستکەوتەکانی نەتەوەی کورد؛ ڕۆژی٢ی ڕێبەندان و

مەیدانی چوارچرا و لە بەردەم کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات و نووسینگەی تایبەتیی قازی محەممەد کۆبوونەوە. لەم کۆبوونەوە بەشکۆ و دەیان هەزار کەسیەدا کە بە ئامادە بوونی بەڕێزان، حاجی سەید عەبدوڵای گەیلانی زادە و مەلا مستەفای بارزانی، حاجی بابە شێخ، مەلا حوسینی مەجدی و مامۆستایانی ئایینی و هەموو سەرۆک و نوێنەرانی حیزب و عەشیرەتەکان[1] لە

١- یادداشتەکانی میرزا مەناف کەریمی

ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی لە ناوچە جۆراجۆرەکانەوە هاتبوونە ئەم کۆبوونەوەیە بریتی بوون لە:

ماکۆ و ئارارات: ئاغای عومەرخانی جەلالی، شێخ حەسەن، شێخ زەکی، حەسەن دەلایی، عەبدلّلامیلان فەخری

سۆمای برادۆست و دەشتی مەرگەوەر: ئاغای سەید عەبدوڵای گەیلانی زادە؛ عومەرخانی شەریفی، عیرفانی شەریفی، تاهیرخانی سمکۆی هەباس فێنک، قۆیتاس ئاغا، شێرۆمحەممەدی، حاجی وەتمانی عەبدی، حەسەنی نیلو، تەمەرخان، موردادنورکۆ، حەسەن هەنارە، زوبەید، عەزۆ، سەید سەعید فەهیم.

شنۆ: ئاغایان؛ مووساخانی زەرزا، قەرەنی ئاغای زەرزا، میرزا سەعید، قازی محەممەدی خزری، کاک هەمزە.

سندوس ئاغایان: ئەحمەد کاک خدر، قاسم پیرۆتی، حەمەدەمین پیرۆتی

لاجان: کاک عەوڵا قادری، مامەند پیرۆتی، حوسێن محەممەدی، پیرۆت ئەمیر عەشایری هەمزەی نەلۆسی.

پیرانشار: ئاغایان حەمەدەمین ئاغا، قەرەنی ئاغا

میاندواو: ئاغای حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی

بۆکان: ئاغایان عەبدولڕحمانی شەرەفکەندی، ڕەشید عەلیزادە

عەشیرەتی مەنگۆر: ئاغایان برایمی ئەدهەم، مام حوسێنی ئافان، کاک سلێمان، کاک هەمزە، حەمەدەمین ئاغای سەلیم ئۆجاق

عەشیرەتی هەرکی: ئاغایان: ڕەشید بەگی بەگزادە، نووری بەگ و زێروبەگ

سەرانسەری ناوچە ئازاد کراوەکان پێک هاتبوو، هەر هەمووشیان بەو پەڕی تاسە و جۆش و خرۆشەوە، چاوەڕێی هاتنی قازی محەممەد بوون. پێشەوا قازی محەممەد بە جلوبەرگی نیزامیەوە و لە نێو شەپۆلی چەپڵە و هەستی ورووژاوی ئامادەبواندا، هاتە گۆڕەپانی چوارچرا. وێڕای سڵاو لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە، چووە سەر ئەو سەکۆیەی لە نێوەڕاستی مەیدانەکە بۆیان ئامادە کرد بوو. بەشداربوانی ئەم میتینگە بە شکۆیە و پێشمەرگەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و قوتابیانی قوتابخانەکان بە قریوە و شادمانی پێشوازیان لێکرد. قازی محەممەد لەوێوە ڕووی لە جەماوەری بەشدار کردو فەرمووی:

بە نێوی خۆدا، کوردستان مەوقعیەتی جوغرافیایی تایبەتی هەیە کە بێ پسانەوە و بێ ئەوەی نەتەوە میللەتێکی کە لە نێوی دابێ و لێکیان بپچڕێتەوە کورد بە سەر یەکەوە و پێکەوە سکوونەتیان تێیدا هەیە. چارەنووس و بەسەرهات و سەوابیقی مێژوویان یەکە و بەتێکرایی تێیدا شەریکن. خاوەنی ئاداب و نەریت و ڕسومی میللییەکی وان کە هیچ جۆرە سەدەمە و ڕوداوێک نەیتوانیوە، سستیەک لە بناغەی نەتەوەیی ئەوان دا پەیدا بکا.

هۆزی گەورکی سەقز: ئاغایان: حەمەد ئاغا، برایم ئاغا

گەورکی سەردەشت: ئاغای ئەسەد ئاغا

دێبوکریی شار وێران: ئاغایان: جەعفەر کەریمی، قارەمان محەممەدی.

دێبوکریی بۆکان: ئاغایان : ئێلخانی زادە، محەممەدی، عەیز ئاغای کولتەپە، ساداتی هیدایەتیی حاجی کەند.

فەیزوڵڵابەگیی بۆکان و سەقز: ئاغایان: محەممەدی فەیزوڵڵابەگی، عەلیخانی شێرزاد، ئەحمەدخانی فارووقی، عەوڵاخان، حەسەن خانی فەیزوڵڵابەگی.

سەقز: ئاغایان: عەلی خانی فاتح، محەممەد خانی و ئەحمەدخانی شێخی، شێخ سەدیق ئەسعەدیاری، ڕەسوڵ ئاغای مەحمودی، عەلی جەوانمەردی، محەممەد ڕەشیدخانی قادری، قادرخان زادە.

کورد لە قەدیم دا هەزاران پادشا و حوکمدار و ڕێکخراوەیان هەبووە. هەر لەم کوردستانە ئازادەی ئێستادا، بنەماڵەی ئۆمەرای موکری کەسەر سلسلەی ئەوان ئەمیر سەیفەدین بووە تا (١٠٢٠ی کۆچی) بە سەر بە خۆیی یەک لە دوای یەک، ئەمیر سەیفەدین، سارم بەگ، شێخ حەیدەر، ئەمیربەگ، ئەمیر پاشا، تادەگاتە قوبادخان بە دەسەڵات و قودرەتەوە حکومەتیان کردووە.

میللەتی ڕەشید و بەغیرەتی کورد لە هەموو دەورو زەمانێکدا هەر کەس خەیاڵی داگیرکردنی نیشتمانی ئەوانی بوو بێ، بەرەنگاری بوون و بەربەرەکانییان کردووە و لە هیچ فیداکارییەک دەستیان دانەنواندووە. لە پاش لەدەست چوونی حوکمداریشیان، بۆ وەگیر خستنەوەی ئازادی وچانیان نەداوە. بەدلێکی ئەوندە بەهێز و عەزمێکی ئەوەندە قایمەوە تێکۆشاون تا ئێستا هێزێکی وانەبووە بتوانێ تێکڕا خەفەیان بکا. میرە کوێرەیان کوشتووە ـ بابان سەری هەڵداوە. بابانیان بێدەنگ کردووە ئەردەڵان بڵند بوون ـ ئەوانیان لە عەرزی داوە، بتلیسی بەرز بوونەوە و هەزاری دیکەی وەک ئەوان.

تا لەو دواییانەدا لە پاش شەڕی نێونەتەوەیی پێشۆوە کە دیکتاتۆری ئێران و تورکیا هاتنە سەرکار، زبان و عادات و ئایین و تایبەتمەندیکانی گەلی کوردیان بە جارێک لاواز و کز و کەنەفت کرد. لە هیچ وەحشییەت و دڕەندەییەک ڕانەوەستان. خوێندن و نووسینی زمانی کوردی و پۆشینی لیباسمان قەدەغە بوو. نەیاندەهێشت لە هیچ جۆرە مەزایا و مافێکی مرۆڤایەتی بەشمان بێ. ڕێگای فێربوونی زانست و سەنعەتیان لێبڕیبووینەوە، هەر ڕۆژە بەهانەیەک و هەردەمەی تەشقەڵەیەک. دەستە دەستە و پۆل پۆل، کوردی هەژار و بەدبەختیان حەبس و تەبعید دەکرد و دەیان کوشتن و لە بەینیان دەبردن. بەرهەم و دەسڕەنجی ئەو میللەتە بێچارەیان دەبرد بۆ خۆیان و ئەوانیشیان برسی و ڕووت و قووت دەهێشتەوە.

هەتا لە خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاوی دا، فریشتەی ئازادی دەسگای دیکتاتۆری و فاشیستی ڕەزاخانی تێک شکاند. کورد ئەو هەمووە زەبروزەنگەی لەسەر لاچوو. فەوری هەستی کرد چۆن دەبێ لەو هەلە کەڵک وەرگرێ و ڕێگای سەلاح و وەدەست خستنی ئازادی ئەو میللەتە چییە و چبکا؟ پیاوانێکی بە بیر و هۆش و بەشەڕەف کە زۆر لە مێژبوو خوێناوی دڵی خۆیان دەخواردەوە و بۆ زەلیلی ئەو میللەتە جەرگیان هەڵقرچابوو. زۆر زوو بۆیان دەرکەوت کە وەختی کارە و ئەو هەلە دەبێ بقۆزنەوە. ئەوە تەواو ئەو ڕۆژەیە کە پشتاوپشتیان چاوەڕوانی بوون. یەکجار و خێرا. بێ وەچان و ڕاوەستان، دەستیان بە کارکرد. حیزبی دیموکراتی کوردستانیان پێک هێنا و بەدەستوبرد خەریکی کاروباری میللی بوون و بە چاوێکی ورد و بە هزر و بیرەوە پێداویستی کوردیان بەدی کرد. لە پێش هەموو ئیستیعمارچی و دیکتاتۆران بۆ چەوسانەوە و کڕوساندنەوەی ئەو میللەتە بە وتەی خۆیان: (تفرقه بینداز و حکومت کن) لە بەینی بردبون و تا ڕادەیک ئەو ئاورە بڵێسەی ساندبوو، برای دایک و بابی لەیەک ترازاند بوو، یەکیەتی لە گۆڕێ هەڵگیرابوو کە چی ئێستا هەرچی کە ئەسبابی ئەم نیفاق و پرش و بڵاوییە بوو فڕێدراوەو هەمووکەس لە ژێردروشمی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا... یەک دڵ و یەک زمانن. چەند مەدرەسەی کچان و کوڕانمان کردەوە. مەدرەسەی شەوانمان دیاری کرد و کتێب بە زمانی کوردی تەرجەمە کران. کوڕ و کچ و پیاوی گەورە لە مەدرەسەی شەوانە و ڕۆژانە بە زمانی کوردی دەخوێنن. لە جیاتی ئەوەی شەش حەوت ساڵ خەریکی خوێندن و فێربوونی فارسی بن. لە مانگێک و دوومانگدا دەبنە خوێندەوار و هەموو شتێک دەخوێننەوە و دەنووسن.

بۆ ناساندنی لیاقەتی میللی و دەرخستنی حەیاتی ئەدەبی و فەرهەنگی کورد و بۆ ڕاگەیاندنی هاواری خۆمان بە گوێی دنیادا و دادپەروەری نیازمان بە ئامێری

چاپ و بڵاوکردنەوە بوو، چاپخانەی زۆر چاک لە شاری خۆماندا دامەزرا، ئێستا بە زمانی خۆمان بە چاپخانەی خۆمان، گۆڤار و ڕۆژنامە دەردەچێ و بیروفکر و داخوازیی ئێمە لە دنیادا بڵاو دەبێتەوە.

بەرهەم و بەروبووی ئێمە کە بەشێکی زۆر و زەوەند و بە قیمەت بوو بە فیڕۆیی لە دەستیان دەردەهێنا‌ین، دەستی ئیستیعمار سەددێکی لە پێش ئێمە و بازاڕی دنیا دروست کردبوو. ڕێگای چارەمان دییەوە و تیجارەت و ئابوری کوردستان زۆر باش تەئمین کرا.

لە زەمانی دیکتاتۆریدا کە هەموو عەوارێزێکییان لێ دەستاندین، بەڵام ئامرازی لەش ساغی و موعالەجە نەبو، نەحەکیم، نەدەرمان، نەخۆشخانەیان بۆ ساز نەدەکردین. ئێمە بۆ خۆمان نەخۆشخانەی زۆر باش بەو زووانە دایر دەکەین و باری تەندروستی وڵات دابین دەکەین.

هەروەها هێزێکی نەتەوییمان پێک هێناوە کە بە شەجاعەتێکی تەواو حازرە بەرگری لە نیشتیمان بکا.

دیارە مووەفەقیەتی ئێمە سەراسەر لە بیری دێموکراسی و لە ئاکامی تێکوشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانە. لەبەر ئەوە... دەڵێین: بژی دامەزرینەراتی دیمۆکرات. میللەتی کورد هەزاران سەد و بەرهەڵستی سەخت و سەهەندەی لە ڕێدا بووە، دەستە و دایەرەی دیکتاتۆریی؛ بێ وچان کارشکێنی ئێمەیان دەکرد و لە هیچ نامەردییەک ڕانەدەوەستان. دوبەرەکی عەشایریش لە نێو خۆمان دا، کێشەیەکی گەورە بوو. ئەمما ئەوانە هیچ کامێکیان نەیانتوانی پێش بە ئێمە بگرن. بە دڵێکی بەهێز، پایەداریمان کرد و ئیدامەمان بە تێ کوشانی خۆماندا تا سەربەخویی و ئازادی نەتەوەی کوردمان بە دەست هێنا.

دیارە پاش ماوەی ئەو مەترسیانەش کە ماوە، چ لە ژوروو چ لە دەرەوەدا، گەلی کورد موبارەزەی خۆی لەگەڵیان ئیدامە دەدا. بە پشتیوانیی خودا، سەرکەوتوو

دەبێ. ئەورۆکە نوێنەرانی تەواوی ناوچەکانی کوردستان، ئاغا و ڕەعییەت و گەورە و بچووک، کۆبوونەوە و یەکدڵ و یەک زمان، هاواری دیموکراسی دەکەن و بەرێ دێموکرات دادەڕۆن. کە ئەوە قودرەت و قوەتی دێموکرات نیشان دەدا.

قسەکانی قازی محەممەد لە نێوان چەپڵە و هوڕای شادمانیی بەشداربوان و بە تەقەی تفەنگی پێشمەرگەدا کۆیایی پێهات. لە پاشان حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی، فەرماندەی هێزی پێشمەرگە و ژمارەیەکی دیکە لە ئەندامانی حیزب و سەرۆک عەشیرەت و نوێنەری ژنان قسەیان کرد.[1] ئەو جار ڕێوڕەسمی ڕێزی

١- یادداشتەکانی میرزا مەناف کەریمی

ئەوانەی دوای قسەکانی قازی محەممەد لە بواری خەبات و خۆراگری نەتەوەی کوردەوە قسەیان کرد و ئامادەیی خۆیان بۆ هەر چەشنە فیداکارییەک دەربری بریتی بوون لە:

حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی

مەلا حوسێن مەجدی

حاجی بابە شێخ

عەبدلرحمان شەرەفکەندی (هەژار)

حەمەئەمین شێخول ئیسلامی (هێمن)

سەید محەممەد ئەیوبیان

شێخ حەسەن شێخی بورهان

عومەر خانی شکاک

زێرۆبەگ

حەمەدەمین موعینی

سەید عەبدولعەزیز گەیلانی زادە

برایم ئەدهەم مەنگور

ئەحمەد ئیلخانیزادە

محەممەدی نانەوازادە

ئافرەتان:

وەیلمە سەیادیان

خەدیجە حەیدەری

نیزامی (سان و رژە)ی قوتابیانی قوتابخانە و هێزی پێشمەرگە لە بەردەم پێشەوا و میوانەکاندا بەڕێوە چوو و لە نێو قریوە و چەپڵەڕێزانی خەڵک دا کۆتایی پێهات. لە پاشان بۆ ماوەی چەند سەعات بەشدار بوان کردیان بە هەڵپەڕکێ و سەما و بە مانگ و حەوتوان ڕێورەسمی جەژن و شادی لە سەراسەری کوردستاندا لەلایەن چین و توێژە جۆراوجۆرەکانەوە بەردەوام بوو.

هەر ئەم ڕۆژە وێڕای ڕاگەیاندنی کۆماری خودموختاری کوردستان و بە پێی ڕاوویستی بەشدارانی ئەم کۆبوونەوە بەشکۆیە قازی محەممەد کرا بە سەرۆک کۆماری کوردستان.

→

برپیارنامەی میتینگ

پاش گەلێک قسە و ئاخافتن و خوێندنەوەی شیعر لەلایەن دوو شاعیری نەتەوەیی کورد، هەژار و هێمن و ڕێورەسمی (سان و رژە) بڕیارنامەی میتینگ لە شەش بڕگەدا خوێندرایەوە و لەلایەن بەشداربووانەوە پەسندکرا:

ئێمە نوێنەرانی هەموو چین و توێژی کوردەکانی باکووری ڕۆژئاوای کوردستانی ئێران، ویستەکانی خۆمان ڕادەگەیەنین و داوا لە کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و ئەنجومەنی میللی کوردستان دەکەین و ئیختیاری پیدەدەین کە:

١- لەو ناوچانەی ئێستا کوردیان، تێدایە، ئازادییەکی ڕێژەیی هەبێ.

٢- هەڵبژاردنی مەجلیسی شۆرای میللی (پەرلەمانی جڤاتی نەتەوەیی) پێک بێ.

٣- حکوومەتی میللی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران و ئیدارات پێک بێ.

٤- هێزی پێشمەرگە لە ناوچە کوردنشینەکاندا دابمەزرێ.

لە کۆتاییدا قوتابیانی قوتابخانەی گەلاوێژ و سەعادەت سروودی نیشتیمانییان خوێندەوە.

٥- پەیوەندیی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دابمەزرێن.
٦- پەیوەندیی دۆستایەتی و برایەتی لەگەڵ ئازەربایجان پتەوتر بکەن. لە کۆتایی قسەکاندا کاتێک وەک سەرکۆماری کوردستان ناوی قازی محەممەد هات مووزێکی میللی لێدەدرا و چەپلەڕێزان و قریوەی شادمانی خەڵک و منداڵە قوتابیان کە سروودی میللی یان دەخوێندەوە، دەگەیشتە ئەوپەڕی ئاسمان.

ڕێوڕەسمی سەرکۆماری

لەو ڕێوڕەسمەدا قورئانی پیرۆز و ئاڵا و نەخشەی کوردستان کە لە سەردەستی مەلا حوسێن مەجدی بوو و هەیئەت ڕەئیسەی حیزب لە دواوەی دەهاتن؛ هێنایان و قازی محەممەد بۆ خۆی ڕوپۆشەکەی لەسەر قورئان و ئاڵاو نەخشەی کوردستان لادا و ئایینی سوێند خواردنی بەجێ هێنا:

(ئەمن بە خودا، بە کەلامی عەزیمی خودا، بە نیشتیمان، بە شەرافەتی میللەتی کورد، بە ئاڵای موقەددەسی کوردستان سوێند دەخۆم کە تا ئاخر هەناسەی ژیانم و ڕژانی دوایین تنۆکی خوێنم بە گیان و ماڵ لە ڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستاندا تێ بکۆشم و وەفاداربم بەسەرۆکایەتی کۆماری کوردستان و هاوکاریی کوردستان و ئازەربایجان).

سەرۆک عەشیرەتەکانی بەشداری میتینگەکەش سۆیندی وەفادارییان بەکوردستان و کۆمار و پێشەوا خوارد و لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا کۆڕی هەڵپەڕکێ و شایی گەرم بوو. کاک غەنی خوسرەوی شارەداری مەهاباد، پێشەوا و سەرۆک عەشایر و پیاو ماقووڵانی بانگهێشت کرد بۆ ساڵۆنی کۆبوونەوەکانی (کۆمیتەی ناوەندی) و ئەوجار پۆل پۆل نوێنەری هۆز و عەشیرەتەکانی کوردستان و لقەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و نوێنەرانی شار و دێهاتان بۆ پیرۆزبایی و (بیعت) هاتنە لای قازی محەممەد و پەیمانی وەفاداری و فیداکارییان نوێ کردەوە و دەنگی بژی کوردستان و سەرۆک کۆماری کوردستان دەچۆوە ئەوپەڕی ئاسمان. زۆربەی بەشداران خۆیان پێ ڕانەگیرا و لە خۆشیان دەگریان. هەتا ١٢ی شەو خەڵک هەڵپەڕین و لە خۆشحاڵییان نەیاندەویست بڕۆنەوە ماڵێ.

پێکهێنانی هەیئەت ڕەئیسەی میللی کوردستان

چەند ڕۆژێک پاش جەژن و شادمانی بەبۆنەی دامەزراندنی کۆماری کوردستانەوە، ئەندامانی هەیئەت ڕەئیسەی میللی هەڵبژێردران، کە بریتی بوون لە:

١- سەرۆک وەزیران ـ حاجی باباشێخ سەیادەت

٢- وەزیری بەرگری ـ حەمە حوسین خان سەیفی قازی

٣- وەزیری نێوخۆ ـ حەمەدەمین موعینی

٤- وەزیری ئابووری ـ ئەحمەد ئیلاهی

٥- وەزیری پۆست و تەلەگراف؛ کەریم ئەحمەدین

٦- وەزیری فەرهەنگ ـ مەناف کەریمی

٧- وەزیری تەبلیغات ـ سەدیق حەیدەری

٨- وەزیری بازرگانی ـ حاجی مستەفا داودی

٩- وەزیری کار ـ خەلیل خوسرەوی

١٠- وەزیری کشت وکاڵ ـ مەحموود وەلی زادە

١١- وەزیری ڕێگەوبان ـ ئیسماعیل ئیلخانی زادە

١٢- وەزیری تەندروستی ـ سەید محەممەد ئەیووبیان

١٣- وەزیری ڕاوێژکار ـ عەبدالرحمن ئیلخانی زادە

١٤- وەزیری عەدل ـ مەلا حوسێن مەجدی

شایانی باسە؛ بۆ پووچەڵکردنەوەی تەبلیغات و پڕوپاگەندەی دوژمنان و دڵنیاییدان بە دەوڵەتی تاران لە هەرچەشنە گومانێکی جوداییخوازیی کوردەکان؛

هەیئەتی دەوڵەتی کوردستان بە ناوی هەیئەت ڕەئیسەی میللی و وەزیران نـــاوی سەرۆک دەزگاکانیان لێ نرا.
هەیئەت ڕەئیسەی میللی، بەو پەڕی دەڵگەرمی و دڵسۆزییەوە دەستی بە کار کرد. پاشان ئەوکەسانەی بە نوێنەرایەتی کوردەکانی تورکیا و عێراق و سووریا بۆ پیرۆزبایی هاتبوون؛ هاودەنگی و پشتیوانی خۆیان لە کۆماری خودموختاری کوردستان دەربڕی.
پێکهێنانی کۆماری خودموختاری کوردستان. بە بەشداریی وەزیرانی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵ دۆژمنانی نەتەوەی کوردی تووڕە کرد و ڕووبەڕووی ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراوی کردنەوە و کارشکێنی و فێڵ و تەڵەکە و تەشقەڵەکانی لێ خستنە ڕوو. بەڵام قازی محەممەد بەپشت گەرمیی میللەت و بە ئیمان بە ڕەوایی ویستەکانی خەڵک، بە وردبینی و واقیع بینییەوە لەگەڵ کێشەکان ڕووبەڕوو دەبۆوە. بۆ ئەوەی کارشکێنی و دوژمنایەتیی ئاشکرا و نهێنیی دۆژمنان، نەبنە کۆسپی سەر ڕێگەی پێشکەوتنی کاروباری دەوڵەتی ساوای کۆماری کوردستان.

هەڵکردنی ئاڵای کوردستان

یەکێک لە ڕووداوە گرینگەکانی پاش دامەزراندنی حیزب، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بوو. ئەو ئاڵایە لە سێ ڕەنگی سوور، سپی و سەوز پێکهاتبوو کە لە ڕەنگە سپیکەیدا هیمای ڕۆژ و قەڵەم و گەنم دەبیندرێ. ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی ه /١٩٤٥ی ز لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا و بە ئامادەبوونی هەزاران کەس لە خەڵکی مەهاباد و شارەکانی دەوروبەر لە نێوان کەیفو خۆشی خەڵک و

ڕێزی قوتابیانی کوڕ و کچی مەهاباد و نوێنەرانی حیزبی دیمۆکرات ئالاکە هەڵگرا. پاش قسە بە نرخەکانی قازی محەممەد، بۆ یەکەمجار ئەم ئالایە لەسەر بینای هەیئەت ڕەئیسەی میللی کوردستان هەڵکرا و پێشمەرگەکان لە خوشیانا چەند فیشەکیان تەقاند. ڕۆژەکانی دواتر؛ وێڕای هەڵپەڕکێ لە بۆکان و نەغەدە و شنۆ و زۆر دێهاتی گەورەش، ئالای کوردستان هەڵکرا و کوڵ و جۆشی و شادمانی خەڵک گەیشتە لوتکە و لە هەرشار و ئاواییەک کۆڕ و کۆبوونەوەی خۆشی و نوتق و ئاخافتن پێکهات. بەڕاستی قەڵەم کۆڵە لە باسکردنی ئەو هەموو شادمانییە.

لەو ڕێوڕەسمانەدا. ڕۆڵەکانی کورد لە ناخی دڵەوە ڕێز و حورمەتی خۆیان بۆ پێشەوا دەردەبڕی.[۱]

۱- یادداشتەکانی میرزا مەناف کەریمی:

هەڵکرانی ئالای کوردستان لە نەغەدە

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات بڕیاری دا ئالای سێ ڕەنگی کوردستان لە نەغەدە هەڵکرێ. ڕۆژی ۱۳۲٤/۹/۲۷ی هەتاوی حوسێن فروهەر، عەلی خوسرەوی، حەمەدەمین شەریفی، دڵشاد ڕەسوولی و وەهاب بلووریان سەعات ۸ی بەیانی گەیشتنە نەغەدە و لەلایەن ئاغایان؛ پیرۆتی: کاک بایز، میرزا برایم سەرۆکی شارەوانیی نەغەدە و توێژە جۆراجۆرەکانی ئەم شارەوە، پێشوازییان لێ کرا. شەقام لە جەماوەر جمەی دەهات و نزیک بە حەوسەت پێشمەرگە لە پیادە ڕۆکانەوە بە مەودایەکی دیاریکرا و بەڕێز وەستابوون. کاتژمێر ۹/۳۰ی بەیانی لە حاڵێکدا کە شادمانی شاری نەغەدەی لە ئامێز گرتبوو هەموو خەڵکیش بە کورد و تورک و ئەرمەنی و ئاشوورییەوە بەشدار بوون؛ قوتابیانی کوڕ و کچیش دیمەنێکی ڕازاوە تریان خوڵقاندبوو؛ ئالا هەڵگران بەرەو شوێنی دیاریکراو چوون ـ لە حاڵێکدا کە ئالاکەیان دەشەکاندەوە، چەکدارانی حیزب هەزار فیشەکیان بە نیشانەی شادمانی تەقاند. ئالاکە لەبەر دەرگای وە ژوورکەوتنی حیزب خرایە سەرشانی پێشمەرگەیەک و خەڵکێکی زۆر زیارەتیان کرد. دواتر کاک عەلی خوسرەوی بە تێروتەسەلی باسی ڕۆڵی شەهیدانی کرد. دوایی بەڕێز تەقی خانی بۆزچلوو کە یەکێک بوو لە گەورەکانی هۆزی قەرەپەیاغ چووە شوێنی ئاخافتن و لەلایەن عەشیرەتەکەیەوە

بەخێرهاتنی شاندی میوانی کرد و شادمانی خۆی بە نیسبەت دامەزرانی لقی حیزبی دێموکرات لە نەغەدە دەربری، ڕێوڕەسمەکە بە کوشتنەوەی چەند مانگا و مەڕ و پاشان بە شادمانی کۆتایی پێ هات.

هەڵکرانی ئاڵا لە بۆکان

ڕۆژی ١٣٢٤/١٠/٥ی هەتاوی ژمارەیەک لە ئەندامانی حیزب مەئموورکران کە لە ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە بۆکان بەشدار بن. ئەوانە بریتی بوون لە؛ بەڕێزان؛ مستەفا سوڵتانیان، عەبدولقادر مودەریسی، حوسێن فروهەر، حەمەدەمین شەرەفی، عەلی خوسرەوی، مەحموود وەلیزادە، ڕەحیم لەشکری، مامۆستا هێمن و محەممەد نانەوازادە فەرماندەی ئەرتەشی کوردستان و قاسم ئاغای ئیلخانی زادە، شاندی بەڕێکراو کاتژمێر یەکی دوای نیوەڕۆ لە مەهاباد وەڕێکەوت و سەعات ٢ گەیشتە میاندواو. ژمارەیەک لە پیاوەماقوڵانی بۆکان وەک بەڕێزان: حەمەدەمین ئیلخانی زادە، برایم عەلییار، ئەبوبکر موهتەدی، مامۆستا حەقیقی و مامۆستا هەژار، هاتنە پێشوازیی شاندەکە لە دوو کیلۆ مەتریی میاندواو لە ئاواییەک کە تەغیاباتی (تقی اباد)ی پێ دەڵێن و زۆربەی خەڵکەکەی ئەرمەنین لەلایەن عیشقی خانی ئەرمەنییەوە پێشوازییەکی گەرمیان لێکرا. ژنان و پیاوانی ئەرمەنی کە ئەم بەرئەوبەری جادەکەیان گرتبوو بە قریوە و چەپلە لێدان بەرێیان کردن. لەسەر ڕێی میاندواو و بۆکان ئاواییەکی گەورەی بە ناوی "قەرەمووسالیان" لێیە. بنکەیەکی حیزبی دێموکرات لەوێش کرابۆوە. ئەندامانی حیزبی ئەم ئاواییەش کە بریتی بوون لە بەرێزان؛ مستەفا موقتەدیری ـ یۆنس خان، مەحموودخان، عەولا خان ئەمیری، بە گەرمی پێشوازییان لە شاندەکە کرد و بەپێی داب و نەریتی باو، مەرێکیان کوشتەوە. سەعات چواری عەسر شاندەکە گەیشتە عەلیاوا لە دوو کیلۆمەتریی بۆکان (ئێستا تێکەڵ بوون وەرگێر) لەو ئاواییەش پیاو ماقووڵانی گوند: جەعفەر ئاغا و مارف ئاغای حیسامی، فەیزوڵلاخان، عەلی خان قازڵیان، عەلی بەگ فەیزوڵلابەگی، عومەر ئاغا و کەریم ئاغا عەباسی بە کوشتنەوەی چەند "گا" و مەرێک پێشوازییان لێکردن. کاتژمێر ١٢ی ڕۆژی دوایی حاجی بابە شێخ سەرۆکی هەیئەتی میللی کوردستان دەگەڵ ئەحمەد ئاغا ئیلخانیزادە هاتنە بۆکان. ڕۆژی ١٣٢٤/١٠/٧ی هەتاوی کاتژمێری ٨ بەیانی لەسەر قەڵای بۆکان کە دەروانێتە شار ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئاڵا بەڕێوە چوو. مارشی نیزامیی لێدرا و خەڵکی بۆکان کە نزیک بە ٦ هەزار کەس دەبوون لە خوار قەڵاوە لە دەوری حەوزە گەورە کردیان بە ڕەشبەڵەک. لەگەڵ هەوای شادمانی ئاڵا هەڵگری نیزامی، ئاڵاکەی شەکاندەوە و لە حاڵێکدا کە جەنابی حاجی بابەشێخ و عەلی بەگ شێرزاد لەلای دەستی ڕاست و بەڕێزان حەسەن قزڵجی و حەمە سادق قزلجی و عەلی خوسرەوی و جەعفەر ئاغا و مارف ئاغا ئیلخانیزادە و خالید حیسامی و حوسێن ئاغا عەلییار و براکانی لای چەپی ئاڵاکەیان گرتبوو؛ ئاڵای "پیرۆز" لە نێو چەپڵە ڕێزان و مارشی نیزامیدا هەڵکرا.

پێکهێنانی کۆمیتەی ژنان

هاوکات لەگەڵ ڕابوون و وشیاریی گشتی کە وێڕای بزووتنەوەی دیموکراتێکی خەڵک لە کوردستان هاتبووە ئاراوە، بە پێی ئەو شارەزاییەی کە ڕێبەرانی کورد

دەرکەوتبوو کە ژنان نیوەی کۆمەڵگایان پێک هێناوە و نەتەنیا نابێ ئەو هێزە مەزنە لە ماڵەکاندا بەند بکرێن، بەڵکوو پێویستە زەمینەی پەروەردە و ڕاهێنانیان لە ناوەندە پەروەردەیی و فێرکارییەکاندا بۆ دابین بکرێ و لە بەشە جۆراجۆرەکانی ئورگان و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانیان بەهرەمەندبن. بۆ یەکەمجار لە کوردستانی ئێراندا کۆمیتەی ژنان لە شاری مەهاباد دامەزرا. بەمجورە ژمارەیەکی زۆر لە ژنان، وێڕای شارەزایی لە مافە پێشێڵ کراوەکانیان، هاتنە نێو پرۆسەی چالاکی و کاروباری کۆمەڵایەتی وەک: مامۆستایەتی؛ ڕۆژنامەڤانی و خزمەتی دەرمانی لە ڕێورەسم و جێژنە و بۆنەکانیشدا، قسەیان کرد و سروودیان چڕی و هونەریان نواند.[1]

لە پاشان مامۆستا هەژار و سادق قزلجی بە ڕێکووپێکی قسەیان لەسەر گرینگێتی و ڕێزگرتن لە ئاڵای کوردستان کرد و مامۆستا هەژار و مامۆستا حەقیقی شاعیر هەرکام بە نۆرەی خۆیان شێعری نیشتیمان پەروەرییان خوێندەوە و کاتژمێر ١ی دوای نیوەڕۆ ڕێورەسمەکە کۆتایی پێ هات.

١- یادداشتەکانی میرزا مەناف کەریمی:

ئەوە یەکەم جار بوو ئافرەتی کورد دەهاتنە نێو گۆڕەپانی چالاکیی کۆمەڵایەتییەوە و هەلیان بۆ ڕەخسا کە مافی لەدەست چووی خۆیان وەرگرنەوە و شوناس و ڕۆڵی خۆیان لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگادا دیاری بکەن. بەپێی برگەی ٢١ی پێڕەوی حیزبی دێموکرات کە دەڵێ: ژنانیش وەک پیاوان دەبێ خاوەنی تەواوی مافە سیاسی کۆمەڵایەتی و مەدەنی خۆیان بن، کۆمیتەیەک بە نێوی کۆمیتەی ژنان دامەزرا و بەرپرسیارەتیەکەشی کەوتە ئەستۆی میناخانمی هاوسەری قازی محەممەد. ڕوون و ئاشکرایە بەهۆی ئەو سەرکوت و بێ بەشیانەی ڕێژیمی ڕەزاخانی پەهلەوی سەبارەت بە خوێندنی گەنجان و منداڵانی کوردستاندا پێکی هێناوبوو، ژمارەی ژنانی خوێندەواری کوردستان لە چاو نەخوێندەوارەکانی ئێجگار کەم بوو. بەو حاڵەشەوە بەهۆی هۆگرییەک کە ژنان بە حکوومەتی کوردستان هەیانبوو؛ هەر لەگەڵ ئاگادار کرانەوەی کۆمیتەی، خۆیان تێدا ناونووس کرد. ژنان گەلێک گروپ و دەستە، بە عەشق و

←

کردنەوەی قوتابخانە بۆ جوولەکان

ساڵی ١٣٢٤ی هـ/١٩٤٥ی ز هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی قوتابخانە و بەڕێوەبردنی گەلێک چالاکیی دیکەی فەرهەنگی لە مەهاباد، قوتابخانە بۆ منداڵانی جوولەکەی نیشتەجێی ئەم شارەش دەستەبەرکرا. بۆ ئەوەی زمانی زگماکیی خۆیان فێربن و لە هەموو قۆناغەکانی فێرکاری و پەروەردەیی دا لەگەڵ قوتابیەکانی دیکەی نیشتیمانن یەکسان و بێ جیاوازی بن.

هەروەها هەرکاتێک ڕێبەری مەزهەبیی یەهوودییەکان کە پێیان دەگوت "مالم" بۆ چاوپێکەوتن دەهاتەلای قازی محەممەد بەو پەڕی ڕووگەشییەوە وەری دەگرت و بەناوی موعەلیم باشی بانگی لێدەکرد و هەرکارێکیشی بوایە بۆی جێبەجێ دەکرد.[1]

→

تاسەوە ناونووسیان تێدا کرد. لەلایەن وەزارەتی فەرهەنگ بێجگە لە قوتابخانەکەی کچان؛ قوتابخانەیەکی دیکەش هەر بۆ کچان کرایەوە. لەبەر ئەوەی کە ژمارەیەک ژن لەم بوارەدا گەلێک فیداکارییان کرد و چالاکییان نواند کە پێویستە ناوی هێندێک لەو خزمەتگوزارە بەڕێزانە بێنم، بۆ ئەوەی ناویان لە مێژووی فەرهەنگ و کولتووری ئەم نیشتیمانەدا هەربمێنێتەوە.

خاتوونەکان: مینا قازی، بەرپرس ٢- ئامینە داودی، ٣- زیبا ئەیوبیان مەرکەزی ٤- شا سوڵتان خانمی فەتاحی قازی ٥- ڕەعنا فروهەر ٦- کولسوم سوڵتانیان ٧- نەزاکەت حاجی ڕەشید ٨- خەدیجە حەیدەری ٩- وەجیهە شوجاعی ١٠- وەیلمە سەیادییان

ئەو ئافرەتانەی بە نووسینی وتار و بابەت دا هاوکاریی ڕۆژنامەی کوردستانیان دەکرد. ١- کوبرا عەزیمی ٢- حەلەب ئیسماعیل فەرەجی

هەروەها ئەو ژنانەی لە جێژن و ڕێورەسمەکاندا قسەیان دەکرد: ١- سەڵتەنەت داودزاد ٢- عیشرەت عەزیمی ٣- وێلمە سەیادییان، ٤- خەدیجە حەیدەری ٥- ئێران بلووری ٦- فەریدە زەندی

١- یادداشتەکانی میرزا مەناف کەریمی:

لە شاری مەهاباد نیزیک بە ٦٠ ماڵە کەلیمی (جولەکە) دەژیان. جوولەکانی مەهاباد بە پێچەوانەی جوولەکەی شوێنەکانی تری ئێران لەو پەڕی هێمنایەتی بە دوور لە چەرمەسەریدا دەژیان و خەریکی کاری زێرینگەری ـ پارچە فرۆشی و دەرمان فرۆشی بوون. کەس کاری بە سەریانەوە نەبوو، لەکاتی ڕاگەیاندنی کۆماردا ئەوانیش وەک خەڵکی مەهاباد بەشداری جێژن و شادمانی بوون، وەزارەتی

←

یەکەم تێکهەڵچوونی نێوان پێشمەرگە و سوپای شا

ڕۆژی ١٣٢٥/٢/٩ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٩٤٦ی.ز هێزێکی سەربازیی حەوت سەت کەسی بە پشتیوانی تۆپخانە و چەندین تانک (دەبابە) و فڕۆکەی شەڕکەر هێرشیان کردە سەر مەتەرێزەکانی پێشمەرگە لە نیزیکیی بانە. ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی بارزانی کە لە ژێر فەرماندەیی سەرهەنگ مستەفا خۆشناودا لە دەوری ئاوایی مامەشا ڕێگەی بانە ـ سەقز سەنگەریان گرتبوو و بەرگرییان لەو ناوچەیە دەکرد. لە زەوی و ئاسمانەوە کەوتنە بەر پەلاماری ئەرتەش. بەڵام بە خۆڕاگریی قارەمانانەی پێشمەرگەکان، هێرشە یەک لەدوا یەکەکانی ئەرتەش تێک شکان و ئەرتەش پاش ئەوەی سەت کەسی لێ کوژڕا و ٣٠ کەسی لێ بە دیل گیرا و تانکێکی لێ ئەستێنرا ناچار بوو پاشەکشێ بکا.

حکوومەتی کوردستانیش بۆ بەرگری زیاتر و پێشگری لە هێرشەکانی ئەرتەشی شا لە ناوچەی سەقز، داوای لە عەشیرەتە چەکدارەکان کرد، کە ئامادەی بەربەرەکانی بن و لە ناوچەکانی خۆیانەوە بەرەو مەهاباد و سەقز وەڕێ بکەون. سوارچاکانی عەشیرەتەکان بەدەنگی ئەو داوایەوە هاتن و پۆل پۆل، بەرەو مەهاباد کەوتنە ڕێ، بۆ پشتیوانی کردنی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، کە بۆ دەوروبەری سەقز و بانە بەڕێ کران. ئەم هێزانە بەو پەڕی دڵسۆزی و هۆگری و بە ئیمانێکی پتەو وە سەرکەوتن؛ ئامادەیی پێویستیان بۆ

فەرهەنگ کە خەریکی ڕێک و پێک کردنی کاری مەدرەسە و کتێبی خوێندکاران و کاروباری لەم چەشنە بوو؛ جوولەکەکانیش وەپشت گوێ نەخست، لە ڕاگەیەندراوێکدا ئیزنی پێدان کە بەپێی بۆچوونی قازی محەممەد، کەلیمیەکانیش وەک برا کوردەکانی دیکەیان؛ مافی ئەوەیان هەیە مەدرەسەی تایبەت بە

لە هەموو ئیمکاناتی یاسایی بەهرەمەندن. پاش ئەم ڕاگەیاندنە؛ ڕێک کەوتن کە مەدرەسەکەیان بەسەرپەرشتیاری ئاغای داود زادە سازکەن. دایرکردنی ئەم مەدرەسەیە پێشوازیی لێکرا و بە ئامادەبوونی دایک و باوکانی خوێندکاران ڕێوڕەسمی کردنەوەی بە شادمانییەوە بەڕێوەچوو.

ڕۆیشتن بەرەو باشوری کوردستان و تەنانەت گرتنی سەربازخانەکانی سەردەشت، سەقز و بانە: پێشان دا.
بەڵام قازی محەممەد و کاربەدەستانی حکوومەتی کوردستان، حەزیان لەوە نەبوو بەشەڕ و کوشت و کوشتار بەمافی کوردەکان و خودمختاری بگەن. ئەوان لایەنگری ئاشتی و پێکهەڵکردن و پێکهاتن بوون لە ڕێگەی وتوویژ و مافی دیاریکردنی چارەنووس، بۆ خەڵکی کوردستان. بۆ سەڵماندنی ئەم وتەیە ئاماژە دەکەم بە وەڵامی نامەکەی قازی محەممەد، بۆ ژەنەڕاڵ حەمە ڕەشیدخان فەرماندەی هێزی کوردستان لە ناوچەی سەقز و سەرا و بۆکان ـ جەنابیان لە وەڵامی نامەی حەمە رەشیدخاندا کە ئیزنی هێرش و پێشڕەویی بۆ سەرهێزەکانی ئەرتەشی شای خواستبوو، نووسیبووی:
ئاغای فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتیقەی سەرا، لە جوابی نامەی ژمارە ٤٧١ ڕێکەوتی ١٣٢٥/٣/١٥دا. هەرکارێکی جوزئی ئەلئان دەبێ لەگەڵ ئەوزاعی بین المللی تەتبیق بکرێ، جارێ کاری مەکوللییە (گشتییە) بۆ ئەوەی ئێمە مەجبوورین لەڕێی سوڵحەوە تا مومکین بێ ناتوانین بەڕێی دی دا بڕۆین. ئەو تاخیرە ئێوەیە، دەنا ئەمن لە تۆ بەپەلەترم. ئەوانەی خودا خودایان بوو بشێوێ؛ یا ئەوانەی ئێستا کە پاش ٥٠ ساڵ ئەم شتە تاوتوێ دەکەن. بەڵام هەلو مەرجی دژواری کاری ئەم دەم، لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سێ دەوڵەتی داگیرکەر و هاوپەیمانی جاران و دوژمنی دوایی دا و خۆڕانەگرتنی هێزەکانی عەشیرەتەکان و نەخوێندەواری و نەبوونی زانیاری سیاسیی خەڵک لەسەر بارودۆخی قەیراناوی و کەسەرباری ئابووری و زۆر گرفتی دیکە، لە بەرچاونەگرن یا تەنانەت هێندێ لە لایەنگرانی دیموکراتیش، ڕەخنەدەگرن کە بۆچی پێشەوا قازی محەممەد فەرمانی هێرش و پێشڕەویێ دەرنەکرد؟ لایەنی دەرەکیی دژبەریی ڕاشکاوانەی بەریتانیا و ئەمریکا، تورکیا و عێراق و لایەنیی

نێو خۆیی وەک دوژمنایەتی توندی دەوڵەتی ئێران و ناڕاستیی سۆڤیەت و ئازەربایجانیان دەبێ لەبەرچاو بێ. لە لایەکیشەوە، فریوخواردنی هێندێ عەشیرەت و پەیوەندی گرتنیان بە دەوڵەتی شاوە، هۆیەکی دیکەبوو. ئەوانە کە لە سەرەوە لەگەڵ کۆمار بوون، لە بنەوەش لەگەڵ دەوڵەت و سوپا بوون، هەر بە پێشڕەوییەکی کەمی سوپای شا بەرەو بۆکان، پەتەیان کەوتەسەر ئاو. چەند کەسێک لە عەشیرەتی دێبۆکری بەمەبەستی هاوکاری و یارمەتیی سوپا و تێکدەریی، پردە دارینەی بۆکان بەرەو مەهابادیان ئاوردا و گەلێک نامەیان کەوتە دەستی بەرپرسانی کوردستان کە تێیدا بەڵێنی هاوکاریان بەدەوڵەتی ناوەندی دابوو. بەمجۆرە پیلانەکانیان لێ ئاشکرا بوو. لەلایەکی دیکەشەوە؛ دژایەتی کردنی سۆڤیەتیەکان لەگەڵ هێرشی کوردەکان بۆسەر هێزەکانی شا کە پێشتریش ئاماژەی پێکراوە، لەو هۆکارانەن کە ڕێگربوون لە بەردەم پێشڕەوی بەرەو شارەکانی تری کوردستان. دەنا هەروەک بەڕێزیان لە نامەکەیاندا بۆ حەمە ڕەشیدخان ئاماژەیان پێکردووە، ئەو لایەنانەی لەبەر چاو بووە بەڵام بە وردبینییەوە هەڵومەرج و دۆخی نێو نەتەوەیی و ناوچەیی لێکدا بۆوە و چاوەڕێی دەرفەتێکی گونجاو بوو.

وتووێژەکانی سەقز و تاران

نوێنەرانی کوردستان و سوپای شا چەندین جار لەبەرەی سەقزدا بۆ وتووێژ دانیشتن و لە هێندێ لەو دانووستانانەدا، سەر لەشکەر ڕەزم ئارا سەرۆک ستادی سوپاش بەشداربوو. هەروەها لەو چاوپێکەوتنانەی لە نێوان ڕەزم ئارا و سێ کەس لە نوێنەرانی کوردستان و ئازەربایجان لە تاران کران، قەرار و بڕیارگەلێک لەسەر هێرش نەکردنی هێزی پێشمەرگە و ئیزنی هاتووچۆی کاروانی خواردەمەنی بۆ سەربازخانە گەمارۆدراوەکانی بانە و سەردەشت و

میرەدێ دانرا و دواتر (شاندێک) لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە بە سەرۆکایەتیی موزەفەری فیروز جێگری سەرۆک وەزیر، قەوامو سەڵتەنە بۆ درێژەی وتووێژەکان نێردرایە تەورێز. بەڵام هەموو ئەم بەرنامانە بۆ دەرفەت وەرگرتن و بەهیوای دۆزینەوەی رێگا و رەخسانی دەرفەتێک رێکخرابوون بۆ هێرش کردنە سەر ئازەربایجان و کۆتایی هێنان بە بزووتنەوەکان لەلایەن سوپاوە. هەڵبەت زۆربەی ئەم وتووێژانە بێ ئاکام دەمانەوە و پاش چەند رۆژێک سەرلەنوێ دەستیان پێدەکردەوە.

دووهەمین تێک هەڵچوونی پێشمەرگە و سوپا

دانووستانەکانی موزەفەری فیروز لە تەورێز دەگەڵ سوپا و نوێنەرانی کوردستان و ئازەربایجان لە رۆژی ١٣٢٥/٣/١٢ی هـ/١٩٤٦ی ز دا دەستیان پێکردەوە، سوپای شا هەلی بەدەرفەت زانی و رۆژی ١٣٢٥/٣/٢٥ی هەتاوی دیسان بە خەیاڵی کردنەوەی رێی سەقز ـ بانە و شکاندنی، گەمارۆی سەقز و سەربازخانەکانی تر لە کوردستان، بەسێ هەزار کەس هێزی نیزامی و بە پێشتیوانیی ٨ مەفرەزە تۆپ و دوو فرۆکەی شەڕ و دوو تانک، هێرشیان کردەوە سەر سەنگەری پێشمەرگەکانی کوردستان، لەتەپەی مامەشا. هێرشەکە لە سەر پێشنیاری رەزم ئارا و بە فەرمانی قەواموسەڵتەنە (سەرۆک وەزیری شای ئێران) بەمەبەستی کردنەوەی رێی سەقز ـ بانە بەرێوە چوو، لە سەنگەری مامەشا ٣٩ کەس لە پێشمەرگەکانی بارزانی لە ژێر فەرماندەیی سەرهەنگ مستەفا خۆشناو دابوون و دواتر ٣٠ پێشمەرگەی تری هێزی سەرهەنگ میرحاج هاتنە یارمەتییان. ئەرتەشیەکانی شا لە بەیانیدا هەڵیانکوتایە سەر سەنگەری پێشمەرگەکان و شەڕێکی نابەرابەر لە ژێر پشتیوانیی فڕۆکە و تانک و تۆپخانەدا بەسەر پێشمەرگەدا سەپا.

شەڕێک کە دەکرێ بڵێین لە مێژووی شەڕی ڕێک و پێک و تەنانەت چریکیدابێوێنەبوو. لەلایەکەوە سوپاییکی ڕێک و پێک و تەیار بە تۆپخانە و فرۆکەوە، لەلایەکی دیکەوە ژمارەیەکی حەفتا کەسی کە تەنیا بە تفەنگێک و یارمەتیی خودا و ئەوینی کوردستان تەیار بوون، ڕووبەڕووی یەک بوونەوە و ئەم شەڕە نابەرابەرە بە هێرشی پەیتا پەیتای، هێزە چەکدارەکانی شا، ماوەی چەند سەعات درێژەی کێشا و لە ئانجامدا ورە و بوێریی لەڕادەبەدەری کۆڵنەدەرانی فیداکاری کورد، هێرشی سوپای سەرکوتکەر یان تێک شکاند و سوپای شا، پاش ئەوەی ٥٠٠ کەسی لێ کوژرا و فڕۆکەیەکی کەوتە خوارێ و تانکێک و ٢٥٠ کەسی لێ بەدیل گیرا بەرەو مۆڵگەی سەربازەکان لە سەقز پاشەکشەی کرد.

جێی خۆیەتی ئەم شەڕە مێژووییە لەلایەن توێژەرانی نیزامییەوە بخرێتەبەر توێژینەوە.

ڕۆژی هێرشەکە و تێکشکانی سەرشۆڕانەی سوپا، پێشەوا قازی محەممەد لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتی ئازەربایجان سەبارەت بە دانووستان لەگەڵ نوێنەرانی تاران، خەریکی لێدوان و وتووێژبوو. لەگەڵ ئاگادار بوون لەو هێرشە و شکستی سەرشۆڕانەی سوپا؛ ڕۆژی ١٣٢٥/٣/٢٦ی هـ/١٩٤٦ی ز گەڕاوە بۆ کوردستان و لە ڕێی میاندواو ڕا یەکسەر بەرەو بارەگای بارزانی و چەند فەرماندەیەک کە بۆ پێشوازیی قازی محەممەد هاتبوونە میاندواو؛ لەگەڵی بەرەو بەرەی شەڕ وەڕێ کەوتن و ژەنەڕاڵ بارزانیش هەر لەو ئوتومبیلەدا سوار ببو کە ئەوەی تێدا بوو، منیش لەگەڵیان بووم. لە ڕێگادا ژەنەڕاڵ بارزانی وێڕای ئەوەی باسی لە قارەمانەیتی پێشمەرگەکانی لەو شەڕەداکرد ئاماژەشی بەبریندار بوونی چەند پێشمەرگەیەکی کرد کە یەکێک لەوان خەلیل خۆشەوی بوو. پێشەوا گوتی: جەنابی بارزانی، ئێوە ناوی بریندارەکانتان پێگەییوە؛ ژەنەڕاڵ بارزانی گوتی:

نەخێر ـ بەڵام چۆن ئەوکەسانە لە نزیکەوە دەناسم و لە بوێری و نەترسییان ڕادەبینم؛ دەزانم هەمووان لاو و نەترسن لەوانەیە بریندار بووبێتن. کاتێک گەیشتینە شوێنی مانەوەی پێشمەرگەکان لە بۆکان و چووینە سەردانی برینداراانی شەڕی مامەشا، پێشەوا قازی محەممەد و ژەنەڕاڵ بارزانی لە بریندارەکانیان پرسی و ڕێزیان لە لێبوردەیی و بوێرییان گرت. سەیر ئەوە بو، ئەوکەسانەی ژەنەڕاڵ بارزانی نێوی هێنابوون هەر هەموویان بڕیندار ببوون کە بەداخەوە خەلیل خۆشەوی و دووکەسی دیکە بەهۆی کاری بوونی برینەکانیان شەهید ببوون.

ئاگربەست (تەقەوەستاندن)ی هێزەکان

سەرلەشکەر ڕەزمم ئارا لە ئاوایی سەرا بە پێشوازیی پێشەوا قازیەوە هات و بەو پەڕی دووڕووییەوە سەبارەت بەو کارەساتە داخ و کەسەری دەربڕی و لە سەر تەقە وەستاندن و دووپاتە نەبوونەوەی شەڕ بەتێرو تەسەلی قسەیان کرد. پێشەوا قازی محەممەد قایل بوو بەوەی ئیزن بدرێ هێزە چەکدارەکانی شا، خواردەمەنی و بژیو و جلوبەرگی نیزامی ئەویش لە ژێر چاوەدێریی پێشمەرگەدا ببەن بۆ هێزە گەمارۆدراوەکانی میرەدێ و بانە و سەردەشت.
ئەوجار ناردنی چەک و تەقەمەنی و ڕاگواستنی پێداویستی شەڕ و هێنان و بردنی سەربازانی سوپا قەدەغە کرا بێجگە لە بریندارەکان؛ واش دانرا هەر کاتێک هێزەکانی سوپا بە پێچەوانەی ئەم ڕێکەوتننامەیە جووڵانەوە، پێشمەرگەکانی کوردستان مافی پێشگیری و نەهێشتنی ناردنی تەقەمەنی و هێزی شەڕکەریان هەبێ.
پاش ئەم ڕێکەوتنە سەرهەنگ محەممەدی نانەوازادە فەرماندەی هێزی ناوەندیی مەهاباد لەلایەن وەزارەتی بەرگری کوردستانەوە بۆ چاوەدێری کردنی ئەو

خواردەمەنی و کولوپەلە غەیرە نیزامیانەی دەوڵەت دەینارد بۆ هێزەکانی، ناردرایە سەقز و وەک پشکێنەری تایبەتی وەزارەتی بەرگری کوردستان دانرا و خەریکی کاروباری سەراسۆیی و چاودێریی بانە و سەقز بوو.

بەداخەوە لەڕێی بەڕێوەبردنی ئەم مەئمورییەتەدا ڕۆژی ١٣٢٥/٤/٢٥ی ه کە بە فڕۆکەیەکی نیزامی لەبانەوە دەچوو سەقز؛ بەهۆی بەربوونەوەی فڕۆکەکە لە کەلیخان، گیانی لە دەستدا و تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی نەتەوەی کورد بوو.[١] تەرمی شەهید نانەوازادەیان هێناوە مەهاباد و لە ڕێوڕەسمێکی نیزامیدا لە گۆڕستانی مەلاجامی بە خاک سپێردرا.

ڕێککەوتنی کوردستان و ئازەربایجان

بەر لەوەی موزەفەری فیرۆز بۆ وتوویژی نێوان دەوڵەتی ناوەندی و ئازەربایجان بچێتە تەورێز؛ پەیمانێکی دۆستایەتی لە نێوان کوردستان لە ئازەربایجان بۆ پتەو کردنی پەیوەندی هاوکاری نێوانیان ڕێکەوتی ١٣٢٥/٢/٣هـ/١٩٤٦ز لە تەورێز لە نێوان بەڕێوەبەرانی دوو حکوومەتی کوردستان و ئازەربایجاندا بەسترا. هەیئەتی نوێنەرایەتیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی قازی محەممەد پێکهاتبوو لە: حاجی سەید عەوڵای گیلانیزادە، حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی "وەزیری شەڕ"، عومەرخانی شەریفی سەرۆکی عەشیرەتی شکاک، ڕەشیدبەگی جیهانگیری سەرۆکی عەشیرەتی هەرکی، زێڕۆبەگی بە هادوڕیی هەرکی و قازی محەممەدی خزری نوێنەری شنۆ:

١- زۆر کەس پێیان وایە شەهید نانەوازادە لە پیلانێکدا لە فڕۆکەوە هەڵداشتراوەتە خوارێ و فڕۆکە بەرنەبۆتەوە.

هەیئەتی نوێنەرایەتیی ئازەربایجانیش بریتی بون لە میر جەعفەر پێشەوەری، سەرۆکی حکوومەتی ئازەربایجان و میرزا عەلی شەبستەری، سەرۆکی ئەنجوومەنی میللی ئازەربایجان، سادق پادگان، جێگیری کۆمیتەی ناوەندی و محەممەد بیرِیا. پاش ئیمزاکردنی پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاریی نێوان کوردستان و ئازەربایجان، شاندێکی نوێنەرایەتی کورد و ئازەری لە ڕێکەوتی [illegible] حکوومەتی ناوەندی بەرەو تاران وەڕێ کەوتن.

وتوویژ لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی لە تاران

حکوومەتی ناوەندی هەر خەریکی فێڵ و تەڵەکە و کات بەفیڕۆدان و وەدواخستنی دانیشتنەکان و هاتووچۆی بێ ئاکام بوو. نوێنەرانی کوردستان و ئازەربایجانیش لە هەوڵی کەلک وەرگرتن لە وتوویژەکان بوون لە پێناو دابین کردنی خودموختاری و وە دەستهێنانی دەسەڵاتی پێویست، بۆ بەهێزتر کردنی حکوومەتەکانی خۆیان.

بەڵام، پاش دوو کەڕەت سەفەری شاندەکانی نوێنەرایەتیی (کورد و ئازەری) بۆ تاران، و هاتنی شاندێکی حکوومەتی ناوەندی بەمەبەستی درێژەپێدان بە وتوویژەکان بێ ئاکام مانەوە؛ قەواموسەڵتەنە، سەرۆک وەزیرانی ئێران، بەمەستی وتوویژ و ڕاگۆڕینەوە، قازی محەممەدی بانگ کردە تاران. هەڵبەت پێویستە ئاماژە بە دوو شت بکەم: یەکەم ئەوەی کە؛ بەرپرسانی حکوومەتی ئازەربایجان وێڕای بەستنی پەیمانی دۆستایەتی دەگەڵ کوردستان، بە پێچەوانەی پەیمانەکە دەجووڵانەوە و دانیان بە ماف و دەسەڵاتی بەڕامبەر و یەکسانی کورد دانەدێنا. خاڵی دووهەم ئەوەیەکە: حکوومەتی ئێران لە لایەکەوە خەریکی وتوویژ و دانووستان لەگەڵ نوێنەرانی کوردستان و ئازەربایجان بوو؛

بەکات بە فیرۆدان و وتووێژی دوورودرێژ؛ شاندەکانی نێونەرایەتی دەخافلاند و لەلایەکی دیکەوە خەریکی بە هێزکردنی سەربازخانەکانی سەقز و سنە و سەردەشت بوو. لەو دەرفەتەی کە بۆ وتووێژ ڕەخسابوو، بۆ تەیارکردن و بەهێزکردنی ئەو سەربازخانانە کەڵکی وەردەگرت کە لە گەمارۆی هێزی پێشمەرگەدا بوون.

بێ شک پێداگری کرابوو لە سەر ئەوەی کە لە وتووێژ و ڕاگۆڕینەوەکاندا؛ چ لەو سەفەرەکانی شاندی نوێنەرایەتی کوردستان و ئازەربایجان بە سەرۆکایەتیی پێشەوەری و چ لە سەفەرەکانی شاندی نوێنەرایەتی حکوومەتی مەرکەزی دا بەسەرۆکایەتی موزەفەری فیرۆز بۆ تەورێز، مەسەلەی کوردستان بخەنە پەراوێز و بیکەنە شتێکی لاوەکی. حکوومەتی تاران و تەنانەت حکوومەتی ئازەربایجانیش کە هاوپەیمانی کوردستان بوو، نەیاندەویست مەسەلەی کوردستان وەک کێشەیەکی سەربەخۆ بخرێتە بەرباس، بەڵکو هەر دوولا دەیانویست کوردستان بەشێک بێ لە ئازەربایجان و جیاواز نەبێ.

لەوەها دۆخ و هەل ومەرجێک دابوو کە قازی محەممەد بۆ وتووێژ و گۆڕینەوەی بیرورِا لەلایەن قەوامەوە بانگهێشت کرایە تاران.

نوکتەیەکی دیکە؛ قازی محەممەد جارێکی دیکەش لە ڕەزبەری ١٣٢٣ی هەتاوی دا لەگەڵ قەرەنی ئاغای مامەش و عەولا ئاغای مەنگوڕ و بایز عزیز ئاغای گەورک و عەلی ئاغای میر ئەسعەد دێبوکری؛ کە هەر چواریان لە سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچەی موکریان بوون. بۆ وتووێژ لەسەر باردۆخی ناوچە چووە تاران و ئەبولقاسم سەدری قازی نوێنەری مەهاباد لە پەرلەمانی شورای میللی و محەممەد حوسێن خانی سەیف قازیش لەو وتووێژانەدا بەشدار بوون.

قازی محەممەد لە سەفەری پێشووی دا بۆ تاران چاوپێکەوتنێکیشی لەگەڵ سەر لەشکەر ئەرفەع سەرۆکی ستادی ئەرتەش کردبوو. ئەرفەع لە بیرەوەرییەکانیدا

دەنووسی؛ قازی محەممەد و برادەران، سەدر قازی و سەیف قازی هاتنە ستادی سوپا و سەبارەت بە مەسەلە و کێشەکانی کوردستاندا قسەکرا. سەیف قازی و سەدر قازی لە لێدوانەکاندا برێک نەرمییان دەنواند و هیواداریيان دەردەبڕی کە حکوومەتی ئێران باشتر ئاوڕ لە مافەکانی کوردستان بداتەوە و تایبەتمەندییەکانی نەتەوەی کورد دەرک بکا، بۆ ئەوەی کوردەکانیش بتوانن لە ئاوەدان کردنەوە و پێشکەوتنی ئێراندا هاوکاری و ڕۆڵی بەرچاویان هەبێ. بەڵام قازی محەممەد ڕاشکاوانەتر قسەی دەکرد و باسێکی تێر و تەسەلی لەسەر ئەو ستەم و زوڵمانە کرد کە لە کوردەکان کراوە. (ئەرفەع لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: منیش بۆ پشتگیریی و تەئیدی بەشێک لە قسەکانی قازی محەممەد دا ویستم هیواداریان کەم بە دڵۆڤانی و بەزەییەکانی خاوەن شکۆ (اعۂلیحضرت) بەڵام لە کۆتاییدا بۆم دەرکەوت قازی دارەبییەک نییە بەو بایانە بلەرزێ.

دیسان سەفەر بۆ تاران

پاش چەند تێکهەڵچوونی چەکدارانە، لە نێوان سوپا و پێشمەرگەکانی کوردستان لە شەڕگەی سەقز و وتووێژ ڕێککەوتنی نێوان قازی محەممەد و سەر لەشکەر ڕەزم ئارا، حالەتێکی نەشەڕ نە ئاشتی، لە ناوچەکەدا پێکهاتبوو. قازی محەممەد و کاربەدەستانی حکوومەتی کوردستانیش لەژێر گوشاری دەوڵەتی سۆڤیەت دابوون کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی دا، پێشڕەوی نەکەن و تا بۆیان دەکرێ لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی پێک بێن کە ئەوەش لەو گوشارانەوە سەرچاوەی دەگرت کە دەوڵەتانی بەریتانیا و ئەمریکا دەیانخستە سەر سۆڤیەت. دەوڵەتی ئێرانیش چاوەڕێی ئەوە بوو دەگەڵ باشتر بوونی بارودۆخەکە؛ مەسەلەی چۆڵ نەکردنی ئێران لەلایەن سۆڤیەتەوە؛ بگەیەنێتە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. لەوەها هەلومەرجێکدا بوو کە بۆ دووبەرەکی

سازکردن لە نێوان کوردستان و ئازەربایجاندا، قازی محەممەد بانگ کرایە تاران و ئەویش لە مەهابادەوە بەرەو تەوریز وەڕێ کەوت و لە تەوریز لەگەڵ بەرپرسی حکوومەتی ئازەربایجان و سۆڤیەت وتووێژی کرد و ڕۆژی ١٩٤٦/٤/١٨ی زایینی بە فڕۆکەیەکی ڕووسی کە سی کەسێکی هەڵگرتبوو، بەرەو تاران وەڕێ کەوت. نووسەری ئەم دێڕانەشی لەگەڵ بوو. پاش دووسەعات، فڕۆکەی ڕووسی لە فڕۆکەخانەی تاران نیشتەوە و لەلایەن نوێنەری قەواموسەڵتەنە و کوردەکانی دانیشتووی تاران و ژمارەیەکی زۆر ڕووناکبیر و سیاسەتمەداری ئێرانی و هۆگرانی چارەسەریی گیروگرفتەکانی وڵاتەوە، بەگەرمی پێشوازییان لێکرا و لەگەڵ کاروانی ئوتۆمبێلی پێشوازیکەر، بەرەو هۆتێلی دەربەندی شەمیران وەڕێ کەوتن. لە هۆڵی هوتێل دەربەند، ڕێوڕەسمی ناساندن و بەخێرهێنانی دووبارە لەلایەن نوێنەری قەواموسەڵتەنە و ژمارەیەک ڕۆژنامەنووس بەڕێوە چوو. پاش دوو سەعات وتووێژی تایبەتی و ئاسایی دەگەڵ خەڵک و ڕۆژنامە نووسان، قازی محەممەد بەرەو (هوتێل دەربەند) کە بۆ پشوودان و مانەوەی وی دیاری کرابوو کەوتەڕێ.

قازی محەممەد لەو سەفەرەدا چاوی بە ژەنەڕاڵ ئیحسان نووری پاشا کەوت. ئیحسان نووری پاشا، ڕێبەری شۆڕشی ئاگری لە کوردستانی باکوور کە بە هۆی هاوکاریی ئێران لەگەڵ تورکیا؛ تێک شکابوو و هاتبوو ئێران، لە ئێران دەژیا و نەیدەتوانی لە تاران وەدەرکەوێ. قازی محەممەد لەگەڵ دکتور هاشمی شیرازی کە دۆستی نزیکی ئیحسان نووری پاشا بوو، چوونە ماڵەکەی و ماوەی چەند سەعاتێک لە ماڵی ئیحسان نووری، کێشە و مەسەلەی کوردستانیان تاووتۆی کرد. ئاڵای کوردستان لە دیوی میوانانی ئێحسان نووری پاشا بە دیوارەوە هەڵاوەسرابوو. هەروەها هێمای حیزبی خۆیبوونیش لەسەر مێزی کارەکەی بوو.

منی نووسەر لەو کاتەدا جل و بەرگی نیزامی (یونیفۆرم)ی کوردستانم لەبەردا بوو کە بۆ ئەوانەی هاتبوونە پێشوازیمان، شتێکی تازەبوو. هەربۆیەش دەیانپرسی ئەوە چ جۆرە جل و بەرگێکە؟ سەدری قازی گوتی؛ هەربەو جل و بەرگانەوە هاتووی یا کۆت و شەلواریشت هێناوە؟

لەبەر ئەوەی پێشەوا بۆ ئاشتی و دانووستن تەشریفیان هێناوە، وا باشترە ئێوەش کۆت و شەلوار لەبەرکەن. بە قسەم کرد و هەرگەیشتینە کۆشکی ژمارەی دەربەند، جل و بەرگی ئاساییم لەبەر کرد.

لە ماوەی ئەو حەوتووەدا، قازی محەممەد لە تاران، دووجار لە کۆشکی هاوێنی وەزارەتی دەرەوە، لەگەڵ قەواموسەڵتەنەی سەرۆک وەزیران و چەند جارێکیش لەگەڵ موزفەر فیرۆز، جێگیری سەرۆک وەزیران و سەر لەشکر ڕەزم ئارا، سەرۆکی ستادی ئەرتەش چاوپێکەوتن و وتووێژیان کرد.

لە نێو قسەکانیاندا، ئەوەندەی من تێگەیشتم، پێشنیاری قەواموسەڵتەنە ئەوە بوو کە ناوچە کوردنشینەکانی رۆژئاوای ئێران، پارێزگاکانی ئازەربایجانی غەربی و کوردستان و کرماشان بەیەک ناو، واتە ئۆستانی کوردستان، بناسرێن، پارێزگارەکەشی قازی محەممەد بێ. قازی محەممەد، بەگران و سەنگینی و لە سەرەخۆییەوە لەگەڵ نێردراوانی دەوڵەت و وتووێژکەران هەڵسوکەوتی دەکرد، تەنانەت لە وتووێژ دەگەڵ رۆژنامەنووس و هەواڵنێری بڵاڤۆکان دا کە دەبارەی کاروباری دەوڵەت لێیان دەپرسی، سەبارەت بە ئاغای قواموسەڵتەنە گەشبینی دەنواند. بەڵام من وای بۆ دەچووم کە قازی محەممەد پێشنیارەکانی حکوومەتی بە دڵسۆزی نەدەزانی. هەربۆیەش، وەڵامی ڕاشکاوانەی پرسیارەکانی دەهێشتەوە بۆ کوردستان و ڕاوێژکردن دەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و حکوومەتی کوردستان. لە گەڕانەوەیدا بۆ تەورێز و ئاڵوگۆڕی بیروڕا دەگەڵ کاربەدەستانی ئازەربایجان و لە لێدوانە تایبەتییەکانییدا، لەگەڵ

باڵوێزی سۆڤیەت و نێردراوانی پایەبەرزی ئەوان لە تەورێز، وا دەردەکەوت کە هەردوولایەن لە قەبووڵ کردنی ئەم پێشنیارە ناڕازین و بەگشتی وادیار بوو حکوومەتی ناوەندی و خودی قەوام و موزەفەر فیروز لە فکری ئەوەدا بوون کە ناکۆکی و دووبەرەکی بخەنە نێوان حکوومەتی کوردستان و ئازەربایجانەوە. سۆڤیەتییەکانیش گەرچی لە پێشدا نەیاندەویست شەڕ و ناکۆکی لە نێوان ئەو دوو حکوومەتە ناوچەییە و دەوڵەتی ناوەندی هەڵبگیرسێ، بەڵکو دەیانویست هەتا. دانیشتنەکانیان لەگەڵ قەوام لەسەر وەرگرتنی ئیمتیازی نەوتی باکوور، بە ئاکام دەگا، ئەوان دەبێ پاڵهێزێکی گوشاریان لە دەستدا بێ. لە لایەکی ترەوە ئازەربایجانییەکان نەیاندەویست کوردستان بە تەنێ لەگەڵ دەوڵەتی ئێران پێک بێ و کوردستان ببێتە هەڵکەوتەیەکی دیار و سەربەخۆی جوغرافیایی لە ئێراندا، بەڵکو رازی بێ بە دابین کردنی بەشێکی کەم لە مافەکانی.
سەفەرەکەی قازی محەممەدیش بۆ تاران بێ دەسکەوت تەواو بو. قازی لەو سەفەرەدا کۆت و شەلوارێکی شینکی و سادەی پۆشیبوو. ئاکار و هەڵسوکەوتیشی وەک هەمیشە ماقووڵانە و گران و سەنگین بوو. هەر بەو جۆرەش بەڕووخۆشی بە پیلی ئەو کەسانەوە دەچوو کە دەهاتنەلای. بەڕاستی لە دڵی ئەوانەدا کە دەهاتنەلای جێی خۆی کردبۆوە. لە وتووێژەکانیشیدا کە لەگەڵ هەواڵنێرانی رۆژنامەکانی تاران بۆ وێنە رۆژنامەی "رهبر و ایران ما" هەیبوو، بە رستەی کورت و ڕوون و بە ئیمان بە ئازادی و دیموکراسی بۆ ئێران و تیشک خستنە سەر پێشینەی مێژوویی و خەباتی نەتەوەی کورد، بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و دیاریکردنی مافی چارەنووس و هیواداری بە پێکهاتن و ڕێککەوتن لەگەڵ دەوڵەتی ئێران، بە جوانی دەری خست کە بە سەر مەسەلە سیاسی و پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکاندا، زاڵە و لێیان شارەزایە.

شەرحی چاوپێکەوتنەکانی قازی محەممەد لە تاران، لەگەڵ باڵوێزی بەریتانیا، ئیحسان نووری پاشا و ئارچی باڵد ڕۆزوڤێلت لە مەهاباد لە کتێبی "خا طر ا ت د کتـر ها شم شیـر ا ز ی" **دابە چڕوپڕی داهاتووە.**

قازی محەممەد پاش هەفتەیەک مانەوە لە تاران؛ هەر بە فرۆکە ڕووسییەکە کە لە هێڵی ئاسمانی تەورێز تاراندا ئیشی دەکرد گەڕایەوە بۆ تەورێز. دوو ڕۆژیش لە تەورێز مایەوە. لەسەر پێشنیارەکانی قەوام، قسەی لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتی ئازەربایجان کرد و ڕۆژی ٢٥-١٩٤٦/٤/٢٧ی ز لەلایەن ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات و بەرپرسانی حکوومەتی میللییەوە کە هاتبوونە میاندواو، پێشوازیی لێکرا و هەروەها لە مەهابادیش خەڵک و ژمارەیەکی زۆر لە (عەشایرو خەڵکی دێهاتەکان بە شادمانی و بە چەپکە گوڵەوە چوونە پێشوازی.

ئاخافتن لە مەهاباد

پاش هەفتەیەک، قازی محەممەد لە ئاخافتنێکدا سوپاسی خەڵک و پێشوازی کەرانی کرد و ڕێزی گرت لە قوتابییان و یەکێتی لاوان. قازی لەو کۆبوونەوە مەزنەدا کە لە ڕۆژی ١٣٢٥/٥/٤ی هـ/١٩٤٦ی ز دا پێکهات سەبارەت بە سەفەرەکەی تاران کوتی: ئێوە باش دەزانن، من شەو و ڕۆژ بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی نەتەوەی کورد لە حەول دام، ئەم حەوڵ و تەقەلایەش بە شانازی دەزانم و هەتا دوایین چرکەی ژیانم دەست لە تێکۆشان و فیداکاری هەڵناگرم و دەیسەلمێنم کە نەتەوەی کورد، شیاوی ئەوەیە خاوەنی ئازادی و دیموکراسی بێ. خۆ دەزانن ئێمە هیچ کات خوازیاری لەتکردنی ئێرانێ نەبووین. بەڵام هەتا ئێستاش دەسەڵاتداران نە تەنیا جوابێکیان نەداوینەتەوە بەڵکوو گاڵتەشیان پێ کردووین. ئێمە ناچار بووین حکوومەتی میللی دامەزرێنین. خۆشمان بە تاقی

کردەوە و لە بەرامبەر ئەوانەدا کە دەیانویست پێشمان بگرن ڕاوەستاین و بەرگریمان لە خۆمان کرد. ئێستا ئەوان پاشەکشەیان کردووە. ئێمەش لەوە زیاتر ناچینە پێشێ. لە سەفەری تاراندا زۆرم قسە لەگەڵ قەواموسەڵتەنە کرد. ئەو ڕای بەنیسبەت کوردەوە باشە و لەو لێدوانانەدا گوتی: ئێمەش بووینەتە دیموکرات و ئێستا حیزبی دیموکراتی کوردستان بگۆڕن و پێی بڵێن حیزبی دێموکراتی ئێران. لە وەڵامدا پێم گوت: تاکوو کۆمیتەی ناوەندی پەسندی نەکا، من ناتوانم هیچ شتێ بڵێم. چونکە مانای دیموکراسی ئەوەیە کە هیچکەس بێ ڕاپرسی لەگەڵ خەڵک، بۆی نییە چارەنووسی نەتەوەکەی دیاری بکا. قەواموسەڵتەنە دانی بەوەدا هێنا کە کوردەکان شایانی ڕێزن و نەتەوەی کورد بۆ دەستەبەر کردنی دێموکراسی ئامادەی هەرچەشنە فیداکارییەکە و گوتیشی: بزووتنەوەی دێموکراتی کوردستان بە پاڵپشتێکی ئارمانجەکانمان دەزانین و هیوادارین هەموو ئێران چاو لە ئێوە بکەن و دیموکراسی تێدا جێگیربێ.

چەند خاڵێکی گرینگ

١- قازی محەممەد بۆیە باوەڕی بە پێشنیارەکانی قەواموسەڵتەنە نەکرد؛ چونکە بەپێی ئەزموونەکانی پێشوو، پەیمان شکێنی و پاشگەزبوونەوەی حکوومەتەکانی ئێران لەو بەڵێنانەی بە کوردەکانیان دەدان؛ کە هەرکاتێک دەوڵەتان لاواز دەبن، قەول و بەڵێنی دەدەن و ملکەچ دەبن. هەر کە بە هێزبوونەوە و هەلیان بۆ ڕەخسا، هەموو قەول و قەرار و بەڵێنەکان پێچەوانە دەبنەوە.

٢- قازی محەممەد زۆر لەسەر وادە و بەڵێنی خۆی و حکوومەتی کوردستان سوور بوو. نەشی دەویست ئازەربایجانییەکان بە پەیمان شکێنی لە قەڵەم بدەن. چونکە بە قەبووڵ کردنی پێشنیارەکەی قەوام؛ کوردستان و ئازەربایجان لێک

جیا دەبوونەوە. ئەگەرچی ئەوان زۆر پابەند وادە و بەڵێنەکانی خۆیان نەبوون. لە لێدوانەکانیاندا لەگەڵ تاران قایل نەدەبوون کوردستان و ئازەربایجان مافی وەک یەکیان هەبێ.
٣- قازی محەممەد هەستی بەوە دەکرد کە سۆڤیەتییەکانیش وێڕای ڕەزامەندی و پێ خۆش بوونیان بە پێکهاتن لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی؛ دڕدۆنگ بوون لە قەبووڵ کردنی ئەم پێشنیارەدا و دەیانویست لەگەمەی سیاسی دەگەڵ قەواموسەڵتەنە، کوردستانیان وەک کارتێک بەدەستەوەبێ.
قەواموسەڵتەنە زیرەکانە دەیویست بەوپێشنیارە ناکۆکی بخاتە نێوان ئەو دوو حکوومەتە میللییەوە و بە پێشنیاری ڕێک کەوتن؛ تاڕادەیەک سەرنجی سۆڤیەتییەکان بۆلای دەوڵەتەکەی خۆی ڕاکێشێ و لە لایەکی دیکەوە، بە وتوویژ لەگەڵ سۆڤیەتییەکان و دانی ئیمتیازی نەوتی باکوور پێییان، لە پشتیوانی کردنی حکوومەتی کوردستان و ئازەربایجان پاشگەزیان بکاتەوە. هەر بۆیەش ئەوکاتەی حکوومەتی کوردستان بە هێزی سوار چاکی عەشیرەت و پێشمەرگەی چالاکەوە ئامادەبوو بەرەو سنە و ناوچە کوردنشینەکانی تر وەڕێ کەوێ و هێرش بەرێ. سۆڤیەتییەکان بە ئاشکرایی و ڕاشکاوانە؛ بە کوردستانیان ڕاگەیاند لە هێرش کردنە سەر سەربازخانەکانی ئێران و پێشڕەوی بەرەو سنە و کرماشان خۆ ببوێرن و بیانووشیان ئەوە بوو کە دەیانگوت پێشڕەوی هێرشی پێشمەرگە بەرەو سنە و کرماشان دەبێتە هۆی دژ کردەوەی بەریتانیا، بەمەبەستی پاراستنی سەرچاوەی نەوتییەکانی کرماشان و تەنانەت لەوانەیە ڕاستەوخۆ بێتە نێوشەڕەوە. ئەگەر وای لێبێ کوردەکان نابێ چاویان لە یارمەتی و پشتیوانی سۆڤیەتیەکان بێ و دەوڵەتی سۆڤیەتیش ئەودەم نایهەوێ ڕێگەی پێشرەویی هێرشی سوپای ئێران بۆ کوردستان بگرێ کە لە ڕێگەکانی ترەوە دێن. بەو فێڵ و تەڵەکەبازیە حکوومەتی کوردستانیان لەگرتنی شارەکانی

دیکەو پێشڕەویی بەرەو سنە گیراوە. ئەو جارەش کە هەلێکی لەبار بۆ ئاشتی و ڕێککەوتن ڕەخسابو، ئەوان قایل نەدەبوون. هەر بۆیەش هەم دەرفەتی پێشڕەوی و ئازادکردنی ناوچە کوردنشینەکان و هەم دەرفەتی ئاشتی و ڕێککەوتن لە دەست چوون و بارودۆخ و هەل و مەرجی ڕۆژگاریش حکوومەتی کوردستانی ناچار کرد مل کەچی پێشنیاری ڕووسەکان بێ.

سەردانی باکووری کوردستان

پێشەواقازی محەممەد دوای گەڕانەوەی لە تاران کەوتە فیکری بەسەرکردنەوەی باکووری کوردستان، بۆ وێنە شارەکانی ورمێ، سەلماس، خۆی، ماکۆ. لە نیوەی گەلاوێژی ١٣٢٥ی ە دا بەڕێزیان لە مەهابادەوە بەرەو ئەو ناوچانە کەوتەڕێ. ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی حیزب و هەیئەت ڕئیسەی میللی و ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆکی عەشیرەتەکان و چینە جیاوازەکانی شار و دێهاتی مەهاباد لەو شەقامەدا کە دەچێتەوە سەر چوارچرا کۆبوونەوە و چاوڕێی هاتنی پێشەوا و بەڕێکردنی بوون. زۆری نەکێشا کە قازی محەممەد لە نێو هەیئەت ڕەئیسەی میللی و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، نوێنەرانی عەشایر و چین و توێژەکانی خەڵکی شار و دێ. دەرکەوت و لە پلیکانەی بینای حیزبەوە هاتە نێو خەڵک. دەنگی بژی ڕێبەری خۆشەویست و چەپڵە ڕێزان بەرزبۆوە. پێشەوا بە ئاماژەی دەست و سەر وەڵامی دانەوە بەرێزەوە و بەوتە جوانەکانی، سپاسی ئامادەبوان و نوێنەرانی دەوڵەت، حیزب، خەڵک و عەشیرەتەکانی کرد و بەو خۆشەویستی و ئەوینەوە کە خەڵک بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی و مافە نەتەوەییە ڕەواکانیان هەیانبوو ڕێزی لێگرتن. ئەوجار؛ عەشیرەتەکانی مەنگوڕ، مامەش و دێبوکری و نوێنەرانی چینەکان، یەک بەیەک چوونە لای و وەفادارییی خۆیان دەربڕی و پەیمانیان لەگەڵ نوێ کردەوە. قازی محەممەد لە نێو شەپۆلی ئامادەبوان و هەستی بەتینی خەڵکەکەدا، سواری ماشین بوو.حاجی بابەشێخ سەیادەت سەرۆکی هەیئەت ڕەئیسەی میللی لە ماشێنەکەی وی دا سوار بوو، نووسەری ئەم دێرانەش کە شانازیی ئەوەم پێبڕابوو لەگەڵیان بم لە پێشەوەی ماشێنەکە و لەتەنیشت شوفیرەکەوە دانیشتم و ماشێنێکی جیپ کە چەند کەس لە هاوڕییانی تێدابوو، لەگەڵ دوو لۆری پڕ لە پێشمەرگەی کوردستان کە ئیسکۆرتمان بوون لە مەهابادەوە بەرەو ورمێ وەڕێ کەوتین.

ژمارەیەکی زۆر لەوانەی بۆ بەڕێ کردن هەتا پێنج کیلۆمەتریی شاری مەهاباد، هاتبوون. قازی محەممەد، دوو رۆژ لە ورمێ مایەوە و نوێنەران و پیاو ماقووڵانی شار سەردانیان کرد. و لە سەر بانگهێشتی حاجی ئەمیر نەزمیی ئەفشار، پێشەوا قازی و هاوڕێیانی، بۆ شێو خواردن چوونە باغەکەی ئەو لە دەرەوەی شار. پاش دوو ڕۆژ مانەوە لە ورمێ و چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەرانی عەشیرەتەکانی دەوروبەر، ئەو ڕێنوێنی یانەی، بۆ هاوکاریی زیاتری نێردراوانی کوردستان و ئازەربایجان بۆ دابین کردنی ئاسایشی و هێمنی پێویست بوو، پێی ڕاگەیاندن عومەرخانی شەریفی سەرۆکی هۆزی شکاک کە بۆ پێش وازی لە قازی محەممەد هاتبووە ورمێ، لەگەڵ ئەوان و هۆزە ناوچەییەکانی دیکە بەرەو سەلماس وەڕێ کەوت.

قازی محەممەد بەر لەگەیشتن بە سەڵماس لەسەر داوای عومەرخان چوو بۆ شوێنی مانەوەی لەگوندی زیندەشت. ئەو دەمەش کاتی دروێنەی گەنم بوو. بە قەراغ گەنمە جاڕاندا دەڕۆیشتن. هەر وەرزێر و پاڵە بوو، باقەگەنمیان لە سەرسەروبن هەنگڵ، بەرەو قەراغ ڕێ دەهاتن و بەجێی چەپکەگوڵ، باقەگەنمیان دەهێنا بۆ پێشوازیی پێشەوای خۆیان و داوای دۆعای خێر و بەرەکەتیان لێدەکرد و بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستییەوە بە خێرهاتنیان دەکرد. لە زۆر جێیان قازی محەممەد لە ماشێنەکەی دادەبەزی و وەرزێرانی لەباوەش دەگرت و دەست خۆشی لێدەکردن.

چەکدارانی عەشیرەتەکانی شکاک بە تەقەی بەردەوام خۆشحاڵیی خۆیان دەردەبڕی و خەڵکی دوورونزیکیان لە هاتنی پێشەوا ئاگادار دەکردنەوە. بەڕێزیان بەرلەوەی بگەنە ئاوایی زین دەشت لە ئاوایی دەرمانئاوا لای دا، بۆ زیارەتی گۆڕی چەند ئەسحابەیەکی پێغەمبەر کە بۆ تەبلیغ و پەرەپێدانی ئایینی ئیسلام هاتبوونە ئەو ناوچەیە و بەڕێز و بە دڵپاکییەوە چووە سەرقەبریان و

پاش خوێندنی فاتیحە و نزا؛ چوون بۆ سەرچاوەی ئاوی گەرمی ئاوایی. لەسەر تەپۆڵکەی بەر ئاوایی، کانییەکی گەرمی لێبوو کە ئەستێرێکی خنجیلانەیان بۆ خۆ شوشتن لە پێش دروست کردبوو. دەیانگوت ئەو ئاوە بۆ دەرمانی نەخۆشییەکانی پێست یەکاویەکە. کە بەسەر تەپۆڵکەکەدا دەرۆیشتی، پێت لەهەر شوێنێک دانابایە لە جێ پێت، هەڵم هەڵدەستا و پیاو وای هەست دەکرد دڵی کێوەکەش وەک دڵی نەتەوەی کورد لە کوڵەو، دەیهەوێ لە دەرفەتێکی گونجاو گڤارە ببەستێ.

قازی محەممەد دوای زیارەتی گۆڕی ئەسحابەکانی پێغەمبەر و دیتنی کانییە گەرمەکە، بەرەو زین دەشتی ملکی عومەرخانی شەریفی سەرۆکی عەشیرەتی شکاک کەوتەڕێ. مەودای چەند کیلۆمەترێک مابوو بگەنە ئاوایی، کەکوڕەکانی عومەرخان و چەند سوارێکی چەکدار و چەند کەسێکیش پیادە؛ لەم بەرەوبەری ڕێگا کە بەڕێز وەستابوون، دەگەڵ گەیشتنی ماشینی مێوانەکان؛ بۆ بەخێرهاتنیان چەند تەقەیەکیان کرد. ئەو شەوە میوانی عومەرخان بووین. قازی و حاجی شێخ و چەند میوانێکی دیکە، لە دیوێکی تایبەت پشوویان دا. پێشمەرگەکانیش لە دو خێوەتدا کە لە خوارووی ماڵەکانەوە هەڵیاندابوون، حەوانەوە. ئاوایی زیندەشت یەکجار خۆش و دڵگیربوو بەونێوەڕاستی هاوینێ شەوێکی زۆر فێنکی هەبوو. وەرزێرانی ئاوایی و بەگزادەکانی شکاک کە بە تاسەوە هاتبوون بۆ دیتنی ڕێبەری خەڵکی کوردستان. لە هۆڵی میوانانداکۆببوونەوە. ئەوەندەی خەڵک تێڕاژبوو کە دەرزیت هەڵاویشتبا وەعەرزی نەدەکەوت. نەتدەزانی چۆنیان پێ بڵێی پاش چاوپێکەوتن بچنە ژوورێکی دیکە؟ من شتێکم بە مێشک داهات و بە کاپیتان محەممەدی خانی کە یەکێک لە ئەفسەرەکان بوو، گوتم؛ بێجگە لە کوڕەکانی عومەرخان هەرچی هات بێ ئەوەی دڵی بێشی، وەپێشیکەون بۆ وەتاغەکەی دیکە یا بۆ یەکێک لە خێوەتەکان.

پاش سەعاتێک ئاپۆرەی خەڵک وەردە وەردە کەم بۆوە و جێگای دانیشتنمان بوو. بۆ سبەینێ لەنێو ئەوپەڕی سەیر و شادمانی خەڵکدا بەرەو سەلماس کەوتینەڕێ. عومەرخانی شەریفی و چەند کەسی دیکەی سەرۆک عەشیرەت و پیاو ماقووڵانی شکاکیشمان ڕەگەڵ کەوتن و بەکاروانێک ماشێنەوە گەیشتینە سەلماس و لەلایەن خەڵک و عەشیرەتەکانەوە پێشوازیمان لێکرا. بێجگە لە کوردەکان؛ ئازەرییەکانیش کە زۆر دڵخۆش و هیوادار بوون بە ئاکامی ئەو سەفەرەو نیاز پاکیی ڕێبەری کوردستان، بۆ یەکیەتیی زیاتر نێوان هەردوک لای کورد و ئازەرییەکانی ئەوێ وێڕای ئەوان بەگەرمی هاتنە پێشوازیی. بەڕێزیان وێڕایی خۆناساندن و ئاشنایەتیی دەگەڵ خەڵکەکە، لەسەر پێکهێنان و بەردەوامیی ئاشتی و هێمنی لەناوچەکەدا؛ پێیداگرت و هیواداری کردن بە ئایندەیەکی ڕوونترۆ گەشتر. لە پاشان قازی محەممەد و هاوڕێکانی لە شاری سەلماسەوە بەرەو شاری خۆی وەڕێکەوتن. لە ڕێگەدا و لەشاری خۆی دا هەروا دەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵک بەرەو ڕوو بووینەوە. نوێنەرانی چینە جیاوازەکان و مەئموورانی ئازەربایجانیی بەسەرکردەوە، ڕێزیان لێگرتن. ئەو سەفەرە لە ڕاستیدا سەفەری نیاز پاکی و بێ خەوشی و پێکهێنانی فەزای وەیەک هەڵکردن، نێوان کورد و ئازەری بوو کە ئەوانیشی بە داهاتوویەکی پڕشنگدار هیوادار کرد. پاش شە و ڕۆژێک هەیئەتەکە لە خۆی یەوە بەرەو ماکو، دوایین شوێنی مەبەست کەوتەڕێ.

لەکاتی وەدەرکەوتن لە خۆی؛ هەر دەگەڵ وەدیارکەوتنی کێوی سپی پۆشی ئاگری، قازی محەممەد بەیادی شۆڕشی بوێرانەو لە خۆبوردوویی کۆڵنەدەرانی کوردی تورکیا، سڵاوی لە کێوی ئاگری کردو گوتی؛ سڵاوت لێ بێ ئەی ئاگری؛ تۆ دواجار بە بڵێسەی ئاوری شۆڕشگێرانەت ئاور لە خەرمانی داگیرکەرانت بەردەدەی.

بەڕاستی قسەکانی وایان لە سەر مێشکی منی گەنج کاری کرد کە فرمێسکەکانم لووزەویان بەست و ئەوجار بەچاوێکی ئاوەڵاترەوە، سەری کڕنۆشم لەبەر مەزنی کێوی ئاگری و شۆڕشگێڕەکانی دانواند. بە درێژایی ڕێگەی خۆی هەتا ماکۆ لە "سیاچەم" عەشیرەتەکانی خلکانلو، میلان، جەلالی و هەرمەنی هاتنە پێشوازیی قازی محەممەد و بەگەرمی و ڕێزەوە بەخێرهاتنیان کرد و هەتا ماکۆ گەلێک خەڵکی دیکەمان ڕەگەڵ کەوتن. لەشاری ماکۆش هەربە هەمان شێوە وەرگێڕاین و خەڵک بە هۆگرییەوە هاتبوونە پێشوازیمان و شانازیان بە پێشەوا قازی محەممەدەوە دەکرد.

شاری ماکۆ کەوتۆتە نێوان دوو زنجیرە کێوی بەرزو دورودرێژ و چۆمی زەنگمار لە داوێنی کێوەکەوە و بە شێوی کێوەکاندا دێتەخوارێ. ئەم شارە لە قەد پاڵی کێوکە هەڵکەوتووە و قەلای مێژوویی ماکۆی خستۆتە ژێرسێبەری خۆی و بەشێک لە کێوەکە وەک کەپرێک بەسەریدا کشاوە. لە داوینی کێوەکە لە سەرتەختە بەردێک چەند شێعرێک نووسراوە کە ناوی قەلاو ڕێکەوتی سازکردنەکەی بە دەستی شاعەباسی سەفەویمان بۆ دەگێڕێتەوە. یەکێک لەو شیعرانەی کە ئێستاش هەر لەبیرم ماوە ئەوەبوو:

این قلعه که اسم او قبان بود

ضرب المثل همه جهان بود

واتە:

ئەو قەلایەی کە ناوی قەبان بوو، وێردی زمانی خەڵکی جیهان بوو.

ڕێکەوتی سازکردنی قەلاکە؛ کە پاش داگیرکردنی ئەم ناوچەیە لەلایەن لەشکری شاعەباس سەفەوییەوە بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی سەرهەڵدانی کوردەکانی ئەم ناوچەیە سازکرابوون، ساڵی ۱۰۹۲ی کۆچی لێ نووسرا بوو. وشەی ماکۆ لە "مەکۆ" وە. هاتووە کە بەڕەسەن کوردییە.

قازی محەممەد و هاوڕێکانی سێ شەو و سێ ڕۆژان لە ماکۆ مانەوە و سەردانی سەرۆکی عەشیرەتەکانی، جەلالی، میلان و عەشیرەتەکانی دیکەی ناوچەشیان کردو گوێی لە ویست داخوازییەکانیان گرت و ئەمری کرد، بە نێردراوان کاربەدەستانی کوردستان لە پێناو خزمەت بە خەڵک و پاداشتنی ڕێزی دوولایەنە یان، دەگەڵ کاربەدەستانی ئازەری؛ زیاتر تێبکۆشن.

سەرۆکی عەشیرەتەکان کە خەڵکێکی ناودار و ماقووڵ بوون لە ناوچەدا بریتی بوون لە عومەرخان جەلالی، شێخ حەسەن جەلالی و عەوڵا ئاغای سەرۆکی خێڵی میلان و حەسەن ئاغای سەرۆکی خێڵی خلکانلو کە بەو پەڕی دڵنەوایی و گەرمییەوە میوانداریيان کرد.

بنەماڵەی سەرداری ماکۆ بوو کە لەو ناوچەیەدا لە هەمووان بەناوبانگتر بوون؛ ئێقبالوسەڵتەنە سەرداری ماکۆ لە سەرتای هاتنە سەرکاری ڕەزاخاندا لەلایەن ئەوەوە کوژرا.

خاتوو ئاینالی خێزانیشی کە وەک دەڵێن خەڵکی ئازەربایجانی سۆڤیەتی بوو، لە کۆشکی باخچەی جوق لە چەند کیلۆمەتریی باکووری ماکۆ دەژیا. داوای لەقازی کرد بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ میوانی بن. قازی محەممەد بەو خووخدەی مەزنی و خەڵک دۆستییەوە قەبوولی کردو لە تەک ژمارەیەک لە هاوڕێیانی بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ چوونە کۆشکی باخچە جوق. کۆشکەکە بەشێوازی بینا کۆنەکانی دەرەبەگەڕووسەکان و بەدەرکە و پەنجەرە و کەڵ و پەل ڕازا بۆوە کە لە رووسییەوە هێنابوو یان ، لەنێوەراستی باخێک کە پڕبوو لە میوەی جۆراجۆر، سازکرابوو. دوونهۆم بوو بە چەند ژوور داڵانێک و هەیوانێکەوە کە دەیڕوانی یەسەر باخ و حەوزەکە.

هەرکام لە ژوورەکان بە مۆبلی هاوڕەنگی فەڕشەکەی ڕازێندرابۆوە. میچی ژوورەکان بە شێوازی شێوەکاری کۆڕوکۆبوونەوەی سەردمی سەفەوییەکان پڕ

کرا بوو لە نەخش و نیگار. هەروەها لە چەند گۆشەی ژوورەکانەوە کۆلکسیۆنێک لە نەخشی بەردی جوان و بێ وێنە و پەیکەری "چینی"یش لە چەند شوێنێک دانرابو.

بەقسەی خاتوو ئاینالی، خێزانی سەردار، هەر ژوورەی فەرشی هاوڕەنگ و بەنرخی تایبەت بەخۆ تێدا بووە، بەڵام لەلایەن عەولاخانی تەهماسبیەوەکە کە سەرلەشکەری سەردەمی ڕەزاخان بووە و ئەرکی سەرکوت کردنی سەرداری ماکۆی لە ئەستۆ بووە؛ ئەو ڕاخەرانە دەگەڵ زێر و گەوهەرەکانی ماڵی سەرداری تاڵان کرابوو.

پاش ئەم کارەساتە کوڕەکانی سەرداری ماکۆ چوونە تاران و تەنیا یەکێک لە کوڕەکان لە شاری ماکۆ و لە ماڵە کۆنەکەی خۆیاندا مابۆوە.

سەفەری قازی محەممەد بۆ باکووری کوردستان کە دە ڕۆژی خایاند، بوو بە هۆی بەهێزتربوونی ورەی کوردەکان لەوێ و پتەوتربوونی پەیوەندیی دۆستایەتی و هاوکاریی زیاتری نێوان خەڵکی ناوچەکە. هەروەها بەڕێزیان فەرمانی وەدەرنانی مەئمورێکی کوردی مەهابادیی دەرکرد، بەهۆی ئەوەی خەڵک لێی بەگلەیی بوون. هەر لەو سەفەرەیاندا وێرای هەڵسوکەوتی جوامێرانە و پڕ لە خۆشەویستی دەگەڵ کوردەکانی ئەوێ؛ ئازەرییەکانیشی خستە ژێرکاریگەریی هەستی مرۆڤ دۆستانە و تێگەیشتنی بەرزی خۆیەوە. پێشوازی و چاوپێکەوتنی ژمارەیەکی زۆر لە ئازەرییەکان، خۆی پێشاندەری (خووخدەی ئازادیخوازیی پێشەوا و هۆگریی بە پرەنسیبی دادپەروەری و بەرابەری بوو، کە شانازییان بە دۆستایەتیی کوردەکانەوە دەکرد و کە لەوانە بوو ئەگەرمافی هەڵبژاردنیان پێ درابایە، بەگیان و دڵ ژیانی نێو کوردستانیان هەڵبژاردبایە.

لە گەڕانەوەیاندا بۆ ورمێ؛ سەردانی مزگەوتی جامع و هەروەها مزگەوتی سوننییەکانیانی کرد و گرنگییەکی زۆری بە مەسەلەی فەرهەنگی و مەزهەبیی

ناوچەکەدا. هەروەها بەسەردان و دیتنی چەند بەرهەمێکی هونەریی هەڵکەندراو لەسەر بەرد، هۆگریی خۆی بۆ پاراستنی ئەو بەرهەمانە نیشاندا.

هەڵسووکەوت لەگەڵ نەیاران

پاش ئەو وتووێژو ڕێک کەوتنەی لەسەقز، دەگەڵ سەرلەشکەر ڕەزم ئارا کرا و بڕیاردرا کە گەیاندنی خواردەمەنی و بژێو بۆ سەربازگە گەمارۆدراوەکانی ناوچە و ڕاگواستنی سەربازی نەخۆش و ئەوانەی خزمەتیان تەواو دەبێ لەژێر چاودێریی پێشمەرگەکاندا بێ و ئەرتەش بەهیچ چەشنی، ئیزنی بەهێز و تەیارکردنی سەربازگە گەمارۆدراوەکانی سەردەشت، بانە و میرەدێی نەبێ. ناردنی چەک و چۆڵ و تەقەمەنی بەگشتی قەدەغە بکرێ و پێشمەرگەی کوردستانیش ئیزنی پێشڕەوییان بۆ گرتن سەربازگەکان و ئەو شوێنانە نەبێ کە لە ژێر دەسەڵاتی سوپادان. بەڵام هەروەک خووخدەی خودی ڕێژێم بوو، سوپا بەردەوام پەیمان شکێنی دەکرد و ئەفسەرەکانی شا بە شێوەی جۆراجۆر و لە لۆریی خواردەمەنیدا چەک و تەقەمەنییان بەڕێ دەکرد و جاروباریش بە هێرش و جمووجۆڵ توانایی هێزی پێشمەرگەیان تاقی دەکردەوە و لە نیاز پاکی نوێنەرانی کوردستان کەڵکی ئاوەژوویان وەردەگرت. لە یەکێک لەو ڕاگواستنانەدا کە دژی پەیمانەکان بوو، پێشمەرگەکان، چوار ئەفسەری شایان دەست بەسەر کرد و ناردیان بۆ مەهاباد. یەک لەوانە بەناوی سەرگورد مودەرسی، خەڵکی سنە بوو. گەرچی ئەو چوار کەسە دیل بوون و دەبوایە زیندانی بکرێن، بەڵام بەڕێز و حورمەتێکی زۆرەوە، دەگەڵیان جووڵانەوە. ئەوانە لە ساختومانی ڕەحیمزادەی ئێستادا کە ئەودەم یەکێک بوو لە نووسینگەکانی دەوڵەتی کوردستان ڕاگیرابوون و وەک میوان پێیان ڕادەگەیشتن؛ ئەوان بەڕۆژ دەگەڵ پێشمەرگەیەک بە ئازادی لە شاردا دەگەڕان ـ پاش ماوەیەک سەرهەنگ

فیوزی، سەرۆک ستادی سەقز، کە دواتر بوو بە دادوەری دادگای قازی محەممەد سەدر قازی و سەیف قازی؛ بۆ ئازاد کردنی ئەو چوار ئەفسەرە هاتە مەهاباد. لەلایەن بەرپرسانی حکوومەتی کوردستانەوە بەڕێزوحورمەتەوە وەرگیراو بردیانەلای قازی محەممەد و بە دەربڕینی داخ و کەسەرەوە ئەوڕو داوەی وەک ڕاگواستنێکی ئاسایی لەقەڵەم داو داوای لێبوردن و ئازادیی ئەفسەرەکانی کرد. قازی محەممەدیش قەبوولی کرد. بە ڕواڵەت وا دیار بوو هەڵسوکەوتی قازی محەممەد، کاریگەریی ببوو لە سەر ئەفسەرە دیلەکان و سەرهەنگ فیوزی. بۆیە بە سوپاس و ڕێزەوە لە مەهاباد ڕۆیشتن. بەڵام دواتر دیتمان هەر ئەم ئەفسەرانە بە دۆژمنایەتی و بوغزەوە هاتنە مەهاباد و زۆر بەناحەزی دەگەڵ خەڵک جووڵانەوە.

لە زۆر کۆنەوە نێردراوانی دەوڵەت کوردیان هەر بە چاوێکی سووک وەک ئاژەڵ و باڵندە و شتی وا سەیر کردووە.

دەڵێن ئەوانەی دەچنە ڕاوی کەمتیار، لەبەر ئەوەی کەمتیار لە کونەکەی دا زەڕی بۆ کەس نییەو هێرش ناکاتە سەرکەس؛ ڕاوچیی فێڵزان وردە وردە نیزیک دەبێتەوە و دەستێکی بەسەرو گوێلاکی دا دێنێ و هێور، هیور، بەرەو لێواری کونەکە پاڵی پێوە دەنێ و لە پڕ فڕێیدەداتە دەرێ و ئەو جارچی پێی خۆش بوو بەسەری دێنێ، نێردراوانی دەوڵەتیش ئاوا لە کوردەکان دەکەن. دێنە ماڵ و زێدەکەیان و بە براکەم براکەم و هەزاران فێڵ و تەڵەکە دەستێکیان بەسەریدا دێنن و هەر دەگەڵ ئەوەی جێ پێیان کراوە، بە شێوازگەلی جۆراجۆر لە نیشتمان و ماڵی خۆیان وەدەریان دەنێن و شانازی بەوەوە دەکەن کە هەر چاویان بە نارەزایەتی یا دژایەتییەک بکەن لە ژێر ناوی داگیرکەر و کافر و جودایی خوازدا دەیانڕەتێنن یا دیل و ئیعدامیان دەکەن و بە هەموو شێوەیەک سووکایەتییان پێ دەکەن و ئەشکەنجەیان دەدەن. وەک داردەستێک کەڵکیان لێوەردەگرن. قسەکانی

خواجە نووری، دادەوری نیزامیی سوپای ٣ی مەهاباد لە سەردەمی فەرماندەیی سپەهبود وەرهەرام دا ١٣٣٦-١٣٤٣ه. دەبێ پەندێک بێ بۆ ئەو جۆرە کەسانە: ئێمە وەک دەسرە کەڵک لەو کەسانە وەردەگرین کە کارمان بۆ دەکەن تا پێویستمان بێ کەڵکیان لێوەردەگرین و دوایی فڕێیان دەدەین.

ئاوڕێك لە ڕووداوەكانی ڕابردوو

لە کۆتاییەکانی ١٣٢٤ی هەتاوی دا، شەڕی دووهەمی جیهانی، بەتێکیشکانی ئەلمان، ژاپۆن و ئیتالیا کۆتایی پێ هات و دەوڵەتەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و سۆڤیەت بەپێی ئەو ڕێککەوتنامانەی دەگەڵ ئێران ئیمزایان کردبوون، لەسەر ئەوە پێکهاتن کە شەش مانگ پاش کۆتایی شەڕ لە خاکی بچنە دەرێ.
ئەمریکا و بەریتانیا پاش کۆتایی شەڕ هێزەکانی خۆیان لە ئێران کشاندەوە، بەڵام دەوڵەتی سوڤیەت بەهێندەێک هۆ، خۆی لێبوارد و ئەرتەشەکەی هەروا لە ئازەربایجان و باکووری ئێران هێشتەوە. نیزیکەی مانگێک دوای کۆتایی شەڕ دەوڵەتی ئێران، لە یادداشتێکدا کە بۆ باڵوێزخانەی سێ دەوڵەتە داگیرکەرەکەی نارد، داوای لە هاوپەیمانان کرد لە ئێران بچنە دەرێ. هەروەک گوتمان ئەمریکا و بەریتانیا بەڵێنی یەکەی خۆیان بردەسەر. کەچی سۆڤیەت چاوەڕێ سەفەری قەواموسەڵتەنە بۆ مۆسکۆ بوو. هەموو بڕوبیانووەکەشی بۆ نەچوونەدەر بۆ ئەوە بوو،گفتی هەڵێنجانی نەوتی باکوور لە سەرۆک وەزیرانی ئێران، وەرگرێ.
قەواموسەڵتەنە پاش هەڵبژاردنی بە سەرۆک وەزیری و پێکهێنانی کابینە ڕاگەیاند کە بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی دەگەڵ ڕووسیە و ڕێزی دوولایەنە دەچێتە مۆسکۆ. بە پێی ئەو بەڵێنییەی کە دابووی. ڕۆژی ٢٩ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ی هەتاوی وێڕای وەفدێکی هاوڕێی، چووە مۆسکۆ، ماوەی دە ڕۆژان لەوێ دەگەڵ ئیستالین و مولوتۆف وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت وتوویژ و لێدوانیان کرد.

قەوام بەدانی بەڵێنیی ئیمتیازی نەوتی باکوور، بە سۆڤیەت. کڵاوی لەسەر ئیستالین ناو بەوپەڕی زیرەکییەوە بەستنی پەیمانی نەوتەکەی خستە کاتی پێکهاتنی پارلەمان و پەسەند کردنی لەلایەن پەرلەمانەوە. پاش گەڕانەوەی قەوام وەڤدی هاوڕێ باڵوێزی نوێی باڵای سۆڤیەت بە ناوی سادچیکۆف هاتە ئێران و درێژەی بە وتووێژەکان دا و لە ١٥ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ی هەتاوی ڕێککەوتننامەیەک لە سێ بڕگەدا بەو شێوەیە ئیمزا کرا:

١- هێزی سوپای سووری سۆڤیەت لە ماوەی مانگ و نیوێکدا خاکی ئێران بە جێ بەێڵێ.

٢- پەیمانی دامەزراندنی کۆمپانیای هاوبەشی نەوتی ئێران و سۆڤیەت هەتا حەوت مانگی تر بۆ پەسەندکران بدرێ بە پەرلەمان "شورای میللی".

٣- چونکە کێشەی ئازەربایجان کێشەیەکی نێوخۆییە؛ بۆیەش دەبێ بەپێی یاسای ئێران و لەسەر بنەمای ڕێککەوتن و پێکهەڵکردن، دەگەڵ خەڵکەکەی هەڵسوکەوت بکەن. قەواموسەڵتەنە بۆ ئەوەی سۆڤیەت ڕازی بکا لە ئێران بچێتەدەر، گۆڕانکاریی لە کابینەکەی داپێک هێناو سێ کەس لەبەر پرسانی حیزبی توودەی کردە وەزیری خۆی و بەمجۆرە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خۆی لە سۆڤیەتییەکانی نیزیک دەکردەوە. قەوام لەلایەکەوە بەڵێینی هەڵێجانی نەوتی باکووری دەدا بەسۆڤیەت و لەلایەکی ترەوە گفتی بەجێهێشتنی خاکی ئێران و دەستتێوەرنەدانی لە کاروباری ئازەربایجانی لە سۆڤیەت ئەستاند. ئەو بە دانانی سێ کەس لە بەرپرسانی حیزبی توودە لە کابینەکەی خۆیدا سۆڤیەتییەکانی هیوادارتر کرد. حیزبی توودەش کە ئەوکات بە پشتگیری شۆرەوەییەکان ببوە هێزێک لە ئێراندا، پشتیوانیی لە قەوام دەکرد. لەبەر ئەوەی خولی چواردەی پەرلەمان کۆتایی هاتبوو دەبوو بۆ کۆتایی هێنان بەم سەنارێویە، دیسان هاڵبژاردن بکرێتەوە و خولی پانزدەهەم دەست پێ بکاتەوە.

قەوام لە نامەیەکدا کە بۆ باڵۆێزی سۆڤیەتی نارد بۆ، پێکهێنانی مەجلیسی پانزدەهەم و هەڵبژاردنی نوێنەرانی تازە و دابینکردنی ئازادیی هەڵبژاردن و پاراستنی سندووقەکانی دەنگدان، وەک پێویستییەک داوای ئیزنی ناردنی هێزی سوپای بۆ ئازەربایجان کرد.

حیزبی ئێران، حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان و چەند حیزبی دیکە بۆ بەشداریکردن و دەنگ وەرگرتنی زیاتر لە هەڵبژاردندا، خوازیاری پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو بوون؛ قازی محەممەدیش بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە لە تەلەگرافێکدا کە بۆ قەواموسەڵتەنەی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی ئێران، دۆکتۆر فەرەیدون کەشاوەرز ڕێبەری حیزبی توودە و ئەڵڵاهیار ساڵح ڕێبەری حیزبی ئێران و پێشەوەری ڕێبەری حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان نارد، نووسی ئامادەیەلەو بەرەیەدا بەشدار بێ و هیوای خواست کە ئەو بەرەیە ببێتە هۆی بەختەوەری و مەزنیی خەڵکی ئێران. پێشەوا؛ سەدر قازی نوێنەری مەهابادی بۆ خولی چواردەهەمی مەجلیسی شورای میللی وەک نوێنەری بەشی دانووستانە پەیوەندارەکان بە بەرە ناساند. بەڵام قواموسەڵتەنە دژایەتی پێکهاتنی ئەم بەرەیەی کرد.

پەیمانی سەرلەنوێی دۆستایەتی و هاوکاریی کوردستان و ئازەربایجان

کاتێک ڕێبەرانی کوردستان و ئازەربایجان زانییان هێزەکانی سۆڤیەت بەم زووانە لە ئێران دەچنەدەرێ؛ ڕۆژی ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی لەتەورێز لە کۆشکی مەجلیسی میللی ئازەربایجاندا، پەیماننامەیەکی هاوکاری و یەکیەتییان لە نێوان کوردستان و ئازەربایجاندا مۆرکرد.

لەو دانیشتنەدا بە نێونەرایەتی نەتەوەی کورد

١- قازی محەممەد سەرۆکی حکوومەتی کوردستان

٢- حاجی سەید عەوڵا گیلانی زادە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان
٣- عومەرخان شەریفی، سەرۆکی عەشیرەتی شکاک
٤- حەمە حوسێن خان سەیف قازی، وەزیری بەرگریی حکوومەتی کوردستان.
٥- رەشیدبەگ جەهانگیری سەرۆکی هۆزی هەرکی
٦- زێڕۆبەگ بەهادرێ، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان.
٧- قازی محەممەد خزری، نوێنەری شنۆ

نوێنەرانی ئازەرییانیش
١- سەید جەعفەر پێشەوەری سەرۆکی وەزیران
٢- محەممەد عەلی شەبستەری سەرۆکی مەجلیسی میللی
٣- سادق پادگان، جێگیری سەرۆکی فیرقەی دێموکرات
٤- محەممەد بیریا، وەزیری فەرهەنگ
پەیماننامەی هاوکارییان لە ٧ بڕگەدا مۆرکرد.
سۆڤیەتییەکان لە مانگی بانەمەڕدا بە تەواوی ئێرانیان بە جێ هێشت و هەر لەو مانگەدا چەند وتوێژێک لە نێوان دەوڵەتی ئێران و حکوومەتی ناوچەیی ئازەربایجاندا پێکهات و شاندێک بە سەرۆکایەتی پیشەوەری چووە تاران. چەند نوێنەرێکی کوردستانیشیان دەگەڵ بوو. وتووێژێکی تێروتەسەلیان کرد، بەڵام بێ ئاکام و بە دەستی بەتاڵ گەڕانەوە تەورێز.
هەڵبەت سوپای شا، هەر لە ڕۆژی چوونەدەرێ سوپای سوور لە ئێران؛ لە بیری گرتنەوەی کوردستان و ئازەربایجاندا بوو. هەروەکی پێشتر ئاماژەمان پێ کرد.

لەو دەمەیدا کە شاندی نوێنەرایەتیی کوردستان و ئازەربایجان لە تاران خەریکی وتووێژو ئاڵو گۆڕی بیروڕابوون و ئاغای موزەفەری فیروز لە تەورێز خەریکی درێژەیی وتووێژەکان و پەیمان بەستن دەگەڵ ئازەربایجان بوو؛ سوپای شا، لە ناوچەی سەقز دووجار هێرشیان کردە سەر پێشمەرگەکانی کوردستان و هەردووجاریش بە توندی تێکشکان. قەواموسەڵتەنە پاش ئەوەی دڵنیا بوو لە پشتیوانیی دەوڵەتانی ئەمریکا و بەریتانیا و رازی بوونی سۆڤیەت بۆ چوونەدەر لە ئێران، بوار و هەلی بۆ ڕەخسا، هێزە چەکدارەکانی بنێرێتەوە سەر کوردستان و ئازەربایجان و لە خەزەڵوەری ١٣٢٥ی هەتاوی دا شای ناچار کرد، فەرمانی ڕۆیشتنی سوپا بەرەو ئەو ناوچانە دەربکا و بەو شێوەیە ئەرتەشی شا، لەلای زەنجان و خورەمدەرەوە بەرەو ئازەربایجان وەرێکەوت.

فیداییەکانی ئازەربایجان بێ هیچ دەستکردنەوەیەک لە ڕێوە پاشەکشەیان کردو ڕێگەی پێشرەویی سوپایان ئاوەڵاکرد. ڕێبەرانی حکوومەتی ئازەربایجان و ئەو قەفقازییە کۆچەرانەی کە خزیبوونە نێو زۆربەی دەزگاکانی حکوومەتی میللی و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانەوە و شێوازی توندوتیژی کمۆنیستیان لە ئازەربایجاندا بەڕێوەدەبرد[1]. بە دیتنی پێشرەویی سوپای ئێران، خۆیان نەگرت

[illegible]

حیزبی دێموکراتی ئازەربایجان هەر حیزبی توودە بوو کە بە کەمێک گۆڕانکاری لەبەرنامە و پەیڕەوی نێو خۆی بەپێی هەل و مەرجی ئەوکات، بە بێ سەرنج دان بەوەی کە چالاکی خۆی لە ناو خاکی ئێران دا دەست پێ کردووە، بە پەلەپەل لە ئازەربایجان دەستیان کرد بە بەڕێوەبردنی ئەو کارانەی وا کۆمۆنیستەکان لە سەرەتای شۆرشی مەزنی ١٩١٧ی ز لە سۆڤیەت کردبوویان.

زەوی و زاری خاوەن زەوییەکانیان داگیر کرد و لە نێو وەرزێران دا، دابەشیان کرد. ئەو کارخانانەی وا خاوەنی تایبەتیان هەبوو لە دەست کەسایەتییە ناسراوەکان دابوون، وەک سامانی نەتەوەیی ڕاگەیاندران و بەکرێکاران سپێردران. باجی زۆر قورسیان بەسەر دەوڵەمەند و کاسبکارەکان دا فەرزکرد و موڵک و ماڵی کەسایەتییە ناسراوەکانیان داگیر کرد. لە ئاکامی ئەم کارانەدا، ئازەربایجانی ئێران کەسی چالاک و کارامەی تێدا نەما. لە ڕاستیدا تەورێز مابۆوە و خەڵکێکی بێ روح و بێ هەست. شەقامەکان

و بەو لۆری و ترۆمبیلانەی پێیان بوون بەرەو ئازەربایجانی سۆڤیەت هەڵاتن. خەڵکی ئازەربایجان کە لەو ماوەیەدا دژی بە ڕێوەچوونی تێزە کۆمۆنیستییەکانی ڕێبەرانی فیرقە بوون؛ دەگەڵ بیستنی خەبەری هێرشی ئەرتەش و ڕاکردنی ڕێبەرانی حکوومەت؛ هەڵیان بە دەرفەت زانیی و دەستیانکرد بە کوشت وکوشتاری ئەندامانی فیرقەی دێموکراتی و ئەو کۆچەرییانەی لە ئازەربایجان مابوونەوە.

بەڵام هێزەکانی ئەرتەش لە کوردستاندا بەترس و پارێزەوە دەچوونە پێش. ڕێبەرانی کوردستان و ئازەربایجان، شەوی ١٩ی سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاوی لە گوندی "خواجەمیر" (نزیکی مەراغە) کۆبوونەوە و کۆبوونەوەکەیان تا دەمی بەیان درێژەی کێشا. لەوێ بڕیاردرا هێزەکانی ئازەربایجان و کوردستان ئامادەبن بۆ بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی هێزی سوپا. بەڵام ڕۆژێک دواتر سەلامو لڵای جاوید وەزیری پێشووی ئازەربایجان کە دواتر بوو بە پارێزگاری ئازەربایجان؛ هەواڵی تەسلیم و بەزینی ئازەربایجانی بە تاران ڕاگەیاند و هەر ئەوشەوە ڕێبەرانی حکوومەت و فەرماندە نیزامییەکان بەرەو ئازەربایجانی سۆڤیەت تێیان قوچاند و ئازەربایجان تەسلیم بوو. ئەرتەشی شا، ماوەی ڕۆژێک لە نیزیکی تەورێز مانەوە، بۆ ئەوەی خەڵک بەحیسابی کاربەدەستانی فیرقەو دەڵەوتی ئازەربایجان بگەن. بەشوێن ئەوەدا قەڵتوبر لە ئازەربایجاندا وەڕێکەوت. ڕۆژی ٢١ی سەرماوەز سوپای شا چووە نێو تەورێز و کاربەدەستانی حکوومەتی کوردستان بە تایبەتی قازی محەممەد کە پێشڕەویی سوپا و

چۆڵ و هۆڵ بوون و لە جموجۆڵ کەوتبوون. دووکانەکان هیچ کەل وپەلیان تێدا نەمابوو و بێ مشتەری و بێڕەونەق مابوون. سەرکردەکان ئاگایان لە بارودۆخی ئابووری ناوچەی ژێردەسەڵاتیان نەبوو و لەجێی ئەوەی بیر لە ئاسایش و خۆشگوزەرانی خەڵکەکەیان بکەنەوە، هەموو حەولیان بۆ یەک گرتنەوەی دوو ئازەربایجان بوو.

گیرانەوەی ئازەربایجان و کوشتاری تەورێز و ڕاکردنی ڕێبەرانی حکوومەتی ئازەربایجانیان بینی، بۆ پێشگیریی لە دووپاتەبوونەوەی وەها کارەساتێکی لە کوردستاندا فەرمانی دا بەربەرەکانێ نەکەن.
ئەم بڕیارە لە کۆبوونەوەیەکدا بۆ ڕادەربڕین و سەبارەت بە بەرگری یا چەکدانانی کوردستان لە حەوشەی مزگەوتی هەباس ئاغای مەهاباد کە ژمارەیەکی زۆری خەڵک و کاربەدەستانی حکوومەتی کوردستان و چەند عەشیرەیەکی لێ کۆببۆوە؛ درا.
بە ڕوونکردنەوەی بارودۆخەکە بۆ خەڵک و باسی هەڵاتنی ڕێبەرانی حکوومەتی ئازەربایجان و کوشتاری تەورێز و هێندێ شوێنی تری ئازەربایجان و هەڵگەڕانەوەی هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکوردەکان بە زۆرینەی دەنگی خەڵک، بڕیاردرا بەربەرەکانێ نەکرێ. گەرچی زۆر کەسیش ناڕازی هەبوون، بەڵام لاینگرانی ئاشتی و شەڕنەکردن زۆرینە بوون و ناڕازییەکان بە ڕووگرژییەوە حەوشەیان بەجێ هێشت. هەرکەسەی کەوتە بیری خۆ قوتارکردن لە تۆڵە و تووڕەیی دەوڵەتی ناوەند.
قازی محەممەد ڕایگەیاند؛ لە هیچ دۆخێکدا تا دوایین هەناسەی ژیان خەڵک بەجێ ناهێڵێ و دەگەڵ خەڵکی کورد و هاوشارییانی مەهابادیی دادەمێنێتەوە. ئەم لە خۆبوردوویی و بوێرییەی هیوای بەخەڵک بەخشی و خەڵک هەستیان کرد، قازی محەممەد خۆی هەموو بەرپرسیارەتییەکان وەئەستۆدەگرێ.

سەردانواندن بۆ ویستی خەڵك

پاش کۆبوونەوەکەو ڕاوەرگرتن لە خەڵک؛ بەپێی ویست و بۆچوونی زۆرینەی خەڵک بڕیاردرا بەرەنگاری هێزەکانی دەوڵەت نەبنەوە. ژمارەیەک لە نیزامییەکانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان کە بە پێی گرێبەستی هاوکاریی

کوردستان و ئازەربایجان وێڕایی پێشمەرگەکانی کوردستان لە دەڤەری تکاب لەسەنگەری بەرگری دابوون، دەگەڵ تەسلیم بوونی ئازەربایجان و هەڵاتنی ڕێبەرانی حکوومەتی ئازەربایجان؛ پاشەکشەیان کرد. پێشمەرگەکانی کوردستان لە بەرەی تکاب و سەقزەوە بە؛ ڕێکوپێکی سەنگەرەکانیان چۆل کرد و بەرەومەهاباد، یا بەرەو شار و دێهاتەکانی خۆیان گەڕانەوە ـ سوارچاکانی عەشیرەتەکانیش هێندێکیان گەڕانەوە دێهاتەکانیان و هێندێکیان ڕەگەڵ هێزەکانی دەوڵەت کەوتن.

واتە هەر ئەوانەی تا دوێنێ خوازیاری ئازادی و دیموکراسی بوون؛ هەرکە دۆخەکەیان نالەباردیت، "تویێژیان خست" و هەڵپەرستانە ڕووبەڕووی خەڵک و هاووڵاتییانی خۆیان بوونەوە. سەرتیپ هومایونی فەرماندەی هێزەکانی دەوڵەت، لە سەقزەوە بەرەو بۆکان پێشڕەوی کرد. قازی و حاجی باباشێخ بۆ پێشگرتن لە تێکهەڵچوونی خوێناوی و کوشت و کوشتاری لە چەشنی ئازەربایجان کە شاپەرستان و دۆژمانی کوردستان حەزیان لێبوو، بەمەبەستی هێورکردنەوەی بارودۆخەکە، چوونە "حەمامیان"ی ملکی مەحموود ئاغای ئێلخانی زادە بۆ چاوپێکەوتن دەگەڵ سەرتیپ هومایونی و سەبارەت بە هاتنی هێزەکانی دەوڵەت بۆ مەهاباد، وتوویێژولێدوانی بەنرخیان کرد. بۆ وێنە، بڕیاردرا کە پاش چوونەدەری هێزەکانی بارزانی؛ هێزی دەوڵەت بێتە نێو شار. هەروەها سوارەکانی عەشیرەتان لە پێش هێزەکانی دەوڵەتدا، نەیەنە نێو شار. چونکە دەنگۆیەک هەبوو کە سوارەکانی عەشیرەتان بە دنەدانی نەیاران قەستی تێکدەری و ئازاری خەڵکیان هەیە. پێشەوا داوای لە سەرتیپ هومایونی کرد بۆ پێشگرتن لە هەر چەشنە ڕووداوێکی تاڵ، نەهێڵی سوارەی عەشیرەتەکان لە پێش هێزەکانی دەوڵەتدا، بێنە نێو شار. دەنا بۆ خۆی (هومایونی) بەرپرسیار دەبێ لە بەرامبەر هەر پێشهاتێکدا.

پێشەوا و حاجی باباشێخ و دوایە لە حەمامیانەوە هاتنەوە مەهاباد. سەبارەت بە هاتنی ئاشتییانەی سەربازان و چۆنێتی هەڵسووکەوت کردن دەگەڵیان قسەی کرد، ڕۆژێک دواتر خەبەریان هێنا کە سوارە. عەشیرەتەکان گەیشتوونەتە کەڵکی بەگزادان لە سێ کیلۆمەتری مەهاباد دەیانەوێ بێنە نێو شار. خەڵک ئازایانە ئامادەی بەرگری کردن و بەرەنگاری بوون. قازی محەممەد فەرمانی دا، شێخ حەسەن شەمسی بورهان و ڕەحیم جوانمەرد قازی و نووسەری ئەو دێڕانە بە ئوتۆمبیلی تایبەتیی پێشەوا، بچنەلای سەرهەنگ غەفاری کە فەرماندەیی هێزی پێش قەرەوڵی دەوڵەت و سوارکاری عەشیرەتانی لە ئەستۆ بوو؛ و لە ئاوایی ئیندرقاش دامەزرابوون. بۆ ئەوەی مەسەلەی قەراروبڕیارێک کە دەگەڵ سەرتیپ هومایونی بوومانە سەبارەت بە چۆنێتی هاتنی هێزەکانی دەوڵەت بۆ نێو شار، بەویش ڕابگەیەنین. هەڵبەت پێشتریش کاک جەعفەر کەریمی سەرۆک ستادی هێزی کوردستان مەئموورکرابوو چاوی بەسەرهەنگ غەفاری بکەوێ و لە ناوەرۆکی ئەم ڕێک کەوتنامەیە ئاگاداری بکاتەوە و چۆنێتی هاتنی هێزەکانی بۆ نێومەهاباد، دەگەڵ باس بکا. کیلۆمەترێکمان مابوو بگەینە ئیندرقاش، دیتمان دوو جیبی ئەرتەشی بەرەوڕوومان دێن، گەیشتنێ و بڕێک لەولاترەوە ڕایانگرت. سەرنشینەکانی جیبی یەکەم؛ سەرهەنگ غەفاری و جەعفەر ئاغای کەریمی بوون، دابەزین، لە ئێمەیان پرسی: هێزەکانی بارزانی هەر لە نێو شاردان؟ ئێمەش لە ماشێن هاتینە خوارێ و چووینەلای جیبە سەربازیەکە کە سەرهەنگ غەفاری بۆ خۆی لێی دەخوڕی. شێخ حەسەنی شەمسی بۆرهان. قەرار و بڕیارەکانی نێوان قازی محەممەد و سەرتیپ هومایونیی وە بیر هێنایەوە. سەرهەنگ غەفاری گوتی: من بەمەبەستی دیتنی سەرتیپ هومایونی و وەرگرتنی فەرمان، دەچمە مەهاباد. هەڵبەت کاک جەعفەر کەریمیش دەگەڵیان چوو. بە سەرهەنگ غەفاریم گوت: جەناب سەرهەنگ بارزانییەکان هێشتا لە مەهاباد دان،

بە پێی بەڵێنی سەرتیپ هومایونی هێزەکانی دەوڵەت پاش ڕۆیشتنی ئەوان دێنە نێو شار و لە پێش هێزی دەوڵەتیش دا، عەشایر بۆیان نییە بێنە نێو شار. سەرهەنگ غەفاری بە تووڕەییەوە گوتی: جەناب من لە بارزانییەکان ناترسم. لەوانم مەترسێنە. منیش گوتم: جەنابی سەرهەنگ نامهەوێ بتانترسێنم، بەڵکو، پێی فەرمایش و فەرمانەکانی قازی محەممەد لەگۆڕێ دایە. پاش ئەو قسانە، سەرهەنگ غەفاری و جەعفەر کەریمی بە ڕێی میاندواو وەڕێ کەوتن.

ئێمەش بەرەو مەهاباد گەڕاینەوە. لە جادەی میاندواو مەهاباد، پێش ئەوەی بگەینە کەلکی بەگزادان، تووشی ژمارەیەک ئاغاوەت سەرۆکی یەکێک لە عەشیرەتە شۆڕشگێڕەکانی "دوێنی" بووین کە ئەمڕۆ دەڕۆیشتن نۆکەرێتی و گوێ لەمستیی خۆیان بۆ سەرهەنگ غەفاری بسەلمێنن. ئەوانە ئەگەرچی ئۆتۆمبیلەکەی قازییان دەناسی، بەڵام تەواو ناوەڕاستی جادەکەیان گرتبوو بەریان نەدەدا. شوفێرەکە، ماشێنەکەی ڕاگرت: شێخ حەسەن دابەزی و پێی گوتن: ئەوە شەرم ناکەن، داناڕزێن. هەر دوێنێ نەبوو بۆ دیفاع لە کوردستان پەیمانتان دەگەڵ پێشەوا بەست؟ ئێستاش کە وادەو بەڵێنییەکانتان پێشێل کردووە سوور سوور ماشێنەکەی ئێمە دەناسن، بۆچی ڕێگەکەتان گرتوە و بەرینادەن؟ چەند ئاغاغیەک بەشەرمەزارییەوە، داوای لێبوردنیان کردو گوتیان؛ نەمان ناسیونەتەوە ئیدی ڕێگەکەیان بەردا.

لە کەلکی بەگزادان، تووشی ژمارەیەک لە ئاغاوەتی عەشیرەتێکی دیکە بووین کە دەیانویست وەک پێش قەرەوڵ لە شار نیزیک بنەوە. هەڕەشەمان لەوانیش کرد و گەڕاینەوە نێو شار. دوایین ڕۆژی سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاوی هێزەکانی دەوڵەت بێ هیچ توندوتیژییەک مەهابادیان گرتەوەو لە سەربازگە و بینای دوخانیات و چەند شوێنێکی دیکەی دەرەوەی شاردا، دامەزران.

پاش دوو ڕۆژان، سەرتیپ هومایونی، ستادی هێزی سپای گەیاندە مەهاباد و بۆ کۆکردنەوەی ئەو چەک و تەقەمەنی کە لە دەست خەڵک دابوو، داوای یارمەتی لە پێشەواو حاجی بابا شێخ و بەرپرسانی حکوومەتی کوردستان کرد بۆ بەشداری لەو کۆبوونەوانەی بەو مەبەستە پێکی هێنان. دوو ڕۆژ دواتر، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شاریان دەستگیر کرد و لە شارەوانیی مەهابادda زیندانیان کردن.

ماڵئاوایی مێژوویی قازی محەممەد و ژەنەڕاڵ بارزانی

شەوی ١٣٢٥/٩/٢٦ی هەتاوی ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و هێزەکەی کە لە شەڕگەی سەقز بوون لە ڕێگەی بۆکان ـ مەهابادەوە گەڕانەوە مەهاباد. ژەنەراڵ بارزانی، بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخ و ماڵئاوایی کردن هاتە ماڵی قازی محەممەد.

پاش چەند سەعات قسە و لێدوان و ڕاگۆڕینەوە سەبارەت بەو پێش هاتە تاڵە، ژەنەراڵ بارزانی پێشنیاری بەقازی محەممەد کرد ڕەگەڵی کەوێ و لە ئێران بچنەدەرێ. بەڕێزیان فەرمووی: قوربان! حازرم لەسەر سەرمت دانێم و لەهەر شوێنێ بێ خزمەتکاربم. مانەوەتان لەشاری مەهاباد لە بەرژەوەندی خۆتان و نەتەوەی کورددا نییە. ئەو دوەڵەتە جێی متمانە نییە. "قازی محەممەد وێڕایی سپاس لە ژەنراڵ بارزانی فەرمووی" جەنابی مەلا مستەفا؛ من دەزانم دەوڵەتی ئێران تەواوی ڕق و قینی خۆی بە من دەڕێژێ و ئیعدامم دەکا. بەڵام بە ئیعدامی من ئازار بە خەڵکی دیکە ناگەیەنێ و لەسەر ئەو وادەو پەیمانەی بەو خەڵکەم داوە لە هیچ بارودوخێکیدا بە جێیان ناهێڵم.

ئەسپاردنی ئاڵای کوردستان بە ژەنەڕاڵ بارزانی

قازی محەممەد ئالاّکەی کوردستان، کە لە سەرمێزی کارەکەی بوو لوولەی کردو ماچی کردو دایەدەست مەلا مستەفا و گوتی: ئەو ئالاّیە بپارێزە. هیوادارم ئێوە نەهێڵن بکەوێتە زەوی. ژەنەڕاڵ بارزانی، ئالاّکەی لەدەست پێشەوا وەرگرت، ماچی کرد و لەسەر سەری داناو قەولی دا نەتەنیا ئەو ئالاّیە قەت دانەنێ، بەڵکو ڕۆژێک لە ڕۆژان هەڵیکا و بیشەکێنێتەوە. ئەو دیمەنە مێژووییە ئەوەندە دڵتەزێن و بەو حاڵەشەوە جێی ڕێزدانان بوو کە هەموو ئەوانەی لە ژووری مەحکەمەدا، کۆببوونەوە بە کوڵ گریان. ژەنەڕاڵ بارزانی و سەرهەنگ میرحاج وپارێزەرانی مەلامستەفا و ئەفسەرە کوردە عێراقییەکان لە نێو لافاوی خەم دا، یەکەیەکە دەستی قازی محەممەدیان ماچ کردوماڵئاواییان کرد. قازی ئەمری کرد بە ژەنەڕاڵ بارزانی و هێزەکانی هەرچی پێویستیانە دەگەڵ خۆیانی بەرن. من کە بینەری ئەم تراژیدیا مێژووییەی لێک دابڕانی دوو قارەمانی نەتەوەی کورد بووم، هەتا سەرلێوی گۆڕ، ئەو داخە لەبیر ناکەم.

بۆ سبەی شەوێ، بارزانییەکان بەرەونەغەدە و شنۆ و سنووری عێراق وەڕێ کەوتن.

دەست بەسەرکردنی قازییەکان

شەوی دووەهەم یا سێهەم بوو؛ شەو دەرەنگان بوو؛ قازی محەممەد بە پێچەوانەی جاران، ناهاتبۆوە ماڵێ: پاش چەند سەعات ژمارەیەک سەرباز و خزمەتکارێکی کورد، هاتنە ماڵەکەی و گوتیان ئەوشۆ جەنابی قازی تەشریفیان لە فەرماندارییی نیزامیی دەبێ و هاتووین تەختی خەو و لێفەوبانی بۆ بەرین. هەر ئەو شەوە قازی محەممەد و حوسێن خانی سەیف قازییان دەست بە سەرکرد.

هەڵبەت پێویستە بڵێم: کە چەند ڕۆژ بەر لەوەی سوپا بگاتە شاری مەهاباد، ژمارەیەک لە کاربەدەستانی حکوومەتی کوردستان هاتنە ماڵێ قازی محەممەد و سەبارەت بە ڕووداوەکان و پەنابردن بۆ سۆڤیەت[1] یا ڕۆیشتن بەرەو عێراق قسەیان دەگەڵ قازی کرد و ڕایان لێوەرگرت. بەڕێزیان لە وەڵامدا وتی: ئێوە

لە بەرئەوەی بەڵێنم بە خەڵکی کوردستان داوە کە لە هەموو بارودۆخێکدا لەگەڵیانبم و بە جێیان نەهێڵم، ناتوانم ئەو خەڵکە هەروا بە تەمای خوڵای بەجێ بهێڵم و خۆم دەربازکەم. من لێم سوورە دەوڵەتی شا دەمگرێ و دەشم کوژێ. سوپای شا لە گەڕانەوەیدا هەموو ڕق و قینی خۆی بەمن دەردەکا و ئیدی خەڵک زۆر ئازار نادا. ئەگەر دەستی بە من ڕانەگا تۆڵەی من لە خەڵکی کوردستان بە تایبەتی لە خەڵکی مەهاباد دەکاتەوە. ئەو ئیمان و بوێری و خەڵک خۆشەویستیەکەی کاریگەریی لەسەر زۆر کەس دانا و لە ڕۆیشتنی گێڕانەوە. چەند کەس لە برادەران؛ وەک کاک عبدولرەحمان زەبیحی و سەدیق حەیدەری و دڵشاد ڕەسوڵی بڕیاریاندا دەگەڵ ئەسەدۆف نوێنەری بازرگانیی سۆڤیەت لە مەهاباد، بچنە باڵۆیزخانەی سۆڤیەت لە ورمێ. بەڵام پاش چوون و خۆناساندنیان، مەئمووڕانی سۆڤیەت وەریان نەگرتبوون و ئیزنی چوونە

١- یادداشتەکانی میرزا مەناف کەریمی

قازی محەممەد بە ئەندامانی حیزبی گوت: ئەگەرچی دەزانم ڕێگای تێپەڕین و چوونم بۆ سۆڤیەت کراوەیە و جادەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا هە لە ژێر چاودێری خۆمان دایە، بەڵام چۆن پەنا بۆ دەوڵەتێک بەرم کە پابەندی هیچ کام لە پەیمانەکانی نییە و بۆ بەرژەوەندی خۆی بە هۆی هێندێک قەوڵ و پەیمانی بێ بنەما ـ کە لەلایەن دۆژمنانەوە پێی دراوە و جگە لە درۆ و فێڵ هیچی تر نییە ـ نەتەوەکانی کورد و ئازەری کردۆتە قوربانی ویستەکانی خۆی و هەروا بە جێی هێشتوون.
من حکوومەتی سۆڤییەتم تاقی کردەوە و دیسان تاقی کردنەوەی خەتایە. ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران ئازادن کە بۆهەر جێیەک کە دەیانهەوێ بڕۆن و هەرچی پێویستیانە هەڵگرن و نەهێڵن چرای ئەم بزووتنەوەیە بکووژێتەوە.

ژوورەوەیان تەنیا بە ئەسەدۆف دابوو. هەر ئەو ڕۆژە لە ئەسەد ئابادەوە تەلەفۆنیان بۆ ماڵی قازی محەممەد کرد. من گووشیم هەڵگرت شتەکەیان بۆ گێڕامەوە و گوتیان بە قازی محەممەد ڕابگەیەنە و گوتیشیان؛ ئێمە هەر لێرەوە بەرەو عێراق وەرێدەکەوین. قازی محەممەد هیوای سەرکەوتن و سەلامەتی بۆ خواستن.

ئاغای حەیدەری، پاش شەهیدکردنی قازییەکان و پاش لێبووردنی گشتی لەلایەن شای ئێرانەوە؛ بەنێوبژیوانی مەلا حوسێنی مەجدی هاتەوە ئێران و گەڕاوە شاری مەهاباد؛ جەنابی زەبیحیش هەتا سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران هەر لە بەغدا مایەوە و خەریکی نووسینی قاموسی زمانی کوردی بوو. پاش شۆڕشی ئێران ١٣٥٧هـ/١٩٧٨ز سەردانێکی مەهابادی کرد و لە گەڕانەوەدا؛ بێ سەروشوێن بوو و کەس بە شوێنی نەزانی. بەپێی زانیارییەکان تەواوی کتێب و نووسراوەکانی و هەرچی هەیبووە لە عێراق و لەلایەن حکوومەتی بەعسەوە تالان کراون و لە ناوچوون. دڵشادی ڕەسوولیش بەشێوەیەکی گوماناوی کوژرا.

کۆمەڵێک لە کاربەدەستانی حکوومەتی کوردستان، بۆ ماوەیەک لە دێهاتەکان خۆیان مات دا، ژمارەیەکی زۆریش لە سەرەتای گیرانەوەی مەهاباددا لەلایەن ڕێژیم دەست بەسەرو زیندانی کران و ئەوانی دیکەش نێردرانە بەندیخانەی تەورێز. پاش ماوەیەکی زۆر، لە تاوانەکانییان، کەم کراوە و هەروەک پێشەوا قازی محەممەد، پێشبینی کردبوو، خەڵکی ئاسایی شار زیانێکی ئەو تۆیان وێ نەکەوت. هەڵبەت بۆ ئەوانەی کاربەدەستی ئیداری و نیزامی حکومەت بوون

→ شتێکی ئاسایی بوو، بەڵام بە غەیری چەند کەس، ئەوانی دیکە ئیعدام نەدەکران.

دادگایی کردنی قازی محەممەد

دوای گیرانەوەی مەهاباد لەلایەن سوپا و گیرانی پێشەوا قازی محەممەد و ژمارەیەکی زۆر لەکاربەدەستانی حکوومەتی کوردستان، سام و ترسێکی قورس باڵی بەسەر شاردا کێشاو کەس بەتەمای سبەینێ نەبوو. هێزەکانی ئەرتەش،پاش‌ئەوەی‌بەتەواوی دامەزران،دادگاییەکی‌سەحراییان بەسەرۆکایەتی سەرهەنگ پارسی تەبار، فەرمانداری نیزامیی مەهاباد و دادوەریی سەرهەنگ فیوزی سەرۆکی ستادی هێز، پێکهێناو دەستیان کرد بە لێپرسینەوە و دادگایی کردنی قازی محەممەد و حوسێن‌خانی سەیف قازی و ئەبولقاسم سەدری قازی. لەوەدوا ژمارەیەک لە کاربەدەستانی حکوومەتی کوردستان بە بڕوبیانووی جۆراجۆرگیران و دران بە زیندانی شارەوانی مەهاباد. لە زیندانی شارەوانی جێی کەس نەدەبۆوە. تەنیا دوو قولانج جێگە بۆ نووستن هەبوو. هێندێکیان لە دەرەوەی بەندیخانە لە نێو چەند ژوورێک دا و هەر بەوشێوەیە ڕاگرتبوو.

ڕۆژێک دوای گیرانی قازی محەممەد، سەرهەنگ ئایرمم و سەرهەنگ موزەفەری و دەوڵەمەندێکی مەهابادی هاتنە ماڵی قازی محەممەد و ژووری کار و ژوورەکانی دیکەی ماڵێیان سەنگ و سوژن دا و دوو جانتای بچووکی پڕ لە بەڵگەو دیکۆمێنت و نووسراوەی تایبەتی و هەندێک قەباڵەی موڵک و ماڵیان کۆکردەوە و بردیان. ڕۆژێک دوای ئەو ڕووداوە؛ من و ڕەحیم جەوانمەردی قازیش کە لە نووسینگەی پێشەوادا کارمان دەکرد، دەست بە سەرکراین و بردیانین بۆ گرتووخانەی شارەوانی شوێنی دەست بە سەریی قازییەکان، هەتا دادگایی کردنی سەرەتایی؛ (شوێنی ئێستای نووسینگەی قازی موکری و جێی جارانی ددانسازی بەهمەنی بوو).

پاش دادگایی کردنی سەرەتایی؛ هەرسێکیان بۆ سەربازگەی مەهاباد ڕاگواستن و هەتاشەوی شەهیدکرانیان لەوێ زیندانییان کردن. دادگایی کردنەکەیان نهێنی بوو. ئەوان مافی بوونی پارێزەرو دەست ڕاگەیشتن بە بەڵگەی بەرگریکردنیان

نەبوو. ئەم تاوانانەی درابوونە پاڵیان، پارچە پارچەکردنی وڵات، گۆڕینی ئاڵاو پەیوەندی گرتن دەگەڵ نەیاران بوو. لەو گەشە پڕ لە توندوتیژی و ڕق و قینەدا، سێ ئەفسەری ئەرتەشییان بە ناوی پارێزەر و وەکیلی تەسخیری بۆ دیارکردن. سەروان شەریف پارێزەری دیاریکراوی تەسخیری قازی محەممەد و سەرگوردنەوائی پاریزەری دیاریکراوی سەدر قازی بوو. سەروان شەریف کە بە باوەڕو ئیمانەوە، بەرگریی لە قازی محەممەد کرد بوو، ئەم تاوانە هەڵبەستراوانەی بەنا دادپەروەرانەو نامرۆڤانە زانیبوو، کەوتە بەر ڕق و تووڕەیی سەرلەشکر هومایونی و فەرماندەرە سوپاکان. سەرتیپ هومایونی پاش هەرەسی مەهاباد، پلەی سەرلەشکەریی وەرگرت. بەڵام نەورۆزی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی کە ساڵی پلەپێدانی سەروان شەریف بوو و پلەی سەرگوردی دەدرایە؛ بە تاوانی دیفاع و بەرگری لە قازی محەممەد، پلەکەیان لێ ئەساندەوە. قازییەکان داوای سەرلە نوێ پێداچوونەوەیان بە حوکمەکەیاندا کرد و دۆسیەکەیان بۆ پێداچوونەوە نارده تاران.

بارودۆخی بەندکراوان

بەندیخانەی شارەوانی پڕپڕبوو لە بەندیی سیاسی؛ لێکۆڵینەوە و پشکنین هەر درێژەی هەبوو. هەر ڕۆژی ژمارەیەک بەندییان دەبرد بۆ لێکۆڵینەوە لە نووسینگەی شارەوانی ـ پادگان یا فەرمانداریی نیزامی و لەوێ لێپرسینەوەیان لێ دەکردن. زۆرجار هەڕەشەیان لێدەکردن و تەنانەت دارکاریش دەکران. قازی محەممەد لەکاتی دادگایی دا، تاوان و بەر پرسیارەتی هەموو گیراوەکانی وە ئەستۆگرت و بەو پەڕی نەترسی و لە خۆ بوردووییەوە بە پشکێنەرانی دەگوت: کەس خەتابار نییەو هەرچی کراوە بە فەرمانی من بووە و من هەمو وەئەستۆ دەگرم.

ڕۆژێکی مانگی ڕێبەندانی ١٣٢٥ی هەتاوی لە حەوشەی بەندیخانە پیاسەمان دەکرد. سەرهەنگ فیوزی، دادستانی دادگا، دەگەڵ چەند ئەفسەرێک هاتە گرتووخانەی شارەوانی و هەموو بەندییەکانی کۆکردەوە و پێی گوتن: نامانهەوێ کەس ئازار بدەین، بەس ئێمە دەمانهەوێ دۆسیەی ئەوکەسانە پڕبکەینەوە کە ئێوەیان ناچارکردووە ئەو کارانە بکەن. ئێوەش پێویستە هەرچی دەیزانن، بیلێن و دانی پیا بنێن و هەر زانیارییەکی هەتانە بە پشکێنەرانی ڕابگەیەنن بۆ ئەوەی لە سزاکانتان کەم بکەنەوە. سەرهەنگ فیوزی لە نێو هەمووواندا، ئاماژەی بە من کرد کە لە پشتەوەی بەندییەکانەوە ڕاوەستا بووم و گوتی: بۆ وێنە ئاغای هومایون، نابێ خۆی بۆ خەڵک بەدبەخت و چارەڕەش بکا. دەبێ هەرچی دەیزانێ بە پشکێنەرانی بڵێ. پاش ئەو قسە ئاژاوەگێڕی و دووبەرەکی سازکردنەی کە بووە هۆی چارەڕەشی ژمارەیەک لە گیروان: ئیدی لێی داڕۆیشت.

ڕۆژێک لە کاتێکدا کە سەروان کۆپاڵ لێپرسینەوەی لێدەکردم، دەستی دەگیرفانی ژاکێتە نیزامییەکەی ناو ویستی قەڵەمەکەی دەرهێنێ، بەڵام برێک تلیاکی لێکەوتە خوارێ و لە لای من زۆر تەریق بۆوە ڕووی تێکردم و گوتی: شوکری خودا ئەوە جارێ بۆ هیچ شتێ نابێ نەخۆشم و بۆ دەرمان هەڵم گرتووە. دوایی لاپەڕەی لێپرسینەوەکەی لە پێشم دانا و گوتی چیت پێخۆشە بینووسە.

منیش گوتم: جەناب سەروان، پرسیارەکانتان بفەرموون با وەڵامەکانیان بنووسمەوە. ئاشکرابوونی ئەم نهێنییەی سەروان، بووە هۆی ئەوەی کە چەند پرسیارێکی سادەم لێ بکا. ئەگەرچی ژوورەکانی بەندیخانە بەهۆی زۆربوونی ژمارەی گیراوانەوە، زۆر بەرتەنگ بوون، لە دەوری یەکتر کۆدەبووینەوە و سەبارەت بە چارەنووسی خۆمان قسەمان دەکرد. ئاغای ئیبراهیمی نادری، کە پیاوێکی کرماشانی خوێندەوارەو گەلێک تێگەیشتوو بوو و بەهۆی عەشق بە

ئازادیی کوردستان لەوێوە هەستا بوو، هاتبووە مەهاباد و جێگری وەزیری فەرهەنگی کوردستان بوو؛ بەو زانیارییە قووڵەی کە هەیبوو، ڕێنونی دەکردین و بە پێی یاسای ئێران ئاستی سزاو تاوانەکانی بۆ لێک دەداینەوە.
زیندانییەکی دیکەش بەناوی جەواد کازمی کە ئەویش کرماشانی بوو، پیاوێکی قسەخۆش بوو، شەوانە لەسەر باڵنجێک دادەنیشت و چیرۆکی بۆ کوڕەکان دەگێڕایەوە و بە گاڵتە دەیگوت: هیوادارم خودا ماددەکانی[1] (بڕگەی قانوون) ئاغای نادری بکاتە نێرینە. گاڵتەکانی ئەو دەبووە هۆی دڵخۆشی و پێکەنینی کوڕەکان. بیرەوەرییەکی دیکەشم لەو دەمگۆ سازییانەو ترس وەبەرنان و تۆقاندنانەی بەندیخانە لەبیرە کە پێموایە مەئموورەکان سازیان دەکرد. لەوانەیە گێڕانەوەکەی بۆ باشتر ڕوون بوونەوەی بارودۆخی بەندییەکان پێویست بێ.
پاش لە سێدارەدانی و شەهید کردنی ١١کەس لە بنەماڵەکانی فەیزوڵلابەگی و جەوانمەردی و ئەسعەدییەکانی سەقز و خوالێخوشبوو عەلی بەگ شێرزاد، فەرماندەی پێشمەرگەکانی بۆکان؛ ماوەی چەند شەوێک دەمگۆی ئەوە بوو کە لەو یەک دوو شەوانەدا، چەند کەسێک لە سێدارە بدرێن. ئەو دەمگۆیانە زۆر کەسی نیگەرانی چارەنووسی خۆی کردبوو. کوڕەکان بەو جێ تەنگییەوە لە پاڵ یەکەوە ڕادەکشان و بەوپەڕی شەکەتیی دەروونیەوە؛ دەست لە ئەستۆی هەزاران خەونی ئاڵۆز، خەویان لێ دەکەوت.

لێپرسینەوەیەکی بێ بەزەییانە

١- ماددە: لە فارسیدا گەلێک مانای هەیە وەک: مێینە، ماک، بڕگەی یاسایی، لێرەدا کازمی تەنیا بە مانای "مێ " گوتوویەتی.

شەوێک لەو شەوانە؛ بە بیستنی دەنگێک کە لە دەرەوەی ژووری زیندانەوە هات وەخەبەر هاتم. گوێم لێبوو یەکێک بانگم دەکا. پاش چەند چرکەیەک دەنگی گرووبان مەحموودیم ناسییەوە ـ سنەیی بوو ـ گوتم: سەرکار مەحموودی، بەو سەعات سێ و نیوە چ کارێکتان پێمە؟ لەو دیو دەرکەوە گوتی: بەزاتی خودا، جەناب سەرهەنگ لە ژووری کارەکەیەتی و داوای کردووی. من چم لە دەست نایە. لە دەنگەدەنگی من و سەرکار مەحموودی هەر ١۶ کەسەکەمان کە لە دیوێکی ٣/٥ لە ۴/٥ دا خەوتبووین وەخەبەر هاتین و بەو دەمگۆیانە، کە لە

[illegible]

سێدارەم بدەن. دەرگای ژوورەکەم کردەوە و لە نێو تەوژمی خەمی کوڕەکاندا، چوومەدەرێ. دەگەڵ سەرکار مەحموودی چووینە نێو حەوشەی یەکەم، پێنج سەرباز تفەنگەکانیان خستە سەر پێ و دەوریان دام.

ئیدی گومانم بۆ نەما لەوەیکە من یەکێک لەوانەم کە لە دار دەدرێن. لە پلیکانەکان هاتمە سەرێ. و چوومە نێو کۆریدۆری شارەوانی و لۆرییەکی سوپام دی کە لەوێ ڕاگیرا بوو: گومانم نەما کە بەو ماشێنە دەمبەنە سەربازگە یا شوێنێکی دیکە بۆ سێدارە. ڕاست بەرەو لۆرییەکە ڕۆیشتم و لە شارەوانی چوومەدەرەوە. بەڵام، سەرکار مەحموودی تێی گەیاندم کە جەنابسەرهەنگ لە ژوورێ چاوەرێمە. منیان برد بەرەو ژووری سەرۆکی "دێژبان" کە لە بینای شارەوانیدا بوو.

لەوەژوورکەوتندا، دیتم سەرهەنگ پارسی تەبار "فەرمانداری نیزامی" کە پیاوێکی تووڕە و تۆسن و جنێوفرۆش و ڕەقاوی بوو، لە پشت مێزێکەوە لە ژوورەکە دانیشتووە. ئاغای ئیعتماد زادەش کە ئەفسەرێکی کەڵەگەت و تێگەیشتوو بە حورمەت بوو لە تەنیشت مێزەکە ڕاوەستا بوو.

سەرهەنگ دەستی خستبووە گیرفانی باڵتەکەی و جەللادانە بە سەروان ئیعتماد زادەی گوت: کورسییەکی بۆ دانێ، (بەو جورە سەرهەنگ لەلایەک و ئیعتماد زادە لەلایەکی دیکەوە من لە لایەکەوە دانیشتین) سەرهەنگ ڕووی تێکردم و گوتی: ورد چاولێکە بزانە دەڵێم چی؟ هەر پرسیارێکی لێتی دەکەم، جوان وەڵامی بدەوە.

لەسەر کورسییەکە دانیشتم. سەرهەنگ بێ پێچ و پەنا بە ئیعتماد زادەی گوت: جەناب سەروان؛ ڕۆحی ئەوانە بۆ پیاو کوژی و جەنایەت خوڵقاوە.

سەروان ئیعتمادزادە چاوێکی لێکردم یانی من لەوەدا بێ تاوانم. بەو قسە بۆ غزاوییانەی سەرهەنگ، زۆر تێک چووم. بەو قسەیە وام لێهات ترس لە دڵم دەرهاوێم. پێموابوو هەر سەعاتێکم ژیان ماوە، دەی لە چی بترسم؟ کتوپڕ واوە غیرەت کەوتم هەر بۆ خۆشم پێم سەیر بوو. گوتم: بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان حازرم. سەرهەنگ زیاتر تووڕەبوو. پرسیارەکانی هێنایەگۆڕێ. سەروان ئیعتمادزادە دەینووسین. وەڵامەکانی منیشی دەنووسییەوە. پاش سەعات و نیوێک لێپرسینەوە پێی گوتم: دەی باشە، قسەکانت مۆرو ئیمزابکە. گوتم ئیزن دەدەن قسەکانم بخوێنمەوە؟ سەرهەنگ بە تووڕەییەکی زیاترەوە گوتی: ئەی بێ پێداچوونەوە چۆن مۆری دەکەی؟ ئەی جینایەتکاران ئەی پیاوکوژان! سەروان، نەمگوت ڕۆحی ئەوانە بەس بۆ جینایەت و پیاوکوژی خوڵقاوە ـ من هەر گوێشم لە جێنوەکانی نەدەگرت. هەڵبەت زۆر تۆوڕە بووم. یەک زەڕڕە لە مەرگ نەدەترسام. بە قسەکانمدا چوومەوە و ئیمزام کرد و هەستامە سەرپێ. سەرهەنگ بە تووڕەییەوە بە سەروان ئیعتمادزادەی گوت: ئەو کابرایە بانگ کە. ئیعتمازادە دەرگاکەی تەنیشتی کردەوە. دیتم محەممەدی تۆکمەچی کە ئەوکات بەڕێوەبەری کارەبای مەهاباد بوو، لە دیوەکە هاتە دەرێ. تۆکمەچی لەسەرەتای دامەزرانی حکوومەتی کوردستاندا؛ بەرپرسی چەک و تەقەمەنی سەربازگەی مەهاباد بوو. کەس نەیدەزانی لەو شەوە سەیرەدا سەرهەنگ چی خوارد بۆوە و بۆچی ئاغای

تۆکمەچییان لە کارخانەی کارەباوە هەڵگرتووەو هێناویانەتە شارەوانی؟ پاش لێپرسینەوەیەکی زۆر، لەسەر دابەشکردنی چەک دەیەوێت دەگەڵ من ڕووبەڕووی کاتەوە! کورتی ببڕینەوە ئەو شەوە ناچار بووم، لە دووی بەشێک لە قسەکانی تۆکمەچی بدەم. بڕێکیشی وەدرۆخەمەوە. چونکە ئەو چەکانەی کە لە تۆکمەچیم وەرگرتبوون، دابوومن بە کەسانێک کە نەمدەویست، چەرمەسەریان بۆ سازبێ و ئەوانەش کە لە زینداندا بوون، تووشی چەرمەسەریی زیاتریان بکەم. ناعیلاج گوتم من چەکم بە پێی ژمارە وەرنەگرتووە. ئاغای تۆکمەچی گوتی: چەند کۆڵتێک لەو سندووقانە دایە، منیش نەمئەژماردن بە چەند پێشمەرگەم گوت بیخەنە نێو ماشێنەکە. ئاغای تۆکمەچیش کە پیاوێکی زۆر باش بوو، خۆی گوتبووی تەنیا چەند چەکێکم داونەتێ. سەرهەنگ پاش ڕووبەڕووبوونەوە و ئەو مشت و مڕانە پێیی گوتم: ئێوە ئاگاداری هێندێ شت هەن و لە دوو سەفەری قازی محەممەد دەگەڵیان بووی. دەبێ ئەوەی دەیزانی بەنووسراوە بماندەیتێ. دڵنیابە گەربێت و ئەوکارەبکەی، لە سەزاکەت کەم دەکرێتەوە. بەڵام ئەگەر ئەو زانیاریانییەمان پێنەدەی، بەدبەختت دەکەم. گوتم: من هەرچی زانیومە لە وەڵامی پرسیارەکاندا وتوومە. لەوەش زیاتر هیچ نازانم، نازانم تابڵێم. سەرهەنگ گوتی: بچۆوە زیندان، دڵنیابە چارە ڕەشت دەکەم. بە بیستنی "بچۆوە زیندان" پێموابوو سەرهەنگ حوکمی ئازادیی منی داوە، چونکە من تەواو دەستم شۆشتبوو چاوەڕێ سێدارە بووم. دەگەڵ سەرکار مەحموودی چوومە دەرێ و چۆنی هێنابوویانم، ئاواش بردمیانەوە زیندان. هەر دەگەڵ گەیشتمەوە و گوتم دەرکەم لێ بکەنەوە، چەند کەسیان وێکراو بە سەرسووڕماوی گوتیان: کوڕە ئەوە هاتیەوە؟ بە خۆشحاڵییەوە گوتم: ئەی چاوەڕێ بوون نەگەڕێمەوە؟ گەڕانەوەم بوو هۆی خۆشحاڵی دۆستان و تا بەیانی کەس خەوی لێنەکەوت. هەمووی هەر باسی ئاکاری نامرۆڤانەی سەرهەنگ و ئەو لێپرسینەوە بێ وەختەبوو. بۆ

بەیانی بەندییەکانی دیکەش کە کاک سەید محەممەد سەیدی ئاگاداری کردبوون، هاتنە دیتنم و خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕی.
هەر ئەو ڕۆژە لە لێپرسینەوەی ڕۆژانەدا، کاک برایمی نادری ناڕەزایەتیی خۆی لەو کارە ناجوامێرانەیەی سەرهەنگ دەربڕیبوو و پشکێنەرەکانی ئاگادار کردبۆوە.
زۆر لەوانەی ئەوکات، لەوێ بوون ئێستاش زیندوون. زۆریشیان بەجێیان هێشتووین. لەو شەوەڕا یەکێک لە هاودیوییەکان بەناوی ئوستوار ئەحمەدزادە بە شمەکەوە دەخەوت: کوڕەکان دەیانگوت: بۆ شمەکان داناکەنی؟ دەیگوت. ئەگەر شەوێک بانگیان کردم بمبەن بۆ سێدارە و من بۆم نەکرا، شمەک دەبەرکەم، لەوانەیە ئێوە لۆمەم بکەن و پێتان وابێ خۆم دۆڕاندوە و دەی چباشتر هەر بە جل و بەرگەوە بخەوم.

وەبیرخستنەوەی چەند خاڵ

هەروەک گوتم؛ چوونە دەرێی سوپای سوور لە ئێران؛ بە هۆی گوشاری ئەمریکا و بەریتانیا و سکاڵای ئێران بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش و لە هەمووان کاریگەرتر، قاییل بوونی قەوام بەویست و داوای سۆڤیەت، بۆ دانی ئیمتیازی هەڵێنجانی نەوتی باکوور بوو. دەوڵەتی سۆڤیەت کە بەدرۆ خۆی بە ڕێبەری بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان جیهان. بە تایبەت ئازەربایجان و کوردستان دەزانی، بە قەوڵ و قەرارێکی نیوە چڵی قەوام، دەستی سوپای شاهەنشاهی بۆ گرتنەوەی ئازەربایجان و کوردستان ئاوەڵەکرد و وەک هەمیشە دۆستەکانی خۆی کردە قوربانی و فیدای بەرژەوەندییەکانی ئایندەی.
هێرش و پێشڕەویی سوپای شا، بەرەو ئازەربایجان و کوردستان، بەزینی فیداییان و فیرقەی دیموکرات، تۆڵە ئەستاندنەوە و کوشتاری فیرقەییەکان

لەلایەن خەڵکەوە، لە تەورێز و شارەکانی دیکـە، بوونـە هـۆی هەڵگەڕانـەوەی بەشێـک لـە سـەرۆک عەشـیرەتە کوردەکـان و چـۆڵکردنی بـەرەکان و پەیوەندییگرتنیان بە ئەرتەشی "شا" وە و پێ ڕێخستنیان لەوادە و بەڵێنییەکانی پێشوویان. حەمەڕەشیدخانی فەرماندەی ناوچەکانی سەقز، بانـە و سـەرا، لـە ئێـران هـەڵات و چـووە عێـراق و ڕەعیەتـەکانی خـۆی و، ژمارەیـەکیش لـە بەگزادەکانی بانەی ڕەگەڵ کـەوتن. عومـەر خـانی شـەریفی، سـەرۆکی هـۆزی شکاکیش، گەڕایەوە بۆ ئاوایی "زیندەشت" و بەگزادەکانی شکاکیش بـە شوێـنیدا لە بـەرەی سـەقز کشـانەوە و چـوونەوە دێـهاتکانی خۆیـان. دەسـتەیەک لـە ئاغاکانی دێبوکری پردەکەی نزیک بۆکانیان کە تاقە پردی پەیوەنـدیی بۆکـان و مەهاباد بوو؛ ئاگردا و چوونەپاڵ هێزەکانی دەوڵـەت کـە لـە ژێـر فەرمانـدەیی سەرتیپ هومایونی دابـوون. ئـەو ڕووداوە تاڵانـە بوونـە هـۆی ئـەوەی قـازی محەممەد، خەڵکی شار و بە شێک لـە عەشـیرەت و کاربەدەسـتانی حکوومـەتی کوردستان. کۆبکاتەوە بـۆ لێـکدانەوەی بـارودۆخ و بڕیـاری دان، لەسـەر ئـەو ڕووداوە و پێشهاتە تاڵانە خەڵک لە حەوشەی مزگەوتی هەباساغادا بۆ بیسـتنی قسەکانی قازی محەممەد، کۆوە بوون.

پێشگری لە کارەساتێکی مرۆڤایەتی

چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرتیپ هومایونی و ڕێگەنەدان بەهاتنی سوارکارانی عەشیرەتان بۆ نێو شار، بەر لە هاتنەوەی سوپا، تەواوی نەخشەکانی نەیارانی بۆ کوشت و کوشتار و تاڵان کردن هەڵوەشاندەوە. قازی محەممەد غیرەت و لە خۆبووردەیی و مانەوەی وەبەر خەڵکدا؛ خەڵکیش کەسایەتییەکی ئەبەدییان بە وی بەخشی، بۆیە هەتا ڕۆژگار کۆنتر دەبێ، بیری بوێری و پابەندی ئەخلاقی پێشەوا بەڵێنەکانی زیاتر دەدروشێتنەوە.

لە سێدارەدانی قازییەکان

قازی محەممەد و سەدر قازی و سەیف قازی، داوای دیسان پێداچوونەوەیان بە حوکمی بڕیاری دادگای سەرەتایی نیزامیدا کردو داوایان کردبوو کە بۆ دادگای پێداچوونەوە بیان نێرنە تاران، بەڵام سوپا لە ترسی ئەوەی نەکا، ناردنی قازییەکان بۆ تاران، ببێتە هۆی پێداچوونەوە و کەمکردنەوەی سەزاکانیان و لە دارنەدرێن. ئەو داوایەی قەبوڵ نەکرد. دوای ماوەیەک دادگایەکی بەسەرپەشتیاریی سەرهەنگ عەتایی و دادوەریی سەرهەنگ نکوزاد، پێکهێنا. پارێزەرە دیاریکراوەکانیان "تسخیری" سەروان سولح جوو سەروان نەبەوی بوون.[١]

قازیمحەممەد لە هەردوو دادگادا، لە پێگەیەکی مافخوازانەو وەک قارەمانێکی نەتەوەیی. بوێروسەربەرز داکۆکی لە خۆی و هەمووکاربەدەستانی حکوومەتی کوردستان کرد و ئەو تاوانانەی وەدرۆخستنەوە کە دابوویانە پاڵی و زۆر، جاران دووپاتی کردەوە کە: من ناوچەکەم لە کوشتارو قەڵت و بڕپاراست و شمەکی ئاساییم دابە سەربازەکانی ئێوە و ناردومنەوە بۆ باوەشی بنەماڵەکانیان. ئەو کەسانەی ئێوە ئێستا گرتووتانن هەموو بێ تاوانن و بەقسەی خۆشتان هەر تاوانێکی هەشیانە، ئەوە بەقسەوفەرمانی من کردوویانە و من تاوانی هەموان وەئەستۆ دەگرم. منیش ئەو کارانەم لەبەر نیشتمان و خەڵک و نەتەوە

١- نووسراوەکانی میرزا مەناف کەریمی

ئەو رۆژی کە دادگایی پیداچوونەوە دەستی پێکرد هەشتا رۆژ لە دادگایی کردنی قازییەکان تێپەربووبوو، کە لە دادگایەکی سەرەتایی سەحرایی دا حوکمی مردنیان پێ درابوو. بۆ دادگایی پێداچوونەوە.وەفدێکی ئەفسەرانی دادگای تەورێز ـ کە چواردەکەس بوون ـ هاتنە مهاباد. قازی محەممەد لە دوایین بەرگری کردنی خۆیدا کە چل و هەشت سەعات درێژەی هەبوو، لە هۆڵی دادگا گوتی: بزانن کە لە پاش کوژرانی من، هەر دڵۆپە خوێنێکی من، ئەبێتە قازی محەممەدێکی تر و ئەو شۆرشە قەت خامۆش نابێ.

هەژارەکەم کردووە. من مەهاباد و کورستانی موکریم لەسەردەمانێکدا کە بۆشایی دەسەڵات بەسەری دا زاڵ بوو و کەس خەتی کەسی نەدەخوێندەوە و سوپا و دەوڵەتی لێ نەبوون؛ لە مەترسی قاتی و قڕی و ئاڵۆزی و شێواوی پاراست و نەمهێشت خوێنێک بڕژێ.
ئەوەندەشم خزمەتی فەرهەنگی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و ئابووری کردووە کە دۆست و دۆژمن، سەریان لێی سووڕماوە.
قازی محەممەد، ماوەیەکی زۆر لە بەرامبەر تۆمەتەکانی دادوەردا؛ داکۆکیی لە خۆی کرد و پێویستیی بە پارێزەر نەبوو. ئەو دەمەی سەرهەنگ نکوزاد؛ دادوەری

و بەوپەڕی بێ شەرمییەوە کوردەکانی بە "سەگ سیفەت" ناوبرد، قازی محەممەد، بە چاو نەترسییەکی بێ وێنەوە کورسییەکی ژێر خۆی هەڵگرت و تێی هەڵکرد و بەناڕەزایەتییەوە گوتی: من ئیزنت پێ نادەم، سووکایەتی بە نەتەوەکەم بکەی، ئەوە ئێوەن خەیانەت بە میللەت دەکەن، خەڵک دیل دەکەن. هەرکەس خوازیاری ئازادی و مافی خۆی بوو، ڕاپێچی بەندیخانەی دەکەن و لەسێدارەی دەدەن. ئێوەن هێرشتان کردۆتە سەر شار و وڵاتی ئێمە و ئێمە کە مافی ژیان و ئازادیمان هەیە، دەمانخەنە بەندیخانە و تۆمەتی خەیانەتمان لێدەدەن. ئەوە ئێوەن دەبێ موحاکەمە بکرێن نەک ئێمە.
چاونەترسی و بوێریی قازی محەممەد وابەسەر دادگا زاڵ بوو، کە بەرپرسانی ئەم دادگا ڕواڵەتیە، ناچاربوون بەبیانووی پشوودان دادگا ڕاگرن.
دواجار بێ لەبەر چاوگرتنی داکۆکی کردنی یاسایی و بێ ڕەچاوکردنی پێوەرە ئەخلاقی، شەرعی و دیموکراتیکە باوەکانی دونیا، بڕیاری لە سێدارەدرانی قازییەکان هەر لەلایەن ئەو دادگادژی گەلییەوە درا. دوایە بۆ ئیزن خواستن دەقی بڕیارەکەیان ناردە تاران. ستادی سوپا کە لە بەڕێوەبردنی بڕیاری دادگای

پێداچوونەوە، بە پەلە بوو، بە فەرمان و ئیزنی ڕاستەوخۆی حەمەڕەزا پەهلەوی بەڕێوەچوونی خێرای بڕیارەکەی پەسند کرد. بەو جۆرە ئەفسەرە بەکرێگیراوەکانی شا؛ لە بەرەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٩٤٧ی زایینی لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد، قازی محەممەد، سەدر قازی و سەیف قازییان لە سێدارە داو شەهیدیان کردن و بەو پێیە پەڵەیەکی ڕەشی دیکەیان لە تەوێڵی ڕژێمی سەرەڕۆی پەهڵەوی دانا. شەوی دووشەممە ١٠ی خاکەلێوە لە حاڵێکدا خەڵک لە کەشێکی پڕ ترس و سەرکوتکەری حکوومەتی نیزامیدا خزابوونە ماڵەکانیانەوە، جموجۆڵێکی نائاسایی لە گۆڕەپانی چوارچرا هەست پێدەکرا. هەموو سەربان و ئەورێیانەی دەچوونەوە سەر گۆڕەپانەکە، لەلایەن سەربازە چەکدارەکانەوە گیرابوون. چەند دارتاشێک لە گۆشەی باکووریی گۆڕەپانەکەوە، خەریکی چەقاندنی داربوون. بێجگە لە ماڵەکانی دەوری مەیدان کە بەزەبری چەک لە خەویان هەستاندبوون و سەربازەکانیان لەسەربان و بەرپەنجەرەی ئەو ماڵانە دامەزراندبوو، کەسی دیکە ئاگاداری ئەم دۆخەنەبوو. لە نێوەشەو بەولاوە لە سەبازگەو بەندیخانەی قازییەکانیش هێندێ جموجۆڵی نائاسایی دەبینران. چەند لۆری پڕ لە سەربازی چەکدار دەست لەسەر چەک چاوەڕێی فەرمان بوون. کتوپڕ درگای ژووری زیندانی قازی محەممەد دەکەنەوە و پێی دەڵێن: خۆیان حازرکەن دەیانەوێ بەڕێیان بکەن بۆ تاران.

قازی محەممەد، بە سەر سوڕماییەوە، دێتەدەرێ و بە جیپێکی سوپا و لە نێوان دوولۆریی پڕ لە سەربازی چەکدار دەیهێننە شوێنی جارانی نووسینگەی حیزب کە کراوەتە فەرمانداری بینای شارەداری ئێستا. مەلایەکی مەهابادی بە ناوی مەلا سەدیقی سیدقی، ئیمام جومعەی مزگەوتی هەباساغایان هێنابووە ئەوێ. قازی محەممەد بە دیتنی مەلا سەدیق و فەرمانداری نیزامی، لەشانۆی بە درۆی

"ناردن بۆ تاران" تێدەگا و دەزانێ هەمووی ئەوکارانە بۆ فریودانە. سەرهەنگ حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەخوێنێتەوە و داوای لێدەکرێ لە حزووری مەلادا هەر وەسیەتێکی هەیە بیکا. مەلا سەدیق و ئەو ئەفسەرانەی لەوێ بوون گەلێک لەسەر بوێری و غیرەتی قازی دواون. قازی محەممەد، قارەمان بە بوێری و غیرەتی ڕێبەرێکی نەتەوەییەوە، دەگەڵ مەرگ ڕووبەڕوو دەبێتەوە. "پێشەوا" لە وەسیەتنامە سیاسییەکەیدا، باس لە خەباتی پڕ لە شانازیی خۆی لە پێناو ڕزگاریی نەتەوەی کورد دەکا و داوا لە بەرەکانی داهاتوو دەکا کە درێژە دەری ڕێگەکەی بن. لە وەسیەتنامەیەکی دیکەدا کە بەدەستوخەتی مەلا سەدیق نووسراوە. و خۆی مۆری کردووە؛ باسی کاروباری کەسیەتی (شخصی) و تایبەتی بنەماڵەیی خۆی کردووە و دەقی ئەوەیان هەرماوە، بەڵام وەسیەتنامە سیاسییەکەی لەلایەن نێردراوانی "شا" وە، نێردرایە تاران و لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی سوپادا ڕایانگرت و بڵاویان نەکردەوە:

وەسیەتنامەی سیاسی قازی محەممەد[1]

بسم الله الرحمن الرحیم

میللەتی کورد، ڕۆڵە و برا عەزیزەکانم، برابەش خوراوەکانم، میللەتە زوڵم لێکراوەکەم؛ وام لە دوایین ساتەکانی ژیانمدا. چەند ئامۆژگارییەکتان دەکەم،

١- کتێبی دادگایی کردن و بەرگرییەکانی قازی محەممەد، نووسینی محەممەد ئەمین و بەدرەدین ساڵح وەرگێرانی ئەحمەد محەممەدی لە زمانی سەروان کیومەرس سالح، هەواڵنێری سوپای شا، هەموو بابەتەکانی دادگا و دەقی وەسییەت نامەکە لە ژمارە ٦٦ و ٧٥ی گۆڤاری (تاج کیانی) دا چاپ بووە و سەروانی ناو براو بەهۆی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتانە، دەرەجەی لێ ئەستینراوە و ساڵێک خراوەتە زیندان. سەروان کیومەرس خوشکەزای سەرلەشکەر جەم بووە. سەرلەشکرجەم، مێردی (شەمس)ی خوشکی شا بووە. ئەو بابەتانەی بە شێوەی نهێنی و پاریزراو (محرمانە) بۆ شای ئێران و فەرماندەکانی ئەرتەش ناردووە.

وەرن بەخاتری خودا، چیتر دۆژمنایەتیی یەکتری مەکەن. یەک بگرن و پشتتان وە یەکتری بدەن، لە بەرامبەر دۆژمنی زۆردار و زوڵم بوەستن، خۆتان بە خۆڕایی بە دۆژمن مەفرۆشن، دۆژمن هەر ئەوەندەی ئێوە دەودێ، تاکاری خۆی پێ جێبەجێ دەکا و قەت بەزەیی پێتاندا نایە، لەهەر هەڵێکدابێ، قەت لێتان نابووریێ.

دۆژمنانی گەلی کورد زۆرن، زاڵمن، زۆردارن، بێ بەزەین، ڕەمزی سەرکەوتنی هەرگەڵ و نەتەوەیەک، یەکگرتن و یەکبوونە، پشتگیری تەواوی میللەتە. هەر میللەتێک یەکێتی و تەبایی نەبێت، هەردەم ژێردەستی دۆژمنانی دەبێ. ئێوە گەلی کورد، هیچتان لە گەلانی سەر ئەم گۆی زەمینە کەمتر نییە، بەڵکوو لە پیاوەتی و غیرەت و لێهاتوویی؛ لە زۆر لەو گەلانەی کە ڕزگاربوون لە پێشترن. ئەو میللەتانەی کە لە چەنگی دۆژمنە زۆردارەکانیان رزگاریان بوو؛ وەک ئێوەن،

وەکو هەموو گەلانی ڕووی زەوی؛ چیتر ژێردەست نەبن، هەر بەیەکگرتن و حەسوودی بەیەک نەبردن و خۆنەفرۆشتن بە دۆژمنان، لە دژی نەتەوەکەمان دەتوانن ڕزگاربن.

براکانم، چیتر فریوی دۆژمن مەخۆن، دۆژمنی، کورد لە هەر ڕەنگ و دەستەو قەومێک بێت؛ هەر دۆژمنە، بێ ڕوحم، بێ ویژدانە، ڕوحمتان پێ ناکا، بەیەکترتان بەکوشت دەدا، تەماحووەبەردەنێ. بەدرۆ و فڕەفێڵ بەگژ یەکتروودادەکا، لەناو هەموو دۆژمنەکانی گەلی کورد، دۆژمنی عەجەم لە هەموویان زاڵمتر و مەلعوونتر و خوا نەناستر و بێ بەزەییترە؛ لە هیچ تاوانێک بەرامبەر بەگەلی کورد دەست ناگێڕێتەوە. هەر بە درێژایی مێژوو لەگەڵ گەلی کورد غەرەز و کینەی ریشەداری هەبووە و هەیەتی. تەماشاکەن، تەواوی گەورە پیاوانی گەلەکەتان، لە سمایل ئاغای شکاکەوە بگرە؛ تا جەوهەر ئاغای برای و هەمزە

ئاغای مەنگوڕو چەندین مرۆڤی دیکە؛ هەر هەموویان بەفریودان ئارامیان کردنەوە و خەڵکیان لە پشت کردنەوە. ئێنجا زۆر زۆر نامەردانە، کوشتیانن. هەموو ئەوانەیان بە سوێند و قورئان فریودان کە گوایە عەجەم؛ نییەتی خێری لەگەڵیاندا هەیە و چاکەیان لەگەڵدا دەکات. بەڵام هەرکوردێ خۆش باوەڕە و بە سوێند و سۆزی عەجەم فریوی خواردووە و باوەڕی پێ هێناوەن کەچی تا ئێستاش بە درێژایی مێژوو، کەس نەیدیوە، تاکو جارێکیش عەجەم بە سوێند و وادە و ئەو پەیمانانەی کە بەسەرانی کوردی داون، وەفای پێ بکاو وادەکانی دەگەڵ کورد بەجێ بگەیەنێ. هەر هەموویان درۆو فڕو فێڵ بووە. جاوا من وەکو برایەکی بچووکی ئێوە. لە ڕێگای خوادا، بۆخاتری خودا پێتان دەڵێم؛ یەکتر بگرن و قەت پشتی یەکتر بەرمەدەن. دڵنیابن ئەگەر عەجەم هەنگوینتان بداتێ، دیارە ژەهری تێکردووە، بە قەولی فریو مەخۆن، کە ئەگەر هەزار جار دەست لە قورئانی پیرۆزیش بداو بەڵێنتان پێ بدا؛ دڵنیابن تەنیا مەبەستی فریودانی ئێوەیە، تاوەکو فێڵێکتان لێ بکا.

وا من لە دوایین ساتەکانی ژیانمدا بۆ خاتری خوای گەورە ئامۆژگاریتان دەکەم، پێتان دەڵێم و خوا بۆ خۆی دەزانێ کە من ئەوەی لە دەستم هات؛ بەسەرو بەگیان و تێکۆشان، بە ئامۆژگاری و ڕێنوێنی و نیشاندانی ڕێگەی ڕاست ئێوە درێغیم نەکردووە. ئێستاش لەو ساتەدا لەو بارودۆخەدا؛ دیسان پێتان ڕادەگەیەنم کە چیتر فریوی عەجەم نەخۆن و باوەڕ بە سوێند و دەست لە قورئان دان و بەڵێن و سۆزەکانیان مەکەن. چونکە عەجەم نەخوا دەناسن و نەباوەڕیان بە خواو پێغەمبەر هەیەو نە باوەڕیان بە ڕۆژی قیامەت و حیساب و کتاب هەیە. لەلای ئەوان ئێوەن، هەر لەبەر ئەوەی کە کوردن با موسڵمانیش بن، تاوانبار و محکوومن، بۆ وان دووژمنن. سەروماڵ و گیانتان بۆ ئەوان حەڵاڵە و بە غەزای دەزانن. بەڵێنم وانەبوو من بڕۆم و ئێوە بەدەست ئەو دۆژمنە دڵڕەشانەوە بە جێ

بێڵم. زۆر جاریش بیرم لە ڕابردووی گەورە پیاوانمان کردۆتەوە؛ کە عەجەم بەفریوو سوێند و درۆ و حیلە گرتوویانن و کەشتوویانن. چونکە لە مەیدانی نەبەردیدا دەروەستیان نەهاتوون و نەیانتوانیوە لە بەرامبەریاندا بوەستن؛ ناچار بەدرۆو فڕو فێڵ هەڵیان خەڵەتاندوون، کوشتوویانن.

من ئەوانم هەر هەموویان لە بیربوو، قەتیش باوەڕم بە عەجەمان نەکردووە. بەڵام عەجەم لەپاش گەڕانەوەیان بۆ ئێرە، چەندین جار وەڵام و ڕاسپاردەیان بە نامە و ناردنی کەسی ناوداری کورد و فارس بەدانی بەڵێن و پەیمانی یەکجار زۆر کە دەوڵەتی عەجەم و شا خۆی نییەتی خێریان هەیە و ئامادەنین تەنانەت دڵۆپێک خوێن لە کوردستان بڕژێ.

ئێستا ئێوە ئەنجامی بەڵێنەکانیان بەچاوی خۆتان دەبینن. ئەگەر سەرانی هۆز و عەشیرەتە کوردەکانمان خیانەتیان نەکربا و خۆیان بە حکوومەتی عەجەم نەفرۆشتبا؛ ئێمە و ئێوە و کۆمارە کەمان، وای بەسەر نەدەهات.

ئامۆژگاری و وەسیەتم ئەوەیە: بامنداڵەکانتان بخوێنن، چونکە ئێمەی میللەتی کورد بۆ ئەوەی لە کاروانی گەلان دوانەکەوین، هەر خوێندن چەکی کوشندەی دوژمنە.

دڵنیابن و بزانن ئەگەر تەبایی و یەکگرتن و خوێندەواریتان باش بێ؛ زۆر باشیش بەسەر دۆژمناندا سەردەکەون. ئێوە نابێ بە کوشتنی من و براو ئامۆزاکانم چاوتان بترسێ. هێشتا دەبێ زۆر کەسی دیکەی وەکوو ئێمە لەو ڕێگایەدا گیان بەخت بکەن. تادەگەنە ئاوات و مەبەستتان.

دڵنیام زۆر لەوانەی لەدوای ئێمەش دەکەونە داوی فڕو فێڵی عەجەمان؛ لە ئێمەش باسەوادتر و و لێهاتووتردەبن، بەڵام هیوادارم کوشتنی ئێمە ببێتە پەند و عیبرەت بۆ دڵسۆزانی گەلی کورد. هەر چییەکتان بۆ سەرفرازیی ئەو گەلە کرد، کۆمەکتان لە خولای گەورە بوێ، دڵنیام ئەووە سەرتان دەخا و کۆمەکتان دەکا.

ڕەنگە بڵێن ئەی بۆ من سەرنەکەوتم؟ لە وەڵامدا دەڵێم؛ بەو خوایە من سەرکەوتووم. چ نیعمەتێک و چ سەرکەوتنێک لەوە گەورەترە کە ئێستاوا من لە ڕێگەی گەل و میللەت و وڵاتەکەمدا، سەر و ماڵ و گیانم لە پێناو ئەودا دادەنێم. باوەڕ بکەن؛ من خۆم لە دڵمەوە ئارەزووم بوو، ئەگەر مردم، بەمەرگێک بمرم کە لە حزووری خواو ڕەسولی خواو گەل و میللەتەکەمدا؛ ڕووسووربم. بۆ من ئەو مەرگە سەرکەوتنە. خۆشەویستەکانم کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە. هەر وەکو لە ماڵەوەدا ئەندامانی ئەو ماڵە هەرکەس لە هەر جۆرەکار و کردەوەیەکدا دەیزانێ، ئەوکارەی پێ دەسپێرن؛ ئیتر کەس مافی چاوچنۆکی پێ نییە. کوردستانیش هەر ئەو ماڵەیە. ئەگەر زانیتان کەسێک لە ئەندامانی ئەو ماڵەکارێکی لە دەست دێ، لێی گەڕێن با بیکا، ئیتر نابێ بەرد بخەنە سەرڕێی و نابێ بەوە دڵگیربن کە یەکێک لە ئێوە بەرپرسیاریەتیی گەورەی بە دەستەوەیە. ئەگەر کاری گەورە کەوتۆتە سەرشانی کەسێک و بەڕێوەی دەبا؛ دیارە لێی دەزانێ و بەرپرسیایەتیی گەورەتریش لەبەرامبەر ئەو ئەرکە هەیە؟ دڵنیابە برا کوردەکەت هەر چاکترە، دوژمن کینەی لە دڵە و ئەگەر من بەرپرسیایەتیی گەورەم لە سەرشانی نەبوایە؛ ئێستا لە ژێرداری سێدارەدا ڕانەدەوەستام.

بۆیە نابێ دەگەڵ یەکتردا چاو چنۆک بن، ئەوانەی فەرمانی ئێمەیان بەجێ نەدەگەیاند؛ نەک هەر فەرمانی جێبەجێ نەکردن؛ بەڵکو بەتەواوی دوژمنایەتیان دەکردین. لەبەر ئەوەی خۆمان بە خزمەتکاری خەڵکی خۆمان دەزانی.

ئێستا ئەوان لە نێوماڵ و منداڵی خۆیان لە شیرن خەودان.بەڵام ئێمە بە ناوی خزمەت کردن بە میللەت؛ وا لە ژێر داری سێدارەین و خەریکم دوایین ساتەکانی ژیانم، بەم وەسیەتنامەیە تەواودەکەم؛ ئێستا منیش وەک ئێوە لە ناو خاو و خێزان و لە ماڵی خۆم لە شیرن خەودا دەبووم، ئەوەی کە ئامۆژگاریتان بۆ دوای خۆم دەکەم. ئەمەش یەکێکە لەو بەرپرسیاریەتیانەی کە لە سەرشانمە، دڵنیام

ئەگەر کەسێکی دیکە لە ئێوە؛ بەرپرسیاریەتییەکانی منی وە ئەستۆی خۆی گرتبا، ئێستا ئەو لە شوێنی من لە ژێر سێدارەدەبوو، وامن بە مەبەستی ڕزایەتیی خودا و بە پێی بەرپرسیارەتیی سەرشانم؛ وەکو کوردێکی خزمەتکاری گەل و لە ڕێگای کاری چاکدا (امربالمعروف) ئەو چەند ئامۆژگارییەم کردن کە هیوادارم لەمەودوا عیبرەت وەربگرن و بە تەواوی گوێ لە ئامۆژگارییەکانم بگرن، بە هیوای خوادا بەسەر دۆژمنتاندا سەرکەون.

١- باوەڕتان بە خودا و (ما جاء من عنداللە) و پەرستنی خودا و پێغمەبەر(د.خ) و بە جێگەیاندنی ئەرکی ئایینی پتەو بن.

٢- یەکێتی و تەبایی لە نێوان خۆتاندا بپارێزن، کاری نەشیاو لەبەرامبەر یەکتردا مەکەن و چاوچنۆک مەبن بە تایبەت لە بەرپرسیاریەتی و خزمەتکردن دا.

٣- بە خوێندن و زانست، پلەی زانیاریتان بەرنەسەرەو؛ بۆ ئەوەی کەمتر فریوی دۆژمنان بخۆن.

٤- باوەڕ بە دووژمنان مەکەن، بەتایبەت بە دۆژمنی عەجەم، چونکە بە چەند هۆو ڕێگاوە عەجەم دوژمنی ئێوەیە، دۆژمنی گەل و نیشتیمان و ئایینتانە. مێژوو سەلماندوویەتی کە بەردەوام لە کورد بەبەهانەیەو لەسەر کەمترین تاوان دەتانکوژێ و لە هیچ تاوانێک بەرامبەر بە کورد دەست ناگێڕێتەوە.

٥- بۆ چەند ڕۆژێک ژیانی بێ قیمەتی ئەم دنیایە، خۆتان بە دۆژمن مەفرۆشن، چونکە دۆژمنە؛ دۆژمن جێگەی هیچ باوەڕ پێ کردنێک نییە.

٦- خیانەت بەیەکتری مەکەن، نەخیانەتی سیاسی و نەگیانی و نەماڵی و نامووسی، چونکە خیانەتکار لای خودا و مرۆڤ، سووک و تاوانبارە؛ خیانەت بەڕووی خیانەتکاردا دەگەڕێتەوە.

٧- ئەگەر یەکێک لە ئێوە توانی کارەکانی ئێوە بەبێ خیانەت کردن ئەنجام بدا، هاوکاری بکەن، نە وەک لەبەر چاوچنۆکی و بەخێلی دژی بوەستن. یا خوانە خواستە لەسەری ببن بە جاسووسی بێگانە.
٨- ئەو شۆێنانەی لەوەسیەتنامەکەدا نووسیومە بۆ مزگەوت و نەخۆشخانە و قوتابخانە ئێوە هەمووتان داوای بکەن تا دەکرێ و سوودیان لێ وەرگیرێ.
٩- ئێوە لە خەبات و هەوڵ و تێکۆشان مەوەستن؛ تاوەک هەمووگەلانی دیکە لەژێر چەپۆکی دوژمنان ڕزگارتان دەبێ، ئەگەر وڵاتێکتان هەبێ، سەربەستیەکو هەبێ، ماڵ و خاک و نیشتمانەکە و هی خۆتان بێ، ئەو کاتە هەمووشتێکتان هەیە، هەم ماڵ، هەم سەروەت، هەم دەوڵەت و ئابڕووی نیشتمانتان دەبێ.
١٠- من بێجگە لە خودا قەرزباری کەس نیم ـ بەڵام ئەگەر کەسێک لای وابوو کە لەکەم تا زۆر شتێکی لای منە، سەروەتی زۆرم بە جێ هێشتووە وەری بگرێتەوە. تا ئێوە یەکنەگرن، سەرناکەون، زوڵم و زۆر لەیەک مەکەن، چونکە خوا زۆر زوو زوڵم لەبەین دەبا و نابوودی دەکا. ئەوە بەڵێنی خواوەندە بێ کەم و زیاد، زاڵم دەڕووخێ و نابوود دەبێ، خوا تۆڵەی زوڵمی لێدەکاتەوە.
هیوادارم ئەو نوکتانە لە گوێ بگرن خوا سەرکەوتووتانکا بە سەردۆژمناندا وەک سەعدی دەفەرموێ:

مراد ما نصیحت بود و گفتیم

حوالت با خداکردیم و رفتیم

خزمەتگوزاری گەل و نیشتمان
قازی محەممەد

قازی محەممەد پاش نووسینی وەسیەتنامەکە؛ دوورەکات نوێژ دەکا و بەسەرهەنگ و ئەوانەی لەوێن دەڵێ: لەبەر ئەوەی لە شەرعی ئیسلام دا لە

سێدارەدانی موسڵمان کارێکی ناپەسەندە، تیربارانم کەن. بەڵام مەئموورەکان دەڵێن: حوکمی ئیعدامتان بە سێدارەیە و ڕەتکردنەوەی بۆ نییە. ئیدی دەیهێننە ژێرداری سێدارە. قازی محەممەد لە دوایین کات و ساتەکانی ژیانیشیدا هەروا سوور بوو لەسەر ئیمانی بە ئازادی و ڕەوایی مافی میللەتی کورد و بە سەرهەنگ و مەئموورەکان دەڵێ: ئێوە ئێستا قازی محەممەدێک ئێعدام دەکەن، بەڵام سبەینێ لەهەر دڵۆپە خوێنێکم، هەزاران قازی محەممەد سەر هەڵدەدەن و ڕێگای من درێژەپێ دەدەن.

بەو جۆرە بوو پێشەوا قازی محەممەد، سەر لە بەیانیی ڕۆژی دووشەممە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦هـ/١٩٤٧ز گیانی پاکی خۆی لە پێناو ئازادی و دیفاع لە نەتەوەی کورد، دا بەخت کرد. پاش بە ڕێوە چوونی حوکمی زاڵمانەی لە سێدارەدانی قازی محەممەد؛ حەمەحوسین خانی سەیف قازییان هێنایە بەردەم سێدارە و دوای بە ڕێوەبردنی ڕێوەڕەسمی وەسیەتنامە نووسین بە قەڵەمی خۆی؛ بۆ ئێعدام کردن دەیهێننە گۆڕەپانی چوارچرا. ژەنەڕاڵ حەمە حوسین خان بە دیتنی تەرمی پاکی پێشەوا قازی محەممەد هاوار دەکا: "بژی پێشەوای مەزنی کوردستان، بژی نەتەوەی کورد". هاواری حەمە حوسێن خان هەموو خەڵکی دەوروبەری گۆڕەپانەکە لە خەو هەڵدەستێنێ و سەرەڕای ئەو هەموو هەڕەشەیە، دێنە بەرپەنجەرەکان. نەعرەتەی دەنگی سەیف قازی گۆڕەپان و دڵی ئەو سەرباز و ئەفسەرانەی کۆڵان و سەربانی ماڵانیان گرتبوو؛ خستە لەرزە. کاتێ کورسییەکەی ژێرپێی حەمە حوسێن خان لادەبەن، پەتی سێدارە خۆ لە بەر قورسایی لەشی قورسی ناگرێ و دەپسێ. دەم ودەست هەڵیدەگرن و دەیبەنە ژێر سێهەمین دار کە بۆ سەدر قازی ئامادەکرا بوو؛ ئەویش شەهید دەکەن. بۆ سێهەمین جار و لە روناکیی بەیانیدا ئەوبولقاسمی سەدری قازی نوێنەری خەڵکی مەهاباد لە خولی چواردەهەمی پەرلەمان. هەر بەو شێوەیە دێننە

گۆڕەپانی چوارچرا و پاش خوێندنەوەی حوکمی ئێعدام، سەدری قازی وەسیەتنامەکەی دەنووسێ و ڕاسپاردەکانی خۆی سەبارەت بە ملک و ماڵ و دارایی خۆی ڕادەگەیەنێ و ئەوسا دەیبەنە پای سێدارە و بڕیارەکەی لە سەر جێ بە جێ دەکرێت.

درێژەی ڕێگەی شەهیدان

لەسەروبەندی دادگایی کردنی قازییەکاندا؛ دادگایەکی ڕواڵەتیش لەسەقز لە ئارادبوو. ئەو دادگا ڕواڵەتیش بەڕێزان؛ کاک ئەحمەدخانی فاروقی، عەولاخانی مەتین؛ حەمەخانی دانیشوەر، حەسن خانی فەیزوڵلابەگی؛ (قەلەندەر) ئەحمەد خانی شەجیعی، فەیزوڵلابەگی (کەڵتەگە)، عەلی جوانمەردی، ڕەسوڵ جەوانمەردی، شێخ سەدیق جوانمەردی و شێخ حەمەدەمین ئەسعەدیی بە ئێعدام مەحکوم کرد.

هاوکات لە شاری بۆکانیش عەلی بەگ شێرزاد نوێنەری هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دادگایەکی نیزامی و نهێنی دا حوکمی سێدارەی درا. ڕۆژی ١٣٢٦/١/٢٥ی. هـ/ئاوریلی ١٩٤٧ی. ز یازدەکەس لەم ئازادیخوازانە لە شاری سەقز و عەلی بەگ شێرزاد لە شاری بۆکان لە سێدارەدران و شەهید بوون. یانی لە شاری سەقز پێنج خاڵۆزا و دووخزمی دایک و عەلی بەگ شێرزاد خاڵۆزای قازی محەممەد ڕەگەڵ کەوتن. حەوتوویەک پاش ئیعدامی قازییەکان چوار ئەفسەری کوردیش کە لە بەندیخانەی تەورێزبوون بەناو دادگایەکی نمایشیدا بە ئیعدام مەحکووم کران و سەر لە بەیانی دووشەممە ١٣٢٦/١/١٧ی.هـ/١٩٤٧ی.ز لە گۆڕەپانی چوارچرا لە سێدارەدران کە ناوکانیان بریتی بوون لە؛ حەمید مازووچی، ڕەسوڵ نەغەدەیی، عەولای ڕۆشەنفکر و محەممەد نازمی.

پرسەی میللی

خەڵکی شاری مەهاباد، پاش ئەوەی خۆر لە ئاسماندا لەنگەری گرت و هاتوچۆکردن ئازاد بوو؛ لە ماڵ دێنە دەرێ و ئاگاداریی شەهیدکردنی قازییەکان دەبن. شاری مەهاباد، یەکسەر بەرگی شین و ماتەم دەپۆشێ. بە چەشنێک کە قەڵەم لە شەرحی ئەم کارەساتە دڵ تەزێنە کۆڵە.

دوای بیستنی ئەم هەواڵە تاڵە، چوومە ماڵی شەهید قازی محەممەد، وەک ڕۆژی حەشر وابوو. دەگەڵ چەند کەسێک چووینە گۆڕەپانی چوارچرا. سەربازە چەکدارەکان کە بە ڕێز وێستابوون، پێشیان پێ گرتین. دایکم و ژنانی بنەماڵەی قازی محەممەدیان گەڕاندەوە. بەڵام سەرگورد نەوایی پارێزەری سەدری قازی، کە دەیناسم سەربازەکانی لاداو دەستی منی گرت و بردمیە بەردارەکان. من خۆم، وەک مردووانم لێ هاتبوو. ئەو دیمەنە زۆر نارەحەتی کردم، حەولمدا بەسەر خۆمدا زاڵبم و بە بەپرسیارێتییەوە دەگەڵ چارەنووسی نەتەوەکەم ڕووبەڕووببمەوە. لەو ساتەدا کە چەند کەسێک جەنازەی شەهیدەکانیان دادەبەزاند، سەرهەنگ پارسی تەبار، بە قەڵافەتێکی دزێوو تووڕەوە وەک میرغەزەب بەرەو سێدارەکان وێستابوو و هێندێ شتی دەگوتن کە من واتێکچووبووم نەمدەزانی دەڵێ چی؟ پەیکەری پاکی شەهیدان پاش دابەزاندنیان بۆ شوشتن و کفن کردن، بردران بۆ مزگەوتی حاجی ئەحمەد، ڕووبەڕووی شارەبانی. لە گەمارۆی فەوجێک سەرباز لە ژێر چاوەڕوانیی سەروانێکدا و دەگەڵ ئەوانەی تەرمەکانیان لەسەر شان بوو، بەرەو مزگەوتی حاجی ئەحمەد ڕۆیشتن و دوای خەلات کردنی تەرمی پاکیان، هەرسێک شەهیدەکانمان بەرەو گۆڕستانی شاربرد. ئەوکات هەر لە سەرەتای شەقامی (جامی جەم)ی ئێستاوە، لە گۆڕەپانی مەلاجامییەوە هەتا کۆتایی شەقامەکە؛ هەر گۆڕستانی مەلاجامی

بوو. بینای کۆنی فەرمانداری مەهابادیش لە گۆشەی باشووریی چیمەنی گۆڕەپانەکەی مەلاجامییەوە هەڵکەوتبوو و باقی مەیدانەکە دارستان بوو. وەک ئێستا نەبوو. من و هاوڕێیان تەرمی شەهیدە سەربەرزەکانمان لە شوێنی ئێستەی فرۆشگای فەرهەنگیانەوە بردە نێو گۆڕستانەکە. لەوێ دیمەنێکی وام بینی کە هیچ کات فەرامۆش ناکەم. خەڵکی شاری مەهاباد بە تایبەتی ژنان، منداڵ و مێرمنداڵ کە لەوکارەساتە دڵتەزێنە ئاگادار ببوونەوە بە تێکڕایی بۆ دیتن و بە خاک ئەسپاردنی تەرمی شەهیدانی کوردستان، ڕژابوونە گۆڕستانەکەوە. بێ زێدەڕۆیی ٨٠ لە سەتی خەڵکی مەهاباد هاتبوون و بەشی هەرە زۆری گۆڕستانەکە بە تایبەت شوێنی قەبری شەهیدەکانیان داگرتبوو. هەتا چاو بڕی دەکرد شەپۆلی خەڵک لە ژن و منداڵ و پیر و لاو دەیتران. هەر ئەوەندەی تابووتەکان وەدەرکەوتن ئەم دەریای جەماوەرە یەکسەر لە بانگی دا. دەتکوت ڕۆژی حشرە. من بە دیتنی ئەو دیمەنە سامناکە و بیستنی ئەم درۆشمە میللی و نیشتمانییانەی خەڵکی شاری، زیاتر وەخۆ هاتمەوە و تازە زانیم خوێنی شەهیدان هەنگاوی خەڵک و ورەی جەماوەری پتەوتر کردووە. بەڕاستی ناتوانم، ئەو هەمووە ئازایەتی و هەستە پاکەی نەتەوەییە شەرح بکەم. سەربازەکان کە بە دیتنی دەریای بەلرفەی ئەو خەڵکە زەندەقیان چوو بوو، ئامادەی تەقەکردن بوون و خەڵکیان دەکشاندەوە. بەڵام هێندێک لە ژنان وا هەڵچوبوون، وەک شێری شەرزە شاڵاویان بۆ سەربازەکاندەبرد. ئاخیری هەر ئاڵقەی گەمارۆی سەربازانبان شکاندو خۆیان گەیاندە تابووتەکان و خۆڵ و خاکی گۆڕستانەکەیان وەسەرخۆیان کرد. ئەوان بە دروشمی توند شای خەیانەتکار ـ بە کرێگیراوە گوێ لەمستەکانی شایان جنێوباران کردو شان بە شانی تابووتەکان تاسەر قەبرەکان هاتن. سەرباز بە هیچ کلوجێ نەیانتوانی پێشیان پێ بگرن. فەوجێکی دیکەشیان سەرباز هێنایە گۆڕستانەکە و بەزەبری

سەرنێزە و تەقە کردن خەڵکیان سەد مەترێک لە گۆڕەکان دوورخستەوە هەتا پەیکەری پاکی شەهیدانیان بە خاکی پیرۆزی گۆڕستان ئەسپارد. سەرباز وردەوردە گۆڕستانیان بە جێ هێشت و خەڵک بە شەپۆڕووگریانەوە هاتنە زیارەتی قەبرەکان و باوەشیان دەکێلەکانیان وەراند و بەلێنیان بە قارەمانانی نیشتمان دا کە هەتا دوایین ساتی ژیان درێژە بەرێگەی پڕ لە شانازییان بدەن و پاش چەند سەعات شین و رۆڕۆ، بەهۆی هێرشی سەرلەنوێی سەربازەکان؛ خەڵکی قارەمانی مەهاباد، ناچارکران بگەڕێنەوەماڵەکانیان.

کارەساتی لە سێدارەدانی قازییەکان؛ لە بڵاوکراوەکانی ئێراندا بە فەرمانی ستادی ئەرتەش؛ بە شێوەی چەوا شەکارانەو زۆر نامرۆڤانە بڵاوکرایەوە و خەڵکی ئێرانی لێ ئاگادار کرایەوە.

ڕاگەیەندراو

ستادی هێزی ئەرتەش: ڕەزاییە

ڕوکنی دوو: ڕێکەوتی ٢٦/١/١٠

ژمارە ١٩١٢٥

سەعات ٨

لە کۆتایی ساڵی ١٣٢٠ تەوە محەممەد قازی (قازی محەممەد) ئەبولقاسم سەدری قازی و حەمەحوسێن سەیف قازی؛ بەردەوام کەوتنە ورووژاندنی خەڵک و تێکدانی هێمن و ئاسایشی ناوچە وردە وردە کردەوە جەنایەتکارانەکەی خۆیان پەرەپێدا، کە بووە هۆی ڕوودانی هێندێ کارەساتی دڵتەزێنی وەک؛ هێرش کردنەسەر شارەوانیی مەهاباد و کوژرانی ٥ پاسەوان، تاڵانکردنی شارەوانی و فەوتاندنی بەڵگە و شوێنەواری جەنایەتەکانیان، کوژرانی مەحموودیان بازرگانی مەهابادی، قازی زادەی بەرپرسی ئامار، کە هەمووان بوونە قوربانیی تەماح و زێدەخوازیی ئەوان. هەروەها تالانی دێهاتەکان و کارەساتە گەلێکی دیکە لە ناوچەدا. قازی محەممەد بە هاوەدەستیی براکەی خۆی سەدر قازی کە بەرواڵەت نوێنەری مەهاباد بوو، بەڵام لە ڕاستیدا گەلاڵە داڕێژەری هەموو نەخشە دزێوەکانی دابرینی بەشێک لە ئێران بوو؛ دەگەڵ سەیف قازی؛ بۆ وە دیهێنانی ویستە چەپەڵەکانیان، تەواوی بەرپرسانی ئیدارە دەوڵەتییەکانیان لە مەهاباد وەدەرنا و لە ڕۆژی ٢٤ی سەرماوەزەوە ئاڵای سێ ڕەنگی شێر و خۆرشیدی ئێرانیان لەسەربینای دەوڵەتی هێنایە خوار و ئاڵایەکیان بە ناوی ئاڵای کوردستان هەڵکرد. رۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ محەممەد قازی، خۆی وەک سەرکۆماری کوردستان ناساند و ژمارەیەک لە خەیانەتکاران کە هاوکاری بوون بە مەبەستی پراتیک کردنی ویستەکانی خۆی، وەک وەزیرانی دەوڵەتی خودموختار هەڵیبژاردن. و بۆ بەرەنگاریی هێزەکانی دەوڵەت؛ تاقمگەلێکی

چەکداری لە مەهابادیان و بارزانیان پێک هێناو ژمارەیەکی زۆر چەک و چۆڵی لە نێو خەڵکی ئاسایی و عەشیرەتاندا بڵاو کردەوە و ناردنی بەری سەقز و سەردەشت و لە ئاکامدا، کارەساتگەلێکی خوێناوییان لێکەوتەوە. گەرچی هێزی کوردستان (ئەرتەش، وەرگێڕ) چەند جاران داوای لێکردن سەربەردەنەوە و انەکەن؛ بەڵام بێ فایدە بوو، هەروەها لە تارانیش گەورە بەرپرسانی دەوڵەت حەولیاندا لەو کردەوە ناحەزانەیان بگێڕنەوە: کەڵکی نەبوو. هەر ئەو ڕێگەیان گرتەبەر، لە نێوەڕاستی سەرماوەزی ٢٥دا کاتی ڕۆیشتنی هێزی کوردستان بەرەو ئازەربایجان ئەوانە لە کۆبوونەوە و مزگەوتاندا خەڵک و عەشیرەتەکانیان بۆ بەربەرەکانێ هێزەکان هان دەدا، بەنووسراوە فەرمانی هێرش بۆ سەرهێزە نیزامییەکانیان دەرکرد.

بەڵام بەختەوەرانە ئەوانە لێیان تێگەیشتن و بە قسەیان نەکردن. نیزامییەکان بە خێرایی پێشرەوییان کرد و تەواوی گەڵاڵە خەیانەتکارەکانیان هەڵوەشانەوە. دەرەنجام ئەوەی کە؛ ئەو خەیانەتکارانە گیران و درانە دەستی عەداڵەت. پەروەندەکانیشان دران بە دادگای نیزامیی سەردەمی شەڕو هەرسێکیان بە ئیعدام مەحکووم کران. دادگای دووبارەپێدا چوونەوەش بڕیارەکەی پەسەند کردو دواجار لەلایەن ئێمەی خزمەتکاری شای خاوەن شکۆوە پەسەند کراو سەعات ٦ی ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە لە مەهاباد بەڕێوەچوو. فەرمانەدەی لەشکەری ٤ و هێزی کوردستان سەرلەشکەر هومایونی.

قازی محەممەد هێما و ئوستوورەی نەتەوەیی کورد

بەڕێوە چوونی بڕیاری سێدارە، نەتەنیا تۆسقاڵێکی لە پلە و خۆشەویستیی قازی محەممەد، سەدر قازی و سەیف قازی کەم نەکردەوە، بەڵکو ئەم کردەوە نامرۆڤانەیەی دەوڵەت و ئەرتەشی شا، بووە هۆی ئەوەیکە لە نێو نەتەوەی

کــــورد و بزووتنــــەوە ڕزگاریخوازییــــەکانی نــــاوخۆ و دەرەوەی ئێرانیشــــدا، خۆشەویســـتتر بـــن. بـــە ڕاســـتی ئێســـتاکەش بیرۆکـــە و ئەندێشـــە سیاســـی و ئینسانییەکانیان لـــە بـــاری ئیســـتراتژیکی و زانســـتییەوە؛ هـــەروا سەرمەشـــقی ڕۆشنبیران، لاوان و خوێندکارانی کوردن و ئاکارە کۆمەڵایەتی و داوەرییەشەرعی و یاساییەکانی قازی محەممەد، نموونەیەکی جێی متمانـــەن بـــۆ توێـــژە جـــۆرا و جۆرەکانی خەڵکی کوردستان.

گەڕیدەکان، نووسەران و شاعیران ئێرانی و بیانی، گەلێک کتێب و وتار وتوێژینەوەی جۆراجۆر یان لەبواری یەکەمین بزووتنەوەی پێشکەوتخوازانەی کورد، داخوازیی مێژوویی کورد و پڕەنیسپ و بنەما فکرییەکانی قازی محەممەد دا نووسیوە و لێی دواون. قازی محەممەد بۆ یەکەمین جار بزووتنەوەی نەتەوەی کوردی لە سیستەمی خێڵەکییەوە دەرهێناو بەشێوەیەکی حیزبی و ڕێکخستنی مۆدێڕن دایڕشت ـ هەرکام لە بەیت بێژو گۆرانی بێژو هونەرمەندانی کورد لە ڕوانگەی خۆیانەوە؛ ئازایەتیی و حەماسەی خۆڕاگریی قازی محەممەد و هاوڕێکانییان وتووەتەوە. قەبری قازییەکان بۆەتە زیارەتگە و ڕووگەی هەموو کوردێک. بە کورتی؛ قازی محەممەد هێما و ئوستوورەی ئازادی، دیموکراسی و ڕەمزی خۆڕاگریی و سەرهەڵدانی جەماوەریی نێو خەڵکی کوردە. ئەو دەراوی خەبات و خۆڕاگری بۆ تۆرەمەی داهاتوو خۆش کرد. واتە لە هەرشوێنێ باسی ئازادی و دیاریکردنی مافی چارەنووس؛ کۆمەڵگەی مەدەنی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بێتە گۆڕێ؛ ناوی ئەو زاتەبەرزە بەسەر بزووتنەوە ڕزگاریدەرە نەتەوەییەکانەوە دەدرەوشێتەوە.

چاوخشاندنەوەیەك بەسەر بارودۆخی كۆمەڵایەتیدا

لە دامەزرانی كۆمەڵەی (ژ.ک)ەوە هەتا گۆڕینی ئەم ناوە بۆ حیزبی دیموكراتی كوردستان و دامەزراندنی كۆماری كوردستان؛ قازی محەممەد، سەرەڕای ئەو هەموو كۆسپ و تەگەرەی نێوەكی و دەرەكییانە و بەربەرەكانێ لە بەرامبەر دۆژمنانی ئازادی و دیاریكردنی چارەنووسی نەتەوەی كورد؛ وتووێژی قورس و دوورودرێژ دەگەڵ بەرپرسانی ئازەربایجان و دەوڵەتی ناوەندی و بارودۆخی شەڕو ئاشتی دەگەڵ دەوڵەت و سوپای شا؛ بەو پەڕی لێزانی و خۆڕاگرییەوە رێبەرایەتیی ئێدارەی كوردستانی كرد. بەهۆی ئەو چالاكییە كۆمەڵایەتییە بەنرخانەوە بوو كە هەم لە سەردەمی ڕەزاخان و هەم باش ڕووخانی ئەو لە خەرمانانی ١٣٢٠ی.هـ/١٩٤١ی ز دا و پاش هێرشی هاوپەیمانان و پێكهاتنی بۆشایی دەسەڵات، لە ناوچەی موكریان دا: ئەركی گرانی ڕێبەرایەتی كەوتە ئەستۆی وی.

قازی محەممەد سەرەڕای ئەو پەیوەندییانەی كە جاروبار دەگەڵ كاربەدەستانی دەوڵەتی ئێران پێكی دێنان، وتووێژیشی دەگەڵ بەرپرسانی سۆڤیەت دەكرد، دەیویست لە هێز و دەسەڵاتی دەوڵەتەكانی بەریتانیا و ئەمریكاش بە قازانجی نەتەوەی كورد كەڵك وەرگرێ و لەو ڕێگەیەدا گەلێک حەولێدا، بەڵام بەداخەوە بەریتانیاییەكان هیچ حەزیان لە ئازادیی نەتەوەی كورد نەبوو، ئەمریكاییەكانیش لەكاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، تازەكار و بێ ئەزموون بوون و ببوونە كلكی سیاسەتی بەریتانیا و ئەم دوو وڵاتەش بەرژەوەندییەكانی خۆیان لە پشتیوانی كردن لە دەوڵەتی شادا دەبینی و بە چاوێكی جیاواز لە ئازەربایجانیش لە كوردستانیان دەڕوانی. هاموشۆی كاربەدەستانی سۆڤیەت زەمینەیەكی فیكریی نالەباریان لە بیر و زەینی بەریتانیایی و ئەمریكییەكان دا خولقاندبوو. پێشەوا مەرجی ڕزگاریی ئەم نەتەوەیەی لەوەدا دەبینیی كە دۆست

و لایەنگری وا بۆ کورد پەیدابکا کە بەباشی دەرکیان بکا. هەربۆیەش ناچار بوو، بەمەبەستی دۆستایەتی دەستی بۆ درێژ کردبوون. بەڕواڵەت شورەوییەکان، زیاتر لە هەموان خوازیاری دۆستایەتی و هاوکاری دەگەڵ نەتەوەی کوردبوون و ئاوڕیان لە کوردەکان دەدایەوە. تێکۆشەرانی ڕێگەی ئازادی و ڕزگاریی نەتەوەی کوردیش، ناچاربوون بە باوەشی ئاوەڵاوە وەریانگرن و لە پێناو گەیشتن بە ئامانج و ویستەکانیاندا، کەڵک لە هاوکاریی سۆڤیەتییەکان وەگرن. بەڵام دۆست و دوژمن لەوەی ئاگادارن، سۆڤیەتییەکان لە یارمەتیداندا، جیاوازییەکی زۆریان لە نێوان کورد و ئازەری دادەکرد. حکوومەتی ئازەربایجان تەواو گوێ لەمستی سۆڤیەت و لە ڕاستیدا کلکی سیاسەتی ئەوان بوو. بەڵام کاربەدەستانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا کە لە سەردەمی حکوومەتی کوردستاندا هاتبوونە مەهاباد و چاویان بە خەڵک کەوتبوو، دانیان بەوە داناوە کە لە کوردستاندا هیچ باسێک لە کۆمۆنیزم و لایەنگری لە سۆڤیەتییەکان لە گۆڕێ دا نەبوو. خەڵکی کوردستانیش بە ڕەفتاری دیموکراتیانە و بیروباوەڕی ئاوەڵاوە، دەگەڵ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ڕووبەڕووبوونەتەوە.

با نەیشارینەوە کە دەوڵەتی سۆڤیەت گەرچی خۆی بە دۆست و پشتیوانی کورد دەزانی، بەڵام بەکردەوە یارمەتییەکی ئەوتۆی نەکردن. ئەم وادە و بەڵێنیانەی سەبارەت بە یارمەتی ماڵی و چەک و تەقەمەنی بە کوردی دابوون، شتێکی وانەبوون. لە حاڵێکدا ئازەربایجانەکان هەرچی ویستبایان بۆیان دابین دەکردن.

پێشەوا قازی محەممەد، هیچ کات وەک ڕێبەرانی فیرقەی ئازەربایجان نە جولایەوەو ملی بۆویست و بۆ چوونەکانی کاربەدەستانی سۆڤیەت نەوی نەکرد ئەوانیش هەموو هیوا و ئارەزووەکانیان لە بوونی حکوومەتی ئازەربایجان دا دەدی و هەرکات بیروڕایەکی جیاواز هاتبا گۆڕێ، ئەوان ڕاشکاوانە لایەنگیرییان لە حکوومەتی ئازەربایجان دەکرد. هەر وەک دیتمان لەو ناکۆکییانەی لەسەر

بەڕێوە بردنی ئەو شارانەی هەردوو نەتەوەی کورد و ئازەریان تێدابوو: وەک میاندواو ـ ورمێ ـ خۆی ـ سەلماس هاتنەگۆڕێ. ئەوان لایەنگری پشتیوانییان لە بۆ چوونی ئازەرییەکان دەکرد و ئەوەش بووە هۆی ئەوەیکە ڕێبەرانی حکوومەتی ئازەربایجان کە هاوپەیمانی حکوومەتی کوردستان بوون بە کردەوە و لە وتوویژ دەگەڵ دەوڵەتی شا؛ کوردستانیشیان وەک بەشێک لە ئازەربایجان لە قەڵەم دەدا و هەروەک دیتمان لە دانووستانەکانی پێشەوا قازی دەگەڵ قەواموسەڵتەنەدا، سۆڤیەتیەکان و ئازەربایجانیەکان پێشنیارەکانی قەوامیان بۆ پێکهێنانی پارێزگایەک لە کوردستان: ڕەدکردەوە.

چونکە ئەوان نەیاندەویست کوردستان لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە، وەک یەکەیەکی سیاسی سەربەخۆ بناسرێ. سەرەڕای سیاسەتی دووڕوویانەی سۆڤیەت و ئاوڕلێ نەدانەوەی دەوڵەتانی بەریتانیا و ئەمریکا لەکێشەی کورد و دژایەتیی ڕاشکاوانەی دەوڵەتی ئێران؛ قازی محەممەد سیاسەتی خۆڕاگریی ڕەچاو کرد و مافی دیاریکردنی چارەنووس لە ڕێی خودموختاری لە چوارچێوەی ئێرانی بە تاقە ڕێی ڕزگاریی نەتەوەی کورد لەوەها هەل و مەرجێکدا دەزانی و هەولی بۆ دەدا و لەو وتوویژانەدا کە دەگەڵ بەرپرسانی بلاقۆکە نێو خۆیی و دەرەکییەکاندا دەیکرد پێشبینی داهاتوویەکی ڕوونتر و ئاواتی مەزنتری بۆ کوردستان و نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا دەخواست.

هۆکارەکانی شکست

سەبارەت بە هەرەسی حکوومەتی کوردستان و ئازەربایجان دەکرێ ئاماژە بە گەلێک هۆکاری جۆراوجۆر بکەین کە گرینگترین و بەرچاوترینییان ئەوانەن:

١- سیاسەتی دەوڵەتانی بەریتانیا و ئەمریکا وەک دوو وڵاتی سەرکەوتووی زاڵ بەسەر چارەنووسی دەوڵەتانی جیهاندا و هەروەها دژایەتییان دەگەڵ ئازادی و خودموختاریی نەتەوەکانی کورد و ئازەری.

٢- سیاسەتی دووڕوویانەی سۆڤیەت سەبارەت بە ئێران و کوردستان و ئازەربایجان، پاش بەستنی پەیمانی هەلێنجانی نەوتی باکووری ئێران لەلایەن سۆڤیەتەوە.

٣- بێ هێزیی سۆڤیەت لە بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەمریکا و بەریتانیا بە هۆی تێکچوونی شیرازەی ئابووریێیەکەی لە ژێر زەبری گورچو بڕی ئەڵمانیا، لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا و پێویستیی سۆڤیەت بە وەرگرتنی یارمەتییماڵی ئەمریکا بۆ سڕینەوە و موتۆربە و نووژەن کردنەوەی کاولکارییەکانی شەڕ.

هۆکارەکانی ناوەکییەکان

١- سەرکوت کردن و زەبرووزەنگی سیستەمی سیاسیی ئێران لە سەردەمی پەهلەوی و گوێڕایەڵیی بۆ ئەمریکا و بەریتانیا.

٢- کەم ئەزموونیی کوردەکان و ئازەرییەکان لە بەستێنی خەباتی سیاسی و حزبی و پێکەێنانی حکوومەتی خودموختاردا.

٣- کەمبوونی بەڕێوەبەرێتی لێزان و پسپۆڕ لە بواری سیاسی، ئابووریی و کۆمەڵایەتیدا.

٤- نەبوونی کادیری کارامە لە بواری نیزامی و دەوڵەتی لەو هەل و مەرجە دژوارەدا، بۆ پەروەردە و ڕاهێنانی نیزامی پێشمەرگە و فیداییەکان.

٥- ئاڵۆزی و بێ سەروبەریی بارودۆخی ئابووریی کوردستان. کەمبوونی سەرچاوەی داهات و ناشارەزایی و تێنەگەیشتن لە پرینسیپەکانی بازرگانیی

نێوەدەوڵەتی، دەکارنەکردنی بەرهەمەکانی کشت و کاڵ یا کەڵک وەرگرتن لە کانگاو پیشە ناوچەییەکانی کوردستان.
٦- دژایەتیکردنی توندوتیژانەی دەوڵەتە گوێ لەمستەکانی ناوچە دەگەڵ هەرچەشنە بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز و پێشکەوتخواز.
٧- هێز و دەسەڵاتی هۆز و عەشیرەتان کە زۆربەیان تووشی ناکۆکی نێو خۆیی و زێدەخوازی ببوون و هیچ فڕیان بەسەر خەباتی سیاسی و حیزبییەوە نەبوو؛ وەک رابردوویان نۆکەری زێڕوزیو بوون و لە هەر کوێ بای خۆش هەڵیکردبا، ئەوا شەنەیان دەکرد.
٨- پاشەکشەو تێکشکانی چاوەڕوان نەکراوی ئازەربایجان و هەڵاتنی ڕێبەرانی ئەوێ بۆ سۆڤیەت، تۆڵە کردنەوەی خەڵک کە بوو بە هۆی دڕدۆنگی و دوودڵی لە نێو عەشیرەتە کوردەکانیشدا.
٩- ترس لە پێکهاتنی کوشت وکوشتاری نێوخۆیی کە لەلایەن دەوڵەت و سوپای شاوە، بەردەوام دەراوی بۆ خۆش دەکرا.
١٠- ئەم هۆکارانە، دەستیان دایە دەستی یەک و کۆتاییان بەتەمەنی کورتی حکوومەتی کوردستان و ئازەربایجان هێنا.

وەڵامی قازی محەممەد بە نامە، بۆ سەرۆکی ستادی ئەرتەشی شا

ئەودەمەی سەرلەشکەر ڕەزم ئارا سەرۆکی ستادی ئەرتەش، لە نامەیەکدا کە لە سەقزەوە بۆ قازی محەممەدی نووسیبوو و بە ئەرتەشی هەڵ گوتبوو کە ئەرتەش بەهێزە و کەس شانی لە شانی نادا. قازی محەممەد وێڕای باسکردن لە ئاشتیخوازیی نەتەوەی کورد، هەڵاتنی بەرپرسانی سوپای زەمانی ڕەزاشای لەبەر هێرشی هاوپەیمانان وە بیرهێنابوونەوە و گوتبووی؛ بەرپرسانی سوپا بە پێچەوانەی ئەو شیعرەی فێردەوسی:

همه سر به سر تن به کشتن دهیم
ازآن به که کشور به دشمن دهیم

یانی:

هەموو سەر بە سەر خۆمان بە کوشتن بدەین
لەوەی باشترە وڵات بە دۆژمن بدەین

***

همه سر به سر پشت به دشمن دهیم
از آن به که خود را به کشتن دهیم

یانی:

هەموو سەربەسەر، پشت بە دۆژمن بدەین
لەوەی چاکترە، خۆمان بە کوشتن بدەین

وەڵامەکەی قازی محەممەد بە بەرپرسانی ئەرتەش و خودی حەمەڕەزای پەهلەویی تەواو تووڕەکردبوو.

بۆ چوونەکان

ئەو کەسانەی ئەو کات هاتوونەتە کوردستان و چاویان بە قازی محەممەد کەوتووە؛ سەرەڕای ئەو تێبینیە سیاسییانەی کە هەیانبووە، سەبارەت بە کەسایەتی و سەداقەتی ئەو، بۆ چوونی خۆیان دەربڕیووە، بۆ وێنە ئارچی بالد رۆژڤێلت ئەفسەری هەواڵگری باڵوێزخانەی ئەمریکا، لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا، بەنێوی "تاسەی فێربوون"، نووسیوێتی: چارەنووسی قازی محەممەد زۆری نەخایاند. قازییەکان هەر سێیانیان رۆژی ٢٣ی ژانویە، لە مەهاباد لە مەحکەمەی نیزامیدا دادگایی کران بڕیاری ئیعدامیان دەرچوو. سەرەڕای دەرچوونی بڕیارەکە؛ بەڕێوەبردنەکەی لەلایەن تارانەوە، وەدواخرا؛

چونکە نەیاندەویست لە جەنگەی دانووستانە گرینگ و هەستیارەکانیاندا دەگەڵ سۆڤیەتییەکاندا تووشی کۆسپ بێن. ماوەیەک بەر لەوەی فێبریەی ١٩٤٧ لە تاران وەدەرکەوتم، ژنراڵ ڕەزم ئارا چوو بووە مەهاباد. منیش پێم وابوو کە مەبەستی ئەو لەو سەفەرەدا، چاودێریی بەسەر ئیعدامی قازییەکان دا بووە. هەر بۆیەش بەپەلە خۆم گەیاندە، جۆرج ئاڵینی باڵوێزی ئەمریکا، بۆ ئەوەی بزانم چیان لەو بارەوە لە دەست دێ. پێی گوتم: تۆ تاچ ڕادەیەک چارەنووسی قازییەکانت بۆ گرینگە؟

ئێمە نابێ لە بیرمان بچێتەوە کە ئەوان هاوکاریی سۆڤیەتییان کردووە. لە وەڵامی ئەم باڵوێزەدا گوتم: ئەوە ڕاستە، بەڵام قازییەکان هەر لە بنەماوە ناسیۆنالیست بوون و بۆ ئاسایش و بەختەوەریی نەتەوەکەیان چیان لە دەست هاتووە کردوویانە. تەنیا سۆڤیەتییەکان بوون کە حەزیان لە یارمەتی و دۆستایە تیکردنیان بوو. ئەگەر ئەوانە لەسێدارە بدرێن؛ هەموو کوردە ناسیۆنالیستەکان ئێمە لەو کارەدا بەتاوانبار دەزانن. باڵوێزەکە گوتی: دەی باشە، من چیم لە دەست دێ؟ گوتم داوا لە شا بکەن با بە ڕەزم ئارا بڵێ، قازییەکان بێننە تاران و لە دادگایەکی دادپەروەرانەو ئاشکرادا دادگاییان بکەن. باڵوێز لەڕێوە، داوای چاوپێکەوتنی دەگەڵ شا کرد. شا لەو چاوپێکەوتنەدا هیوای خواست کە دادگای نیزامی باشتر بەڕێوەبەرێ. دواتر باڵوێز بەشای گوتبوو: دیارە قازییەکان هاوکاریی سۆڤیەتیان کردووە، بەڵام بەمەبەستی پەرەپێدانی ڕۆشنبیری و پەروەردە و پێشکەوتنی کاروباری کۆمەڵایەتی زۆرکاریان کردووە. شا قسەکانی دەبڕێ و بە بزەیەکەوە دەڵێ: لەو دەترسێ فەرمانی تیرەباران و ئیعدام کردنیان بدەم؟ نامەترسە؛ من فەرمانی ئیعدامیان نادەم.

بەڵام ڕۆژی ٣١ی مارس لە کازیوەی بەیانیدا، قازییەکان بە فەرمانی شا لەدار دران. لێرە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە پاش چاوپێکەوتنەکەی باڵوێزی ئەمریکا بوو کە فەرمانی ئیعدامی قازییەکان دەرچوو.
سەدان وتار و بۆ چوون سەبارەت بەو ئیعدامانە لە بلاّقۆکە نێوخۆیی دەرەکییەکاندا بلاّو بوونەوە. ڕۆژنامە بە ناوبانگەکانی ئەمریکا ئەوروپا ڕۆژهەلاّتی ناڤین تێکڕا وتاری تێرو تەسەلیان لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان و داخوازیی مێژوویی کوردەکان بلاّوکردەوە و باسیان لە هەڵکەوتی ئیستراتژێکی کوردستانیان لەم ناوچەیەدا کرد. یەکێک لە ڕۆژنامەکانی ئێران نووسیبووی؛ خوێنی قازییەکان بۆنی نەوتی لێدەهات، ئەو قازییانە بوونە قوربانیی ئیمتیازی هەڵێنجانی نەوتی باکووری ئێران بۆ سۆڤیەت.

چەند خاڵێك سەبارەت بە بۆچوون و بیروباوەڕی پێشەوا

بەرزبوونەوەی ئاستی تێگەیشتوویی و زانست لە نێو جەماوەری کورددا، یەکێک بوو لە ئاواتەکانی قازی محەممەد کە پەرۆشی بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی خەڵکی کوردستان بوو؛ بۆیە پاش تەواو کردنی خوێندن و لە سەرەتایی چالاکییە کۆمەلاّیەتییەکانیدا سەرۆکایەتیی ئەوکاتی "ئیدارەی پەروەردەی لە ساڵی ١٣٠٥ی هـ/١٩٢٦ی ز دا لە مەهاباد وە ئەستۆگرت. لە ساڵی ١٣١٠هـ/١٩٣١ی ز دا دادوەری شەرعی ناوەندی موکریانی مەهاباد بوو. دواتر سەرۆکایەتی معارفی وەلانا. بەڵام دیسانیش، بەردەوام سەردانی قوتابخانەکانی دەکرد و لەسەر نێوەڕۆکی کتێب و چۆنێتی پەروەردە و شێوازی وانەگوتنەوە زۆرشتی بەکەڵکی پێ دەگوتن. بۆ هاندانی لاوان لە وەرزشی تۆپێن دا بەشداریی دەکرد و لاوانی هان دەدا.

پاش ڕووخانی ڕژێمی پەهلەوی و لێکترازانی کاروباری وڵات، لە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی دا، نەیهێشت قوتابخانەکانی مەهاباد، داخرێن؛ چونکە خوێندن و پەروەردەی منداڵانی لە هەموو کارێک پێ گرینگتر بوو.
قازی محەممەد، لەسەرەتای دامەزرانی کۆماردا ئەمری کرد، جل و بەرگی فۆرم بۆ قوتابیان دابین بکرێ. بۆ قەرەبووی ئاستی دواکەوتوویی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانست و زانیاری و پەروەردەی خوێندەواران؛ کە چرای هیوای داهاتووی ئەم نەتەوەیە بوون، چەند گرووپێ لاوی نارده تەورێز و باکۆ، بۆ ئەوەی لەوێ فێری زانستی نوێ بن و خوێندنەکەشیان تەواو بکەن. ئەم لاوانە لە بەشەکانی؛ نیزامی پزیشکی و مافناسیدا لەو شارانە دەستیان کرد بە خوێندن. پێشەوا هەتا دوایین ڕۆژەکانی دەسەڵاتدارێتیی خۆی، لە خوێندن و فێرکردن خافڵ نەبوو،

خوێندەوار هۆکاری وەدوا کەوتوویی کوردن. بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم کەم و کوڕییانە، بەردەوام لە هەوڵ دابوو. بەرپرسانی ڕێنوێنی دەکرد وهانی دەدان فێری زمانە ئەورووپییەکان بن، بۆ ئەوەی ئاشنابن بە شێوازە پێشکەوتووەکانی پەروەردە و ڕاهێنان لە جیهاندا.[1]

١- یادداشتەکانی میرزا مەنافی کەریمی:
ئەو ڕۆژە کە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کوردستان بە من سپێردرا، دەمزانی کە لە داهاتوودا بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکانەی پێیان سپاردووم، لەگەڵ گرفتی زۆر سەخت ڕووبەڕوو دەبم. لە خەرمانانی ١٣٢٠تاساڵی١٣٢٤ هەموو مەدرەسەکان داخراوو یا نیوە داخراو بوون. بارودۆخی بیناکان و پەروەردەی منالان لە هەموو لایەنێکەوە خراپ و بێ سەروبەر و ئاڵۆز بوو. بۆ فێرکاری زمانی کوردی نەکتێبمان هەبوو نە مامۆستا. لەلایەکی تر، بۆ زووتر کردنەوەی مەدرەسەکان لە هەموو لایەکەوە زەختمان لەسەر بوو.
هێچ ڕێگایەکمان نەبوو جگە لەوەی لە کوردستانی عێراقەوە کتێبی کوردی بێنین. بە بڕیاری شاندی فەرهەنگی بە زووترین کات، کتێبی پێویستمان هێنا و دوای گۆڕانکاری پێویست، لە چاپخانەی مەهاباد

بارزانییەکان دوای ڕۆیشتن لە مەهاباد

مەلا مستەفا و بارزانییەکان، باش گەڕانەوە لە شەڕەکەی سەقز، هاتنە نێو مەهاباد و مال ئاواییان لە قازی محەممەد و خەڵکی شار کرد. بە فەرمانی پێشەوا قازی محەممەد؛ نیزیک بە سێ هەزار قەبزە تفەنگ، سەت تیربار و چەند تۆپ کە لە عەمباری چەک و تەقەمەنی دابوون، دران بە هێزەکانی بارزانی.

هێزی ژێر چاودێری و فەرمانی مەلامستەفا بارزانی، زۆر بە ڕێک و پێکی بەرەو ئاواییەکانی نێوان نەغەدەو شنۆو ناوچە سنوورییەکانی ئێران و عێراق کشانەوە. بۆ ئەوەی هەردەم ڕێگەی گەڕانەوەیان بۆ ناوچەی بارزان هەبێت. مەلامستەفا بارزانی لە مەهاباد و نەغەدە چاوی بە کاربەدەستانی سوپای شا کەوت. لەو چاوپێکەوتنانەدا. لەسەر ئەوەی ڕێک کەوتن کە مەلامستەفا و چەند فەرماندەیەکی بارزانی، بۆ درێژەی و تووێژەکان بچنە تاران بەو جۆرە

چاپ و ئامادەکرا و کتێبی تازە لە نێوان مەدرەسەکان و کتێبخانە گشتییەکانی شاردا دابەش کران.

هاوکات لەگەڵ کردنەوەی قوتابخانەکان، چەند مامۆستای کوردستانی عێراق کە ناویان بریتی بوون لە: عوسمان دانەش، محەممەد وەردی، عەبدلقادر ئەحمەد و جەمیل بەهائەدین بوو، بەویستی خۆیان بۆ فێرکاری زمانی کوردی، هاتن بۆ مەهاباد. مەدرەسەکان کرانەوە و منالآن بە شەوق و زەوقێکی چاوەروان نەکراو ڕوویان لە پۆلەکان کرد. بەهۆی هۆگری لە ڕادە بە دەریان، لە ماوەی کەمتر لە مانگێک دا، ئەلفبێی کوردی و تاڕادەیەکیش خوێندنەوە و نووسین فێر بوون و بەو پێیە گرفتێک کە لە سەرەتادا بەبێ چارەسەری دەهاتە بەرچاو بە ئاسانی چارەسەرکرا.

چوارمانگ بەسەر تەمەنی حکوومەتی کوردستان دا تێپەری و لەو ماوەیەدا، کەم و کوورییە فەرهەنگییەکان تاڕادەیەک چارەسەرکران بەلآم بەڕێوەبردنی مەدرەسەکان، ئەگەرچی حەولێکی زۆری بۆ درابوو، پێویستی بو تێکۆشانی زۆرتر هەبوو. بۆ ئەوەی کارەکان بەرسەریەکدا نەکەوێ و کۆسپ نەکەوێتە سەرڕێگای پێشکەوتنی کاری فەرهەنگی، کاک ئیبراهیم نادری کەلاوێکی خوێندەواری کرماشانی و بەکالۆریۆسی لە ئەدەبیاتی فارسی هەبوو. لەلایەن منەوە کرابە جێگر لە کاروباری فەرهەنگی کوردستان. ئەو بەڕێزە لاوێکی زۆرچالاک و لە بەڕیوەبردنی کارەکانی دا زۆر جیددی بوو.

لەهەموو کاتەکانی شەوڕۆژدا، ڕاگەیشتن بە پێداویستیەکانی مەدرەسەکان خافل نەبوو و ئەرکەکانی خۆی زۆر بە باشی بەڕێوە دەبرد و من بە ئاسوودەیی کارەکانی حیزبیم بەڕێوە دەبرد.

مەلامستەفا و هاوڕێیانی کە بریتی بوون لە سەرهەنگ عیزەت عەبدلعەزیز، سەرهەنگ میرحاج ئەحمەد و نووری ئەحمەد تەها، بەرەو تاران وەڕێ کەوتن.
سەرتیپ هومایونی، سەرهەنگ غەفاری دەگەڵ ناردن. ئەوشاندە نیزیک بە مانگێک لە باشگای ئەفسەرانی تاران مانەوە. لەو سەفەرەدا بەتێروتەسەلی دەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت و سوپا و تووێژی کرد و لە لایەن شاوە پێشنیارگەلێکی سەبارەت بە چەک دانان و نیشتەجێ کردنی بارزانییەکان لە نیزیکی هەمەدان پێدرا. مەلامستەفا بەڕوالەت پێشنیارەکانی شای قەبوول کردن و بڕیاری لەسەردانەکەی هێشتەوە بۆ ڕاوێژو پرس و ڕا دەگەڵ برا گەورەکەی،

→
سەرتیپ هومایۆنی ڕاگەیاند، کە شێخ ئەحمەد پێشنیارەکانی تاران قەبووڵ ناکا، ئەوجار خۆی بۆ بەرەنگاری و بەربەرەکانی دەگەڵ هێزی سوپا ئامادە کرد. بارزانییەکان لە کۆتایی ڕەشەمەی ١٣٢٥هـ/١٩٤١ی ز، وە هەتا کۆتایی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هـ/١٩٤٧ی ز چەندین جار تووشی تێکهەڵچوونی قورس و خوێناوی دەگەڵ سوپا بوون ـ لەو تێکهەڵچوونانەدا ژمارەیەک ئەفسەر و سەرباز لە ئەرتەشی شا کوژران و بەدیل گیران، ئەو تێکشکانانە بوونە هۆی ئەوەیکە سەرتیپ هومایونیی لەسنوور چاوی بەفەرماندەری لەشکری عێراق بکەوێ. ژەنەراڵی عێراقی، عەلی حیجازی، بەڵێنی بە سوپای ئێران دا بۆ لە ناوبردنی هێزەکانی بارزانی هاوکاری ئێران بکا. لەو لاشەوە، سوپای تورکیاش، لە سنووری ئێران ـ عێراق خۆی تەیار کرد؛ بۆ شەڕ دژی بارزانییەکان. شای ئێرانیش فەرمانی لە ناوبردنی بارزانییەکان و پێش گرتنیانی بۆ گەڕانەوە بۆ خاکی عێراق دەرکرد و ئەمری کرد بە سەرتیپ هومایونی کە مەقەڕ و شوێنی چەک و تەقەمەنی و تۆپخانەی بارزانییەکان بۆردومان بکەن و بە هیچ شێوەیەک ئیزن نەدەن، بگەڕێنەوە نێو عێراق. بەڵام بارزانییەکان لە چەند

تێکهەڵچوونێکی دیکەش دا هێزەکانی سوپا دەبەزێنن و لە دوایین ڕۆژەکانی خاکە لێوەی ١٣٢٦دا، گەڕانەوە نێو عێراق.
زۆربەی بارزانیەکان پاش گەڕانەوە بۆ کوردستانی عێراق بە هۆی ئەوەیکە ژن و منداڵیان دەگەڵ بوو، وێڕایی شێخ ئەحمەدی بارزانی خۆیان دایەوەدەست دەوڵەتی عێراق. بەڵام مەلامستەفا و ژمارەیەک لە لێهاتووترین و کۆڵنەدەرترین بارزانییەکان، خۆیان بەدەستەوەنەدا. و پەنایان بردە بەرکێوە سنوورییەکانی ئێران و عێراق و تورکیا. دەوڵەتی عێراق لە شێخ ئەحمەد و بارزانییەکان خۆش بوو، تەنیا چوارکەس لە ئەفسەرانی کوردی عێراق کەڕیزەکانی ئەرتەشیان جێ هێشبوو و هاتبوونە نێو بزووتنەوەی بارزانی، بە دەستووری دەوڵەتی نووری سەعید، ئیعدام و شەهید کران. کە بریتی بوون لە سەرهەنگ مستەفا خۆشناو، سەرهەنگ عیزەت عەبدلعەزیز، سەروان خەیروڵلاعبدالکەریم، سەروان محەممەد مەحموود.
ئیعدامی ئەو چوار ئەفسەرە کوردە کە لە ڕاپەڕینی هەردوو کوردستانی عێراق و ئێراندا بەشدارییان کردبوو، سەرەڕای ئەوەی کوردەکانی دانیشتووی بەغداش زۆر هەولی ڕزگارکردنیان دان. بووە هۆی نارەزایەتیی بەربڵاو لە کوردەکانی عێراقدا. مەلامستەفا بارزانی و پێنج سەت کەسی هەڵکەوتە بە ورەی قایم و لەسەر بڕیاری پێشووی خۆیان لە سەرەتایی جۆزەردان ١٣٢٦ی هەتاوی دا لە کێوەکانی سنووری عێراق و تورکیاوە، چوونە، نێو تورکیە و پاش تێکهەڵچوون دەگەڵ ئەرتەشی تورکیە، دیسان هاتنە وە نێو ئێران و ئەوجار بە بڕی سێسەد کیلۆمەتر، ڕێگا و چەندین شەڕوتێکهەڵچوون دەگەڵ سوپای دەهەزار کەسی تا بیست ڕۆژان ڕێپێوان لە زنجیرەی کێوەکانی زاگرۆس دا، ئاخرییەکەی سەرەڕای سەرماو بەفر و باران بەو پەڕی بوێرییەوە، لە چۆمی ئاراس پەڕینەوەو بێ هیچ زیانێکی گیانی، خۆیان گەیاندە دەوڵەتی سۆڤیەت و بەوکارە سەلماندیان کە

هێزی باوەڕ و عەشق بە ئازادی و دیمۆکراسی کۆسپەکانی سەر ڕێ ڕادەماڵی. ئەم ڕێپێوانە مێژووییە؛ بە شەڕ و دەکارکردنی تاکتیک و شێوازی جۆراوجۆری شەڕی پارتیزانی، بوو بەدەرسێکی مەزن لە مێژووی کردەیی پارتیزانی لە جیهان دا، بە چەشنێک کە دەتوانرێت لە کۆلێژە نیزامییەکاندا کەڵکی لێوەربگیرێ.

دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان

حکوومەتی کۆماری کوردستان لە ماوەی تەمەنی کورتی خۆیدا کە لە ساڵێکی کەمتر خایاند و سەرەڕای نەبوونی بەڕێوەبەرێییەکی بە ئەزموون و هەبوونی گەلێک دۆژمنی نێوخۆیی و دەرەکی، گەمارۆی ئابووری، شێواوی باری ئابووری؛ حاڵەتی بەرگری لە خۆوو ئامادە بوون لەبەرامبەر هێرش دا، گەندەڵی بەجی ماو لە کردەوەکانی بنەماڵەی پەهلەوی و بەرپرسی ئیدارەکان؛ تازە خەریک بوو بە خۆدادەهات و دەرفەتی بۆ دەڕەخسا کە بە خۆی و چۆنێتی کاروباری خەڵک ڕابگا و بە هەبوونی کەسایەتێکی لێزانی وەک قازی محەممەد و بڕواو فیداکاریی بەڕێوەبەرانی کە ڕۆڵەی ئەم نیشتمانە بوون، لەو هەل و مەرجە نالەبارەدا کە ئەمریکا و بەریتانیا، پشتیوانی دۆژمنانی ئێمە بوون، توانی بەهێزی بڕواو متمانە بەخۆ، کارگەلێکی ئەوەندە، شیاو و گرینگ بکا کە لە مێژووی نەتەوەی کورد دا وەک کردەوەگەلێکی نەمر و بەنرخ بمێنێتەوە.

نەتەوەکانی ئێران بە چاوی خۆیان دیتییان کە نەتەوەی کورد، هەتا ئەوکات لە هەموو مافە ئینسانی و سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی بێ بەش کرابوو. ڕێژێمی پەهلەوی، خەڵکی کوردی لەو پەڕی هەژاری و داماوی دا هێشتبۆوە. خەڵک وایان لێهاتبوو کە تەنیا لە خەمی بژێوی ماڵ و منداڵ دابوون و لە ترسی کاربەدەستانی دەوڵەت و ژاندارمە بەدەگمەن، ڕوویان لەشاران دەکرد. ئاگایان لە مەحموودی بێ زەواد نەبوو. زوڵمی کاربەدەستانی دەوڵەت و هەژاریی خەڵک

لەو پەڕی خۆی دابوو. هەتا ئەوەی کە خوا بەفریای ئەوخەڵکە هەژارەهات و لە بەرەبەیانێی رۆژی ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠هەتاوی دا، دەوڵەتانی ڕووس و بەریتانیا بە بیانووی وەدەرنانی جاسووسەکانی ئەڵمانیا. سنووری ئێرانیان بەزاند و لە باکوور و ڕۆژ ئاواو باشوورەوە هاتنە نێو خاکی ئێران و سێبەری نگریسی ڕێژێمی ڕەزاخان لاچوو، شنەبای ئازادی هەڵیکرد و خەڵکی ئێران بە تایبەت کوردەکان لە خەو ڕابوون و بە بیستنی هاتنی هێزەکانی سوپای سۆڤیەت و بەریتانیا و بیستنی هەواڵی شەڕی دووهەمی جیهانی؛ دنیایەکی دیکە هاتە بەرچاویان و وەک باڵندەیەک کە قەفەزەکەی شکابێ، لە شەققەی باڵی دا بۆ، لەو هەموو زوڵم و ستەمە و رزگاری ببوو. بۆ دەستە بەرکردنی مافی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆی، کەوتنە بیری دامەزراندی دامەزراوە مەدەنییەکان و کاروباری نەتەوەیی پاش دامەرزاندنی حکوومەت و دەوڵەت، دەگەڵ هەرەس هێنانی ڕێژەی ئەو هەموو ئاستەنگە توانیان کاروباری فەرهەنگی سیاسی، ئابووریی بەنرخ لە پێناو بەرەوپێش بردن و دابینکردنی ژیانی خەڵکدا ڕاپەڕن. هەرچەند تەمەنی کورتی ١١ مانگەی ئەو حکومەتە، ئیزنی دەست پێڕاگەیشتن بە کاروباری بنەمایی نەدا، بەڵام دیسان سەرەڕای تەواوی ئەو کەم و کوری و ئاستەنگانە؛ ئەم گەلاڵە و بەرنامانە بەڕێوەچوون و حکوومەتێک دامەزرا کە بووە مایەی شانازیی هەرچی کوردە. ئەم کردەوەو کارانە بریتی بوون لەوانەی خوارەوە:

١- زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی قوتابخانە و دایرەکان ڕاگەیەندرا.

٢- فێرکردن و خوێندنی ئیجباری بە خۆڕایی بۆ منداڵان و دابینکردنی یۆینفۆرم بۆ قوتابییەکان، ساڵی دوودەست جل و بەرگی خۆڕایی؛ زستانی و بەهاری

٣- پێکهێنانی کلاسی خوێندن بۆ گەورەکان و خەبات دژی نەخوێندەواری

٤- دامەزراندن و وەگەڕخستنی چاپخانە بۆ چاپی، ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب.

٥- دەرکردنی چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە بەزمانی کوردی؛ بۆ وێنە ڕۆژنامەی کوردستان و گۆڤاری "هەڵاڵە" و "هاواری نیشتمان"، "گروگاڵی منداڵانی کورد" و چەند بڵاڤۆکی دیکە و کتێبی دەرسی سەرەتایی.
٦- پێکهێنانی هێزی ڕێک و پێک و چەکداری پێشمەرگە بۆ پاراستنی ئاسایشی نێو خۆیی و بەرگریی لە حکوومەتی میللی.
٧- دامەزراندنی کۆمیتەی ژنان و چەسپاندنی مافی یەکسان بۆ ژن و پیاو لە تەواوی کار و چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا.
٨- پێکهێنانی کەشێکی پڕ لە ئاسایش و هێمن و بێ وێنە لە هەموو ناوچە ئازاد کراوەکاندا.
٩- پێکهێنانی پەیوەندیی بازرگانی دەگەڵ دەرودراوسێ بەمەبەستی بووژاندنەوەی ئابووری و بایەخدان بە کشت و کاڵ.
١٠- هەراش ترکردنی بوارە فەرهەنگییەکان، ناردنی قوتابی و خوێندکار بۆ خوێندنی باڵاو ناسینی دوایین زانستە نۆێکانی ئەوکاتی جیهان.
١١- هێنانە گۆڕێی داخوازییە نەتەوەییەکانی کورد لە کۆڕوکۆمەڵە نێو دەوڵەتییەکاندا، بۆ نموونە لە کۆنفرانسی پۆتسدام و ناساندنی نەتەوەی کورد بە نەتەوەکانی جیهان. ئەوانە کورتەیەک لەوکارە بنەمایی و گرینگانە بوون کە لە ماوەی تەمەنی کورتی حکوومەتی کوردستاندا، بەڕێبەرایەتیی قازی محەممەد کران. خەڵکی کورد زۆر لە مێژساڵ بوو، لە دیتنی زۆڵم و دەست بەسەریدا، پەلەقاژەی بوو. بێ بەش لە تەواوی مافە ئینسانی و تەنانەت مافی هاووڵاتییش. لە تورکیە بە کوردەکانیان دەگۆت تورکی کێوی و لە عێراق بە بێگانەیان دەزانین و لە ئێرانیش گەرچی جاروبارە وەک ئاریایی ڕەسەن، ناویان دێنان، بەڵام بەکردەوە ڕاست و دژی ئەم وتەیە دەجووڵانەوە. کوردەکانیان تەنانەت بەهاوڵاتیی پلە سێهەمیش دانەدەنا. ئەم خەڵکە هەتا ساڵی ١٣٢٠ی

هــ/١٩٤١ی ز لە باری ڕۆشنبیری و ئابووری تەندروستییەوە لەوپەڕی هەژاری دابوون و لە هەرچی پشتیوانیی یاساییە بێ بەش بوون و ئەوەندە لە ژێرگوشار و زوڵمی کاربەدەستانی ئیداری و نیزامیدا چەوسابوونەوە، ئەو سەری دیارنەبێ. لە ئاواییەکانی کوردستان، ئەگەر ژاندارامەیەک هاتبایەتە نێو ئاوایی، خەڵک لە ترسان بەرەو مەزرا و کێو دەچوون. بە هاتنی هاوپەیمان وهەڵاتنی فەرماندەرەکانی سوپا و هەڵۆەشانەوەی حکوومەتی پەهلەوی و پسانی زنجیری دیلی، خەڵک چاو و گوێیان کرایەوە و لە دیلی و کۆیلەیی چەند ساڵەی خۆیان تێگەیشتن و وردەوردە کەوتنەوە بیری پێناسەی شوناسی نەتەوەیی و مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان. لە ڕاستیدا ئەوە یەکەمجار بوو کە ئەو میللەتە ڕزگاریبوو و بە ئاواتە لە مێژینەکانی خۆی گەیشت و توانیی چارەنووسی خۆی لە بەشێک لە خاکی کوردستانی دابەشکراودا، دیاری بکاو ببێ بە خاوەنی ڕێبەرێکی دڵسوز و فیداکارو هێزێکی چەکداری کۆڵنەدەر و ڕێکخراو گەلی خەڵکیی و، بتوانێ بە زمانی نەتەوەیی خۆی بدوێ و بخوێنێ و جل و بەرگی نەتەوەیی خۆی بپۆشی و داب و نەریتی خۆی زیندووکاتەوە. بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان لە ساڵەکانی ١٣٢٤ و ١٣٢٥ی هەتاوی دا، دەگەڵ هەموو بزووتنەوەکانی دیکەی ئەم میللەتە، جیاوازییەکی بەرچاوی هەبوو. ئەگەر ڕاپەڕینەکانی ڕابردوو تایبەتمەندیی و ڕەنگی عەشیرەتی و تایفەگەرییان پێوە دیار بوو، لە ناوچەیەکی بەرتەسک یا لەلایەن عەشیرەتێکی تایبەتەوە، ڕێک دەخران. ئەمجارەیان حکوومەتی میللی لەلایەن چینی ڕووناکبیری شاری و ئازادیخوازی کوردەوە بەڕێبەرایتی قازی محەممەد، سەری هەڵدا بوو و زۆربەی خەڵکیش چالاکانە تێیدا بەشدار بوون و ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی دۆستان و هۆگرانی لە ئاستێکی بەربڵاودا لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، زیادیان دەکرد. حکوومەتی کورد لە گەندەڵی و ملهوڕی و بەرتیل خۆری بەدوور بوو.

پەناگەیەک بوو بۆ هەموو ئازادیخوازانی کورد و غەیرە کورد و جێی هیواو شانازی تەواوی ڕووناکبیرە ئێرانییەکان بوو. تەواوی چین و توێژەکانی شار و دێ، حکوومەتی کوردستانیان بەهی خۆیان دەزانی و بەوپەڕی تامەزرۆیی و عەشقەوە لەبەشە جۆراوجۆرەکانیدا بەشداربوون. بەچەشنێک ئەوانەی وا لەدەرەوە دەهاتنە کوردستان؛ سەریان لەو هەمووە کاری دڵسۆزییە سووڕدەما.
"ئارچی باڵد رۆزڤێلت" لە گێڕانەوەی سەفەرەکەی مەهابادی دا دەڵێ: "مرۆڤ لەو کەشە ئازادەی لە مەهاباددا هەیە واقی وڕدەمێنێ. بەڕاستی مەهاباد لەوکاتدا نموونەی بەرچاوی ئازادی و دیموکراسی بوو، لە هەموو ئێراندا. لە مەهاباددا هیچ کەس لەبەر باوەڕ و بیروبۆچوون نەدەگیرا. لە حکوومەتی کورستاندا زیندانیی سیاسی هەرنەبوو. خەڵکی مەهاباد و ناوچەکە لەو پەڕی ئازادیدا بوون. لە ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکانی کوردستاندا سانسۆر هەرنەبوو، هەموو کەسێک لە نووسینی بیروباوەڕی خۆیدا ئازاد بوو. خەڵک بەوپەڕی هۆگرییەوە بەشوێن کۆکردنەوەی زانیاریی زیاتر دادەچوون. ئەوە تەنیا بیروباوەڕی خەڵکی مەهاباد نەبوو. بەڵکو هەرچی لە دەرەوەی شارەوە دەهات، ئەوەی بە چاوی خۆی دەدی. ئازادیخوازانی ئێران بە چاوی ڕێزەوە سەیری دۆزی ناوچە و ئەزموونی دیموکراسی و ئازادییان لەو بەشەدا دەکرد و هیواداربوون، دیموکراسی کوردستان کارێگەریی ڕاستەوخۆ بکاتە سەر ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش.
چونکە ئەو ڕاپەرینەی بەڕێبەرایەتیی قازی محەممەد، سەری هەڵدابوو خوازیاری، دیموکراسی بوو بۆ هەموو ئێران و هەوڵی دەدا لە ئێراندا سیاسەتێکی سەربەخۆی میللی هەبێ و پێش بگرێ لە زوڵم و بەرتیل خۆریی کاربەدەستان و هەڵاواردن و جیاوازی نەکردن یەکێک لەویستەکانی دیکەی ئەوە بوو کە پەیوەندیی بکا بە ئازادیخوازانی دیکەی ئێرانەوە و بەرەیان دەگەڵ پێک

بێنێ و بزووتنەوەی میللی کوردستان بەشێک بێ لە بزووتنەوەی میللی ئێران. بێ لایەن بوون لە کردەوەی توندوتیژانەی کۆمۆنیستی؛ ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ دژی گەندەڵیی کۆمەڵایەتی و بیری کۆنەپەرستی خەباتیان دەکرد. گرینگییەکی یەکجار زۆری دەدا بە پەرەپێدانی فەرهەنگ و گەشە کردنی باری خوێندەواریی خەڵک. هاوکات بۆ بەرەو پێش بردن و گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و باری تەندروستیی و ژیانی خەڵکیش، بەردەوام لەکاردا بوون. ئەوانە هەمووی نیشانەی پێشکەوتنخوازیی حکوومەتی کوردستان بوون و بەدڵنیاییەوەوە، ئەگەر زیاتری بە بەرەوە بوایە شوێنەواری بە نرختری ئەو کردەوانە بەر چاوتر دەبوون و کاریگەریشیان لەسەر ناوچەکانی دیکەی ئێران زیاتر دەبوو. بەڵام بەداخەوە ئەجەل مەودای نەداو تەمەنێکی ئەوتۆی بەسەر نەبرد.

ئەگەرچی حکوومەتی کوردستان، ئاوات و داخوازیی نەتەوەیی هەبوو، خەباتیشی دەکرد بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی و دابینکردنی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد. بەو حاڵەشەوە حکوومەتێکی، دوگم و بەرچاوتەنگ نەبوو. خوازیاری دۆستایەتی و هاوکاری بوو دەگەڵ تەواوی ئازادیخوازانی ئێران و جیهان. پێشەوا بە پێداگرییەوە دەیکوت: ئێمەی کورد بزووتنەوەی ئازادیخوازانەمان لە هەوڵی ئازادیخوازیی فارس و ئازەرییەکان بە جودا و جیاواز نازانین. ئێمە دژی کردەوە و ئەو هەڵاوێردانەین کە دەسەڵاتدارانی ئێران، دەرهەق بە ئێمە دەیکەن، ئەوان کە وێڕای دۆژمنایەتی دەگەڵ ئێمە، دۆژمنی ئازادیخوازانی فارس و ئازەریش هەن. ئێمە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانمان وێڕای هەموو نەتەوەکان و ئازادیخوازانی ئێران، دژی دوژمنێکی هاوبەش، خەبات دەکەین.

بزووتنەوەی نەتەوەی کورد، بۆ دابینکردنی مافەکانی نەتەوەکەی و لابردنی ستەمی دووفاقە و پێکهێنانەکەشی لەگەڵ یەک هەڵکردن و لێک تێگەیشتن؛ شان

بە شانی میللەتانی دیکە، خەباتی دەکرد. ئەو تایبەتمەندییە دەگمەنەی حکوومەتی کوردستان، نەیارانی ناچار دەکرد؛ بۆ پاساودانی دژایەتی و دوژمنایەتییەکانیان لە دژی ئەو حکوومەتی سۆڤیەت دابنێن کە کوردەکان دەیانهەوێ لە ئێران جیا ببنەوە. لە حاڵێکدا لە بەرنامەو پێڕەوی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، بەڕاشکاوی باس لە دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان کراوە. سەبارەت بە یارمەتیی سۆڤیەتیش پێویستە بڵێین؛ ئەگەرچی سۆڤیەت بەرواڵەت دژایەتیی داخوازییەکانی کوردی نەدەکرد، بەڵام لە دامەزراندنی حکوومەتی کوردستاندا، هیچ ڕۆڵێکی نەبوو. نەشی دەویست کوردستان لە ئازەربایجان جیابێ. تەنیا ویستی نەتەوەی کورد پێکهێنانی ئەو حکوومەتە بوو، بۆ ئەوەش هەر ئەم خەڵکی کۆڵان و بازاڕەی لە پشت بوو. دیتیشمان پاش بەسترانی پەیماننامەی نەوتی باکوور، سۆڤیەتییەکان چۆن پشتی کوردیان بەردا و بەڕاشکاوی دژی پیشڕەویی کوردەکان و هێزی ڕزگاریخوازی کوردبوون، بەرو باشووری کوردستان و ناوچەکانی سنە و کرماشان. بۆیە لەلایەن هاشم ئوفی بالوێزی سۆڤیەتتەوە لە ورمێ دژایەتیی ڕاشکاوانەی خۆیان دەربڕی و نەیانهێشت بزووتنەوەی کوردستان پەرەبگرێ و پەل باوێ. لە نووسراوە و قسەکانی ئەو کاتی سەرکردەکانی کورد دا هیچ ئاماژە و باسێک لەسەر جودایی خوازیی نەکراوە و قازی محەممەد زۆر جاران بەڕوونی دەیگوت:"حیزبی دیموکرات لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاددا، تەنیا خودموختاریی دەوێ".

هەڵبەت ئەم هەویرە، ئاو زۆر هەڵدەگرێ. گەرچی ئەوان توانییان بۆ ماوەیەک ویستە ئینسانییەکانی کورد پێ شێل بکەن؛ بەڵام دوژمنانمان دەبێ بزانن؛ ئەو میللەتەی ماف و شوناسی خۆی ناسی. ئەو میللەتە دەزانێ کێیەو کوێ نیشتمانێتی و چی دەوێ و بەواتایەکی تر لە چ بارودۆخیکی سیاسی و

کۆمەلایەتیی جیهاندا هەڵکەوتووە، و بۆ دەستەبەرکردنی مافە زەوت کراوەکانی؛ بەهەموو توانایەوە تێدەکۆشێ و گیان بەخت دەکا. بەدڵنیاییەوە هیچ کات لەمافەکانی خۆی نابوورێ. ئێستا کە بزاڤەفیکری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی جیهان؛ پشتیوانی ڕاستەقینەی ویستەکانی کوردن. دوارۆژی کورد ڕوونە ئەو نەتەوەیە؛ پێگەی ڕاستەقینەی خۆی دۆزیوەتەوە.

ما رند و خراباتی و دیوانه و مستیم پوشیده نماناد همینیم که هستیم

دوو بیرەوەری

پێشەوا لە ڕادەبەدەر حەزی لە دروستبوونی هێمنی و ئاسایش لە کوردستاندا بوو ـ تا ئەو جێیەی لە تواناشی دابایە، پێشی بە توندوتیژی و ئاڵۆزی دەگرت. لە تەواوی ناوچەی ژێردەسەڵاتی ئەودا؛ تەنیا کەسێک کوژرا، ئەویش میرزا غەفووری مەحموودیان بوو کە بە فەرمانی ڕاستەوخۆی "نمازعەلی ئوف"ی فەرماندەی نیزامیی سۆڤیەت لە مەهاباد تیرۆرکرا. کاتێک ئەو هەواڵەیان دایە؛ زۆر تووڕە و نارەحەت بوو و گوتی: من دەگەڵ ئەم جۆرە کارانە نیم و ڕازی نیم.

سەبارەت بە بڕیاری دادگا و شەرعیش دوو نموونە هەیە کە ئەوانیش پێشاندەری ئەو کردەوانەن لە پێناو پاراستنی هێمنی خەڵکی ناوچەکەدا کران.

١- بەڕێوەبردنی حوکمی تۆڵە (قصاص) لەلایەن دادگا و مەحکەمەی شەرعی مەهابادەوە لەسەر کەسێک کە پیاوی کوشتبوو. بنەماڵەی کوژراو لێی خۆش ببوون. بەڵام جەنایەتە کە وەهابوو کە سەرەڕای ئەوەش بەپێی بڕیاری دادگا؛ بکوژ تۆڵە لە کرایەوەو حوکمی لەسەر بەڕێوەچوو.

٢- دادگایی کردنی دوو پێشمەرگە کە لە میاندواو ئازەرییەکیان کوشتبوو؛ لە باخی پێشاهەنگی ئێستای مەهاباد، بەڕێوە چوو کە تێیدا ئەو دوو پێشمەرگەیە مەحکووم کران بە ئیعدام. ئیدی خەڵک هیوا و متمانەیان بە دادپەروەریی

حکوومەتی کوردستان زیاتربوو. یارمەتی کردنی خەڵکی خۆجێیی و میوان و ئەوانەی لە دەرەوە ڕادەهاتنە کوردستان؛ تایبەتمەندیی ڕەوشتیی قازی بوو. هەروەک باسم کرد لەسەردەمی لاوێتیدا سەرۆکی "معارف" بوو. دوای مەرگی قازی عەلی و وەرگرتنی بەرپرسیارەتیی دادەوەریی شەرع، زۆر شێلگیرتر دەستی کرد بە سەراسوێی خەڵک و چارەسەرکردنی گرفتەکانیان لە ڕێگەی دایرە و ئۆرگانە پەیوەندیدارەکانەوە دەرگای مەحکەمەی قازی بۆ هاتنی میوان و لێقەوماوان هەمیشە لەسەر پشت ئاوەڵە بو.

حاجی سەرداری هەوشار برا گەورەی یەمین لەشکر کە دەست ڕۆیشتووترین و بە حورمەتترین دەوڵەمەندانی ناوچەی تکاب و هەوشار بوو. لە سەردەمی حکوومەتی ڕەزاخاندا تۆمەتبار کرابو، چونکە زۆر دەوڵەمەند بوو، خەریک بوون تەشقەڵەیان پێدەکرد. هەر بۆیەش بانگ کرایە مەهاباد. حاجی سەردار چووە ماڵی قازی محەممەد و دواتر گرفتەکەی بەهۆی نێوبژیوانیی قازییەوە چارەسەربوو.

بیرەوەرییەکی دیکە

باسی ئەوەمان کرد کە لە گەلاوێژی ١٣٢٥ی هـ/١٩٤٦ی ز دا قازی محەممەد، ویستی سەردانێکی باکووری کوردستان بۆ شارەکانی ورمێ، سەلماس، خۆی و ماکۆ بکا. بۆ ئەوەی وێڕای سەراسویێ و بەسەرکردنەوەی ناوچەکە و دیدار دەگەڵ کوردەکانی ئەوێ؛ هەنگاوێکی بەکەڵک هەڵگرێ، بەمەبەستی یەکێتی و لێک تێگەیشتنی باشتر لە نێوان کورد و ئازەرییەکانی ئەو شارانە و هیوادارتر و دڵگەرمتر کردنی کوردەکانی باکووری کوردستان. ئەو ڕۆژەی حازربوو لە مەهابادەوە بەرەو ورمێ وەڕێکەوێ سەرۆک عەشیرەتەکانی مەهاباد و ژمارەیەکی زۆر لە چین و توێژە جیاوازەکانی شار و کاربەدەستانی حیزب و

دەوڵەتی کوردستان لە حەوشەی شارەداری و گۆڕەپانی چوارچرا بەمەبەستی بەڕێکردنی پێشەوا کۆبوونەوە. جەماوەر شەپۆلی دەدا. سەرۆکی عەشیرەتان یەک بە یەک دەهاتن پەیمانیان دەگەڵ نوێ دەکردەوەو. ژمارەیەکی زۆریش بەتاسەوە دەچوون زیارەتیان دەکرد. قازی محەممەد، لەوتارێکدا خەڵکی کورد، عەشیرەت و هاووڵاتیەکانی هاندا بۆ برایەتی و یەکگرتوویی. لەنێو هەستی بەرپان و بێ وێنەی ئەم خەڵکەدا دەگەڵ حاجی بابە شێخی سەیادەت (سەرۆکی هەیئەت رەئیسەی میللی)، سواری ئوتومبێل بوو. نووسەری ئەم دێڕانەش ڕەگەڵ یان کەوت. دوو لۆریی پڕ لە پێشمەرگە و دوو جیپی نیزامیش. لە چەند کیلۆمەتریی شارەوە. بە ئەمری پێشەوا ئەو ماشێنانەی بەڕێیان دەکردین، گەڕانەوە. هێشتا لە شارویێران دوورنەکەوتبووینەوە من بە پێی گەنجێتی تەمەن و جحێڵی، ڕووی خۆم هەڵماڵی و گلەییەکم لێ کرد و گوتم: "حەزرەتی پێشەوا! ڕێزتان لە هەموو خەڵک و عەشیرەتان گرت و سپاست کردن، بەڵام فەیزوڵڵابەگیتان فەرامۆش کرد، ئەوان کە کەس و کاری خۆتانن، ئاوڕێکیتان لێنەدانەوە" پێشەوا هەر بەو دلۆڤانیە هەمیشەیی خۆیەوە فەرمووی: کوڕم ناڕەحەت بووی؟ ئیدی ئەو چەندبەیتە شیعرەی بۆ خوێندمەوە کە بە داخەوە ناوی شاعیرەکەیم لەبیر نەماوە:

دلا یاران سه قسمند ار بدانی
زبانی اند و نانی اند و جانی
به نانی نان بده، از در برانش
نوازش کن به یاران زبانی
ولیکن، یار جانی را نگهدار
به جانش جان بده، گر می توانی

حاجی بابە شێخ فەرمووی؛ قوربان، ڕاست دەکا؛ زۆربەی ئەم سەرۆک عەشیرەتانەی ئەمڕۆ پەیمانیان نوێ کردەوە، ڕوو ڕاست نین و ئەگەر دەسەڵاتم بوایە، هەر بۆ خۆم هێندێکیانم محاکەمە دەکردن و سزام دەدان.
ئەوەی کە هیچ کات فەرامۆشی ناکەم و مێژووی کوردستان و خەڵکی کوردیش نابێ لە بیریکەن ئەوەیە، پێشەوا فەرمووی: جەنابی حاجی بابە شێخ؛ هەر بزووتنەوەو حکوومەتێک لەسەر کوشت و کوشتاری نەیار و دژبەران دامەزرابێ، مەحکوومە بە لە ناوچوون و دەبێتە پەندی زەمانە. بەڵام بە پشتیوانیی خودای، من نیازم وایە حکوومەتی کوردستان، بێ کوشتار و خوێن ڕێژیی بەرەوپێش بەرم.
پێشەوا قازی محەممەد هەرکاتێک لە بەدقەولی یا پەیمان شکێنی دۆستێک یا لە بێ بەڵێنی دەوڵەتی ئێران نارەحەت بایە و ناچار بایە، زۆر لەسەرە خۆو هێمنانە داخ و کەسەری خۆی بە نیسبەت چارەنووسی نەتەوەکەی دەردەبڕی و دەیگوت: ئەی کوردەکەی، بێ چارەکەی، بێ پارەکەی، بێ یارەکەی، بێ کارەکەی.
بەڵێ: بەڕاستی هەر لە کۆنەوە کوردەکانیان بێ پووڵ و بێ یارویاوەر و بێ کار کردون و بە شێوازگەلی جۆراجۆر ئازار و ئەشکەنجەدراون و سووکایەتیان پێکراوە. ئەگەر ئەو لەم بارودۆخەی ئێستادا زیندوو بایە، چەمکی "ئاوارەشی" لێ زیاد دەکرد و دەیگوت: ئەی کوردەکەی ئاوارەکەی، بێ چارەکەی، بێ پارکەی، بێ یارەکەی ، بێ کارەکەی. کە لەڕاستیدا ئەو خۆی جۆرێک شین گێرییە بۆ چارەنووسی کورد.

بیرەورییەکانی ئارچی باڵد ڕۆزڤێلت[1]

[1]- آرچی بالدروزولت، شوق آموختن، ترجمه صبا سعیدی، انتشارات اطلاعات، شماره ۱۳۷۱، ص ۳۱۴

کەسایەتیی بە نێوبانگی مەهاباد؛ قازی محەممەد بوو کە بۆ دادوەریی شەرعی هەڵیان بژارد بو. کتێبخانەیەکی بەمیرات پێ گەیبوو کە کتێب گەلێکی تێدابوو بە ٧ زمانان. قازی لەو کتێبخانەیە دەیخوێندەوەو زانیارییەکانی خۆی لە بوارەکانی دیکەشدا برەو پێدەدا. هەر بۆیەش لە یەکەمینساڵەکانی چوارەمین دەیەی ژیانی خۆیدا، بێجگە لە پلەو پایەی دادەوەری شەرعی لە سایەی بیروهزری پاراو و لێهاتوویی پێگەیەکی تایبەتیی لەشاردا هەبوو.

ڕۆزڤێلت لە شوێنێکی دیکەی بیرەوەرییەکاندا دەنووسێ؛ لە دیدارێکدا بە قازی محەممەدم گوت: هاتوینەتە کوردستان بۆ ئەوەی وەزعی کوردەکان تاوتوێ بکەین و ڕاپۆرتەکەی بدەینەوە بە دەوڵەتەکەمان. هیواداریشین کوردەکان وەزعیان باشتر بێ و تەنیا جۆرێک لە سەرەڕۆیی بە جۆرێکی دیکەی سەرەڕۆیی نەگۆڕنەوە.

قازی محەممەد، گوتی: خەڵک لەوبەشانەدا کە لە ژێر دەسەڵاتی مندایە ئازادن لە دەربڕینی ئەوشتەی دڵیان دەیخوازێ و حەزیان لێیەتی لەوڵامدا گوتم: بە چاوی خۆم دەیبینم وایە. لە ئازەربایجانی دیموکرات دا خەڵک تەنیا ئیزنیان [illegible]

گوێم لە ڕادیۆی لەندەن و ئەنکەرە بوو. کاتێک سەبارەت بە پۆستەرە تەبلیغاتییەکانی سۆڤیەت کە بە دیوار درابوون قسەم کرد و گوتم پێم سەیرە. ئەو گوتی؛ کوردەکان ناچارن هەرکەس یارمەتیان بدات لێی وەرگرن، بەڵام سەر بۆکەس دانانوێنن. ئێمەی کورد سکاڵایەکمان دابەسێ وڵاتی سەرکەوتووی بەشدار لە کۆنفرانسی ئەوڕوپیی "پوتسدام" بەڵام بەریتانی و ئەمریکییەکان ئاوڕیان لێ نەدایەوە. هەروەها ئاماژەی بە بەیاننامەی ئاتلانتیک کردو گوتی: "تەواوی کوردەکان هیوادار بوون وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ قەرەبووی دواوکەوتوویەکانی کورد، یارمەتیی ئەو نەتەوە بدا. ئەو وتی: چ دەبوو ئەمریکا

لە جیاتی ناردنی سی هەزار سەرباز، تەنیا سەت مامۆستای ناردبایە ئێران؟ بەڵام ئەمریکا بە جێی یارمەتی دان بە ئێمە، پشتیوانیی لە دۆژمنانی ئێمە کرد. ئەویش بە دانی چەک و تەقەمەنی بەوان، بۆ سەرکوتکردنی ئێمە. لە دوایی ئەو بەکورتی هێندێ لۆمەی بەریتانیاییەکانی کرد و ئاماژەی بە کردەوەکانیان سەبارەت بەسەرکوتکردنی کوردەکان لە سەدەکانی رابردوودا کرد، هەتاگەیاندییەوە سەرباسی مەلامستەفا بارزانی. رۆزڤێلت سەبارەت بە سەفەرەکەی بۆ ئەم ناوچەیە دەڵێ: لە کۆتایی چاوپێکەوتنەکەدا ئیدی بەو قەناعەتە گەیشتبووم کە قازی محەممەد بەیارمەتی سۆڤیەت توانیویتی حکوومەتێکی تەواو سەربەخۆ دامەزرێنی. ئەگەرچی قازی محەممەد سۆڤیەتی بە باشترین دۆستی خۆی دەزانی، بەڵام سۆڤیەتییەکان بە ئاشکرایی دەستیان لە کاروباری نێو خۆیی کوردستان وەر نەدەدا. ڕاپەڕینی قازی محەممەد ڕاپەڕینێکی ناسیۆنالیستی بوو کە بەشی هەرە زۆری کوردی پارچەکانی دیکەش قەبووڵیان بوو.

ئەوە داوەریی و بیروڕای کاربەدەستێکی پایەبەرزی ئەمریکییە کە دەوڵەتەکەی دژی بزووتنەوەی میللی کوردستان بوو.

بیرەوەرییەکانی ئاغای مەهدی نیا

ئاغای جەعفەری مەهدی نیا لە کتێبی "ژیان نامەی قەواموسەڵتەنە"دا سەبارەت بە دادگایی قازییەکان لە دادگای سەرلە نوێ پێداچوونەوەی نیزامیدا دەنووسێ: محەممەدی قازی پیاوێکی بە گفت و لفت و بەدمودوو بوو. پێویستی بە پارێزەر نەبوو. ئەو بە نیسبەت دووانەکەی دیکە وەک فەرماندەو ئەوانیش وەک فەرمانبەر بوون. هەتا ئێزنی نەدابایەن دانەدەنیشتن. لە دوایین داکۆکییەکانیدا؛

گوتی: پێتان وانەبێ ئاگاداری یاسا نەبووم. بەڵکو لێم سوور بوو تەنانەت پێش گەڕانەوەی سوپا لێکمدابۆوە کە من لە دار دەدرێم. بەڕاشکاویش باسی لە وەکرد کە ئەدی چۆن بوو ڕای نەکرد؟ گوتی: پێتان وانەبێ نەمتوانی، بەڵکو شەش ئوتومبێلی سواری و جێپ لە بەردەستم بوون و هەرکات و ساتێک حەزم لێ بوایە دەمتوانی بۆی دەرچم. بەڵام خاترجەم بن، من پیشەوەری نیم لەتەنگانەدا هەڵێم. بۆ کوێ هەڵاتبایەم؟ ئێرە کوردستانە و هێشتا گۆڕی هەشت پشتم لێرەماوە. دیسان دەنووسێ: ڕەوتی دادگایی کە لەسەر یەک ٤٨ سەعاتی خایاند. ئاسایی بوو؛ تەنیا یەک دووجار نەبێ کە دادستان لە قسەکانی دا بەتوورەیی تۆمەتبارکراوانی دواند و قازی محەممەد قەڵس بوو و شاڵاوی بۆ بردو دادگا شێواو بووە هۆی کۆتایی هێنان بەکار و پشوودان.

کاتێک پێشنیاری ڕۆیشتن لە کوردستانیان بە قازی دا؛ قازی محەممەد گوتی: دەزانم بە مانەوەم لە مەهاباد دا ژیانم دەکەوێتە مەترسییەوە. بەڵام من لە سەر سوێندی خۆم سوورم و خەڵکەکەم بەتەنێ بەجێ ناهێڵم.

ئەوەش نموونەیەکە لە بیرو بۆ چوونەکانی نووسەرێکی ئێرانی کە بە نیسبەت کوردەکان نیاز پاک نەبووەو و شێوەی باسکردنی ڕەوتی دادگا. ئەگەرچی ئاغای مەهدی‌نیا لە کتێبەکەیدا ڕستە بەوپەڕی ناحەزییەوە قسەو ڕەستەی ناحەزی بەکاری هێناون، بەڵام لەوەشدا کەسایەتی و بلیمەتی قازی محەممەد وەدەردەکەوێ.

بەشێك لە بیرەوەرییەکانی مەحموود تەفەزولی نووسەرو وەرگێڕی بەناوبانگی ئێرانی

کورد لە هەر جێیەک بێ ئێرانییە

ڕۆژی دەی خاکەلێوە، ساڵوگەری شەهادەتی قازیکان بوو. سی و سێ ساڵ لەوەپێش دەوڵەتی شای، بەپەلەیەکی ناجوانمێرانە، قازی محەممەد ڕێبەری

دیموکراتی کوردان و براو ئامۆزاکەی لەشاری مەهاباد لەسێدارەدا. کە کوردان قەت ئەو ڕۆژە لەبیرناکەن. هەروەکو هەرکەس دەگەڵ قازی محەممەد و دێموکراتەکانی کوردستان ئاشنایی هەبێت، ئەو رۆژەی لە بیرناچێ.
قازی محەممەد یەکێک لە پیاوترینی پیاوان و جێ کەوتووپێگەیشتوترین و بەشەرەفترین کەسێک بوو کە لە تەمەنی خۆم دادیومە. ئەو نیشتمان پەروەرێکی ئازاد و وردبین و خەڵک خۆشەویست بوو کە بە تەواوی مانا، ئۆگری ئێران بو. ئەوکە زۆرهاسانتر لەخەڵکی دیکە دەیتوانی لە ئێران برواتەدەر، نەیەویست وڵاتەکەی بەجێ بێڵێ، هەتاکوو هەرلەوێ بمرێ. ژیانەکەی، ڕەفتارەکەی، دەنگ و قسەکانی هەموشتێکی لەبەردڵان بوو دەیتوانی سەرمەشقی خەڵکی دیکە ببێ.
سی و چوار ساڵ پێش کاتێک کە قەواموسەڵتەنە سەرۆک وەزیر، سەرقاڵی گەمەی سیاسی خوێبو، قازی محەممەد دەگەڵ چەند کەس لە هاورێیانی بۆووت و وێژ هاتبو بۆ تاران، کە ویلای ژمارەی ٥، نیزیک هۆتێل دەربەندی شمیرانیان بۆ تەرخان کرد بوو. هەر لەوێبو کە ڕۆژێک ئێمەی رۆژنامەنووسی ئەو زەمان، چوینەدیتنی، لەوێ ئەوم دیت و قسەکانیم گوێ لێبو. ئەوقسانەی کە لەودەمێوە، بۆتە ئاڵقەی گوێم و ئێستاش هەر ئەو قسانە لە زمانی برایانی کوردی دیکەم گوێ لێدەبێ. ئەوکاتی یەکێک لە ڕۆژنامەنووسەکان پرسیاریان لێکرد، بۆچونی تۆ، سەبارەت بە کوردەکانی، غەیری ئێرانی چییە؟
قازی محەممەد بە دەنگێکی گەرم و بە لەبزێکی ئارام و لە سەرەخۆ، لە حاڵێکدا کە لە ژێرڕیشوی پێچەکەیەوە چاوی بڕیبووە دۆستەکەی مە، پاش تاوێک بێدەنگی کوتی:
«ئەمن کوردی غەیری ئێرانی ناناسم، کورد لە هەرجێگایەکی جیهان بێ، هەر ئێرانین. ئەگەر دەوڵەتەکانی ئێران لەبەر خوێریەتی و سستی یان بە هۆی

سیاسی نەیانتوانیوە، هەموو منداڵانی ئێران، لە داوێنی خۆیاندا کۆ بکەنەوە. ئەوا ئەو پەراوێزخراوانە لە ئێران ناشۆردرێنەوە.»
دوایە پاش بڕێک بێدەنگی کوتی:
«کورد هەمیشە هەرئێرانی بووە و هەمیشەش ئێرانی دەمێنێتەوە. ئەگەر کەسانێک پێیان وایە کوردی غەیری ئێرانیش هەیە، ئەوە قسێکی تازەیە، کە دەبێ بیری لێ بکرێتەوە.»
ڕەنگە ئەوەی کە ئێستا ئەمن پاش سی و سێ ساڵ دەینووسم، دەقی وشەکانی زیندەیاد قازی محەممەد نەبێ، بەڵام قسەکە هەر ئەوەیە، کە ئەمن بە گوێی خۆم، لە نێو کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووس لەوێم بیست، ئەرخەیانم ئێستاش چەند کەسێک هەن، کە زیندون و ئەو قسە جوان و پڕ هەستەیان لە بیرە، کە دڵی هەرئێرانییەک دەلەرزێنێ.
ئەگەرچی تێپەڕبونی زەمان، ساڵیانێکە قازی ناجوامێرانە لە پێ خستووە و بەرەی ئێستا ئەویان نەدیوە، بەڵام ڕاستی و پاکیی قسە درەوشاوەکانی لە ئاسۆی ئێرانێدا دەنگ دەداتەوە.
یانی ئەگەر ئێستاش گوێ بدەینە دەنگی ڕێبەرانی کورد، هەمویان یەک دڵ و یەک دەنگ، قسەکانی قازی محەممەدی دەڵێنەوە، کە ڕوحی شادبێ.[1]
